# تێگەیشتنێک لە شۆڕشی سۆشیالیستی

SOCIALIST
REVOLUTION

• گۆنا سعید • ئەکرەم سعید
• سامان کەریم • ئاسۆ کمال

# تێگەیشتنێک لە شۆڕشی سۆشیالیستی

گۆنا سعید ئەکرەم سعید

سامان کەریم ئاسۆ کمال

بابەت: ئابوری سیاسی
تایپ: نووسەران
دیزاین:هەرێم عوسمان

تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ:٢٠٠٠ دینار

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
شوێنی چاپ: سلێمانی – هەرێمی کوردستان

ساڵی چاپ: نیسانی ٢٠٢٤
بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (      ) ی ساڵی
٢٠٢٠ ی پێدراوە

ناوەرۆک

*چەند دێڕێک ٣

*شۆڕشی سۆشیالیستی
و ئەزمونی شۆڕشەکانی سەدەی ٢٠ ئاسۆکمال ٥

*سەرمایەداری: قەیران و بەربەریسم ئەکرەم سعید ٧٤

* ڕەشنوسێک دەربارەی:
"ڕێبازی شۆڕشی پڕۆلیتاریا " سامان کەریم ١١١

* ڕوانینێک لە بارو دۆخی کرێکاران لە بەر ڕۆشنایی
کاریگەری دوایین پێنج دەیە لە جیهانگیری ! گۆنا سعید ١٥٢

# چەند دێڕێک

دەمانەوێت ئەزمونێکی نوێ بهێنینە سەر شانۆی خەباتی کۆمۆنیستەکان، لایەنی کەم لە سەرەتاوە؛ خەباتی تیۆری و توێژینەوە، لێکۆڵینەوە لە مێژووی خەباتی چینایەتی پڕۆلیتاریا و ئەزمونە مێژووییەکانی شۆرشی چینی پڕۆلیتاریا، یان هەر بابەتێکی دیکەی پێویستی خەباتی چینایەتی پرۆلێتاریا دژ بە سیستەمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، بکەینە دەستپێکی هەوڵێکی لەم چەشنە. ئەزمونێک چوار هاوڕێ پێکەوە بێگوێدانە جیاوازی بیروڕای فکری و لێکدانەوە جیاوازەکانیان سەبارەت بە بابەتی گرنگی شۆرشی پڕۆلیتاریا لە جیهانی ئەمڕۆی سەمایەداریدا، کارێک پێکەوە ئەنجام بدەن، هاوبەشییەکی سەرەتایی بکەن لە پەیوەند بە بابەتێکی گرینگەوە. هەمووان، باسەکانمان وەک ڕەشنوسێک یان وەک هاوبەشییەکی سەرەتایی نووسیووە، بۆئەوەی ببێتە سەرەتای گفتووگۆیەکی گەرمتری نێوان کۆمۆنیستەکان.

سەرەتا بۆ هەر یەکێک لە هاوڕێیان دوو کاتژمێرمان دانا بۆ قسەوباسەکانی-هەموو قسەوباسەکان تۆمار کراوە- وە هاوڕێیانی دیکە تێبینی و ڕەخنەی خۆیان ئاڕاستە کردووە، بەشێوەیەکی گشتی نێوان هەر کۆبوونەوەیەک دووهەفتە تا مانگێک بووە، جگە لەوەی کە

هـاوین هـاتووەتە پێشـەوە و زیـاتر لە دوو مانـگ کۆبوونەوەکـان دواکەوتـوون، هەنـدێ جـاریش سـەفەری هەنـدێ هـاورێ باسـەکانی دواخستووە. باسەکان بەپێی ڕێکەوتنی چوار قۆڵی ڕیزبەندی کراوەوە و ئەنجامـدراوە، باسـی یەکەممـان، لە 18ی شـوباتی 2023 ئاسـۆ کەمـاڵ ئەنجامیـدا بەنـاوی "شۆڕشـی سۆشیالیسـتی و ئەزمـوونی شۆڕشـەکانی سـەدەی 20"، و بەدوایـدا باسـی ئەکـرەم سـەعید بەناونیشـانی " سـەرمایەاری: قەیـران و بەربەریسـم"، و دواتـر باسـی "ڕەشنوسێک دەربارەی: ڕێبازی شۆرشی پڕۆلیتاریا" لە لایەن سامان کەریـم، و کۆتـای باسـەکان گۆنـا سـەعید ئەنجامیـدا لە ژێـر ناوی"ڕوانینێک لە بـارودۆخی کرێکـاران لە بەر ڕۆشـنایی کـاریگەری دوا پێـنج دەیەی جیهـانگیری". دواتـر دوای باسـەکان هەر هـاوڕێیەک ئـازاد بووە لەوەی چۆن باسـەکەی دەنوسـێتەوە و دەیەوێت سـود لە تێبینی و ڕەخنەکان وەربگرێت یـان نـا. پێویستە بەنـاوی هەمووانەوە سوپاسی گۆنا سەعید بکەین کە هاوئاهەنگی کارەکانی بۆ کردین لە تەواوی ئەو مـاوەیەدا. ئەم کتێـبە لەبەردەسـت خوێنەرانـدایە،ئێمە چاوەڕیی گفتوگۆو ڕەخنە  و تێبینیەکانین لەپێناو گەشەپێدانی خەباتی کۆمۆنیستی پڕۆلیتاریادا.

**ئاسۆکەمال، ئەکرەم سەعید، گۆنا سەعید، سامان کەریم**

کۆتایی شوباتی 2024

# شۆڕشی سۆشیالیستی و ئەزمونی شۆڕشەکانی سەدەی ٢٠

ئاسۆکمال

## پێشەکی

لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ هاوڕێ ئەکرەم سعید باسی ئەوە هاتە ئاراوە کە چۆن لای کۆمۆنیستەکان تیزی " شۆڕشی دیموکراتی ودواتر شۆڕشی سۆسیالیستی" هێشتا ماوە، یاخود وەک "لە بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دا باس لە بەرنامەی لانی کەم وەک قۆناغێک دەکرێ کە حزب دەسەڵات دەگرێ و حکومەتی شورایی خەڵک دادەمەزرێ و کۆمەڵێک ڕیفۆرم دەکرێ و دواتر شۆڕشی سۆشیالیستی تەنیا وەک ئامانج دیاری دەکرێ".

ئەم پرسیارانەی هاوڕێ "ئەکرەم سعید"م بەلاوە گرنگ کە ببێتە ناوەرۆکی باسێکی چوار قۆڵی هاوڕییان ( ئەکرەم سعید، گۆنا سعید و سامان کەریم و من) سەبارەت بە شۆڕشی سۆشیالیستی. دواتر

بڕیارماندا لەسەر بابەتی شۆڕشی کرێکاری لە ئێستادا سیمینار بکەین و هەر هاوڕێیەک تەوەری باسەکەی خۆی دیاری بکا و لە ماوەی ساڵی ڕابردودا سیمینارەکان و گفتوگۆکان لەسەری کرا. ئەم بابەتەی منیش وەک یەکەم بابەتی سیمینارەکان پێشکەش کرا.

ئەوەی لەم سیمینارەدا  دەیخەمە ڕوو وەڵامی ئەم پرسیارەیە: بۆچی شۆڕشە کرێکاریەکانی سەدەی ١٩ و ٢٠ سەرنەکەوتن و دەرس و تەجروبەی شکستی ئۆکتۆبەری ڕوسیا چیە و چیمان فێردەکات سەبارەت بە شۆڕشی کرێکاری لە سەدەی ٢١دا؟

مـن لەڕێگەی ئەم سیمینارەوە دەمەوێ ڕای خۆم سەبارەت بەم پرسەی هاوڕێ ئەکرەم سعید دەرببڕم، کە چۆن لای کۆمۆنیستەکان تێزی " شۆڕشی دیموکراتی ودواتر شۆڕشی سۆسیالیستی" هێشتا ماوە؟

بەپێی ئەم بۆچونە پێمان دەڵێ کە ئەو خەباتە چینایەتیەی ئێستای کرێکاران دژ بە سەرمایەداری دەیکەن دوو قۆناغە. قۆناغی یەکەمیان حزبێک دەبێتە ڕابەر و نوێنەری چینی کرێکار و دەسەڵاتی سیاسی بورژوازی دەڕوخێنێ و حکومەتێکی شورایی دەخاتە جێگای، وە کۆمەڵێک ڕیفۆرم دەکا، کە لەبەرنامەی لانی کەمەکەیدایە، تاکو لە ئایندەیەکی نادیاردا شۆڕشی سۆشیالیستی و دامەزراندنی سۆشیالیزم بە ئەنجام دەگات. هەربۆیە لە بەرنامەی کۆمۆنیستەکانی

ئێستادا ئەوەی ڕۆشنە گرتنی دەسەلات و کۆمەڵێک ڕیفۆرمە، بەڵام شۆڕشی سۆشیالیستی ئایدیا و ئامانجێکە کە هیچی لەبارەوە نازانین و هەنگاو و بەرنامەیەکی عەمەلی دیاریکراو بۆ گەیشتن بە سۆشیالیزم و کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی دیاریکراو نیە و ئایندەیەکی نادیاری هەیە.

ئێمە بۆ تێگەیشتن لەم تێزە پێویستە بزانین خودی مێژووی کۆنسێپتی شۆڕشی کرێکاری و تەجروبەی عەمەلیەکەی شۆڕشی کرێکاری چی بوە، وە چ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا هاتوە؟ وە هەروەها لە گۆڕانکاریەکان و جەدەل و هاتنە ئارای ڕەوت و حزب و قوتبی جیاجیای کۆمۆنیستی بۆ وەڵام بە شۆڕشی کرێکاری ئاگاداربین و هۆکارەکانی بزانین.

ئێمە دەمانەوێ ریشەی ئەم دوالیزمەی شۆڕشی دیموکراتی بورژوازی و ریفۆرمەکان لەگەڵ شۆڕشی سۆشیالیستی و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و دامەزراندنی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی بزانین.

لە مانیفیستی کۆمۆنیستەوە*١ تاکو کۆمۆنەی پاریس، لە بەرنامەی ئیرفۆرتی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیاوە*2 تاکو شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیا، لە شۆڕشی بەردەوامی ترۆتسکیەوە*3 تاکو بەرنامەی کۆمۆنیزمی کرێکاری*4 ، ئەم دوالیزمە بەردەوامە و لە

کۆتاییدا ریفۆرم و سۆشیالیزمی دەوڵەتی زاڵ بوە و پیادە کراوە، بەڵام کۆنسێپت و بەرنامەی  پراکتیکی شۆڕشی کرێکاری هێشتا ئایندەیەکی نادیاری هەیە.

لێکدانەوەیەک هەیە کە دەیەوێ ئەم چارەنوسەی شۆڕشی کرێکاری و شکستەکانی لە سەدەی ١٩ و ٢٠ دا بە ئاستی گەشەنەکردوویی سەرمایەداری  ببەستێتەوە و بەو ئەنجامگیریە دەگات کە ئەگەر لە جیاتی حزبی بەلشەفی هەر حزبێکی کۆمۆنیستی تر بوایە توشی هەمان چارەنوس دەهات. بەڵام ئەم جۆرە لێکدانەوەیە چینی کرێکار و دەور و پراتیکی ئەم چینە، وەک بەشێک لە هێزی مادی کۆمەڵگەی سەرمایەداری نابینێتەوە، کە ناکۆکی و ناڕەزایەتی و خەباتی هەیە لە دژی ئەم سیستمە و بەم پێیەش چارەنوسی ئەم سیستمە پەیوەندە بە جێگا و پراکتیکی چینایەتی کرێکارانیشەوە. هەربۆیە ئەم لێکدانەوەیە خۆی نادا لە هۆکاری مادی تری ئەم دۆخە  و چارەنوسی شۆڕشی کرێکاری، کە نەبونی ئامادەیی سیاسی و فکری چینی کرێکارە .

میتۆدێکی تریش دەیەوێ هۆکاری فەردی و بیرۆکراتی و حزبی و نەبونی بەرنامەی ئابوری و بابەتی سەرخانی تر بکاتە هۆکاری سەرەکی شکستی ئەم شۆڕشانە. ئەم تێگەیشتنەش ئەبستراکت و دابڕاوە لە سۆشیالیزمی عەمەلی. کێشەکەی ئەوەیە کە سۆشیالیزم و خەبات و شۆڕشی سۆشیالیستی وەک پرۆسەیەکی گشتگیر و تۆتالیتی خەباتی چینایەتی کرێکاران نابینێتەوە دژی سەرمایەداری، بە

ڵکو وەک بەرنامە و ئایدیا و ئایدیۆلۆژیەکی دابڕاو لە پراتیکی چینێکی زینـدوو و خەبـاتێکی چینـایەتی زینـدوو دەبینێـتەوە و سـەرچاوەی هەموو کێشەکان بەم فاکتەرە زاتی و سەرخانیانەوە دەبەستێتەوە.

لەم سیمینارەدا من هەوڵم داوە کە هەردوو فاکتەرە مادیە سەرخان و ژێرخانیەکە، گەشەی سەرمایەداری و گەشەی سیاسی چینی کرێکار، وەک پـاکێجێکی هۆکـارە مـادی و فکریەکـانی شکسـتی شۆڕشـە کرێکاریەکان بناسێنم.

لەلایەک زاڵبـونی بەرنـامەی ریفۆرمیسـتی و مـۆدێلی دەسـەڵاتی تـاک حزبـی، وەک بەشـێک لە هەوڵەکـانی چینـی کرێکـار و بـزوتنەوەی سیاسیە سۆشیالسیتیەکەی ناساندوە، کە خۆی ئاکامی گەشـەی نزمی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و جێگەی چینی کرێکار بوە لەو سیستمەدا لە سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠دا. ئەمانە فاکتەری مادین کە ڕێگری دروستکردوە لە گەیشتنی ئاستی خەباتی چینـایەتی کرێکـاران و حزبەکـان و ڕێکخراوەکـانی بە دۆزیـنەوەی ڕێگـای پراکتیکـی بـۆ گـۆڕینی سیسـتمی سیاسـی و ئـابوری سەرمایەداری.

وە لەلایەکـی تریشـەوە هۆکـاری مـادی تـر بـریتین لە قـاڵبی فکـری و بەرنـامەی عەمەلـی ئەم خەبـاتە چینـایەتیە و حـزب و ڕێکخراوەکـانی چینـی کرێکـار، کە لە چوارچێـوەی فکـر و کۆنسـێپت و بەرنـامەی

سۆشیالیزمێکی دەوڵەتی تێپەڕ نەبوون و لە سنوری بەرتەسکی گۆڕانکاری و ڕیفۆرمی سیستمی سیاسی و ئابوری سەرمایەداری دەرنەچوون.

ئەم لێکدانەوەیە بۆ سۆشیالیزمی سەرەتا و ناوەڕاستی سەدەی ١٩ ش دروستە. لە کاتێکدا سەرمایەداری و چینی کرێکار لە سەرەتای دروستبوون و گەشەی سەرەتایی خۆیاندا بوون و سۆشیالیزمی خەیاڵی و سەندیکایی و گروپی کۆمۆنیستی و کۆمەڵە هەرەوەزیە بەکاربەر و بەرهەمهێنەرەکان قاڵبی فکری و ڕێکخراوەیی زاڵ بوو، وە چارەنوسی شۆڕشە کرێکاریەکانی ئەو سەردەمە شکست و هەستانەوە و شکستی دوبارە بوو.

سۆشیال دیموکراتی بە پیرۆزکردنی دیموکراتیزمی بورژوازی، وەک دوا قۆناغی کۆمەڵگەی سیاسی، کە دەتوانرێ لەسایەیدا هەموو پەیوەندی و هۆیەکانی بەرهەمهێنان سۆشیالیزە بکرێ، بوە ڕەوتی زاڵی نێو بزوتنەوەی کرێکاری ئەوروپا، کە تا ئێستاش لە ڕێگەی ئەم ئایدیۆلۆژی و بەرنامە ریفرۆمیستیەوە، وەک هەر بەشێکی تر لە ئۆرگانەکانی ئەم سیستمە سەرمایەداریەدا، درێژە بە مانەوەی خۆی دەدا.

بەلشەفیزم بە کۆنترۆڵی دەسەڵاتی سیاسی و بەرنامەڕێژی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەیویست وەک ئەلتەرناتیڤێکی تر

بەناوی کرێکارانەوە ئەم سیستمە سیاسی و ئابوریە ریفۆرم بکا و لە ئێستاشدا کۆمۆنیزمی دەوڵەتی لە چین هەمان مۆدێلی دیکتاتۆریەتی حزبی و ئابوری بەرنامەڕێژی و تێکەڵاوبون بە بازاڕی جیهانیەوە درێژە پێ دەدات.

هەربۆیە ئەم دوو ڕەوتە زاڵەی سەدەی بیست ناوەرۆک و بەرنامەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی کرێکاریان گۆڕی بە کۆنسێپتی شۆڕشی گرتنە دەستی دەسەڵات، چ لە ڕێگەی پەرلەمانی سۆشیال دیموکراسیەوە بێت، وە یان لەڕێگەی شۆڕشی سیاسی بەسەر پەرلەمانتاریزمدا و دروستکردنی دەوڵەتی دیکتاتۆری حزبی لە ژێر ناوی شوراییدابێت. دەسەڵاتی دەوڵەت و چەند ریفۆرمێکی ئابوری و ئازادیە سیاسیەکان بونە مۆدێلی سیستمێکی جێگرەوەی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی. شۆڕشی کرێکاری چیتر وەک هەمان خەباتی ڕاستەوخۆی چینایەتی کرێکاران سەیر نەکرا و حسابی لەسەر نەکرا، بەڵکو بوە پاشکۆی شۆڕشێکی سیاسی، کە حزبێکی کۆمۆنیستی و سۆشیالیستی، لەهەر دەورەیەکدا کە ڕوداو و کودەتا و ئەزمەی سیاسی دروست دەبێ، دەیکاتە دروشم و بەرنامەی فەوری و دەست بەجێی عەمەلی و مۆدێلی جێگرەوەی سەرمایەداری. ئەمە کۆنسێپت و ڤێرژنی سۆشیالیزمی دەوڵەتی بوو لە شۆڕشی کرێکاری و کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی، کە لە ئێستاشدا لە نێو بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا درێژەی هەیە، کە مۆدێلێک

وجۆرێـک لە کـۆمەڵگەی سیاسـی و ئـابوری و شـۆڕش و بەرنـامەی خستۆتەڕوو.

لە ئێستادا کە زەمینە مادیەکانی گەشەی سەرمایەداری و گلۆبـالیزم و شکسـتی مـۆدێلی سـەرمایەداری دەوڵەتـی و بەرنـامە داڕیـژراوی سـەدەی ٢٠ دەبینـین، ئیتـر کۆنسـێپت و ڤیـژن و بەرنـامەی ئەم سۆشیالیزمە دەوڵەتیەش بەبنبەست گەیشتوە و شۆڕشی کرێکاری سەدەی ٢١ جارێکی تر پێویستی بە پێناسەکردنەوەی خۆی و ئەرک و ئامانجەکانی و بەرنـامەی عەمەلـی خـۆی هەیە لە دنیـای گلۆبـاڵی سەرمایەداری و نیولیبرالی ئێستادا. هەربۆیە فکرە و ئایدیای شۆڕشی کرێکـاری و ئەرکەکـانی، وەک خـودی خەبـاتی چینـایەتی کرێکـاران، گۆڕانکـاری بەسـەردا هـاتوە. بەپێـی ئەو گەشـەیەی ئە م چیـنە کردویەتـی لەم سـەرمایەداریە گەشـەکردوەدا، مۆدێـل و ئایـدیا و بەرنـامەی کرێکـاران بـۆ دروسـتکردنی کـۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیسـتی پێویستی بە دوبارە پێناسەکردنەوەی ئامـانج و ئەرکەکانی شۆڕشـی کرێکـاری ئەم دەورەیەیە، کە بێگومـان خۆجیاکردنەوەشـە لە مـۆدێلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی و بەرنامەی دیموکراتی کردنی سەرمایەداری، وە نەمـانەوەیە لە قـاڵبە سیاسـی و حزبیەکـانی ئەم جـۆرە سۆشیالیزمەی سەدەکانی ڕابردوودا.

## بەشی یەکەم

باسی ئەم سیمیناره سەبارەت بە شۆڕشەکانی سەدەی بیستە، بەتایبەت وەک نمونەیەک باسی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیای ۱۹۱۷ دەکەین. دواتر لەسەر کاریگەری ئەم شۆڕشە لەسەر دۆخی جیهانی و ئەو شۆڕشانەی تر کە ڕویداوە لە سەدەی ۲۰ دا.

گرنگی ئەم باسە بەلای ئێمەوە ئەوەیە کە لە دوای دوو سەدە لە ژیانی سەرمایەداریدا مەسەلەی شۆڕش بەسەر ئەم سیستمەدا هەمیشە مەسەلەی چینی کرێکار بووە. چینی کرێکار کاتێک لەسەدەی نۆزدە و بیستدا، کە ئەم شۆڕشانەی دژی سەرمایەداری کردوە، کۆنسێپت و فکرەی جۆراوجۆریش بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی پرۆلیتاریا

هاتۆتە ئاراوە. ئەم ئایدیا و کۆنسێپتانەی شۆڕش دژی سەرمایەداری دەربڕین و ڕەنگدانەوەی ئەو بزوتنەوەیەی کرێکاران بووە، کە لە بواری ئابوری ، سیاسی وکۆمەڵایەتی دژ بەم سیستمە لەئارادا بووە. هەر بۆیە لەهەر قۆناغێکی ئەم خەباتە چینایەتیەی کرێکاراندا دەبینین کۆمەلێک بیر و بۆچون سەبارەت بە چۆنیەتی گۆڕینی ئەم سیستمە لە ئارادایە، کە ئەمانە هەمووی بەرهەم و ئاکامی ئەو دەورەیە لە خەباتی چینایەتین، کە تیایدا کرێکاران شێواز و ڕێگای جیاجیا تاقی دەکەنەوە بۆ کۆتایی هێنان بەم سیستەمە و ڕێگریەکانی بەردەم خەباتیان، کە سەرمایەداری دروستی کردوە.

سەرەتا دەمەوێ باسی ئەو کۆنسێپتە گشتیە بکەم سەبارەت بە شۆڕش کە لە ڕوانگەی کۆمۆنیستەکانەوە هەیە. دواتر بێمە سەر ئەو ئامڕازانەی لەم شۆڕشەدا بەکار هاتون چی بوون؟ هەروەها ئاکامی ئەم شۆڕشانە چی بووە؟

باسەکە بە تیۆری شۆڕش دەست پێدەکەم. دواتر دەبێت بزانین کە ئەم تیۆریە لە پراتیکی چینی کرێکاردا چۆن ڕەنگی داوەتەوە و چ تێگەیشتنێک سەبارەت بە فکرەی شۆڕش لەئارادابووە؟ بە کۆنکرێتی و دیاریکراوی دەبێ بچینە سەر پراکتیکێک کە سەبارەت بەم تیۆرەی شۆڕش کراوە و چینی کرێکار چۆن ویستویەتی ئەم ئاڵوگۆڕ و شۆڕشانە بەئەنجام بگەیەنێ. بەم پێیە بتوانین لە پراتیکی چینی کرێکارەوە تێبگەین کە ئەو ئاڵوگۆڕانە چی یە و بنەماکانی چی یە؟ وە

ئەو هەوڵانەی دراوە لە چ چوارچێوەیەکـــدا بـــووە کە تـــا ئێســـتا نەیتوانیـوە ئەم شۆڕشـانە بە سـەرکەوتن بگەیەنێت؟ لێرەوە دەگەیـن بەوەی ڕەخـنە یـان تێگەیشـتنێکی ماتریالیسـتی بـۆ شـۆڕش، کە ئەم بـزوتنەوە مێـژوویەی چینـی کرێکـار خـۆی هەیبـوە، چـی بـوە؟ وە هەروەهــا دەزانــین کە ئێســتا ئەم ئایـدیای شـۆڕش کـردنە بەســەر سەرمایەداریدا چیە و ڕێگریەکانی بەردەمی چین؟

فۆرمۆڵەیەکی گشتی هەیە، کە مارکس ئەم شۆڕشەی کرێکارانی وەک ڕاستیەکی کۆمەڵگەی سەرمایەداری پێ ناسـاندوە. ئەویش ئەوەیە کە گەشەی هێزی بەرهەمهێنەرەکان لە سایەی سیستمی سەرمایەداریدا دەگــاتە ئاســتێک ئــاڵوگۆڕێکی گشــتی لە بــواری ئــابوری و دۆخــی کۆمەڵگەدا پێک دەهێنن، کە ئەم هێزە کۆمەڵایەتیەی کرێکاران هەمـوو هۆیەکــانی بەرهەمهێنــان بەشــێوەیەکی پێکەوەیــی و هـــاوبەش بەکاردەهێنن، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم هێزە خۆی خاوەنی ئەو هۆیـانەی بەرهەمهێنان نیە، ئەوا لە پەیوەندیەکدایە لەگەڵ خـاوەنی ئەم هۆیـانەی بەرهەمهێنــان، کە ســەرمایەدارانن، کە ئەم پەیوەنــدیە ڕێگــری بــۆ دروست دەکات کە ژیـانی ئەم کرێکارە بەرهەمهێنەرانە لەڕێگای ئەم کارەیانەوە گەشەبکا و ئازادی بۆ ئینسان لە کۆمەڵگەدا دابین بکا، ئەم پەیوەنـدیە دەبێـتە مـایەی چەوسـانەوەی کرێکـاران. هەربـۆیە ئەم پەیوەندیەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لەگەڵ هێزی بەرهەمهێنەری

کرێکـاران دەکەوێـتە نـاکۆکیە. ئەوەی پێـی دەڵێـین خەبـاتی چینـایەتی ڕەنگــدانەوەی ئەم نـــاکۆکیەیە. ئەوانەی ئامڕازەکـــانی بەرهەمهێنـــان بەکاردەهێنن، واتە کرێکاران لەگەڵ خاوەنی ئامڕازەکانی بەرهەمهێنـان دەکەونە نـاکۆکی. ئەم ناکۆکیـانە دەبنە پـاڵنەر و فشـار بۆ ئەوەی ئەم شـێوازی بەرهەمهێنـانە ئـاڵوگۆڕی بەسـەردا بێت. بەپێی ئەوەی چەنـد ئەم هێزە بەرهەمهێنەرە گەشـەی کردبێ، چ وەک بەشـی ئامڕازەکـانی گەشەی سـەرمایەداری و چ بەشی زینـدووی ئەم هێزە بەرهەمهێنەرە، کە گەشەی چینی کرێکارە. بەپێی ئەوەی ژمـارەی ئەم چینە کرێکـارە گەشـــەی کردبـێ، شــێوازی کـۆمەڵایەتی و پێکەوەگرێـدراوی کـاری کــۆمەڵایەتی گەشـــەی کردبـــێ و قۆنـــاغی دابـــڕاو و پەرژوبـــڵاوی بەرهەمهێنـانی تێپەڕانـدبێ، واتە چەنـد بە شـیوەیەکی مـادی ئەم چینـە گەشەی کردبێ ئەوەندە وشیاری سـەبارەت بە هێزی بەرهەمهێنەری خۆی، سەبارەت بە جێگا و ڕێگای لە کۆمەڵگەدا زیاد دەکا و ئەم بونە مـادی و وشـیاریە دەیخـاتە نـاکۆکیەوە لە چـاو دۆخـی ژیـان و دۆخـی ئابوری و سیاسی چینەکە خۆیدا. بەم پێیەش دەیخـاتە نـاکۆکی لەگەڵ دەوڵەتـدا، دەوڵەت وەکـو بەشـی سـەرەکی پـارێزەری ئەو موڵکـایەتیە تــایبەتە و پەیوەنـدی بەرهەمهینـانی سـەرمایەداری. لێـرەدا خەبـاتی چینـایەتی توند دەبێتەوە و ئەو ڤیژنەی کە چینی کرێکـار هەیەتی بۆ گۆڕینی ئەم سیستەمە، واتە ڤیژنـی شۆڕشـی کۆمەڵایەتی ئەمە دیـاری دەکـا کە ئەم چیـنە چەنـد ئامـادەیە بـۆ ئەوەی هەمـوو کـۆنترۆڵی

بەرهەمهێنان و هەموو کۆنترۆڵی کۆمەڵگە و ئیدارەی کۆمەڵگە بگرێتە ئەستۆ و ئەو کۆنترۆڵە لەدەستی سەرمایە دەربهێنێ.

ئەمە فۆرمـۆڵەیەکی گشـتیە. ئەگەر ئـێمە لەهەر دەورەیەکـدا سـەیری بکەیـن، لە دەورەی سـەدەی ١٩ دا سـەیری بکەیـن، ئەم ململانـێ یە بەشیوەیەک ڕەنگی داوەتەوە کرێکاران هـاتونەتە مەیدان و خەبـات و شۆڕشیان کردوە. لەسەدی ٢٠ یشدا سەیری بکەین بەهەمان شێوە لە کـاتی ئەزمەکـان و بەتـایبەت لە کـاتی شـەڕی جیهـانی یەکەمـدا ئەم پێکـدادان و خەبـاتە چینـایەتیە بەرفـراوانە بـۆ گـۆڕینی سیسـتمی سـەرمایەداری دەبینـین. لێـرەدا دەبینـین ڤێرژنێـک و ئاسـۆیەک بـۆ گۆڕینی کۆمەڵگەی سەرمایەداری سەر هەڵدەدا، کە دەیەوێ تەواوی کـۆمەڵگەی چینـایەتی بسـڕێتەوە و چینەکـان نەهێڵـێ و وە بتـوانێ کۆمەڵگە لەدەستی موڵکایەتی تایبەت و دەوڵەتی سەرمایەداران ڕزگار بکا.

ئەگەر سـەیربکەین دەبینـین لە سـەدەی ١٩ دا چینـی کرێکـار دەسـتی کردوە بە خەبات دژی بورژوازی و حکومەتە پاشـایەتی و دەسـتوری و پەرلەمانیەکـانی و بەشـداری چالاکـانەی لە شۆڕشـەکانی ١٨٤٨ بۆ ١٨٥٠ لە ئەوروپـادا دەکـرد. پـاش دەورەیەک لەم خەبـاتە چینـایەتیە ڤیـژن و ئاسـۆی شۆڕشـە کرێکاریەکـان ڕۆشـنتر لەلایەن ڕۆشـنبیرانی ئەم چیـــنە و ڕێکخراوەکـــانی لەوانەش ئەنتەرناســـیونالی یەکەمەوە داڕێژران، ئەویش بەرپاکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی بۆ کۆتـایی هێنـان

بە سیستمی چینایەتی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی بو.

دواتر کۆمۆنەی پاریس وەک ئەزمونێکی ئەم شۆڕشە کرێکاریە گەشەی بەم تیۆریەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی کرێکاران دا، کاتێک کۆمۆنە دامودەزگاکانی دەسەڵاتداریتی بورژوازی، بە دەوڵەت و سوپا و بیرۆکراتیزمەکەی تێکشکاند و شێوازێکی شورایی و کۆمۆنەیی دەسەڵاتی کرێکاری لە جێگای دانا. ئەمە یەکەمین تاقیکردنەوەی ئەو ئایدیای شۆڕشە کۆمەڵایەتیە بوو، کە چۆن کرێکاران بە کردەوە کۆنسێپتی شۆڕش پیادە دەکەن. لێرەدا دەرکەوت باس و ڤیژنی شۆڕش، باسی گۆڕانی بەرەبەرە نیە، کە لە سیستمی مەوجودی سەرمایەداریدا دەبێ ڕووبدات، بۆ نمونە باس لە باشکردنی کرێ یان ئازادیە سیاسیەکان یان ڕیفۆرم لە چوارچیوەی سەرمایەداریدا ناکرێ، بەڵکو باس لە گۆڕانێکی ڕیشەیی سەرجەم سیستمەکە دەکرێت. هەربۆیە کرێکارانی پاریس دەوڵەت وەک ئۆرگانێکی ڕیکخراوی ئەم سیستمە هەڵدەوەشێننەوە، نەک چاکی بکەن و ڕیفۆرمی تێدابکەن. ئەمە سەرنجی مارکس و هەموو کۆمۆنیستەکان بەرەو ئەوە ڕادەکێشێ کە شۆڕشی کۆمەڵایەتی پرۆلیتاریا بەمانای گۆڕانێکی سەرتاپاگیر و ڕیشەیی لە سیستمی ئێستادا، گۆڕینی سەرجەم دامودەزگاکان نەک چاکردنەوەیان، هەڵوەشانەوەی سوپا و بیرۆکراتی و پەرلەمانی دەوڵەت، واتە گۆڕانکاری لە هەموو پایەکانی

سیسـتمەدا و گۆڕانکـاری ئـابوری لە خـوارەوە. ئەم بۆچونـانە لە سـەدەی ١٩ دا لە نـاو چینـی کریکـاردا کـاریگەری دەبـێ و هەر ئەمە وادەکا بۆ نمونە بۆچونەکانی مارکس سەبارەت بەسەرمایەداری و گـۆڕینی ڕادیکـاڵ و ڕیشـەیی ئەم سیسـتمە لە بـزوتنەوەی چینـی کرێکـاردا، لە بـزوتنەوەی سیاسـیەکانی وەک سۆشـیال دیمـوکراتی و ئەوانـی تـردا ڕەنـگ بـداتەوە و کۆنسـێپتی شۆڕشـی کـۆمەڵایەتی بە بۆنەی کۆمۆنەی پاریسەوە بە شێوەیەکی ڕۆشنتر دەربکەوێ.

بەڵام چینی کرێکار لە فەرەنسادا نەیتوانی ئەم شۆڕشـە بەسـەرکەوتن بگەیەنێ و دەرەوەی پـاریس بگرێت و بەرەو قۆناغەکـانی تـر هەنگـاو بنێ. بـورژوازی فەرەنسـی هێرشـی کـردە سـەر کرێکـارانی پـاریس و شکستی بە شۆڕشی کۆمۆنە هێنا.

دوای ئەم شکسـتەی کۆمـۆنە، وە لە سـەرەتای سـەدەی بیسـتدا ڕوبەڕوی ئاڵوگۆڕێک لە نـاو خـودی بزوتنەوەی کرێکاریـدا دەبینەوە. لەم دەورەیەدا، لەلایەک گەشـەی سـەرمایەداری و جیهـانی بـونەوەی سـەرمایە و بـازاڕی جیهـانی دەسـت پـێ دەکـا، کە ئەمە مەسـەلەی شۆڕشـی کرێکـاری بۆ دەورەیەک، لە شکسـتی کۆمـۆنەوە تـا جەنگـی جیهـانی یەکەم، دەبـاتە دواوە. لەلایەکـی تریشـەوە هەر لەم دەورەیەدا گەشـەیەکی ئاسـۆیی خەبـاتی چینـایەتی دەسـت پـێ دەکـا، کە ئەمە لە زۆربەی شـوینەکاندا خـۆی نیشـان دەدا لە گەشـەی ڕیکخـراوە جەمـاوەری و سـەندیکایەکانی کرێکـاران، وە دروسـتبونی حـزبە

سیاسـیه سۆشـیال دیموکراتەکـان، کە ئەم حـزب و ڕێکخـراوانە ئەو ئامرازانەن کە چینی کرێکار بۆ خۆئامادەکردنەوە بۆ دەورەیەکی تری شـۆڕش کـردن بەکاریـان دێنـێ. ئەم گۆڕانەی هەلـومەرجی ئـابوری و سیاسی کۆمەڵگەی سـەرمایەداری ئەوروپا، وە بەشـداری جەمـاوەری کرێکـــاران لە مەیـــدانی سیاســـیدا، و تێکشـــکانی بەرەبەرەی وردەبورژوازی و چونیان بـۆ ڕیـزی پرۆلیتاریـا، هەلـومەرجی خەبـاتی چینایەتیشـی گـۆڕی. لەم هەلـومەرجە نـوێ یەدا کۆنسـێپتی شۆڕشـی کۆمەڵایەتی کرێکارانیش گۆڕانی بەسەردا دێ.

لێـرەدا پـێش ئەوەی بـاس لە گۆڕانکـاریەک بـکەم کە بەسـەر ئەم کۆنسێپتەی "گۆڕینی سەرمایەداری بە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی" داهات، پێویسته خاڵێک  بەرجەسته بکەمەوە و لەسـەر بوەستین. ئەو خـاڵەش ئەوەیە کە ئەم شۆڕشە کۆمەڵایەتیە پرۆسەیەکی ئابوری و سیاسـی و کۆمەڵایەتیە، نەک بەتەنها ئەزمەیەک یان ڕوداوێک بێت کە لە سـاتێکدا ڕودەدا و ئیتـر هەمـوو کـۆمەڵگە ئامـادەبێ بـۆ شـۆڕش و شـۆڕش دەکرێ و دەسـەڵاتی سیاسـی دەگیـرێتە دەسـت و مەسـەلەی شـۆڕش تەواو دەبێت.

ئەم خاڵە ڕۆشنکردنەوەی پێویستە...کە پەیوەستە بە پەیوەندی فکر بە پراکتیکەوە، گۆڕانی فکرەی شـۆڕش و تەجروبەی عەمەلـی شـۆڕش، ئامــادەبونی فکــری و ڕێکخراوەیــی و گرتنــی دەســەڵات، دەوڵەت و سیستمی سیاسی و گۆڕانکاری ئابوری...هتد.

ئەگەر لە بـوورای مێـژووییەوە سـەیری بکەیـن، دەبینـین شۆڕشـی پرۆلیتاریا پرۆسەیەک بووە لە خۆئامادەکردنی ئەم چینە لەسەرەتاوە تـا ئەوکـاتەی لە ئەزمەیەکـدا ڕوبەڕوبـونەوەی چینەکـان لە ئاسـتێکی باڵای سیاسی و لەگەڵ دەوڵەتدا دێتە ئاراوە، وە دەبێتە تەقینەوەیەک بەشێوەی شۆڕش کردن بۆ یەکلایی کردنەوەی ململانێیەکە ڕودەدا. پێویسـتە شـۆڕش بەشـێوەی ئەم پرۆسـەیە سـەیربکەین، کە لەدوای شکستی کۆمۆنەوە ئەم پرۆسەی خەباتە چینایەتیە بە شێوەیەکی تر دێتە ئاراوە و درێـژەی دەبێ، کە زیـاتر دەبێ بە فشـاردانان لەسـەر دەسـەڵات و دەوڵەتەکـانی ئەو کـاتە، تـاکو چینـی کرێکـار بتـوانێ بەشداری سیاسی بکا و کۆمەڵێک ڕیفۆرم بکا.

لەم دۆخەی گەشـەی سـەرمایەداری و گەشـەی چینـی کرێکـاردا، لە دووتـوێی گەشـەی سیاسـی و ڕیکخـراوەی جەمـاوەرییەوە، دوالیزمـی ڕیفۆرم و شۆڕش لەلایەن هێزە سیاسی و ڕیکخراوە سەندیکاییەکان و ڕەوتە سیاسـی و فکریەکـانی نێـو بـزوتنەوەی کرێکـاریەوە سـەری هەڵدا. پرسـیارێک دێتە ئـاراوە کە؛ ئایـا لەسـەر کۆنسـێپتی شۆڕشـی کـۆمەڵایەتی بمێنیـنەوە یـان بـڕۆین بەرەو ڕیفـۆرم؟ ئەمە شـێوەی پرسیارە زیـاتر تەجریدێکی ئەم دوالیـزمەیە، بەڵام لە واقیعدا هەردوو ڕەگ و ڕەوتی شۆڕش و ڕیفۆرم لەناو چینی کرێکاردا درێژەی هەیە.

کۆنسـێپتی گـۆڕانی بەرەبەرە لەڕێـگەی پەرلەمـان و بەشـداری لە حکومەت و بەرنامەی ڕیفۆرمی سیاسی و ئابوری لەسەرمایەداریدا

لەلایەن ڕەوتـی هەلپەرسـتی و ڕیفۆرمیسـتیەوە کەوتە ململانـێ لەگەڵ کۆنسێپتی شۆڕشـی کۆمەڵایەتی و گرتنە دەسـتی دەسـەڵاتی سیاسـی بۆ گۆڕینی سیستمی سەرمایەداری.

ڕەوتـی ڕەخنەگـر لە ڕیفـۆرمیزم ڕایدەگەیانـد کە دەبـێ ئاسـۆیەکمان هەبـێ کە هەمــوو ئەو ڕیفۆرمــانە بـۆ ئەوە بەکـاربهێنین بـۆ ئەوەی جارێکی تر شۆڕش بکەینەوە بەسـەر دەسـەڵاتی سـەرمایەدا. بەتـایبەت مەسەلەی دەوڵەت لەوکاتانەدا هاتە ئاراوە کە چۆن هەڵوێسـت بگرین بەرامبەر بە دەوڵەت؟

هاوکــات ئەم دوالیــزمەی شــۆڕش و ڕیفــۆرم لەگەڵ هەڵوێســتگرتن سـەبارەت بە شـەڕی جیهـانی یەکەم ئـاوێزان بـوو، وە ئەم نـاکۆکیەی تەقاندەوە و ڕیزی سۆشیال دیموکراتی شەق کرد.  باڵی ڕیفۆرمیست، بەتایبەت سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا چوە پاڵ شـەڕی جیهـانی یەکەم و هەڵویسـتی سـەبارەت بە پشـتیوانی دەوڵەتـی بـورژوازی ئەڵمانیـا و پاڵپشـتی  ڕیفـۆرمیزم و پەرلەمانتـاریزم، هەمـوو ئەمـانە بە ئاسـۆی سۆشــیال دیمــوکراتی و بــزوتنەوەی کرێکــاری دادەنــێ. ئەمەش کاریگەری دادەنێ لەبەرئەوەی گەشەی سەرمایەداری دەچێتە پێشـەوە و ئەو دەستکەوتانەی لەلایەن چینی کرێکارە بەدەست دێن جۆرێک لە ئۆپۆرتـۆنیزم گەشــە پێـدەدا کە واز دەهێنــێ لە ئامــانجی کۆتــایی و ڤێرژنێ بۆ سۆشیالیزم، کە جێگـای سیسـتمی سـەرمایەداری بگرێتەوە و ڕایـدەگەیەنێ کە تەنیـا خەریکـی پاراســتنی دەســتکەوتی ڕۆژانە و

ریفـۆرم دەبـێ. ئەم ڕەوتە دەبێـتە ڕەوتێکـی زاڵـی نێـو بـزوتنەوەی کرێکاری و سەندیکا کرێکاریەکانیش دەکەونە ژێر کاریگەریەوە.

بەڵام لەلایەکی ترەوە چونکە ئەزمەیەکی جیهانی سەرمایەداری هەیە و شەڕی جیهانی هەیە، کرێکاران ناچارن دژی هێرشەکانی بورژوازی بوەسـتنەوە. ئەم ئەزمە جیهـانییە هەم سـەرەوەی بـورژوازی شـەق کردبـــوو، وە هەم خـــوارەوەی کرێکارانیشـــی هێنـــابوە مەیـــدانی ناڕەزایەتیەوە.

ئەم ئەزمەی شەڕە زەمینەی تەقینەوەی شۆڕشی لە ڕوسیادا هێنایەوە پـێش. ئەم شۆڕشـە کـۆمەڵایەتیەی کرێکـاران لە ڕوسـیای ١٩١٧ دا توانی دۆخی ڕوسیا بگۆڕێ و کاریگەری لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی بـزوتنەوەی کرێکـاری و سۆشـیال دیمـوکراتی دانـا. ئەمە تەجـروبەی دووەمـین شۆڕشـی کرێکـارانە. چینـی کرێکـار لێرەدا نـاچێ بکەوێـتە دوای بـورژوازی وڵاتەکەی خـۆی و دوای شـەڕی جیهـانی بکەوێـت. خـــۆی نابەســـتێتەوە بەوەی لەو دۆخەدا بەدوای پەرلەمنتـــاریزم و کۆمەڵیـک دەسـتکەوتی سیاسـی بەرتەسـکەوە بێـت، بەڵکـو ئاسـتێک لەگەشەی بزوتنەوەی کرێکاری دەبێ کە کرێکاران لە ڕوسیادا فکرە و شـێوازی نـوێ دادەهێـنن. مەسـەلەی شـوراکان و دەسـەڵاتی شـورایی لەبەرامبەر دەوڵەتی بورژوازی دەهێننە ئاراوە.

ئەم نمونەیە لە دروستبونی شوراکان و کۆمیتە کارگەکان لە ڕوسیادا پێمان دەڵێ کە؛ باس و کۆنسێپتی شۆڕشی کۆمەڵایەتی کرێکاران باسی چینێکە کە خەریکە ئاڵوگۆڕ لە شێوازی دەرکەوتنی خۆیدا و لە ڕیکخراوبونیدا وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی نیشان دەدا.

لێرەدا پێویستە لەسەر ئەو خاڵە ڕاوەستین کە ئەم بۆچون و تێڕوانینەی شۆڕشی ڕوسیا پێمان دەڵێ؛ ئایا کێ شۆڕشی سۆشیالیستی دەکا؟ ئایا حزبێک و دەستەیەکە کە ئەم شۆڕشە دەکا و دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێ و دەچێ دەوڵەتێک بۆ کرێکاران دادەمەزرێنێ؟ یان بە پێچەوانەوە، شۆڕشی سۆشیالیستی شۆڕشێکە لە خوارەوە کە چینی کرێکار ئاڵوگۆڕێکی تیا ڕودەدا، وە ئەم هێزە بەرهەمهێنەرەی کرێکاران گەیشتۆتە ئاستێک لە گەشەی کۆمەڵایەتی و جێگاوڕێگای ئابوری، کە تێگەیشتنی لە جێگای سیاسی و دەوری لە کۆمەڵگەدا ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ، وە ئەمەش وای لێدەکا کە کۆمەڵێک داهێنان بکات لە خەباتی چینایەتی بەرامبەر بە بورژوازیدا. بۆیە ئەم خاڵە گرنگە کە شۆڕشی سۆشیالیستی تەنیا بریتی نیە لە دەستەیەک کە بەرنامەیەکیان هەیە، بیربۆچونێکیان هەیە کە ئەیانەوێ کۆمەڵگەیەکی تایبەتی سۆشیالیستی دامەزرێنن و دواتر ئەم ئەفکارانە دەبەنە ناو کرێکاران و کرێکارانیش قەناعەت بەم بۆچونانە دێنن و شۆڕشێک دەکەن.

ئەزمونی ڕوسیا پێمان دەڵێ کە ئەو تێگەیشتنە بەرتەسک دروست نیە لە شۆڕشی سۆشیالیستی. لە تاقیگەی مێژووی ڕووسیادا لە ماوەی ١٢ ساڵ لەو وڵاتەدا سێ شۆڕش دەکرێ. چینی کرێکار بەرامبەر بە قەیسەریەت و بورژوازی ڕیزێکی سەربەخۆ لە کرێکاران و حزب و ڕێکخراوە جەماوەریەکانی، لە بزوتنەوە سیاسی ، لە ڕۆژنامە و گۆڤار و چالاکی فکری و ئەدەبی دروست دەکا، ئەمانە هەمووی لە ١٢ ساڵدا بزوتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەورە دەخەنە ڕوو. ڕوسیا دەگاتە ئەو دۆخەی کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا لە ئەوروپادا هەبوون و بونە مایەی سەرهەڵدانی کۆمەڵێک شۆڕشی دیموکراتی و ئاڵوگۆڕی سیاسی لە سیستمی سیاسی سەرمایەداریدا. ڕوسیاش بە پێی گەشەیەکی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی کە دەیکات زەمینەی ئەو ئاڵوگۆڕ و شۆڕشانە لەم وڵاتەدا پەیدا دەبێت. لەماوەی ئەم ١٢ ساڵەدا بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران لەسەر ئەم زەمینەی ئاڵوگۆڕ و شۆڕشگێڕانەیە گۆڕانکاری جۆراوجۆر دروست دەکا.

بەتایبەت لە کاتی شەڕی جیهانی یەکەمدا، کرێکاران لە دژی ئەم شەڕە دەبن. ڕەوتی بەلشەفی کە دژی شەڕ بوو لەگەڵ ئەو شەپۆلە شۆڕشگێڕیەی چینی کرێکاری ڕوسیە و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جوتیارانیش دا یەکی گرت. ئەم بزوتنەوە کرێکاریە شۆڕشگێریەی ڕوسیا شوراکان و کۆمیتەی کارگە و سەربازان و جوتیارانی دروستکرد و شۆڕشی ڕوسیەی تا ئاستی ڕوخانی حکومەتی

بورژوازی و گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن حزبی بەلشەفیەوە برد. خواستەکانی کریکاران بۆ شۆڕش لە لایەن لینین و بەلشەفیەکاندا بەڕونی دەردەبڕدرێ، لە تێزەکانی نیسان و بەرزکردنەوەی دروشمی "هەموو دەسەڵاتێک بۆ شوراکان". لە ڕوسیادا ئەمە دەبینین کە ئەم بزوتنەوە کرێکاریە لە خوارەوە گەشە دەکا و هەربۆیە کاتێک لینین باس لەوە دەکات کە ئایا بەلشەفیەکان دەتوانن دەسەڵات بگرن و بمێننەوە لە دەسەڵاتدا، ئەوانە بە بەڵگە دێنێتەوە کە لەبەرئەوەی شوراکان و کۆمیتە کارگەکان هەیە، لەبەر ئەوەی کە کرێکاران سیاسەتی شەڕی بورژوازی ڕەت دەکەنەوە و نان و ئازادیان دەوێ، بەڵێ ئەگەر بەلشەفیەکان ئەم خواستانەی کرێکاران بەرنە پێشەوە دەتوانرێ دەسەڵاتێکی کرێکاری دابمەزرێ. ئەمە نیشانی دەدا کە شۆڕشی کۆمەڵایەتی پرۆلیتاریا لە دەوری خواستێکی کۆلێکتیڤ و هاوبەش، کە سۆشیالیزمە،کۆدەبێتەوە. لە دەوری بزوتنەوەیەک کۆدەبێتەوە کە دەیەوێ تەواوی دەسەڵاتی سەرمایەداری و دەوڵەتەکەی لابەرێ. بەم پێیە لەم تەجروبەیەدا دەبینین چۆن بەلشەفیزم توانی لەوکاتەدا بەرنامەیەکی شۆڕشگێڕانە بۆ گۆڕینی دەسەڵاتی سەرمایە لە ڕوسیادا بخاتە ڕوو، وە هەروەها چۆن کرێکاران توانیان لەم شۆڕشەدا بەرەو پێشەوە بڕۆن. ئەمانە بەڕای من بەشە جۆراوجۆرەکانی پرۆسەیەکی شۆڕشگێڕانەی چینی

کرێکارن، چ حزب، چ شورا و سەندیکا و شێوازەکانی تر، که دەبێت پێکەوە و بەگرێدراوی و کاریگەریان لەسەر یەکتر بیان بینین.

به کـــورتی دەبینـــین له ڕوســـیادا بزوتنەوەیەکـــی بەرفراوانتـــر و سەرتاسەری کرێکاری هەبوو له چاو کاتی کۆمۆنەی پاریسدا. ئەم بزوتنەوەیه خەریکی خۆڕێکخستن و خۆئامادەکردن بوو بۆ شۆڕش. ئەمه خاڵی جەوهەریه له هەڵسەنگاندنی شۆڕشی کرێکاریدا له ڕوسیا، که کرێکاران وەک چینێک چ دەورێکیان هەیه؟ بەڕای من سۆشیالیزم یان شۆڕشی کۆمەڵایەتی بریتی نیه لەوەی بەرنامەیەکمان هەبێ، بەرنامەیەکی سیاسیمان هەبێ یان نەخشەیەکی ئابوریمان هەبێ، تا بزانین چۆن وڵاتێک بەڕێوه دەبەین؟ بەڵکو وەکو لەسەرەتاوه ئاماژەم پێکـــرد، ئەم شۆڕشـــه لەوێـــوه دەســـت پـــێ دەکـــا که بەرامـــبەر به سەرمایەداری، وەک سیستم و پەیوەندیەکی بەرهەمهێنان، هێزێکی چینایەتی تر هەیه که نارازیه بەم پەیوەندیانه و بەم سیستمه سیاسی و ئابوریه، وه ئەم هێزه دەیەوێ شۆڕش بکا بەسەریدا و لەڕیشەوه بیگۆڕێ و کۆمەڵگەیەکی تر دروست بکا. هەربۆیه ئەوه ئەم هێزه چینایەتیەیه که ڕەگی مادی ئەم کۆمەڵگەیەی بەدەستەوەیه و دەتوانێ ئەم ئاڵووگۆڕه دروست بکا. لەبەر ئەوەی ئەو شێوازه هاوبەشەی که پەیوەنـــدی بەرهەمهێنـــانی کـــۆمەڵگەی سۆشیالیســـتی لەســـەری دادەمەزرێ، له ئێستادا چینی کرێکار خۆی بەرهەمی ئەو جۆره له کاری کۆمەڵایەتی پێکەوەیی و بەکارهێنانی کۆمەڵایەتی و هاوبەشی

ئامرازەکـانی بەرهەمهێنـانە. هەربـۆیە کرێکـاران نەک تەنیـا بەهـۆی ئاسـتی تێگەیشـتنیان، بەڵکـو بەپێـی توانـایی مـادی و شـێوازی کارکردنیـان و پەیوەنـدی نـاوخۆی چینەکەیـانەوەیە کە دەتـوانن ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی کۆمۆنیستی لە بەرهەمهێنان و لە دەزگای سیاسی و ڕیکخستنی ئیداری کۆمەڵگەدا بکەن.

لێـرەوە دێینـە سەرباسـی گـۆڕانی کۆنسـێپتی شۆڕشـی کـۆمەڵایەتی پرۆلیتاریا لە ڕوسیا و کاریگەری ئەم گۆڕانکاریانە لەسـەر شکستی شۆڕشی سۆشیالیستی لە ڕوسیا.

شۆڕشـی سۆشیالیسـتی ڕوسـیا بەرهەمـی ئەو وشـیاریە بـوو کە ئەو کـاتە کرێکـارانی ئەو وڵاتە لە سۆشـیالیزم هەیـان بـووە. زۆر کـات لێکـدانەوە لەسـەر شۆڕشـێک یـان بـزوتنەوەیەک بەو شـیوە بەیـان دەکـرێ کە دەڵـێ ؛ بیروبـاوەڕی بـورژوازی و حـزبە بورژوازیەکـان بەسەر بزوتنەوەی کرێکاری و شۆڕشـی کرێکاراندا زاڵ بوە. من پێم وایە لە خەباتی چینایەتیدا جگە لە کاریگەری لیبرالیزم، یان کاریگەری بـزوتنەوەی ریفۆرمیسـتی، کە ئەمـانە هەموویـان کاریگەریـان هەیە چـونکە کرێکـاران لە خەبـاتێکی زینـدوودان، دەبـێ بـزانین کە چینـی کرێکار خۆشـی دەبێت بەپێی ئاستی گەشـەی وشیاری و ڤیژنـی بـۆ خەبات دژی سەرمایەداری هەوڵەکانی بۆ شۆڕشکردن هەڵسەنگێنین؟. ئەوە تەنیا دۆخی مادی نیە کە دیاری دەکا کە ئایا شۆڕش سەرکەوتو دەبێت یـان نـا؟ بەڵکـو دۆخـی ئەو هێـزەی کە خۆشـی شـۆڕش دەکـا

دەبێت لە ئاستێکدا بێت کە بتوانێ ئەو ئاڵوگۆڕە دروست بکا، چونکە ئەو شۆڕشە وەکو یاسایەکی سروشتی نیە کە هەر دەبێ ڕوبدا، وەک مانگ گیران نیە کە هەر دەبێ ڕوبدا. ئەوە پراتیکی چینی کرێکار و ڕۆشن بونی پرۆسەی شۆڕش کردن لەلای کرێکارانەوەیە کە نیشانی دەدا چۆن دەتوانێ ئەو سیستمە بگۆڕێ یان ئایا دەتوانێ ئەم کارە بکا یان شکست دەهێنێ؟

هەربۆیە ئەگەر بێین دەرس لەو شتانە وەرگرین لە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیا هەبوە، سەرەڕای ئەو زەمینانەی شۆڕشی کۆمەلایەتی پرۆلیتاریا کە لە ڕوسیادا هەبوو، وە ویڕای ئەو هاتنەمەیدانەی چینی کرێکار لە خوارەوە، بەلام هێشتا ئەو بزوتنەوەیەی لە ناو چینی کرێکاردا زاڵ بوە کێشەی جدی هەبوە، واتە بەلشەفیزم خۆی کێشەی هەبوە. ئەگەر ئەناتۆمی و شیکردنەوەی بۆ ئەم ڕەوتە و ئەم ڤێرژنە بۆ سۆشیالیزم بکەین، کە سایەی کردۆتە سەر هەنگاوەکان و دەستکەوتەکانی شۆڕشی کرێکاری ڕوسیا، ئەوە دەدۆزینەوە کە بۆچی ئەم ڤێرژنە نەیتوانیوە سۆشیالیزم دابمەزرێنێ؟

با بە سەرنجدان لە هەندێ لایەنی ئەم جۆرە لە پراتیکی سۆشیالیزمی بەلشەفی بزانین کە چ ڤێرژنێک لای بەلشەفیزم لەسەر شۆڕشی کۆمەلایەتی و سۆشیالیستی پرۆلیتاریا زاڵ بوە؟

یەکێک لەو نمونانە لەسەر جۆر و جێگای دەسەڵاتی سیاسی لە سۆشیالیزمدایە. پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا کێ دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە دەبێ و بەڕێوەی دەبا؟ لینین و بەلشەفیەکان جەخت لەوە دەکەن کە ئەمە دیکتاتۆریەتی حزبیە و یەک حزب دەسەڵات بەڕێوە دەبا لەم سیستمەدا، وە باقی چینی کرێکار دەبێ لەسایە و ژێردەستی ئەم نوێنەرەی خۆیدا بێت، وەک جێگرەوەی چینی کرێکار. کاتێک دەسەڵات لە دەست بەلشەفیەکان دەبێ ئیتر ئەوە وەزیرەکانن کە دەسەڵاتدارن. بەلشەفیەکانن کە هەموو پۆستێکی حکومەتیان بەدەستە. ئەوانن کە هەموو شتێک دیاری دەکەن لەو کۆمەڵگەیەدا.

بە پێچەوانەوە ئەو خاڵەی کە لە بەرنامەی بەلشەفیەکاندا هەبوو پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧، کە باسی لەوە دەکرد دەبێ لەهەر کارگەیەکدا، وەک یەکەیەکی ئابوری، کرێکاران لەوێ دەبێ خۆیان ببن بە خاوەنی ئەو شوێنە و ئەو کارگەیە بەڕێوە بەرن. وە هەروەها ئەوەی کە کۆمیتەی کارگەکان و شورا کرێکاریەکان وەک بەڵگەی ئەم ئامادەییە بۆ دەسەڵاتگرتن لەلایەن لینین و بەلشەفیەکانەوە پێش شۆڕش حسابی لەسەر دەکرا.. بەڵام لە کاتی دەسەڵاتی بەلشەفیەکاندا لە ساڵی ١٩١٨ بەدواوە ئەم بەرنامەیە دەگۆڕدرێت. ئەو گروپەی لەناو حزبی بەلشەفیکدا داوای ئەم جێبەجێکردنی ئەم بەرنامە بەلشەفیە دەکا، وەک گروپی "ئۆپۆزسیۆنی کرێکاری"، سەرکوت دەکرێن و قەدەغە دەکرێن لەناو حزبدا، وەک هەر فراکسیۆنێکی تری ناو حزب

قەدەغە دەکرێن. ئەمە ئاڵوگۆڕێکمان پیشان دەدا کە سیستمی سیاسی، کە لە ئەنجامی ئەم شۆڕشەی ئۆکتۆبەردا دەهێنرێتە ئاراوە، بە کردەوە ئەو سیستمە نیە کە ئێمە دەمانوت دەبێ سەرجەم دامودەزگای بورژوازی و دەوڵەتی بورژوازی هەڵوەشێنێتەوە، وە سیستمێکی جیاوازی سیاسی لە سیستمی سیاسی بورژوازی دروست بکەیت. ئەم سیستمە سیاسیە بەلشەفیە ڕێگە لە چینی کرێکار دەگرێ کە لە کارگەکاندا لە جێگای سەندیکا و کۆمیتەی کرێکاری کارگە ئەم شوێنە بەڕێوەبەرن، سیستمی تاک بەڕێوەبەری پەیڕەو دەکرێ و تاکە بەڕێوەبەرێک دادەنرێ کە کارگە و یەکەکانی بەرهەمهێنان بەڕێوە بەرێ.

ئەم سیستمە ئیداریە بەلشەفیە لە کێشمەکێشدا خۆی دەسەپێنێ. کرێکاران ئامادە نەبوون یەکسەر قبوڵی بکەن. ململانێ هەبوە لە ناو حزبی بەلشەفی و لەدەرەوەی حزبدا، کێشمەکێش هەبوە لە مەیدانی سیاسی و ئابوریدا، مانگرتنی کرێکاری جۆراوجۆر هەبوە لە بەرامبەر ئەم دەوڵەتە بەلشەفیەدا. ئەمە نیشانی دەدا کە شۆڕشی کۆمەڵایەتی کرێکارانی ڕوسیا خەریکی دەستوپەنجە نەرم کردنە لەگەڵ مۆدێلیکی تری سیستمی سیاسی بورژوازی، کە بەناوی کرێکارانەوە حوکم دەکا، دەسەڵاتێکی تاک حزبی کە بەناوی کرێکارەوە ئەم شۆڕشە بەرتەسک دەکاتەوە. لە کاتێکدا لە ڕاستیدا شۆڕشی کۆمەڵایەتی کرێکاران بریتیە لە گۆڕینی سەرجەم دەسەڵاتی سیاسی و

دامودەزگا سیاسی و پەیوەندیە ئابوریەکانی سەرمایەداری، کە ئەمە لە دەسەلاتی سیاسی بەلشەفیەکان لە ڕوسیادا نابینین.

بەپێچەوانەوە کاتێک دەسەلات دەکەوێتە دەستی بەلشەفیەکان دێنە سەر ئەوەی کە چۆن دەتوانن سەرمایەداری دەولەتی لەوێ ببوژێننەوە؟ هەر بۆیە چۆنیەتی گۆڕینی جۆری مولکایەتی لەوێ دەبێتە مەسەلەی سەرەکی، نەک هەڵوەشانەوەی پەیوەندی بەرهەمهێنان. واتە پەیوەندی نیوان کار و سەرمایە دەمێنێتەوە، ئەوکات گۆڕین تەنیا لە شکڵی موڵکایەتیدا دەبێ، موڵکیەتی تایبەت لە سەرمایەدارەکان دەسەنرێتەوە و هەموو شت دەبێتە موڵکی دەوڵەت. وە ئەم ڤێرژنە لە سۆشیالیزم لە هەموو سەدەی بیستدا ڕەواج پەیدا دەکا، کە ئەگەر دەوڵەتێک ببێتە خاوەنی هەموو هۆیەکانی بەرهەمهێنان، یان لە عێراق پێی دەووترا خۆماڵیکردن، ئەگەر دەوڵەت بتوانێ کۆنترۆڵی هەموو ئەم ئامڕازانەی بەرهەمهێنان بکات ، ئەو کات دەوڵەت بە یەکسانی داهات بەسەر هەموو خەڵکدا دابەش دەکا و ئەمە سۆشیالیزمە!!. هەربۆیە هەموو سەدەی بیست لە ژێر هەژموونی ئەم ڤێرژنە لە سۆشیالیزمدا دەبێ، نەک ڤێرژنی نەهێشتنی موڵکایەتی، چ هی دەوڵەت بێ یان خاوەنەکەی سەرمایەدارێکی تایبەت بێت. هەر بۆیە دەبینین چینی کرێکار لە ڕوسیادا جارێکی تر دەبێتەوە بە کرێ گرتەی سەرمایە. سەرەڕای گەشەی هێزی بەرهەمهێنانی کرێکار لە سایەی ئەم جۆرە سۆشیالیزمە لەڕوسیادا، بەڵام ئاستی کرێی

کرێکاری ڕوسی لە چاو کرێکاری بەریتانیا یەک لەسەر سێی کرێی کرێکاری بەریتانی وەردەگرێ. هەربۆیە لە ئاکامی ئەم شۆڕشەدا سیستمی سەرمایەداری دەوڵەتی و بیرۆکراتی دروست دەبێ. وە ئیتر دەبێتە مۆدێلێکی زاڵ لە سەدەی بیستەمدا کە ئەوانەی باسیان لە سۆشیالیزم کردوە، ئیتر باسیان لە گۆڕینی سیستمی سەرمایەداری نەکردوە. لە ئاستی سیاسیدا ئەم مۆدێلە پەرلەمانتاریزم هەڵدەوەشێنێتەوە، بەڵام ئازادی سیاسی ناهێنێتە ئاراوە، بەپێچەوانەوە دەسەڵاتی تاکە حزبێکی سیاسی دادەمەزرێنێ، کە هەموو جومگەکانی کۆمەڵگەی سیاسی کۆنترۆڵ دەکا و هیچ دەسەڵاتێک لەدەرەوەی ئەم حزبە نامێنێ. بۆ نمونە لە ڕوسیادا شۆڕش بە دروشمی "هەموو دەسەڵاتێک بۆ شوراکان" دەست پێ دەکا، بەڵام کاتێک بەلشەفیەکان دەسەڵات دەگرن، هەموو حزبە سیاسیەکان و تەنانەت ئەوانەی وەک مەنشەفیەکانیش کە لەناو بزوتنەوەی کرێکاری و سەندیکا و شورا کرێکاریەکاندا نفوزیان هەیە، قەدەغە دەکرێن. هەر بۆیە شوراکان بچوک دەبنەوە بۆ پاشکۆیەکی حزبی بەلشەفی. لەبەرئەوەی دیکتاتۆری پرۆلیتاریاش بوە بە دیکتاتۆری بەلشەفی، کە لەلای لینین ئەمە مانای دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریایە، وە بەم پێیە شوراکان هیچ دەورێکیان نامێنێ. چونکە ئەوەی لە شوراکاندا هەڵدەبژێردرێ دەبێت حزب پشتیوانی بکا، حزب خۆشی لە دەسەڵاتدایە و وەزیرەکان

حزبین، ئیتر شوراکان وەک ئەنجومەنێکی یاسادانان دەبن، کە پێشتر حزب دایناون و لە چوارچێوەی بەرنامە و یاساکانی حزب تێناپەڕن.

بەم شێوەیە دەبینین ئەم ڤێرژنەی بەلشەفیەکان بۆ شۆڕش جیاوازە لە شۆڕشی کۆمەلایەتی. شۆڕش لای چینی کرێکار بریتی بوو لەو کار و پراکتیکەی لە ئاستێک و پلەیەکی خەباتی چینایەتیدا کە چینێک پێی هەڵدەستێ، بەم کارەش یەکگرتوو بونی چینەکە زیاد دەکا و ناکۆکی و ڕکابەری ناوخۆی کەم دەکا، وە هوشیاری سەبارەت بە خۆی کە چینێکە و دەبێ سەرمایەداری بگۆڕێ زیاد دەکا،وە شیوازی نوێ بۆ ئەم دەسەلاتە هاوبەشەی خۆی دەهێنێتە ئاراوە و تەواوی کۆمەڵگە لەسەر شیوازێکی نوێ بەڕیوە دەبات.

لە ڕوسیادا دەبینین بەپێچەوانەوەیە، کاتێک بەلشەفیەکان دەسەلات دەگرنە دەست، ئیتر لێک جیابونەوەیەک و دابڕانێک دروست دەبێ لە نێوان چینی کرێکار و  حزبی بەلشەفیدا. چونکە ئەم حزبە دەبێتە خاوەنی دەوڵەت و باقی چینی کرێکار دەبێتە کرێ گرتەی ئەم دەوڵەتە. ئەم چینە لە دۆخی کاری کرێ گرتەی کۆیلایەتیدا دەمێنێتەوە، شوراکان و سەندیکاکانی دەکەوێتە ژێر دەستی حزبی بەلشەفیەوە. هەربۆیە فکرە و کۆنسێپتی ئەوەی شۆڕش سەرجەم چینی کرێکار دروستی دەکا و یەکگرتوبونی سەرجەم ئەم چینەیە بۆ بنیات نانی کۆمەڵگەیەکی هەرەوەزی دەگۆڕدرێ. ئەوەی لە ئەنترناسیونالی یەکەمی کرێکاراندا بانگەوازی بۆ دەکرد کە هێزی

چینی کرێکار له یەکگرتووبونیدایه و چینی کرێکار تەنیا بەهێزی سەرجەم چینەکەی خۆی ڕزگاری دەبێ، ئەمانە هەمووی ئالۆگۆڕی بەسەردا دێت. کۆمۆنیزم دەبێ بە دەستە و حزب و تیمێک که دێن دەسەلاتێک و دەوڵەتێک دروست دەکەن و سۆشیالیزمێک بۆ خەڵک دادەمەزرێنن. ئەم نمونەیە لە سیستم، شێوازە بیرۆکراتیکەی و سەرمایەداری دەوڵەتیەکەی، لەگەڵیدا دێتەوە و ناکۆک نابێ بەم دەسەلاتی کەمایەتیە حزبیە.

واتە ئەوەی لەڕوسیادا ڕویدا بەرهەمی نارۆشنی ئابوری نەبوە، بەڵکو لەسەرەتاوە بەرهەمی مۆدێلێکی تری سیاسی بوە، کە چینی کرێکاری لەیەکتر دابڕاندووە، وە ئەم چینەی لە شۆڕش کردن بەسەر سیستمی سەرمایەداریدا پاشەکشە پێکردوە و ڕێگەی لێگرتوە و مۆدێلێکی تری بەسەردا زاڵ کردووە. کۆمۆنیزم گۆڕاوە بۆ مۆدێلێک کە گروپێک و حزبێک دێن و کۆمەڵە ڕیفۆرمێک دەکەن لە سیستمی سەرمایەداریدا و دەسەلاتێکی تر دروست دەکەن بەناوی سۆشیالیزم و کۆمۆنیزمەوە، بەلام هەمان بنەمای ئابوری سەرمایەداری و نەبونی ئازادی سیاسی چینی کرێکار بۆ بەڕیوەبردنی کۆمەڵگە لەم مۆدێلە "سۆشیالیزمی دەوڵەتیەدا" ڕەنگ دەداتەوە. بەم شێوەیە ڤێرژنێکی تر لە سۆشیالیزم و شۆڕشی کۆمەلایەتی زاڵ دەبێ . ڤێرژنێکی تر بۆ ئابوری ، بۆ مەسەلەی موڵکایەتی، بۆ فەرهەنگ، جێ دەکەوێت.

هەربۆیە ئەگەر ئێمە چاوێک بەم مێژووە و ئەزمونەدا بخشێنین دەبێ دیدێکی ماتریالیستیمان هەبێ تا بزانین بۆچی چینی کرێکار لەم دەورەیەدا تا ئەم ئاستە توانی بڕوات؟ بۆچی ئەم ڤێرژنە لە شۆڕشی کۆمەڵایەتی بەسەریدا زاڵ بوو، کە بەرتەسکی کردوە و نەتیوانی ئەو شتانە بخاتە ڕوو کە ئێمە ئێستا بتوانین ببینین کە دەسەڵاتی سیاسی، ئابوری و فەرهەنگ لە کۆمۆنیزمدا چی بەسەر دێت؟

لێرەدا دەگەڕێینەوە سەر ئەو تێزەی "دوالیزمی شۆڕش و ڕیفۆرم" کە لە سۆشیال دیموکراتی جیهانی سەرەتای سەدەی بیستدا زال بوو، دەبینین لە ڕوسیاشدا ئەم دوالیزمی شۆڕش و ڕیفۆرمە لەناو دڵی شۆڕشی کۆمەڵایەتیدا هەبوو. مۆدێلی سیاسی دیکتاتۆریەتی حزبی و مۆدێلی ئابوری سەرمایەداری دەوڵەتی حزبی بەلشەفی لەم شۆڕشەدا بوە مایەی شکستی ئەم شۆڕشە لە گۆڕینی سیستمی سەرمایەداریدا. بەڵام بەلشەفیزم گۆڕانکاریەکی تری ڕیشەیی لە کۆنسێپتی شۆڕشی کۆمەڵایەتی پرۆلیتاریادا کرد ئەویش شۆڕش کورت کرایەوە لە دیکتاتۆریەتی حزبێکدا و نەهێشتن و ڕێگری کردن لە دەخاڵەتی کرێکاران و شورا و سەندیکاکان لە دەسەڵاتدا و سنورداركردنی حزبی کرێکاری بۆ گروپی لیدەری و بەرنامەیەک و کردنی بەرنامەی شۆڕش بە گەشەپێدانی سەرمایەداری و شتێک بەناوی شۆڕشی بەردەوامی کۆمۆنیستی بۆ گۆڕینی سەرجەم دامودەزگاکان و سیستمی سەرمایەداری نەمایەوە. کۆنسێپتی شۆڕش

بەسەر دەوڵەت و موڵکایەتی تایبەتدا گۆڕا بۆ لابردنی پەرلەمان و دانانی دەوڵەتی تاک حزبی و موڵکایەتی دەوڵەت بۆ هۆیەکانی بەرهەمهێنان و کارکردنی هەموو تاکێک و گەشەی ئابوری و پیشەسازی کردنی بەرهەمهێنان.

لێرەوە چ مۆدێلی سۆشیال دیموکراتی ئەوروپا و چ مۆدێلی بەلشەفی ڕوسیا، سەرەڕای ناکۆکی سیاسیان، هەردوکیان کۆنسێپتی شۆڕشی کۆمەڵایەتی پرۆلیتاریا بۆ کۆتایی هێنان بە سیستمی سەرمایداری و دامەزراندنی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستیان گۆڕی بە کۆنسێپتی ڕیفۆرمی سیستمی سیاسی و ئابوری سەرمایەداری. چیتر شۆڕشی کۆمەڵایەتی دژی سەرمایەداری وەک پراتیک و بەرنامەی کرێکاران نەمایەوە و بورژوازی و وردە بورژوازی نارازی لە دەست ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا ئەم مۆدێلە سۆشیالیزمە دەوڵەتیەیان کردە بەرنامەی خۆیان بۆ گەشەپێدانی ئابوری، خۆماڵی کردنی موڵکایەتی و سەربەخۆیی سیاسی.

ئەم دۆخە نامۆبونی چینی کرێکار لە شۆڕشی سۆشیالیستی خۆی و لە بەرهەمی خەباتی خۆی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە سەدەی بیستدا زاڵ دەکا. ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر ئەوەی کە بۆ چینی کرێکار جارێکی تر بە ڤێرژنێکی ترەوە بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی نایەتەوە مەیدان تا بتوانێ ئاڵوگۆڕی جدی لەسەرمایەداریدا دروست بکات؟ ئەم دۆخە هەمان بنەمای ئەو ئەزمەیە کە ئەمڕۆ گیرۆدەی ئەو

حزبـانەیە کە سـەر بە مـۆدێلی سۆشـیالیزمی دەوڵەتـین، وە هەمـان ڤێرژنـی مـۆدێلی دیکتـاتۆریەتی حزبـی پەیـڕەو دەکەن. ئەمە بنەمـای ئەزمەی ئەم گروپ کۆمۆنیستی و حزبە سۆشیالیستانەیە کە ناتوانن لەگەڵ نـاڕەزایەتی جیهـانی ئەمـڕۆی چینـی کرێکـاردا بێـنەوە و لە پەراوێزی ئەم خەباتە چینایەتیەدان.

لە ڕێگەی ئەم تێروانینەمان بۆ گۆڕانی ڤێرژنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەتوانین ئەوە لێک بدەینەوە کە چۆن ئاستی گەشەی سەرمایەداری سـەدەی بیسـت، وە بەتـایبەت لە هەفتاکـانی سـەدەی ڕابـردوەوە، کە گلۆبــاڵیزم زاڵ دەبــێ و کۆتــایی بە شــەڕی ســاردی قوتبەکــانی سەرمایەداری دێ، زیاتر زەمینە ساز دەبێ بۆ دەورەیەکی ناڕەزایەتی گلۆبـاڵی چینـی کرێکـار و زەمینەیەکـی تـری مـادی بـۆ شۆڕشــی کـۆمەڵایەتی دێتەئـاراوە؟ ئەم ئاسـتە لە گلۆبـاڵیزم و کۆتـایی هـاتنی تەواوی پەیوەنـدیەکانی پێشـووی پـێش سـەرمایەداری، ئەم زەمیـنە نوێیەی بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی فەراهەم کردوە.

خـاڵێکی تـری گرنـگ لەوەی کە بـۆچی ئەم مـۆدێلی سۆشـیالیزمی دەوڵەتیە توانی ئەوەندە درێژە بکێشـێ، ئەوەیە کە لەلایەک هێشتا لە سەرەتا و ناوەڕاستی سەدەی بیستدا ئاستی گەشەی سەرمایەداری هێشتا بەو ڕادەیە سیستمێکی جیهانی و سەرتاپاگیر نیە، وە لایەنێکی تـری ئەوە بـوە کە دەوڵەت لەگەشـەی سـەرمایەداری سـەدەی بیسـتدا دەوری هەیە. هەر ئەمەش وا دەکـــا کە مـــۆدێلی سۆشـــیالیزمی

دەوڵەتـیش، بەهەردوو بەرەی سۆشـیال دیمـوکراتی و بەلشـەفیەوە، بتوانێ ڕەواج پەیدا بکا و لە کۆمەڵگەدا مۆدێلیکی سەرکەوتوبێت.

لەو کـاتەدا کە دەوڵەت ئەم دەورەی نـامێنێ، لەڕۆژئـاوادا نیـولیبرالیزم هەسـت بەوە دەکـا کە ئەم شـێوەیە لە دەخـاڵەتی دەوڵەت شکسـتی هێنـاوە و کەڵەکەی سـەرمایە نـاتوانێ چیتـر بەم مـۆدێلەی دەوڵەت بڕواتە پێشەوە و لێرەوە نیولیبرالیزم وەک باڵێکی بورژوازی وەڵامـی نوێی بۆ دەورەیەکی باڵاتر لە کەڵەکە و گەشەی سـەرمایە هەیە و بەم پێییەش وەک ڕەوتێکی نوێی بورژوازی زاڵ دەبێ.

بەهەمـان شـێوە هەمـوو زەمیـنە مادیەکـانی ئەو سۆشـیالیزمە دەوڵەتیەش نەماوە کە جارێکی تر دەوڵەت بتوانێ گەشەی سەرمایە و گەشـەی ئـابوری بەو شـێوەیەی پێشـوو بەرێـتە پێشـەوە و بتـوانێ بانگەشـە بـۆ ئەمە وەک جۆرێـک لە سۆشـیالیزم و ریفـۆرم و دابەشـکردنەوەی دادپەروەرانەی داهـات و موڵکـایەتی دەوڵەت و دابینکردنـی خزمەتگـوزاریە گشـتیەکان بکـا. بەکـورتی ئەم جـۆرە لەگەشەی سەرمایەداری لە سەدەی بیستدا پێویستی بە دەوڵەت بوو، وە ئەم جـۆرە دەوڵەتە بنەمـایەکی سۆشـیالیزمی دەوڵەتـی بـوو کە کردیە مـۆدێلی شۆڕشـی سیاسـی بـورژوازی و وردەبـورژوازیش، لە کاتێکدا کە پێویسـتیان بەوەبـوە کە خۆیـان لە دەسـت دەرەبەگـایەتی ڕزگاربکەن، یاخود لە دەست ئیمپریـالیزمی ڕۆژئـاوا خـۆی دەربێنێ و موڵکەکان وسەرمایەکەی خۆماڵی بکـا و دەسـتی کۆمپانیـا جیهانیەکـان

لەسەری لابچن و بتوانێ گەشەی بە پیشەسازی و بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بدا.

هەموو ئەمانە لەڕێگەی مۆدێلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی یان سەرمایەداری دەوڵەتیەوە بورژوازی وڵاتانی دواکەوتوو و یان بزوتنەوە سیاسیە دژی ئیمپریالیستیەکان چوون بەرەو دامەزراندنی ئەم جۆرە لە دەسەڵات و دەوڵەت. ئەمە ئەو زەمینە مادیانە بوە کە مۆدێلی سۆشیالیزمی بورژوازی یان سۆشیالیزمی دەوڵەتی لە باری فکر و کۆنسێپتەوە توانیویەتی زاڵ بێت بەسەر کۆسێپتی شۆڕشی کۆمەڵایەتی سۆشیالیستی پرۆلیتاریا لە ئاستی جیهاندا.

ئەمرۆ ئەم زەمینە مادیانەی مۆدێلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی شکستی هێناوە هەربۆیە زەمینە فەراهەمە کە شۆڕشی کۆمەڵایەتی سۆشیالیستی پرۆلیتاریا بە ڤێرژنە ڕادیکاڵەکەی، وەک لە سەردەمی ئەنتەرناسیونالی یەکەمی کرێکاران دا هاتوە، بێتەوە مەیدان.

## بەشی دووەم

لەم باسـەدا شۆڕشـی ئۆکتـۆبەرم بە نمـونە هێنـاوەتەوە تـاکو نیشـانی بـــدەم چ بۆچونێکمـــان هەیە ســـەبارەت بە شۆڕشـــی کـــۆمەڵایەتی پرۆلیتاریـا. هـەروەهـا چ ئاڵوگۆڕێک بەسـەر فکرە و ئایدیای شۆڕشـی سۆشیالیسـتیدا هــاتوە و لە ئێســتادا دەبـێ چـۆن سـەیری بکەیـن و جیهانبینیمان چیە سەبارەت بە شۆڕشی کرێکاری؟

هەربۆیە ئەم باسە نوسینەوەی جارێکی تری تەجروبەی سۆڤێت نیە، بەڵکـو بـاس لە فکـرەی شۆڕشـی پرۆلیتاریـا خـۆیەتی، کە بۆخـۆی مێژوویەکـی هەیە و دەبـێ بەشـێوەیەکی ماتریالیسـتی سـەیری ئەم کـردەوەی شۆڕشـە بکەیـن. ئایـا لە دوو سـەدەی ڕابـردوی هەوڵـدانی شـــۆڕش کـــردن لەلایەن چینـــی کرێکـــارەوە دژ بە ســـەرمایەداری

واقعیەتی ئەم پراکتیکەی چی بووە؟ چ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا هاتوە و ئێستا چۆن دەیبینین؟ ئەمە ئامانجی ئەم باسەیە.

بەڵام بۆ ئەوەی ئەمانە بسەلمێنم دەبێ نمونە بهێنمەوە، تا بتوانێ مێژوویەکی ماتریالیستی نیشان بدا، نەک تەنیا لەسەر بنەمای فکری موجەرەد. لێرەدا دەمەوێ باسی واقعیەتی ئەو شتەی پێی دەڵێن شۆڕشی پرۆلیتاری بکەم و بڵێم بەڕاستی پرۆسە واقعیەکەی چیە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا ؟ بەڵگەی کۆنکریت و دیاریکراوم هێناوە بۆ ئەوەی بەراوردی بکەم بەو بنەما فکریانەی شۆڕشی سۆشیالیستی. لێرەوە دەمەوێت بزانم کە کێشەی ئەم بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەیە چی بوە؟ هەروەها فکری شۆڕش چی بەسەر هاتوە و ئێستا چۆن دەبێ؟

ڕاستە لێرەدا نەچومەتە سەر لێکدانەوەی بنەما ئابوری و یان مادیەکەی ئەو شۆڕشانە لەو سەردەمانەدا، کە سەرمایەداری لەو کاتەدا چەند گەشەی کردوە، بۆ نمونە ئایا لە باری مادیەوە ئیمکانی هەبوو کە کۆمۆنەی پاریس سەرکەوتوبێت؟

باسەکەم بە فۆرمۆلەیەکی گشتی دەست پێکرد کە، " شۆڕش کاتێک ڕودەدا کە هێزەکانی بەرهەمهێنان وەک تۆتالیتی و لە گشتدا هێندە گەشەی کردبێ، گەشەکردنەکەش تەنیا نەک لە ئامێرەکانی بەرهەمێناندا، بەڵکو لە بەشی زیندوی هێزی بەرهەمهێنانیشدا کە چینی کرێکار خۆیەتی، ئەم هێزە تا چەند گەشەی کردوە لە باری

ڕیکخراوەیی ، سیاسی و جێگای لە ئابوری دا، تا بتوانێ شۆڕش بکا و کۆمەڵگەیەکی نوێ دروست بکا." لێکدانەوە مادیەکەم لە سەر ئەم لایەنەی پرۆسەی شۆڕش بوە.

هەرچەند دەزانین کە ڕوسیا لەو کاتەی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا لە دۆخێکی دواکەتویی ئابوریدا بوە. بۆ نمونە هێشتا بەشێکی زۆری جوتیارانی بچوک هەیە. شۆڕشەکە دەبێ نیازی ئەم چینە وەڵام بداتەوە، وەک شۆڕشەدیموکراتیەکانی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەی ئەوروپا. ئەوەی جێگای باسی منە ئەوەیە کە لەهەر دەورەیەکدا دەتوانین هەلومەرجە ئابوریەکە هەڵسەنگێنین کە بزانین چەندە ئامادەیە کە کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی تیادا دامەزرێنرێ؟ چەند سەرمایەداری گەشەی کردوە؟ چەند چینی کرێکار لە کۆتوبەندەکانی پێشووی ڕزگاری بوە؟ کۆمەڵگە چەند ڕێکخراوە تا چینی کرێکار بتوانێ سۆشیالیزمی لەسەر بنیات بنێ؟ دەتوانین لەهەر دەورەیەکدا لێکۆڵینەوە لەمانە بکەین تا بزانین ئامادەیی چەندە؟

بێگومان ئێستا ئامادەیی زیاترە لەچاو کاتی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا و بەراورد ناکرێ لەگەڵ کاتی کۆمۆنەی پاریس دا. لەبەرئەوەی گلۆبالیزمی سەرمایەداری هەموو جۆرە پەیوەندیەکانی پێش سەرمایەداری هەڵوەشاندۆتەوە. بەڵام خاڵی سەرەکی باسەکەی من ئەوەیە کە شۆڕش تەنیا پەیوەست نیە بە چۆنیەتی بەرهەمهێنان و ئابوریەوە، بەڵکو شۆڕش بریتیە لە کۆی پەیوەندی چینی کرێکار بە

سیســـتمێکی ئـــابوری ســـەرمایەداریەوە، کە جێگـــای ئەم چیـــنە لە بەرهەمهێنانی ئەم سیستمەدا زەمینە مادیەکەیەتی، بەڵام بەشەکەی تری ماتریالسیتی ئەم شۆڕشە بریتیە لە ئامادەیی ئەم چینی کرێکارە بۆ گۆڕینی ئەم سیستمە. ئامادەیی بە مانای ئەوەی ئەوەی چەند ئەم چینە لە ناوخۆیدا یەکگرتوە. وەک چینێک چەند هوشیارە لە جێگە و ڕیگەی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی خۆی. چەندە توانیویەتی ئەو ئامرازانە دروست بکا کە کۆمەڵگەی سۆشیالیستی پێ دادەمەزرێنێ. چەند ئەم چینە لە شێوەی هێز نیشاندان و دەسەڵاتیدا و لە خەباتی سیاسی و ئابوریدا ئەم ئامادەییەی بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات و چارەنوسی کۆمەڵگە ڕەنگی داوەتەوە. بۆیە ئەگەر هەر دەورەیەک سەیری ئەم چینە بکەین ئاستێک لە ئامادەیی و ڕیکخراوەیی دەبینین ، بۆ نمونە لە کۆمۆنەی پاریسدا ئاستێکی سەرەتایی لە ڕیکخراوبونی هەبوە کە نەیتوانیوە شۆڕشی سۆشیالیستی بەسەرکەوتن بگەیەنێت. لە ڕوسیاش ئاستێکی گەشەکردوتری هەبوە کە هەرچەندە توانیویەتی بەرگری بکا لە دژی هێرشی بورژوازی، بەڵام دیسانەوە نەیتوانیوە ئەو ئامرازانەی هەبێ و ئەو هوشیاریەی هەبێ کە بتوانێ سیستمی سۆشیالسیتی دابمەزرێنێ.

سەرەڕای هەموو ناکامیەکانی ئەم هەوڵانەی چینی کرێکار بۆ شۆڕش دژی سەرمایەداری، من کێشەم لەگەڵ ئەو بۆچونەدا هەیە کە ئەم هەوڵانە خۆی بە هەوڵی شۆڕشی سۆشیالیستی نازانێ. ئەمانە

هەمووی هەوڵی چینی کرێکارە کە خۆی دەیەوێ ئاڵوگۆڕ لە سیستمی سەرمایەداریدا بکا، دژی دەسەڵاتی بورژوازی دەوەستێتەوە و حکومەتی بورژوازی لەسەر کار لا دەبا، ئەمە پرۆسەیەکی زیندووی خەباتی چینایەتیە کە گەیشتۆتە ئاستی شەڕ لەسەر دەسەڵات. هەربۆیە شۆڕشی سۆشیالیستی هەموو ئەم پرۆسەیەیە کە چینی کرێکار دەیکا و کردویەتی، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوەش ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە کە ئەم شۆڕشانە تا ئێستا سەرکەوتوو نەبوە. کاتێک ئەم شۆڕشە سەرکەوتو دەبێ کە بتوانێ سەرجەم سیستمەکە بگۆڕێ، بتوانێ بناغە مادیەکەی ئەم سیستمە، پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان، دەسەڵاتە سیاسیەکەی، فەرهەنگەکەی، پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی و هەموو کۆمەڵگەکە بگۆڕێت. ئەمە ئەو ئاستە باڵایەیە لە ئامادەیی چینی کرێکار و بەرنامە و پراتیکی شۆڕشگێڕانەی ئەم چینەیە کە دەتوانێ شۆڕش بە سەرکەوتن بگەیەنێ.

نمونەیەک لەم جۆرە لێکدانەوەی شۆڕش، لێکدانەوەی مارکسە لە کۆمۆنەی پاریس. ئەو نەهاتوە باس لەگەشەی سەرمایەداری لەو کاتەدا بکا کە چەند ئیمکانی سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە هەبوە، بەڵکو باس لەو فاکتەرە زاتی و سەبژەکتیڤەی پرۆلیتاریا کردوە کە بوەتە هۆی شکستی پرۆلیتاریا لەو هەوڵە شۆڕشگێڕانەدا. ئێستاش ئێمە کە سەیری ئۆکتۆبەر سەیری ئەو فاکتەرە زاتیە دەکەین کە پرۆلیتاریا لەوێ بە هۆی چیەوە شکستی هێنا و نەیتوانی بەشداری سەرجەم

چینەکە و ڕیکخراوەکانی مسۆگەر بکا و ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگەدا، لە سیستمی سیاسی و ئابوری دا دروست بکا. بەڵام ئەمە تەنیا بەو مانایە شۆڕشێکی سۆشیالیستیە کە هەوڵی چینی کرێکارە بۆ گرتنی دەسەلات. سۆشیالیزم بریتیە لە هەوڵی ئەم چینە بۆ گۆڕینی سیستمی سەرمایەداری، بۆ شۆڕش کردن و سیاسەت کردن و پراتیک کردن. ئەمە سۆشیالیزمە نەک ئەوەی ئایا نەخشەی ئابوریەکەی چەند دروست بوە؟ یان ئایا نەخشەی سیاسیەکەی چەند ڕۆشن بوە؟ بەڵکو خودی هەوڵەکە بۆ ڕزگاربون و خودی پراکتیکەکە بۆ شۆڕش کردن سۆشیالیزمە. سۆشیالیزم نەک وەک سیستمێکی دامەزراو، بەڵکو وەکو هەوڵدان، وەکو کارکردن بۆ دروستکردنی ئاڵوگۆڕ. بەڵام ئەم هەوڵە کاتێک دەتوانێ سەرکەوتوبێ لە دروستکردنی سیستمێکی جیاوازدا کە پێداویستیەکانی ئامادەکردبێت. ئەوە بەگشتی دروستە کە سۆشیالیزم بۆیە هێشتا دانەمەزراوە کە پێداویستیە مادیەکانی دامەزراندنی ئەم سیستمە، کە بەشێکی چینی کرێکار خۆیەتی، ئامادە نیە. چونکە جگە لەم هێزە مادیانەی سۆشیالیزم دروست دەکەن کێشە لە هیچ شتیکی تردا نیە. تەنانەت هوشیاری چینەکەش، ئەوەی کە دەڵێن دەبێ حزبێک بێت و چینەکە وشیار بکاتەوە، ئەمە خۆی لە خەباتی چینایەتیدا ئەم وشیاریە و ئەم جۆرە حزبە پەیدا دەبێت. لەهەر سەردەمێکدا ئەم چینە خەباتی چینایەتیەکەی چەند چوبێتە پێشەوە لە ململانێی لەگەڵ سەرمایەداریدا ئەوەندە خەباتە

سیاسـیەکەی و جـۆری حـزبەکەی دەچێـتە پێشـەوە، وە ئەوەنـدە وشـیاری هەیە بەوەی کە سۆشـیالیزمەکەی چ جـۆرێکە و چـۆن دایدەمەزرێنێ؟

لێرەوە ئەوە هەڵدەسەنگێنین کە ئەو ئاستە لە وشیاری چینی کرێکاری ڕوسیە نەگەیشتبوە ئەوەی بتوانێ سۆشیالیزم دامەزرێنێ. لێرەدایە دێینە سەر لێکدانەوەی ڕەوتی سیاسی ناو چینی کرێکار کە ڤیژن و ئاسۆی چی بوە بۆ سۆشیالیزم و شۆڕشی سۆشیالیستی؟ چۆن هێشتا ئەم ڕەوتە لە چوارچێوەی موڵکایەتی دەوڵەت و دیکتاتۆریەتی حزبی و سۆشـیالیزمی دەوڵەتـی و سـەرمایەداری دەوڵەتیـدا سۆشیالیزمی بینیوەتەوە؟

ئەم جۆر و ڤێرژنە لە سۆشیالیزم لە ناو چینی کرێکاردا قورسایی هەبوە و سەرەکی بوە، هەرچەند ڤێرژن و بۆچونەکانی تریش شەڕیان کردوە، بەڵام شکستیان هێناوە. لەناو حزبی بەلشەفیکدا گروپی تر هەبوە شکتیان هێناوە. لەناو کۆمەڵگەدا بەرگری کرێکاران هەبوە لە کۆمیتەکانی کارگە و سەندیکاکاندا، کە حزبی بەلشەفی شکستی پێ هێناون. ئەمە ململانییەکی زۆر زیندوو بوە لە ناو خودی چینی کرێکاریشدا کە خەریکە شۆڕش دەکا ئەم کێشانە دروست دەبێ و ئەم ململانێیانە چارەنوسی هەوڵ و شۆڕشە سۆشیالیستیەکە دیاری دەکا، سەردەکەوێ یان شکست دێنێ؟

لێرەدا دەمەوێ جیاوازی خۆم نیشان بدەم لەو جۆرە ڕەخنەگریە لە مێژووی کۆمۆنیزم کە دەڵێ "تا ئێستا هیچ شتێک یان هیچ هەنگاو و خەبات و شۆڕشێک سوشیالیستی نەبوە، لەبەر ئەوەی گەشەی سەرمایەداری لەو ڕادەیەدا نەبوە کە پێویستە". بەپێچەوانەوە من پێم وایە کە لە هەموو دەروەیەکدا هەوڵ و خەبات و شۆڕشی سۆشیالیستی هەبوە، بەڵام بێگومان لە ئێستادا بنەمای شۆڕشی کۆمۆنیستی جیهانی، کە دەتوانێ بازاڕ و کالا و سنورەکان و هتد.. لەناو بەرێ، ئیمکانی زیاترە، ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ سەرەتای سەدەی ٢٠دا. ئەمڕۆ گلۆبالێزمی سەرمایەداری ئەم ئاڵوگۆڕەی دروست کردوە لەبەرئەوە ئێستا دەبینین کە زەمینەی ماتریالیستی شۆڕشی پرۆلیتاریا زیاترە وەک لە ١٩١٧ و ١٩٢٠.

ئەمە لێکدانەوەیە سەبارەت بەوەی باری مادی کۆمەڵگە کاریگەری هەیە، بەڵام لێرەدا ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە دەبێ سەیری چینی کرێکار خۆی بکەین، وەک بەشێک لەم هەلومەرجە مادیەی شۆڕشی سۆشیالیستی، نەک بەتەنها ئەو هەلومەرجە بریتی بێت لەوەی کە پەیوەندی بەرهەمهێنان چەند گەشەی کردوە، کارگە و پیشەسازی چەند گەشەی کردبێ، بازاڕی جیهانی چەند گەشەی کردبێ، ئەمانە هەمووی بەشێک لەم مەسەلەیەن، بەشێکی تری مادی ئەم پێداویستیانەی بەرپابونی شۆڕش ئەوەیە کە چینی کرێکار خۆی چەند گەشەی کردووە؟ هەر بۆیە لە ئێستادا چینی کرێکار لە باری سیاسی،

لەباری ڕیکخراوەیی، لە بواری ئەنتەرناسیونالی، لە باری ڤیژنی بۆ کۆمەڵگەی سۆشیالیستی، بۆ ئابوری، بۆ شێوازی ڕیکخستنی ئیداری، دەبێ ئەم ئاڵوگۆڕانەی بەسەردا بێت. ئەم باسانەی ئێمە بۆ ئەوەیە کە بتوانین ئەم ڤیژنەی تر بخەینە ڕوو.

خاڵی هاوبەشی بۆچونەکانم لەگەڵ بەلشەفیەکان و لینین دا ئەوەیە کە توانیان دەسەڵاتی سیاسی لە حکومەتی بورژوازی کرنسکی بسەننەوە. ئەم خاڵە هاوبەشە تا ئەو شوێنەیە کە چینی کرێکار لە کاتێکدا کە ئیمکانی هەیە دەبێ بڕوات دەسەڵات بگرێ. بەڵام چی دەکا لەگەڵ سیستمی سیاسیەکەدا، چی دەکاتە بەدیلی دەسەڵاتی سیاسی بورژوازی؟ ئا لێرەدایە کە دەبێ بڵێین کە شۆڕشی سۆشیالیستی تەنیا دەسەڵات گرتنە دەست نیە، بەڵکو ئەمە یەک بەشە لە پرۆسەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی. لێرەدا دەرکەوت کە لینین و بەلشەفیەکان چ جۆرە دەسەڵاتێکیان ویستوە و چ مۆدێلێکیان لە سۆشیالیزم پیادەکردوە. ئەو هەنگاوانەی لە ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتی سیاسی و ئابوریدا کردیان نیشانی دەدا کە بەرتەسک بوەوە لە کۆمەڵێک هەنگاوی دیموکراتی دا. هەر بۆیە سۆشیالیزمی دەوڵەتی پیادە دەکەن. دیکتاتۆریەتی حزبی و موڵکایەتی دەوڵەت کارێکی ریفۆرمیستانەی دیموکراتیە لە سیستمی سەرمایەداریدا کردویانە بۆ دامەزراندنی جۆری سۆشیالیزمێک کە دەوڵەتی حزبی پیادەی دەکا. بنەماکانی سەرمایەداری وەک دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی و سیستمی ئابوری

کەڵەکەی سەرمایە وەک خۆی دەمێنێتەوە. هەر ئەم ڤێرژنەی لینین و بەلشەفیەکان تا ئێستا لەناو چەپ و کۆمۆنیستەکاندا زاڵە، بۆیە بۆ نمونە کۆمۆنیزمی کرێکاری وابیردەکاتەوە کە شۆڕشی سۆشیالیستی بریتیە لەوەی خۆی بڕوات دەسەڵات بگرێ و دەوڵەتێکی سۆشیالیستی دامەزرێنێ و کرێکار بانگ بکات بۆ ژێر سایەی ئەم حکومەتە حزبیەی خۆی. یا خود ئەو ڤیژنەی کۆمۆنیستەکان بۆ قۆناغی ئێستا هەیانە کە چۆن دەبێ لە ئێستادا دەسەڵاتێکی دیموکراتی شورایی دروست بکەیت کە کۆمەڵێک ڕیفۆرم دەکا وەک بەرنامەی لانی کەم و دواتر دەڕۆیت بۆ سۆشیالیزم و بەرنامەی لانی زۆرت پیادە دەکەیت. ئەمانە هەمووی بریتین لەم سیستمە فکریە و لەم کۆنسێپتە بۆ شۆڕشی سۆشیالیستی.

ئێستا دەبێ ئێمە لەم کۆنسێپتە و فکرە و ڤێرژنە بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی سۆشیالسیتی تێپەڕین، چونکە ئەمە هەوڵێکە کە تەجروبە نیشانی داوە تەنیا مانەوەیە لە قاڵبی ریفۆرم لە سیستمی سەرمایەداریدا و نەی توانی لەمە تێپەڕ بکا. ئەم مۆدیلی سۆشیالیزمی دەوڵەتیە لە ئێستادا خۆی بنەما مادیەکەی نەماوە. ئێستا دەورانی شۆڕشی دیموکراتی نیە. هەربۆیە ئەو جۆرە لە سۆشیالیزمی دەوڵەتی کە لینین و بەلشەفیەکان یان سۆشیال دیموکراتەکان نوێنەرایەتیان دەکرد بنەما مادیەکەی نەماوە. هەربۆیە ئێستا پێویستمان بە ڤێرژنێکی تری بەدیلە بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی

پرۆلیتاریـا کە پشـتنی بە بنەمـا مادیەکـانی دەورانـی ئێسـتای ئەم شۆڕشە بەستبێت. هەربۆیە بونی بەرنامەی جیاواز و مۆدێلی جیاواز بـۆ سۆشـیالیزم لە وانەی بەلشـەفیەکان و سۆشـیال دیموکراتەکـان هەیـانە بـوە نیشـانەی بـونی بنەمـایەکی مـادی جیـاوازە بـۆ شۆڕشـی سۆشیالیستی لەئێستادا لەچاو سەدەی بیست و پێشتردا، کە ئەوان بۆ ئاڵوگۆڕەکانی سیستمی سەرمایەداری خستویانەتە ڕوو.

ئێمە لێرەدا نایەین دادگایی مێژووی بەلشەفیەکان و لینین بکەین کە تـا چەنـد لەبـاری مـادیەوە زەمینـە هەبـوو بـۆ دامەزرانـدنی کـۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیسـتی و ئەوان نەیانویسـتوە، بەڵکـو بـاس لەو فـاکتەرە واقعیـانە دەکەین کە پرۆسەی شۆڕشی سۆشیالیسـتی تیایـدا چـوەتە پێشـەوە و کـاری کـردوە. زەمینـەی گەشـەی شـوراکان و کـۆمیتەی کارگەکـان و بەشـداری سیاسـی کرێکـاران لە ئیـدارە و دەسـەڵاتی سیاسـیدا هەبـوە، بەڵام مۆدێلی سیاسی و ئابوری بەلشـەفیزم تەئکید لەوە دەکاتەوە کە دەبـێ بـڕۆن بـۆ سـەرمایەداری دەوڵـەتـی و دەوڵـەتـی دیکتـاتۆری تـاک حزبـی، کەواتە دەتـوانین بڵـێـین کە ئەم مـۆدێلە نەیتوانیـوە هەنگاوێـک شۆڕشـی سۆشیالیسـتی بەرەو پێشـەوە بەرێ لەدوای گـرتنە دەسـتی دەسەڵاتی سیاسی. هەربۆیە کاتێک دەڵێین هەلومەرجی مـادی کـافی و پیویست بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی پرۆلیتاریا لە ڕوسیای سـەرەتای سـەدەی بیسـتدا ئامـادە نەبـوە، مەبەسـت تەنیـا گەشـەی سـەرمایەداری و مـانەوەی شـێوازی بەرهەمهێنـانی بچـوکی جوتیـاری

نـیە، بەڵکـو بـاس لە گەشـەنەکردوویی مـۆدێلی سیاسـی و ئـابوری ڤێرژنـی سۆشـیالیزم و مـانەوەی ئەم ڤیـژنەیە لە قـاڵبی سۆشـیالیزمی دەوڵەتـی و سـەرمایەداری دەوڵەتیـدا. ئەمەش بەشـێکی هەلـومەرجی مـادی شۆڕشـە و کە تەنیـا لە گەشـەی ئـابوریەوە نـایەتەدی بەڵکـو بەرئەنجـامی گەشـەی پراتیـک و کـردەوەی شۆڕشـگێڕانەی پرۆلیتاریاشـە بـۆ گـۆڕینی سیسـتمی سـەرمایەداری و لێـرەوەیە پێویسـتی گۆڕین و بەدیلی ڤێرژنی بەلشـەفی و سۆشـیال دیموکراتی لەم سەردەمەی ئێمەدا دەکاتە پیویستیەکی مێژوویی و پراکتیکی.

ئەو ئاسـتە لە هـاتنە پێشـەوەی چینی کرێکار لە ڕوسـیادا بۆ ململانێ سیاسـی لەسـەر دەسـەڵات لەگەڵ بورژوازیدا، دروسـتکردنی شـورا و کۆمیتەی کارگەکان، شکست پیدانی سوپای سپی بورژوازی ڕوسـیا و هاوپەیمـانە ئیمپریالیسـتیەکانی، ئەمـانە بەشـی مـادی شۆڕشـی سۆشیالسـیتی بـوون و ئەمـانە دەیـانتوانێ چارەنوسـی ئاینـدەی ئەو شۆڕشە دیاری بکەن. ئەم فاکتەرە مادیە سەرەڕای ڕێگریە مادیەکانی تری هەلومەرجە مێژوویی و ئابوریەکە دەیتوانی ئاڵوگۆڕی سیاسی لە سیسـتمی سـەرمایەداریدا بکەن. بەڵام ئەم فـاکتەرە مـادیە لە قـاڵبی سۆشیالیزمی دەوڵەتیدا قەتیس دەکرێ و لێرەوە ڕێگای چونە پێشـەوە لە شۆڕش کردن بەسەر سیستمی سیاسی و ئابوری سەرمایەداریدا دەبەسـترێ و بیرۆکراتیـزم و دیکتـاتۆریەتی فەردی سـتالینی و گەشـەپیدانی سـەرمایەداری دەوڵەتـی هەمـوو ئاکـامی شکسـتی ئەم

گەشــەکردنەی پراتیکی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریـایە، وەک فـاکتەرێکی مــادی شــۆڕش. ئەم فــاکتەرە مادیــانە دیــاری دەکــا کە چارەنوســی شۆڕشــی سۆشیالیســتی چینــی کرێکــار چــی دەبــێ و دەتــوانێ چ ئاڵوگۆڕێک لە سیستمی ئابوری و سیاسی سەرمایەداریدا بکا؟

جیاوازی ئەم لێکدانەوەیە لەگەڵ باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری مەنسور حیکمەت و ئیرەجی ئازەریندا چیە؟ جیاوازەیەکە لەگەڵ ئەوان لەوێدایە کە ئەوان پێیــان وایە چینــی کرێکــار لە ڕوســیادا دەســەڵاتی سیاســی حکومەتی کرێکاری و سۆشیالیستی دامەزراندوە. ئەوان ئەو حکومەتە دیکتــاتۆریە حــزبیە بە دامەزرانــدنی سۆشــیالیزم لە ئاســتی سیاســیدا لەقەڵەم دەدەن. لێــرەدا مــن لەگەڵیــان جیــاوازم کە دەڵــێم سۆشــیالیزم بــریتیە لەوەی کە چینــی کرێکــار دەســـەڵات بگرێــت. لە ڕوســیادا بە پێچەوانەوە جیابونەوەیەک لە نێوان چینی کرێکار و حزبی بەلشـەفیدا دروست دەبێ، وە چینی کرێکار دەبێ بە بە ژێردەستەی حکومەتی بەلشــەفیەکان. ئەم دەســەڵاتە حــزبیە پەیوەنــدی چینــی کرێکــاری بە شۆڕشەوە گۆڕی. خەباتی چینایەتی ڕاستەوخۆی کرێکارانی دابڕی لە دروســـتکردنی گۆڕانکـــاری سیاســـی لە شـــێوازی بەڕیـــوەبردنی کۆمەڵگەدا. لە سۆڤیەت ئەم دابڕانەی کرێکاران لە حزب و دەوڵەت و شورادا ڕویدا. بەمەش پەیوەندی نێوان بزوتنەوەکانی چینی کرێکار و حزبە کرێکاریەکان و پەیوەندی نێوان کۆمۆنیستەکانی گۆڕی. حزب وەک ئــامرازی شۆڕشــی کــۆمەڵایەتی نەمــا، بەڵکــو حــزب بــۆ گــرتنە

دەستی دەسەڵآت و دروستکردنی دەوڵەت بوو. شورا و بەڕیوەبردنی ئازاد و هەرەوەزی و ئازادی و ڕزگاربون لە نامۆیی و بازاڕ و کرێ و دابەشکردنی کار و نەمانی دەوڵەت و سوپا ئەمانە هیچی لەئارادا نەما.

حزبی بەلشەفی تێزی شۆڕشی کۆمەڵایەتی گۆڕی بە تێزی گۆڕینی موڵکایەتی سەرمایەداران بۆ موڵکایەتی دەوڵەتی حزبی. موڵکایەتی دەوڵەتی کرد بە تێزی سەرەکی شۆڕش، نەک تێزی گۆڕینی پەیوەندی بەرهەمهێنان سەرمایەداری و جێگرتنەوەی بە پەیوەندی هەرەوەزی و هاوبەشی ئازادانەی بەرهەمهێنەران. تێزی موڵکایەتی دەوڵەتیش بوە موڵکایەتی حزبی دەسەڵاتدار. چینی دەسەڵاتداری نوێی حزبی، بیرۆکراتیزمی دروستکرد، کە کرێکارانی دەچەوساندەوە. ئامانجی شۆڕش بوو بە گۆڕینی فۆرمی چەوسانەوە لە بازاڕی سەرمایەوە بۆ دەوڵەتێکی حزبی، نەک ئازادی چینی کرێکار لە دەزگاکانی بەڕیوەبردنی سەرمایەدارانەی کۆمەڵگە، لە دەوڵەت و سوپای پیشەیی و دەسەڵاتی کەمینە. گۆڕانکاری سۆشیالیستانەی بەرهەمهێنان بوو بە گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایە، وە گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەش واتە گەشەی ئابوری سەرمایەداری. گەشەی کەرتی گشتی دەوڵەتی حزبی ، کاری گرێ گرتەیی و موچە ، دابینکردنی خوێندن و تەندروستی بەرامبەر بە کۆیلایەتی بۆ دەوڵەت.

لە بەرامبەر ئەم بۆچونەی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا کە دەڵێ: «هەموو ئەمانە هێشتا بەمانای ئەوەنایەت کە حکومەتی بەلشەفیەکان حکومەتی کرێکاری و دەسەلاتی سیاسی سۆشیالیستی نیە». وەڵامی من بۆ ئەم ئارگومێنتە ڕۆشنە. چونکە لای کۆمۆنیزمی کرێکاری هەمان بۆچونی بەلشەفیەکان زاڵە، کە نەمانی دەوری چینی کرێکار لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەردا بە نەمانی سۆشیالیزم نازانێ. جیابونەوەی حکومەتی سۆڤیەتی لە چینی کرێکاری ڕوسیە و لە پرۆسەی شۆڕشگێڕانە لە ڕوسیادا بە نەمانی سۆشیالیزم نازانێ. چونکە پێوەری کۆمۆنیزمی کرێکاری بۆ سۆشیالیزم دەور و نەخشی چینی کرێکار نیە، بەڵکو دەور و بەرنامە و پراتیکی حزبێکی دەستەبژێری کۆمۆنیستیە، کە خۆی بە نوێنەر و جێگرەوەی چینی کرێکار دادەنێ. هەربۆیە هێشتا مۆدێلی سیاسی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە مۆدێلی بەلشەفیزم بۆ دەوڵەت و سۆشیالیزم، واتە لە مۆدێلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی و دیکتاتۆری حزبی و ئابوری سەرمایەداری دەوڵەتی تێپەڕی نەکردوە و هەر بۆیە ئەم مۆدێلە بەلشەفیە بە مۆدێلی سیاسی و ئابوری سۆشیالیزم دەزانرێ. لەم مۆدێلەدا چینی کرێکار و ڕیکخراوەکانی و دەور و ڕۆڵی ئەم چینە لە کۆمەڵگە و بەڕیوەبردندا پێوەر نیە، بەڵکو پێوەر تەنیا حزب و گروپێکی کۆمۆنیستیە کە خۆیان بە جێگرەوەی چینی کرێکار داناوە و لەجیاتی ئەم چینە حوکم دەکەن و دەوڵەت و ئابوری دەچەرخێنن و هەموو بڕیارێک لە دەست ئەم کەمینەدایە.

ئەگەر لە ڕوسیادا چینی کریکار لە دەسەڵاتدا بوایە و لەڕێگەی شوراکان و حزبەکانی و هێزی چەکداری کرێکارانەوە کۆمەڵگە بەڕێوە ببرایە ئەو کات ئەم چینە هەر کێشەیەکی ئابوریشی ببوایە ڕێگایەکی بۆ چارەسەرکردنی دەدۆزیەوە. ئەم کێشەی ئابوریە تەنیا نارۆشنی ئابوری نیە، بەڵکو گۆڕینی پەیوەندیەکانی چینی کرێکارە بە شێوازی بەرهەمهێنانەوە و جێگای ئەم چینە لە بەڕیوەبردنی کۆمەڵگەدا. ئەم چینە ناتوانێ شۆڕشی ئابوری بکا بەسەر سەرمایەداریدا ئەگەر خۆی هێشتا لە سایەی پەیوەندی کۆیلایەتی کاری گرێتەدا بێت بۆ دەوڵەت و حکومەتێکی حزبی. دواکەوتویی ئابوری کۆمەڵگە لەهەر پلەیەکدا بێت ناتوانێ ببێتە پاساوی ئەوەی کە کرێکاران دەبێ دەسەڵاتی سیاسی تەسلیمی دەستە و حزبێک بکەن و خۆیان ببنە کۆیلەی گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایە تا دەگەن بە ئاستێکی گەشەی ئابوری بۆ بنیات نانی سۆشیالیزم. ئەم دوو هەنگاوە شۆڕشگێڕانە سیاسی و ئابوریە پێکەوە بەستراون. سۆشیالیزم سەرەتا بریتیە لەو چینی کرێکارەی لە باری سیاسیەوە خۆی وەک دەسەڵات ڕێک دەخا تابتوانێ سەرکەوتنی هەنگاوە ئابوریەکانی مسۆگەر بکا. ئەگەر چینی کرێکار لە دەسەڵات خرابێت ئیتر ناتوانرێ باسێک لە نەخشەی ئابوری و شۆڕشی ئابوری سۆشیالیستی بکرێت. هەربۆیە هەر هەنگاوێکی بەلشەفیەکان بۆ دورخستنەوەی کرێکاران لە دەسەڵاتی دەوڵەتی و شوراکان و

ســـەندیکا و حـــزبە کرێکاریەکـــان خـــۆی هەنگـــاوێکیش بـــوە بـــۆ سەپاندنەوەی کۆیلایەتی ئابوری کاری کرێ گرتەیی بەسەر چینی کرێکاری ڕوسیاشدا. هەربۆیە ڕۆشنکردنەوەی ئابوری و بەرنامەی ئابوری پاشکۆی خەباتی چینایەتی کرێکاران و پەیوەستە بە ئامادەیی سیاســی و ڕیکخراوەیــی ئەم چیــنەوە کە تــا چەنــد ئامــادەیە کە کــۆمەڵگەی نــوێ دروســت بکــا. مــن لەگەڵ گرامشــیدا هــاوڕام کە سۆشـیالیزم هەمـان پراتیکـی سیاسـی چینـی کرێکـارە. سۆشـیالیزم بەرنامەیەک نیە ئەگەر حزبی بەلشەفی بەرنامەکەیان ڕۆشن و باش بـوایە ئەوا دەچـوون بـۆ سۆشـیالیزم. ئەمە میتـۆدی جیـاکردنەوەی چینەکەیە لە بەرنامە و ئەفکار و سیاسەتەکان و ڤیژن بۆ سۆشیالیزم. ئەمە جیاوازی باسەکەی منە سەبارەت بە شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار.

پێویستە بڵێین لە ئێستادا ئاڵوگۆڕێک لە کۆنسێپت و فکرەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی کرێکاراندا دەبێ ڕوبدات بە وازهێنان لەو دۆکترینەی کە حزێـک دەڕوا دەسـەلاتێک دەگرێـت و کۆمـارێکی سۆشیالیسـتی بـۆ کرێکاران دروست دەکا. شۆڕشی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکە کە چینی کرێکار خۆی لە هەموو بوارێکدا ئامادەکا کە چۆن دەسەڵاتی سیاسی دەگرێ و چۆن سیستمی سیاسی و ئابوری و کەلتوری دەگۆڕێ. لە دنیـای ئەمـڕۆدا هەلـومەرجی مـادی بـۆ ئەم شۆڕشـە ئامـادەیە، بەڵام دوبارەی دەکەمەوە کە ئەم دیاردە مادیەی شۆڕش وەک مانگ گیران

نیە، کە وەک یاسایەکی سروشتی بڵێین حەتمەن شۆڕش هەر ڕودەدا و سەریش دەکەوێ، بەڵکو شۆڕش کاتێک ڕوودەدا و سەردەکەوێ کە هێزی مادی شۆڕش کردنەکە، واتە چینی کرێکار، ئامادەیە و ڤیژنی بۆ سۆشیالیزم و کۆمەڵگەیەکی جیاواز لە سەرمایەداری هەیە. کاتێک ئەم چینی کرێکارە لە ململانێی چینایەتی لەگەڵ بورژوازیدا لە هەموو بارێکدا ئامادەبێ کە کۆمەڵگە لەدەست ئەو چینە چەوسێنەرە بسەنێتەوە و کۆمەڵگە لەسەر بنەمایەکی نوێی کۆمۆنیستی ڕێک بخا.

لەم باسەدا هەوڵم دا کە بڵێم دەرسێک لە شۆڕشەکانی ڕابردووی چینی کرێکار ئەوەیە کە؛ دەبێ ڤیژن و مۆدێلی شۆڕشێکی کۆمۆنیستی نوێ مان هەبێ بۆ ڕۆشنکردنەوەی ئەوەی کە سەرجەم چینی کرێکار لە شۆڕشی کۆمەڵایەتی لە دنیای ئێستادا دەبێ چ دەورێک و چ بەرنامەیەکی جیاوازی لە ڕابردوو هەبێ و کۆمۆنیستەکان چۆن چۆن دەتوانن ئەم ئاڵوگۆڕە لە نێو چینی کرێکار و خەباتی چینایەتیدا دروست بکەن؟

# کۆتایی

لە کۆتـــایی ئەم ســـیمینارەدا دەمەوێ ئەو ئەنجـــامگیریە بـــدەم بە دەســـتەوە کە؛ ئەوەی حزبـی بەلشـــەفی و بـزوتنەوەی سۆشیالیســتی سەرەتای سەدەی بیست لە قاڵبی سۆشـیالیزمی دەوڵەتیدا دەمێنێتەوە پەیوەنـدی ئۆرگـانیکی بە ئاسـتی گەشـەی سـەرمایەداری و ئاسـتی وشـیاری و ڕێکخـراوی چینـی کرێکار و ڤیژنـی ئەوان بۆ سۆشـیالیزم

لەو خەباتە چینایەتیەدا هەیە، کە لەو کاتەدا ئەمانە وەک بەدیلێک بۆ گۆڕینی سیستمی سەرمایەداری لە نێو بزوتنەوەی کرێکاریدا زاڵە، نەک هۆکارەکەی تەنیا مەسەلەی لادانی ئایدیۆلۆژی و نەبونی بەرنامەی ئابوری و بیرۆکراتیزم بێت.

بەم پێیە دەبێت لێکدانەوەی ماتریالیستی بۆ مێژووی شۆڕشی ڕوسیای ١٩١٧ وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە بۆچی حزبی بەلشەفی کرێکاران لە هەمان سیستمی سەرمایەداری و دامودەزگای دەوڵەتی بورژوازیدا دەمێنێتەوە و گەشەی پێ دەدا؟
لێرەدا ئێمە دەبێ میتۆدێکی گشتگیرمان هەبێ بۆ ئەم لێکدانەوەیە، کە زەمینە مادی و ئابوریەکانی گۆڕانکاری لە ڕوسیای ئیمپراتۆریەوە بەرەو سەرمایەداری، لەگەڵ فاکتەری سیاسی و وشیاری و ئاگایی لە نێو خەباتی چینایەتی دا، وەک یەکێتیەکی ئۆبژەکتیڤ و زاتی، کە هەردوکیان پێکەوە بابەتی شۆڕشیان دروستکردوە پێ هەڵسەنگێنین.
سۆشیالیزمی دەوڵەتی لە ڕوسیادا لەلایەن بەلشەفیزمەوە وەڵامی خۆی بەو گۆڕانکاری و ئاستەی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا بەوە دایەوە کە لەلایەک سەرمایەداری و هێزە بەرهەمهێنەرەکانی سەرمایە گەشە پێ دەدا و لە هەمان کاتیشدا موڵکایەتی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و بەڕیوەبردن و دەوڵەتیش دەکاتە موڵکایەتی حزب و دەوڵەتی حزبی. سۆشیال دیموکراتییش هەر لەو کاتەدا هەمان وەڵامی سۆشیالیزمی دەوڵەتی هەبوو، بەڵام جیاوازیەکەی لەوەدا بوو کە

شـێوازی حکـومەت بە شـێوەی پەرلەمـانی دەهێڵێـتەوە، بەڵام هەمـان مولّکـایەتی دەولّەت بـۆ کەرتە خزمەتگـوزاری و گشـتیەکان پەیـڕەو دەکا.

ئەم مـۆدێلە لە سۆشـیالیزم لەگەڵ گەشـەی سـەرمایەداری سـەدەی بیسـتدا و لەگەڵ خواسـتی ڕیفـۆرمی فـۆرمی مولّکـایەتی دەولّەتـی سـەرمایەداریدا دەگونجـا. لەلایەک گەشـەی هێـزە بەرهەمهێنەکـانی سـەرمایەی بە ئامـانجی خـۆی دانـابوو و لەلایەکـی تریشـەوە لەو دەورەیەدا مولّکـایەتی دەولّەت و پـلان دانـان و کـۆنترۆڵی دەولّەت گەشەی بە کەڵەکەی سەرمایە و چڕبونەوە و دەورانی سەرمایە دەدا و هاوکـاتیش کۆمەڵێـک ڕیفـۆرمی لە دۆخـی ئـابوری و بژێـوی کرێکاراندا دروست دەکرد.

لەگەڵ ئەو فاکتەرانەی سـەرەوەدا دوای شکسـتی کۆمۆنەی پاریس و توانـایی بـورژوازی بـۆ سـەرکوتی بـزوتنەوە ڕادیکـال و شۆڕشـگێڕە کرێکاریەکان و فراوانی بونی ژمـارە چینی کرێکـار و وەرشـکتە بونی توێژە وردەبورژوازیەکان و هاتنیـان بۆ ڕیزی کرێکـاران، زەمینەیەک دروسـت بـوو کە ریفۆرمیزم بـوە بەدیلێکی کرێکـاری لە مەیدانەکانی خەباتی چینایەتیدا. ئەمانە زەمینەی سەرهەڵدانی مۆدێلی سۆشیالیزمی دەولّەتـی سـەدەی بیسـت بـوون، کە لەهەر دوو نمـونەی سۆشـیال دیمـوکراتی و بەلشـەفیدا خۆیـان خسـتەڕوو. ئەم بزوتنەوە سیاسـیانە

کاریگەری خۆیان لەسەر خەباتی چینایەتی دانا، جگە لە فاکتەرە مادی و ئابوریەکان.

هەربۆیە ئێمە کاتێک باس لە کۆنسێپتی شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەکەین کە بزانین چ ئاڵوگۆڕێکی بەسەرداهاتوە لە سەدەی ١٩ و ٢٠دا ، پێویستە هەر دوو فاکتەرە ئابوری و سیاسیەکە، یان ژێرخانی و سەرخانیەکە پێکەوە و لە یەکێتیەکدا ببینین، نەک بە تەنیا لایەنێکی ئەم پرۆسەیە.

ئەمڕۆ ئێمە لە دەورانێکداین کە خودی بورژوازی و نیولیبرالیزمەکەی هەنگاوی گەورەی ناوە لە نیو سەدەی ڕابردوودا، بەوەی خۆی لە دەست مولکایەتی دەوڵەت و ڕیفۆرمەکانی پێشووی سەرمایەداری ڕزگار کردوە. بە پێچەوانەوەی سەرەتای سەدەی بیستەوە کەڵەکەی خێرا و چڕبونەوە و سوڕانی سەرمایە لەئێستادا پێویستی خۆی لە لابردنی ئەو فۆرمانەی پێشوی مولکایەتی دەوڵەت و کەرتی گشتی خزمەتگوزاریەکان و ڕاگرتنی ئاستی گوزەران و کرێ دا دەبینێتەوە. هەربۆیە زەمینەی ڕیفۆرمیزمیش لە نێو خەباتی چیانەیتی کرێکاراندا لاواز بوە و نمونە و مۆدێلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی و حزب و ڕیکخراوە و گروپەکانی ئەم جۆرە لە کۆمۆنیزمیش توشی بنبەست و قەیران و پەراوێزکەوتن بوە.

ئەمانەش جارێکی تر بانگەوازی چینی ئێمە دەکا بۆ پێویستی گۆڕانکاری لە کۆنسێپت و فکرە و دۆکترینی شۆڕشی کۆمەڵایەتیدا.

هەر چۆن ڕەنگدانەوەی هەلومەرجە بابەتیە ئابوری و سیاسیەکانی سەرەتای سەدەی بیست دەوری سەرەکی گێڕا لە لەقالبدانی کۆنسێپتی شۆڕشی پرۆلیتاریا لە چوارچێوەی سۆشیالیزمی دەوڵەتی و ریفۆرم و موڵکایەتی دەوڵەتیدا. ئەم تەجروبە مێژوویە و شکستی بنیات نانی سۆشیالیزم و فاکتەرە ئابوری و سیاسیەکانی ئێستا، هەموویان دەوریان هەیە لە گۆڕینی کۆنسێپتی شۆڕش و فۆرمی خەبات و شکڵی حزب و بەرنامە و ئاستی پراتیکی خەباتی چینایەتی ئێستای کرێکاراندا. هەموو ڕۆشنبونەوەیەکی تیۆری و بەرنامەیی لە نێو ئەم پرۆسە پراتیکی و ئاڵوگۆڕە ئابوری و سیاسیانە و ئاستی گەشەی هێزی بەرهەمهێنەری پرۆلیتاریا و ئاستی گەشەی ئاگایی و ڕیکخراوەیی ئەم چینەوە، وەک گشتێک و پرۆسەیەکی لێک هەڵپێکراو پەیدا دەبێ، نەک لە دەرەوەی ئەم پرۆسە پراتیکیەی خەباتی چینایەتی و تەنیا لە زەین و فکر و لێکۆڵینەوە و بلیمەتی چەند کەس و سەرکردەیەکدا دروست ببێ.

هەربۆیە بۆ تێگەیشتن لە دەوری سیاسی حزب و سەرکردەکانی دەبێ جارێکی تر ئەم فاکتەرەی سەرخان وەک بەشێکی مادی پرۆسەی خەباتی چینایەتی سەیر بکەین. دەبێ بزانین کە کاریگەری فاکتەری سەرخان و ئایدیۆلۆژیا و بزوتنەوە سیاسیەکان چیە لەسەر شکڵ پێدانی کۆنسێپت و فکرە و ڤیژنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی لەهەر دەورەیەکی مێژووییدا؟ لە هەمان کاتیشدا ئەمانە هەرچەند خۆیان،

جـگە لەوەی  ڕەنگـدانەوەی واقیعـی ئـابوری و سیاسـین، بەڵام وەک فاکتەری ئاکتیڤ و ئاڵوگۆڕبەخشی پرۆسەی شۆڕشگێڕانە دەوریش دەگێڕن.

لە لێکۆڵینەوەکەمـــدا لە کتێبـــی "کۆمـــۆنیزمی نـــوێ" *4 دا، مـــن بە دورودرێـــژی باســـی ئەو گۆڕانکـــاریەم کـــردوە کە لە بـــزوتنەوەی کرێکـــاری وکۆمۆنیســـتی ســـەدەی ١٩ و ٢٠دا بەســـەر چەمـــک و کۆنسـێپتی "حـزب" دا هـاتوە. یەکێـک لەو مەسـەلانەی باسـم کـردوە گۆڕانی بەرنامەی ئەنترناسیونالی یەکەم و بنەماکانێتی بەرەو بەرنـامە و بنەمای ریفۆرمیستی و شێوە و ناوەرۆکی حزبیش لەگەڵیدا گۆڕاوە. ئەم دوالیـزمەی شـۆڕش و ریفـۆرمم باسـکردوە و لە کۆتاییـدا نیشـانم داوە کە چـۆن لە هەر دوو بـاڵی سۆشـیال دیمـوکراتی و بەلشـەفیدا قاڵبی فکری و سیاسـی ریفۆرمیسـتی لە خەبـاتی چینـایەتی و سیاسـی کرێکاراندا زاڵ بوە و حـزبە کۆمۆنیسـتی و سۆشیالیسـتیەکان بـونەتە دەزگـای بەڕێـوەبردنی دەوڵەتـی کەمـایەتی، وەک لای بەلشـەفیەکان، یـاخود ئـامراز وبەشـداری پەرلەمـانی بـورژوازی وەک لای سۆشـیال دیموکراتەکانی ئەڵمانیا و ئەوانی تر.

لەکـاتی شۆڕشـەکانی سـەرەتای سـەدەی بیسـت و کۆتـایی شـەڕی جیهانی یەکەمدا، هەم سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا بەرامبەر بە هەوڵە شۆڕشـــگێڕانەکانی کرێکـــارانی ئەڵمانیـــا لە دەرەوەی پەرلەمـــان و دەوڵەتـی بـورژوازی وەسـتانەوە و چـونە پـاڵ دەنـگ دان بە بەشـداری

دەوڵەتـــی بـــورژوازی ئەڵمانیـــا لە شـــەڕی جیهانیـــدا و لە دژی سپارتاکیستەکان و باڵە ڕادیکاڵەکانی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ئەڵمانیا بـوون. هەروەهـا بەلشـەفیەکانیش دوای گرتنـی دەسـەڵاتی سیاسـی کەوتـنە لە قاڵبـدانی شـورا و سـەندیکا و نەهێشـتنی دەسـەڵاتی کۆمیتەکانی کارگە و ڕێگرتن لە گروپە کرێکاریەکانی تری ناو حزبی بەلشـەفی و دەرەوەی حزبـدا ، وە مـۆدێلی دەوڵەتـی تـاک حزبـی و دیکتـاتۆریەتی تـاک حزبیـان سـەپاند و ئەم قـاڵبە بیرۆکراتـی و ریفۆرمیسـتیانەیان لە دەوڵەت و سیسـتمی سیاسـی کـردە ڕێگـری بەردەم درێژەپێدانی شۆڕشـی بەردەوامـی کرێکـاران دژ بە سیسـتمی سەرمایەداری و دامودەزگاکانی.

لێرەوە کۆنسێپتی شۆڕشـی بەردەوامـی کرێکـاری لە مەیدانی سیاسـی و ئـابوری و کـۆمەڵایەتی و کەلتوریـدا سـڕدرایەوە و لە جێگـای بەرنـامەی شۆڕشـی سۆشیالیسـتی، تەنیـا بەرنـامەی ریفـۆرمی سەرمایەداری بوە تاکە ڤیرژن و بەرنامەی عەمەلی کۆمۆنیستەکان و بزوتنەوەی کرێکاری.

هەردوو بـاڵی ئەم بـزوتنەوە کرێکـاری و کۆمۆنیسـتیە لە بـاری ئابوریشدا کەوتنە ریفۆرمی سیستمی موڵکایەتی و موڵکایەتی دەوڵەت و شـارەوانیەکانیان خسـتە جێگـای گـۆڕینی سیسـتمی بەرهەمهێنـانی سەرمایەداری. لە هەردوولا، بازاڕ و کەڵەکەی سەرمایە و کاری کرێ

گرتە و پارە و بانک و سەرمایە تەنیا ڕیفۆرمیان تێداکرا، نەک گۆڕان و نەمانی ئەم شێوازە ئابوریانەی بەرهەمهێنانی سەرمایە.
ئەم ڕەوت و بەرنامە ریفۆرمیستیانە ئیتر پێویستیان بە هێزی سەرجەم چینەکە نیە. حزبە سیاسیەکانیان دەبنە قاڵب و بەش و سێکتێک کە هێزی سیاسی خۆیان دەخەنە جێگای هێزی سەرجەم چینەکە و وەکو نوێنەر و جێگرەوەی کرێکاران. بەرنامە و پراتیکی خۆیان دەکەنە مەحەک و پێوەری سۆشیالیزم و کۆمۆنیستی بوون. بەم پێیەش ئەم گروپ و حزب و سێکتانە خۆیان لەسەر بنەمای بەرنامە ریفۆرمیستیەکانیان خۆیان لە بەشە شۆڕشگێڕەکانی تری چینەکە جیادەکەنەوە. ئێمە هەم لەلای سۆشیال دیموکراتەکان کاتێک لە سەر کورسی پەرلەمانەکانی بورژوازی دادەنیشن و هەموو کۆتایی پراتیکی شۆڕشگێڕانە بە چارەنوسی کورسیەکانیان دەبەستنەوە. هەم لەلای بەلشەفیەکانیش، کە کورسی دەسەڵات تەنیا بە حزبی خۆیان ڕەوا دەبینن ئەو دابڕانەی ئەم حزبە لە بەشە "ناحزبیەکانی" چینەکە دەبینین، وە دەوڵەتی "کرێکاری" بەلشەفی دەبێتە خاوەن کاری تازەی کەمایەتیەک بۆ چەوسانەوەی هێزی کاری جەماوەری کرێکاران.
ئەمە دابڕانی سۆشیالیزمی دەوڵەتی بوو لە چینی کرێکار و خەباتی چینایەتی ئەم چینە بۆ گۆڕینی سەرتاپای سیستمی سەرمایەداری و دابڕان بوو لە شۆڕشی بەردەوامی چینی کرێکار تا جێگرتنەوەی ئەم سیستمە سەرمایەداریە بە سیستمێکی ناچینایەتی، وە کۆتایی پێهینانی

دەسەڵاتی هەموو دامودەزگا چینایەتیەکانی دەوڵەت و حزب و کرێ و بازاڕ و پارە و کەڵەکەی سەرمایە.
لە کۆتایی سەدەی بیستدا کاتێک ئەم ڤێرژنی شۆڕشی سۆشیالیستی دەوڵەتیە و مۆدێلە سیاسی و ئابوریەکانی و بلۆک و دەوڵەتەکانی شکست دێنن و دەڕوخێن، ئیتر ئەو گروپە کۆمۆنیستیانەی ئەم قاڵب و بەرنامە و پراتیکانەی سۆشیالیزمی دەوڵەتی درێژە پێ دەدەن دەبنە گروپی حاشیەیی یاخود دەگۆڕین بۆ حزبی ریفۆرمیستی نوێ. ئەم گروپ و حزبانە هەموو خاوەنی بەرنامەیەکی لانی کەمن کە لە ڕاستیدا هەمان ستراتیژ و ڤیژنی سۆشیالیزمی دەوڵەتیە بۆ مۆدێلی سیاسی و ئابوری دەوڵەت و دەسەڵات کە لە واقیعدا زەمینەی مادی نەماوە و دەمێکە دەوڵەت ئیتر ئەو ئامڕازە کارایە نیە، وەک سەرەتای سەدەی بیست دەور لە گەشە و کەڵەکەی خێرای سەرمایەدا ببینێ تاکو سۆشیالیزمی دەوڵەتی لە ڕێگەیەوە بتوانێ پیادە بکرێ و نفوز و هێز پەیدا بکات. هەر بۆیە سەرەڕای ئەوەی هەموو گروپە کۆمۆنیستی و حزبە سۆشیالسیتەکان بۆ هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسی و لە نێو ناڕەزایتیە جەماوەریەکانی کرێکارانی ئێستادا ئەم بەرنامە لانی کەمە ریفۆرمیستیە بەرز دەکەنەوە، بەڵام ناتوانێ ببێتە وەڵام و بەدیلی ئەو ناڕەزایەتی و گۆڕانکاریانەی کە چینی کرێکار لە خەباتی چینایەتی و مەیدانی ناڕەزایەتیەکابدا بەدواوەویەتی و هەوڵی بۆ دەدا. ئەم بەرنامە لانی کەمانە و مافە سەرەتاییەکان و حکومەتی

نـوێنەرایەتی شـورایی و کۆمەڵێـک ریفـۆرمی تـری سیکۆلاریسـتی و ئازادیە سیاسیەکان دەتوانن بەرنـامەیەکی عەمەلی خەباتی چیانەیەتی بـن، بەڵام بە دابڕانـی ئەم داخوازیـانە لە تەواوی هەوڵـی خەبـاتی چینـایەتی و سۆشیالیسـتی چینـی کرێکـار بـۆ گـۆڕینی سـەرجەم سیسـتمەکە و ڤیژنـی شۆڕشـی سۆشیالیسـتی ئیتـر ئەم بەرنـامە و داواکاریانە دەبنە بەرنامە و ڤیژنی ئەو گروپانەی دەیانەوێ لە ڕێگەی ئەم ریفۆرمانەوە بگەنە دەسەڵات و دەوڵەتی حزبی و بەشی خۆیان لە دەسـەڵات و پەرلەمـان بەدەسـت بێـنن. ئەمە ئەو دابـڕانەیە لە کۆنسـێپتی شۆڕشـی سۆشیالیسـتی کە توشـی گـروپە ڕۆشـنبیرەکانی چینـی کرێکـار هـاتوە، وە جـگە لە وتـنەوەی نـاوی شۆڕشـی سۆشیالسـیتی، هـیچ ناوەرۆکێـک لە پراتیـک و بەرنـامەی شۆڕشـی سۆشیالیسـتیی ،کە ئەم سیسـتمە دەگـۆڕێ نەک ڕیفـۆرمی دەکـا، نەمـاوەتەوە. لای ئەم گروپـانە، وەک هێـزی شـۆڕش، جێگـای چینـی کرێکـار دەگرنە ، بەهەمـان شێوەش بەرنـامەی خۆیـان بـۆ ریفـۆرم لە هەمـان سیسـتمی سـەرمایەداریدا جێگـای بەرنـامەی چینـی کرێکـار بـۆ دامەزرانـدنی سیسـتمێکی سۆشـیالیزمی جیـاواز لە سـەرمایەداری دەوڵەتی و دەوڵەت و دیکتاتۆری حزبی دەگرێتەوە. گۆڕانی بەرنـامەی سۆشیالیستی بۆ بەرنامەی ریفۆرمیستی خۆی بەرهەمی جیابونەوەی ئەم گـروپە ڕۆشـنبیرانە بـوە لە خەبـاتی چینـایەتی کرێکـاران، هەربـۆیە گەڕانەوە بۆ بەرنامەی سۆشیالیستی و "مارکسیزم" خۆی بە تەنیا بە

هەنگاوێکی تیۆری و بانگەوازێکی ئایدیۆلۆژی ناتوانێ بەدی بێت، بەڵکو دەبێت ئەم "گەڕانەوە" و ئۆرتۆدۆکسیە تیۆریە بەشێک بێت لە بەشداربونەوەی کۆمۆنیستەکان لە جەرگەی خەباتی چینایەتی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی کرێکاراندا. کۆنسێپتی شۆڕشی کۆمەڵایەتی پرۆلیتاریا لە سەدەی ٢١ دا لە دڵی بەشداری ئەو نارەزایەتیە جیهانیەی چینی کرێکاردا کە ئێستا لە ئارادایە جارێکی تر بەشێوەیەکی ڕۆشن و ڕادیکاڵ دەردەبڕدرێ و زاڵ دەکرێتەوە لە ئاستی جیهانی و ئەنتەرناسیونالی بزوتنەوەی کرێکاریدا.

لە دنیای ئەمڕۆدا کاتێک هێزە بەرهەمهێنەرەکانی سەرمایە گەشەی تەواویان کردوە، سەرمایەداری بوەتە سیستمێکی گلۆباڵ و چینی کرێکار وەک زۆرینەی کۆمەڵگە لە جێگاو ڕێگای سەرەکی بەرهەمهێناندایە. مەسەلەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و ئاسۆ و ڤیژن بۆ کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی ئیتر لە چوارچێوەی سۆشیالیزمی دەوڵەتی و حکومەتی حزبی و ریفۆرمی مافە "سەرەتاییەکاندا" جێگای نابێتەوە. ناکۆکی نێوان ئەم ڕیزە ملیاردیەی چینی کرێکار لەگەڵ هەموو فۆرمەکانی موڵکایەتی، دەوڵەتی و گشتی یان تایبەتی و مۆنۆپۆلی دا بێت، گەیشتۆتە ئاستێک کە وەڵامێکی ڕادیکاڵی بەسەرجەم بنەماکانی سیستمی سەرمایەداری، چ ئابوری و چ سیاسی و فەرهەنگی، دەوێ. ئەم شۆڕشە کۆمەڵایەتیە وەک شۆڕشی چینی کرێکار، نەک شۆڕشی نوخبە و دەستەبژێر و حزبی کۆمۆنیست و

گروپی سۆشیالسیت، دەبێ خۆی نمایش بکا. پێویستە لە ئاستی تیۆری و پراتیک و ڕێکخراوەییدا جیاوازی خۆی لە هەموو گروپە ڕۆشنبیرە سێکتاریستەکانی سەر بە سۆشیالیزمی دەوڵەتی و گروپە ئانارشیەکان و سەندیکالیستیەکان تا ئێستا دەربخا و چوارچێوە و بزوتنەوەیەکی نوێ بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم هێز و بزوتنەوە جیاوازەکانی چینی کرێکار ڕێک بخا. ئەم شۆڕشە سۆشیالیستیە هەر چەند لە پرۆسەیەکدا دەچێتە پێش کە چەندین سەرکەوتن و شکست لەخۆ دەگرێ، چەندین تاکتیکی هێرش و پاشکەشەی دەبێ، بەڵام ئیتر شۆڕشی دیموکراتی و قۆناغی بەرنامەی لانی کەمی حکومەتی شورایی و دەورەی جێبەجێکردنی "مافە سەرەتاییەکان" و مۆدێرنیزم و سێکۆلاریزم وەک قۆناغی پێش گەیشتن بە سۆشیالزیم نیە. بەڵکو باسی ڕاستەوخۆی شۆڕشێکی سۆشیالسیتیە کە هەموو ئەو مەسەلانە دەتوانن لە چوارچێوەی ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریدا بگرنەبەر و ستراتیژی شۆڕشی سۆشیالیستی ئەمانە هەموو وەکو بەشێک لە پراتیکی ئەو پرۆسەیە ئەژمار دەکا و جیابونەوە و قۆناغ بەندی و لیستی ئەولەویەت و ئامانجی کۆتاییەک ئەمانە لە یەکتر دانابڕێ.

ئەوەی وا دەکا ئەم مەسەلانەی خەباتی چینایەتی بکاتە بەشێکی گشتگیر و تۆتالیتی و یەکێتیەک لە نێوانیاندا دروست دەکا خودی بەشداری هەموو چینی کرێکار و ڕێکخراوە و بزوتنەوەکانێتی لە

یەکێتیەکی چینایەتی و پراتیکیدا. ئەم پراتیکە یەکگرتوو و هاوبەشەیە کە چارەنوسی سۆشیالیزم چ وەک ئامانج و چ وەک بزوتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیاری دەکا و شۆڕشی کۆمەڵایەتی پرۆلیتاریا لە ئێستادا دەکاتە ئەمری واقیع و دەیکاتەوە بە بانگەوازێک و هێزێکی گلۆباڵ کە ئایندەی مرۆڤایەتی دەخاتەوە ژێر کاریگەری ئایدیا و هەنگاوەکان و دەسەڵاتی خۆیەوە.

سەرچاوەکان:

1*

https://www.marxists.org/kurdi/marx/babetekan/marx_1848_manifesti_komonist.pdf

لاپەڕەی ٢٠ پێشەکی چاپی ئینگلیزی ساڵی ١٨٨٨

لێرەدا ئەنگلس باسی کۆن بونی بەشێک لە بەرنامەی مانیفێستی کۆمۆنیست دەکات، کە بە شێوەی چەند هەنگاوێکی "ڕیفۆرمی دەستبەجێ یان لانی کەمە"، ئەمەش بەهۆی گەشەی چینی کرێکار و تەجروبەی شۆڕشی کرێکارانی کۆمۆنەی پاریسەوە و دەڵێ "لەکۆتایی بەشی دووەمدا باسکراون، ئێمە ئەگەر بێین و ئەمڕۆ سەر لە نوی ئەم بەشە بنووسینەوە، ئەوا لە زۆر رووەوە لە نووسینەکەی پێشو جیاواز دەبێ، ئەم بەرنامەیە ئەمڕۆ لەزۆر نوختەیدا کۆن بووە، ئەمەش بەهۆی ئەو پێشکەوتنەوەیە کە لەم بیست و پینج ساڵەی

دواییدا لە پیشەسازی گەورەدا روویداوە. لەپاڵ ئەمەشدا چینی کارگەران لەرووی ڕێکوپێکی حیزبییەوە پێشکەوتووە و بە دەرەجەی یەکەم بەهۆی ئەو تاقیکردنەوانەوە کە لە شۆڕشەکەی شوبات وە دەستکەوتون ئنجا بەتایبەتی تاقیکردنەوەکانی کۆمونەی پاریس کە بۆ یەکەمجار ماوەی دوو مانگ دەسەڵاتی سیاسی گەیاندە ناودەستی پرۆلیتاریاوە". خاڵەکانی ئەم بەرنامە و هەنگاوانە لە لاپەڕەکانی ٦٥ و ٦٦ دا دانراون.

⁕2

https://marxists.com/archive/marx/works/1891/06/29.htm

ئەنگلس لە ڕەخنە لەبەرنامەی ئێرفۆرتدا ئاماژەی بە مەترسی ئەم "ئۆپۆرتۆنیزم"ە کرد، کە لە قاڵبی پەرلەمانتاریزمێکی بێ دەسەڵاتدا دەیەوێ ئامانجی سیاسی بزوتنەوەکە بەرتەسک بکاتەوە.81 ئەنگلس ، ڕەخنە لە بەرنامەی ئێرفۆرت، بە زمانی ئینگلیزی

⁕3

https://scppb.files.wordpress.com/2017/10/the-permanent-revolution-leon-trotsky.pdf

ترۆتسکی - شۆڕشی بەردەوام چیە؟

"8. دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا کە دەسەڵاتی گرتە دەست وەک ڕێبەری شۆڕشــی دیمـوکراتی بە ناچـاری و بە خێرایـی ئەو ئەرکـانەی بەرەو ڕوو دەبێتەوە کە ناچاری دەکات جێبەجێی بکات کە پێشێلکاری قووڵە لەسەر یاسای موڵکایەتی بۆرژوازی. شۆڕشـی دیموکراتی لە مـاوەی گەشەکردنی دا دەستبەجێ دەگۆڕێت بۆ شۆڕشـێکی سۆسیالیستی و بەم شێوەیە دەبێتە شۆڕشێکی هەمیشەیی."

*4

https://www.hkkurdistan.org/?page_id=448

"بەرنامەی دنیایەکی باشتر

بەشی دووەم

-گومانی تێدا نییە کە ئەمڕۆ هەر باشبوونێکی جدی لە ژیانی ماددی و مەعنەوی خەڵکی کوردستان و بەدەستهێنانی ماف و ئازادیە فەردی و مەدەنیـەکان، لـەگرەوی ئەوەدایە ئەم کـۆمەڵگەیە لە ڕکێفـی دەســەڵاتی بۆرژوا میلیشیایی ناسیونالیستی کورد و ئـەو گێژاوە دەربهێنرێت کـە بەهۆی گرێدانەوەی بە دەوڵەتی قەومی-ئیسلامی عێراقـەوە دووچـاری بووە و دەوڵەتێکی سکولاری غـەیرە ئـەتنیکی پشتبەستوو بـە ئیرادەی خـەڵک دابمەزرێت. ئەمە ئەرکی دەم و دەسـتی شۆڕشـی کرێکـاریە لە کوردستاندا.

پرەنسیپ و چوارچێوە گشتیەکان:

1. دامەزرانــدنی سیســتمێکی سیاســی بنیــاتنراو لەســەر بەشــداری ڕاستەوخۆ و بەردەوامی خەڵک لە کاروباری حوکمڕانیدا.
2. دەستەبەرکردنی ماف و ئازادیە سیاسی و مەدەنیەکان بەشێوەیەکی فــراوان و بێقەیدوشــەرت و زامنکــراوو یەکســان بــۆ هــەموان. هەڵوەشــاندنەوەی هــەرجۆرە جیاکاریــەک لەســەر بناغــەی جــنس، ڕەگـەزنامە، ئینتمـای ئـەتنیکی و نەتـەوەیی و نـەژادی و دینـی، تەمـەن و...تاد.
3. پیادەکردنی ستانداردە ئابووری و باشبژێویە گشتیەکان، وە هـەروەها یاسـای کـارێکی پێشـڕەو کـە بـەرزترین ئاسـتی ژیـان و باشـبژێوی و ئاسوودەیی ئابووری خەڵک بەسەر نیزامی سەرمایەداریدا بسەپێنێ."

## سەرمایەداری: قەیران و بەربەریسم

**ئەکرەم سعید**

**ئەرکی سەرەکی سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکان، گەڕاندنەوەی متمانەیە بە سۆسیالیسم لەهۆشی ملیۆنەها ئینساندا " - ئێرنست مەندەل.**

* لە سالانی حەفتاکاندا، ئەوانەی بەخۆیان دەگووت کۆمۆنیست، ڕوانگەیێکی گەشبینانەیان هەبوو بۆ کامڵبوون و یەکگرتوویی چینی کرێکاران بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی لە جیهاندا، بەڵام بە داڕمانی یەکیەتی سۆڤیەت و زاڵبوونی لیبڕالیزمی نوێ، درزی گەورە کەوتە نێوان ڕیزەکانی چینی کرێکارانەوە، وە زۆرێک لەو بەناو کۆمۆنیستانە زیاتر لە مارکس و پرسەکانی چینی کرێکاران دوورکەوتنەوە. لەو سالانەوە ئیدی تیۆری مارکس ڕەونەقی نەدەما و مۆمی لە کزبوون بوو، هەتا قەیرانی سالانی ٢٠٠٨جارێکی دی تیۆری قەیرانی مارکس و کتێبی کەپیتاڵ ڕەواجی پەیداکردەوە. ئەما دووکەیسی گرنگی تیۆری مارکس (قەیران و بەربەریسم)، هێشتا پێویستی بە دراسەیێکی ئەکادیمیک هەیە.

ئەم ووتارە ئیدعای ئەوە ناکات کە کارێکی وا دەکات، بەڵکو تەنها بەگشتی ئەو دوومەلەفە دەخاتە بەردەست، و هەندێ هێڵکاری جەدەلی تیۆری ڕوندەکاتە.

ئەم ووتارە لە دووبەش پێکهاتووە:

*** قەیرانی سیستەمی سەرمایەداری.**

*** دڕندەیی سیستەمی سەرمایەداری.**

لە کاتی ئامادەکردنی ووتارەکەدا، کە مسووەدەیێکە لە ساڵی ٢٠١٦ نووسراوە، جەنگ لەسەر غەززە دەستی پێکرد، بۆیە لە بەشی (بەربەریسمی سەرمایەداری)دا، ئەو جەنگە دەکەمە بەڵگەیێکی نوێی باسەکەم.

## قەیرانی سەرمایەداری

( خوێنەر دەبێ ئەوەی لە یادبێ کە بەرهەمهێنانی زیدەبایی، یان بەدەستهێنانی زیادەکار، ئامانجی کۆتایی و تایبەتی، هەروەها کۆ و جەوهەری، بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییە، بێگوێدانە هەر گۆڕانکارییەک کە لەوانەیە ڕووبدات لە شێوازی بەرهەمهێناندا، لە پاشکۆیی کار بۆ سەرمایە.) - کارل مارکس/ سەرمایە - بەرگی یەکەم بەشی دە: ڕۆژی کارکردن.

* کاتێ باسی تیوری مارکس بۆ قەیرانی سەرمایەداری دەکرێ، هەموو شارەزایانی فکری مارکس "یاسای مەیلی دابەزینی تێکرای ڕێژەی قازانج"یان وەبیردەکەوێتەوە، کە مارکس لە کتێبی "سەرمایە"دا نووسیوویەتی. بەڵام لەڕاستیدا مارکس تیوری قەیرانی سەرمایەداری لە (گرۆندێسە)دا بە جۆرێکی دی داڕشتووە.

نووسینەکە لە شرۆڤەی قەیرانی ئابووری لە بنەڕەترین ئاستیدا دەستپێدەکات، و هەوڵدەدات قەیرانی سەرمایەداری بخاتە بەرچاو کە ئێستاکە ئێمە تێیدا دەژین.

* لەڕاستیدا ئەوە هیچ هێزێکی دەرەکی نییە کە سەرمایەداری تووشی قەیران و ئەگەری داڕمان دەکات، بەڵکە ئەوە یاسا بابەتییەکانی ناو هەناوی خۆیەتی کە ناکۆکەو بەرەو جەنگ و فەوتانی دەبات.

مارکس لە سەرمایەدا دەنووسێ:[ هەر ئەوەندەی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لەسەر پێکانی خۆی ڕاوەستا، دەستگرتن بەسەر بەرهەم و سامان شێوەی نوێ وەردەگرێ. واتە ئەوە تەنها

بەری کاری کرێکاران نییە کە دەبێ دەستی بەسەردا بگیرێ ، بەڵکە سامانی سەرمایەدارەکانی دیش کە کرێکارانیان چەوسانوەتەوە، ئەمە لە ڕێگای کاری یاسا جەوهەرییەکانی بەرهەهێنانی سەرمایەداری خۆیەوە "چڕبوونی سەرمایە"وە دێتە دی. ].

* مارکس لە کتێبی (سەرمایە)دا باسی چارەنووسی سەرمایەداری دەکات، لە ژێر ناوی "یاسای گشتی کەڵەکەبوونی سەرمایەداری"، کە بە تایبەت دراسەی سێ ناکۆکی کەڵەکەبوونی سەرمایەداری دەکات.

* لەهەر خولێکدا سەرمایە ڕەونەقی بووبێ و گەشەی کردبێ، بەدوای خۆیدا خولێکی هەرەس و داڕمانی هێناوە؛ وەک بڵێی گەشەی ئابووری و قەبەبوونی سەرمایە یەکسانە بە کارەسات و ناسەقامگیری و فەوتان.

مارکس بەم جۆرە وەسفی کەڵەکەی سەرمایە دەکات:

( سەرمایە وەک دێوێکی ئەفسانەیی وایە لە گۆڕستانێکدا لەسەر مژینی خوێنی مردووەکان دەژی؛ ئەم دێوە تاخوێنی زیاتر بمژێ زیاتر زەبەلاح دەبێ و بەو هۆیەوە پێکانی خۆشی زیاتر ڕۆدەچێتە نێو گۆڕەکەوە ) - مارکس / سەرمایە.

* جەوهەری شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە ڕوانگەی مارکسەوە ناکۆکی لەخۆدەگرن، کە یەکلاکردنەوەیان بەند نییە بە تێگەیشتن و بە ئیرادەی تاکەکانەوە، هەر بۆیەش ئەم ناکۆکییانە مەیلیان هەیە سیستەمەکە تووشی بێتوانایی لە بەردەوامبوون لە

کارکردن و قەیران بکەن، و بەم شێوەیە بە ناچاری دەرفەتی گونجاو بۆ دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵاتی پرۆلیتاریا و بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی دروست دەکەن.

ئەمەی خوارەوە پوختەی ئەو ڕەوتە گشتیانەیە کە ڕەنگدانەوەی ئەم ناکۆکیانەیە لە بزووتنەوەی سیستەمی سەرمایەداریدا:

مارکس لە لاپەڕەی ٣١٢ / سەرمایە بەرگی ٣دا، سێ فاکت دەنووسێ لەمەڕ سیستەمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری:

* چڕبوونەوەی ئامڕازەکانی بەرهەمهێنان لەدەستی کەمایەتییەک، لەتەک ئەوەی کە ئەو ئامرازانە هێزێکی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنانیان هەیە. واتە خاوەندارێتی تایبەتی بۆ هێزێکی کۆمەڵایەتی.

* پرۆسەی کار ڕێکدەخرێ وەک کارێکی کۆمەڵایەتی، دابەشبوونی کار، ئاوێزان بوونی/ دەمج بوونی پرۆسەی کار بە زانستی سروشتییەوە.

* دروستبوونی بازاڕی جیهانی.

تا زیاتر پرۆسەی بەرهەمهێنان گەشە بکات ناکۆک دەبێت لەتەک چوارچێوەی خاوەندارێتی تایبەتی.

* چڕبوونەوەی سەرمایە و هەژاری بێ پایانی چینی کرێکاران / توندبوونەوەی ململانێی چینایەتی لە کۆمەڵگەدا.

* مەحاڵبوونی ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان هەردوو کەرتی گەورەی سەرمایە: ١/ کەرتی بەرهەمهێنانی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و، ٢/ کەرتی بەرهەمهێنانی کاڵای ئیستهلاکی جەماوەری. قەیرانی وەبەرهەمهێنانی سەرمایەداری - قەیرانەکانی زیادە بەرهەمهێنان.

* یاسای مەیلی دابەزینی ڕێژەی قازانج:

ڕوونکردنەوەی دیاردەکە:

لە دوای (ئادەم سمیس)ەوە، ئابووریناسە کلاسیکییەکان سەرنجیان داوە بەم دیاردە گرنگە لەگەڵ کاریگەرییەکانی، دیاردەی مەیلی دابەزینی ڕێژەی قازانج، و لێیەوە گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە کەڵەکەبوونی سەرمایە درەنگ یان زوو بەردەوام دەبێت و دواتریش کۆمەڵگا دەچێتە دۆخی چەقبەستوویی یان متبوون / رکود. مارکس گرنگی بەو شیکارییە کلاسیکە داو وەریگرت، لە هەمان کاتدا هەوڵی دەدا ڕوونکردنەوەیەکی وردتر بەو دیاردەیە بدات، و ئەنجامێکی تەواو جیاوازی لەسەری ڕێکخست. مارکس بە تەواوی ئەگەری مانەوەی ئابووری سەرمایەداری لە دۆخی چەقبەستوویی درێژخایەندا ڕەتکردەوە، بە پێچەوانەوە بینی کە دابەزینی ڕێژەی قازانج دۆخێکی تەقینەوە مەترسیدار دروست دەکات، ئەمەش بەهۆی بەکارنەهێنانی هێزە بەرهەمهێنەرەکانەوە، کە بە ناچاری دەبێتە هۆی ڕووخاندنی سیستەمەکە. شیکارییەکانی مارکس لەسەر ئەم بابەتە لە بەشی (١٣) و (١٤) و (١٥)ی کتێبی سێیەمی سەرمایەدا هاتووە. بەڵام ئەنگڵس ڕوونی دەکاتەوە کە ئەم سێ بەشە لە ڕەشنووسێکەوە

وەرگیراون کە مارکس نووسیویەتی، یان بەشێکی زۆری، لە نێوان ساڵانی ١٨٦٤ بۆ ١٨٦٥، واتە پێش نووسینی بەشی یەکەمی کاپیتاڵ. ئەمەش بەو مانایەیە کە مارکس لە ماوەیێکی کورتدا گەیشتە ئەوەی بیرۆکەیەکی زۆر فراوان لە ناکۆکییەکانی سەرمایەداری پێکبهێنێت.

لە سەرەتای بەشی سێزدەهەمدا کە پێشتر باسمان کرد، بەڵگەی سەرەتایی دەدۆزینەوە کە (یاسای مەیلی ڕێژەی قازانج بۆ دابەزین) دەتوانرێت بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە:

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای بەرهەمدار دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی ئۆرگانیک پێکهاتەی سەرمایە، واتە پەیوەندی سەرمایەی جێگیر بە سەرمایەی گۆڕاو، بەجۆرێک کە ڕێژەی قازانج مەیلی دابەزینی دەبێت.

* ( هەرچەند لەڕوی ڕێژەیی چینی کرێکاران کەم دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا زیادبوونی ژمارەی ڕەهای چینی کرێکاران پێویستی بەرهەمهێنانی سەرمایەیە. هەر کە پێویست نەما کرێکاران ناچار بکرێت ڕۆژانە ١٢ کاتژمێر کار بکەن، ئیدی کرێکاران بۆ ئەم شێوازی بەرهەمهێنانە دەبنە زیادەڕەوی. وە ئەگەر گەشەسەندنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان ژمارەی ڕەهای کرێکارانی کەم بکردایەتەوە، واتە ڕێگەی بە هەموو میللەت بدا لە واقیعدا لە ماوەیەکی کورتتردا بەرهەمی تەواوی خۆی بەدەست بهێنێت، ئەوا ئەمە شۆڕشێکی لێکدەوتەوە، چونکە زۆرینەی دانیشتووان کاریان لەدەست دەدا.

لێرەشدا دیسان کۆسپی تایبەتی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەردەکەوێت. ). – مارکس / سەرمایە / بەرگی سێیەم / لاپەڕە ٣٠٧.

* مارکس لە ڕەشنووسەکانی (گرۆندێسە)دا ناکۆکیەکانی سەرمایەی بە جۆرێکی دی داڕشتووە.

ئەم پەرەگرافە دوورودرێژەی لە خوارەوە نووسیوومە، شیکارو پێشبینی مارکسە لە گرۆندێسە بۆ کێشەکانی بەرهەمهێنانی زێدەبایی{ گرۆندێسە / ڕۆڵی ئامێر وەک پێشمەرجی ماتریالی کۆمەڵگەی سوشیالیستي }.

مارکس لە گرۆندریسە پێشبینی دروستبوونی تەنگوچەڵەمە لە بەردەوام بوونی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەکات، بە هۆی نەتوانین لە بەردەوام بوون لە بەرهەمهێنان و بە دەستهێنانی زێدەبایی / ( زێدەبایی بەرهەمی کاری چینی کرێکارانە لە پروسەی بەرهەمهێناندا/ بەرهەمی بەشی کاتی کاری زیادەیانە ). هۆکاری ئەمەش دەگەڕێنێتەوە بۆ گەشەی تەکنەلۆژیان و ئامێر، کە وجودی چینی کرێکار لە پروسەی بەرهەمهێنان و کاتی کاری زیادە لە بەرهەمهێناندا، دەکاتە شتێکی بێ سوود:

{ ئاڵۆگۆر لە نێوان کاری زیندوو کاری مردوو( کاری ئوبیەکت کراو )، واتە کاری کۆمەڵایەتی دیاریکراو لە چوارچێوەی ناکۆکی[ سەرمایە و کاری بە کرێگرتەدا]، دوا پلەی گەشەی پەیوەندیەکە، کە لەسەر بناغەی بەهاو بەرهەم هێنانی بەها دامەزراوە. ئەمە پێش مەرجی " کاری بەرهەم هێنانە لە پەیوەندی کارو سەرمایە" هەرواش

دەمێنێتەوە کە: " کۆی کارو کاتی کار" وەک بەرهەم هێنەری ڕاستەخۆی هەموو سەروەت و سامان دەژمێرێت. بەڵام کاتێ پیشەسازی گەورە گەشە دەکات، ئیدی بەرهەمەم هێنانی سامان کەمتر بە "کار و کاتی کار" کە لە بەرهەمهێناندا بە گەرخراوە پەیوەندی دەبێت، بەڵکە پەیوەندی بە هێز و خێرایی ئامێرەکانەوە هەیە، کە لە بەرهەم هێناندا سووڕ دەخۆنەوە. ئەو بەهایانەی ئامێرەکان بەرهەمی دەهێنن، پەیوەندی نیە بە کاتی کارکردنی ئامێرەکانەوە بەڵکە پەیوەندی بە چۆنایەتی زانست و تەکنەلۆجیاوە هەیە، کە ئامێرەکان هەیانە، یان بە واتایێکی دی پەیوەندی هەیە بە چەندایەتی زانست لە بەرهەم هێناندا. لێرەوە ئیتر بەرهەم هێنانی سەرەوت و سامان کەمتر بە " کارو کاتی کار "پشت دەبەستێت، کە بەکارهاتووە لە بەرهەم هێناندا، ئیدی کار لە پیشەسازی گەورەدا کەمتر ڕۆڵی هەیە لە بەرهەمهێناندا، و کرێکاران تەنها بەشێکن لە ڕێکخستنی پرۆسەی بەرهەم هێنان،، ئالەم ئاڵۆگۆڕەی بەسەر پرۆسەی بەرهەم هێناندا هاتووە "واتە دوای سوود وەرگرتن لە ئامێرەکان و تەکنەلۆژیا" ئیتر ئەوانە وەک پایەی گەورەی بەرهەم هێنەری سامان دەردەکەون، نەک "ئەو کارەی مرۆڤ جێبەجێ دەکات، و نە ئەو کاتی کارەی کە مرۆڤ دەیباتە سەر لە پرۆسەی کاردا"، چونکە کاری مرۆڤەکان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە پرۆسەی بەرهەم هێنانەوە هەیە. لێرە بە دواوە ئیدی کرێکاران نەک وەک پەیکەرێکی ئامادە لە پروسەی بەرهەم هێنان، نەک وەک بەشداری مەزن لەبەرهەم هێنانی سامان، بەڵکە وەک ئەوەی بەرهەم هێنان بریتی بێت لە زیادبوونی زانیاری مرۆڤەکان لەسەر سروشت و

فراوان بوونی دەسەڵاتی کرێکاران بەسەر سروشتدا، بە مانایێکی تر وەک گەشەی لایەنی کۆمەڵایەتی تاکەکان کە لە شێوەی بەشداری مەزنیان لە کاری بەرهەم هێنان دەردەکەوێت. دزینی کاتی کاری یەکێکی دی ( واتە دزینی کاتی کاری زیادەی کرێکاران – واتە زێدەبایی ) کە پایە و بناغەی سەرەوت و سامانی ئێستایە، بەراورد بە پایەو بناغەی کاری نوێ ( واتە کاری ئامێرەکان و تەکنەلۆژیا کە هێناویەتە گۆڕێ ) شتێک و پایەێکی کەم بایەخ و گچکەیە. هەر ئەوەندەی ئیتر کار سەرچاوەی دروستکردنی سەروەت نەما، ئیدی کاتی کار نابێتە پێوانەی سەروەت و سامان، و کاتێ کار پێوانەی بەها نەبێ ئیدی بەهای ئاڵۆگۆڕ نابێتە پێوانەی بەهای بەکارهێنان. بەم جۆرە ئیتر کاری زیادەی مرۆڤەکان ( کرێکاران ) بە وێنەی پێشمەرجی گەشەو پەیداکردنی سەروەت و سامانی گشتی نیە، بەم جۆرە بەرهەم هێنان لەسەر بناغەی بەهای ئاڵۆگۆر لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوە. پرۆسەی بەرهەم هێنانی ئێستای سەرمایەداری کە لەسەر بناغەی " ناکۆکی کارو سەرمایە" دامەزراوە، ناکۆک و پێویستی خۆی تەواو ڕووت دەردەکەوێت ( لە دەست دەدات )، بۆیە گەشەی ئازادانەی تاکەکان و کەمکردنەوەی کاتی کاریان نا بە شێوەی دەرکردنی کاری زیادە لەسەرکار( بێکارکردنی کرێکاران )، بەڵکە بە شێوەی کەم کردەنەوەی کارکردن لە کۆمەڵگە و زیادکردنی کاتی ئازادی مرۆڤەکان بۆ هونەرو زانستی،، هیتد، فەراهەم دەبێت بۆ هەمووان."}. – ڕۆڵی ئامێر وەک پێشمەرجی ماتریاڵی کۆمەڵگەی سوسیالیستي – مارکس / گروندیسە.

ئەم باسەی سەرەوە [ ڕۆڵی ئامێر یان تەکنەلۆجیا لە پێکهێنانی زەمینەی بابەتی قەیرانی سەرمایەداری ] مارکس لە سەرمایەدا وەک یەکێک لە هۆکارەکانی [ یاسای مەیلی ڕێژەی قازانج بەرەو دابەزین ] باسی کردووە.

ئەمە ئەو پێشبینیە شیکارییە کەم وێنەی مارکسە کە لەم سەردەمی ڕۆبرۆت و تەکنەلۆژیای سێ ڕەهەندی و نانو ،، هتد، خشت پێکاویەتی.

*** ڕۆبۆتەکان و بێکاربوونی کرێکاران:**

ڕاپۆرتێکی ساڵی ٢٠١٧ی کۆمپانیای"ماکینزی" بۆ پێشنیاری کارگێڕی دەربارەی ساڵی ٢٠٣٠، ئەوە مەزەندە دەکات کە ڕۆبۆتەکان لە ٤٠٠-٨٠٠ ملیۆن کاردا جێگای کرێکاران و فەرمانبەران دەگرنەوە، و هەندێ ڕاپۆرت پێشبینی ئەوە دەکەن کە نزیکەی ٥٥% کارەکان لە شارەکانی ئەمەریکادا دەگۆڕدرێت بە ڕۆبۆتەکان، دیارە چەندەها ڕاپۆرتی لەو چەشنە هەیە. کەواتە خەڵکی ناهەقیان نیە کە نیگەرانن بۆ پاشەڕۆژی خۆیان و منداڵەکانیان چونکە ئەم ڕاپۆرتانە مژدەی خۆش نادەن، و ئەمە پروپاگاندەی کۆمۆنیستەکانیش نیە، بەڵکە زۆربەیان ڕاپۆرتی دەزگاکانی لێکۆڵینەوەی خودی برجوازیەکانن.

لێکۆلینەوەکانی کۆمپانیاکان ونووسەرانی برجوازی بەم خولەی گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان دەڵێن "شۆڕشی چوارەمی تەکنەلۆژیا". بە کورتی ئەم شۆڕشە نوێیە ئەوەندەی ڕێدراوە ئێمەی خەڵکی سادە جۆرو نهێنیەکانی بزانین خۆی لە: شۆڕشی

بەرهەمهێنانی سێ ڕەهەندی، تەکنەلۆجیای نانۆ، ئامێری خود بزووێن " لە سەیارەوە تا فرۆکەی بێ فرۆکەوان"، زانستی نوێی ووزەو مادەی خام، ئینترنێتی گچکە و زیرەکی دەستکرد، رۆبۆتی پشکەوتوو، و سەدەها داهێنانی دی.

"پیتر فرایز" لە کتێبەکەیدا ( چوار ئەگەر بۆ پاشەڕۆژ: ژیان پاش سەرمایەداری ) پێشبینی دووبارە بوونەوەی سیناریۆی " ئەنفالی ئەسپەکان " دەکات بۆ مرۆڤە توورڕدراوەکانی دەرەوەی پرۆسەی کار. "فرایز" باس لە سیناریۆیکی زۆر ترسناک دەکات کە ناوی ناوە " لەنێو بردن"، ئەو کاتە دەهێنێتەوە بەرچاوی خۆی کاتێ ڕۆبۆتەکان جێگای مرۆڤەکان دەگرنەوە لە کاردا، و ئیدی مرۆڤەکان دەبنە تێچونێکی زیادە بەلای سەرمایەوە کە دەبێت خۆیانی لێ ڕزگارکەن.

" فرایز" لێکۆلینەوەکەی ئابووریناس "واسلی لیونتیف" بە نموونە دەهێنتەوە، کە چۆن لە سەرەتای ساڵەکانی١٩٠٠ لە ئەمەریکادا، کاتێ ئیدی تراکتۆر دروستکراو هاتە ناو کێڵگە کشتوکاڵیەکانەوەو جێگای کاری ئەسپەکانی گرتەوە، لەو ساتەوە ژمارەی ئەسپەکان لە ٦١ ملیۆنەوە تا ساڵی ١٩٦٠ تەنها ٣ ملیۆن ئەسپ مابوونەوە.

بەهۆی گەشەی تەکنەلۆجیاوە، سەرمایەداری کەوتۆتە ئەو قەیرانەوە کە مارکس پێشبینی کردووە. قەیرانەکە لە ڕووی ناوەڕۆکیدا ئەوەیە کە پایەی سیستەمی سەرمایەداری لەسەر پەیوەندی " کارو سەرمایە " دامەزراوە؛ واتە لە پرۆسەی کاری بەرهەمهێناندا، هێزی کاری کرێگرتە زێدەبایی بەرهەم دەهێنێ و سەرمایە وەک قازانج لە پاش

سەرفکردنی کاڵاکانی چنگی دەکەوێت، یانی ئەسڵی سامانێ کە برجوازی کەڵەکەی دەکات لە بردنی شیلەی هێزی کاری کرێکارانەوەیە کە زێدەباییە، بەڵام بۆڕبۆڕێنی نێوان سەرمایەدارەکان، بە کارهێنانی تەکنەلۆژیا ناچار دەکات، و سەرئەنجامی ئەمەش کرێکاران لە پرۆسەی کار توڕدەدرێنە دەرەوە، و بەرئەنجامی ئەم پرۆسەیە هەڵوەشاندنەوەی پایەی سەرەکی سیستەمی سەرمایەدارییە کە بەرهەمهێنانی زێدەباییە، چونکی کاتێ ( هێزی کاری کرێکاران ) لە هاوکێشەی ( کارو سەرمایە ) لابرا، ئاقیبەتی ئەمە هەڵتەکانی بناغەی سیستەمی سەرمایەداریە، ئەمەش سەرچاوەی ئەسڵی قەیرانەکانیەتی، کە وەک کێشەی کەمی وەبەرهێنان و کێشەی زیادە بەرهەم ( کێشەی ئیستیهلاک ) دەردەکەوێ.

لێرەدا قسە لەسەر کێشەی بەرهەمهێنانی زێدەباییە لە پرۆسەی کاری بەرهەمهێنانی سەرمایەداری سەردەمدا. وەک دەزانین زێدەبایی بۆ سەرمایە و شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ئامانجە و فەلسەفەی وجودی سەرمایەداریە، پاساوی مێژووی بۆ لە دایکبوون و سەرهەڵدانی سیستەمی سەرمایەدارییە، تایبەتمەندی و جەوهەری سیستەمی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییە، و چەقی موگناتیسی سیستەمەکەیە کە پەیوەندی و ڕایەڵی هەموو بەشەکانی ئابووری سەرمایەی لەسەر وەستاوەو پێکەوە گرێدراوە، یان بابڵێن کۆبەندی بەشەکانە، و ناوکی سەرمایەیە کە هەموو بەشەکان بە دەووریا دەسوڕێنەوە و ڕێکیان دەخات، هەرکات ئەم چەقە، ئەم ناوکە تێکچوو، ئیدی پەیوەندی و ڕایەڵەکان دەپسێن و تێکەولێکە و فەوزا ڕوودەدات، ئەمە فەوزاو پشێوی کۆی شێوازی بەرهەم هێنانەکە و

سیستەمەکەیەتی، کە سەرمایە تێی دەکەوێت. چونکە گەر سەرمایە نەتوانێ لە پروسەی بەرهەمهێناندا زێدەبایی بەرهەم و دووبارە بەرهەم بهێنێتەوە، ئەوە ئەسڵی وجود و پایەی سەرەکی بوونی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەکەوێتە خەتەرو فەوزاو نەمانەوە.

جیهانی ئەمرۆ سەرمایەدارییە؛ بەم پێیە ناکۆکی جەوهەری و سەرەکی لە نێو سیستەمی ئابووری ئەم جیهانە؛ ناکۆکی نێوان " کارو سەرمایە " یە. ئەم ناکۆکییە بابەتییە لەسەر ئاستی چینایەتیدا، ململانێی نێوان چینی کرێکاران و چینی بۆرژوازەکانە. ململانێکی چینایەتی بابەتی بەردەوام و ڕۆژانەیە، لەسەر پشکی هەر چینە لەکۆی بەرهەم هێنراوی سامانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. چینی کرێکاران بۆ داواکردنی پشکی زیاتر لە کۆی سامان، بۆ چاکردنی بژێوی ژیانی خۆی و ماڵ و منداڵی، لەتەک چینی برجوازیدا لە جەنگێکی فرە شێوە؛ وەک مانگرتنی مەدەنی ئاشکرا، یان نارەزایەتی شاراوە، یان تاپلەی تەقینەوەو دەستدانە چەک و جەنگی دەسەتە و ئێخە، لەتەک دەزگاکانی دەسەڵاتی برجوازیدا، لە گۆڕێدایە.

ئەما ئەمە تەنها ناکۆکی و ململانێی تاقانە نییە لە دونیایی ئێمەدا. بەڵکە لە جیهانی سەرمایەداریدا لەسەر پشکی سامان و دەسەڵات، بۆڕبۆڕێنی کەرتەکانی سەرمایە بۆ بردنی بەشی شێر لە کۆی زێدەبایی بەرهەم هاتوو، بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆی لە ململانێ تاپلەی جەنگ لە نێوان کەرتەکانی سەرمایە و بەرهەمهێنان، لە نێوان کۆمپانیاکان و دەوڵەتەکان کە خۆیانی تێدا ڕێک دەخەن، لە بەرەو

دایە. لێرەوە بۆ ناسینی باشتری جیهانی سەرمایەداری ئەمڕۆ، دەبێ باسی تایبەتمەندیەکانی مێژووی ئێستاکە بکەین کەلای ئابووری ناسانی مارکسی بە سەرمایەداری لیبڕالیزمی نوێ/ سەرمایەداری دڕندە ، " کە ناوێکی پەسەندترە "، بکەین. لێرەوە من زیاتر دەچمە سەر باسی ململانێ و ناکۆکیەکانی شێوەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و ناکۆکیەکانی کەرتەکانی سەرمایە، چونکە کەسێ گەر بیەوێ لەسەر ناکۆکی " کارو سەرمایە " و یاساکانی بخوێنێتەوە، ئەوە باشتر وایە کتێبی سەرمایەی مارکس یان هەر شاکارێکی دی مارکسیەکانی دی لەسەر ئەو بابەتە بخوێنێتەوە.

*** جیهانی سەرمایەداری ئەمڕۆ و ناکۆکیەکانی**

( مارکس لە سەرمایەدا، میکانیسمی پەیوەندی و ناکۆکی نێوان " کار و سەرمایە " ی شرۆڤە کردۆتەوە، دواتر چۆتە سەر شیکاری ناکۆکیەکانی ناو دەروونی بەشەکانی سەرمایە. بەم جۆرە مارکس بە شێوەیێکی بلیمەتانە، لۆژێکی پێکهاتی سەرمایەی ڕۆشن کردۆتەوە کە چۆن لە جیهانی واقیعی دەرەوەدا، خۆی بەرجەستە دەکات و دەردەکەوێت ) - ال کمبل.

١/ ناکۆکیەکانی بەشەکانی سەرمایە: ناکۆکی نێوان" سەرمایەی کەرتی بەرهەمێنانی مەدەنی و سەرمایەی کەرتی بەرهەمێنانی چەک و تەقەمەنی ووزەو داودەرمان".:

بۆ خوێندنەوەی بابەتی ئابووری سیاسی پشوو درێژی وتێفکرینی ووردی ئەوێ. سەرمایە چمکێکی ئابووریە، و لە پێناسەیێکی گشتیدا

بریتیە: لە پەیوەندی کاری مردوو( ئامێرو ئامرازەکانی بەرهەمهێنان ) بە کاری زیندوو ( کاری بەکرێگرتەی هێزی کرێکاران ) لە پرۆسەی بەرهەم هێناندا بۆ بەرهەم هێنانی زێدەبایی. سەرمایە لە چەند کەرتێکدا هەڵدەسوڕێ یان لە چەند بەشێک پێکدێت:

١/ سەرمایەی پوڵی و بورسە و بانک.

٢/ سەرمایەی پیشەسازی.

٣/ سەرمایەی کشتوکاڵی.

٤/ سەرمایەی خزمەتگوزاری و بازرگانی.

هەریەک لەم بەشانەی سەرمایەش گەڵێ لق و پۆپی لێدەبێتەوە، بۆ نموونە سەرمایەی پیشەسازی پێک دێت لە:١/ پیشەسازی بەرهەمهێنانی کاڵای مەدەنی و خۆراک.٢/ پیشەسازی بەرهەمهێنانی کاڵای سەربازی.٣/ پیشەسازی بەرهەمهێنانی کاڵای کارگەکان ( ئامێرو مەکینەکان ).٤/ پیشەسازی بەرهەمهێنانی داودەرمان.٥/ سەرمایەی بەشی ووزە. هەروەها سەبارەت بە سەرمایەی خزمەتگوزاری:١/ سەرمایەی هەڵسوڕاو لە بەشی ئاوکارەبا و تەلەفۆنات.٢/ سەرمایەی هەڵسوڕاو لە بەشی چێشتخانە، هۆتێل و گەشتوگوزار.٣/ سەرمایەی هەڵسوڕاو لە بەشی هاتووچۆ ووشکانی، دەریایی و ئاسمانی. بەم جۆرە دەتوانیین پیایدا بچینە خوارەوەو گشت بەش و کەرتەکانی سەرمایە دیاری بکەین. دوای ئەم دیاری کردنە پرسیارێک لە خۆمان بکەین کە بابەتی نوسینەکەمە: ئایا

ناکۆکی و ململانێ لە نێوان ئەم بەشانەی سەرمایە لە چیدایە؟! ڕۆڵی ئەوناکۆکی و ململانێیە چیە لەسەر سیاسەت و فکر؟! ئەوە کە سەرمایە وەک هەر شتێکی دی، پێکهاتووە لە یەکیەتی و ململانێ ناوهەناوی خۆی، مارکس لە کتێبی سەرمایە بە دووورودرێژی لەسەری دواوەو سەلماندویەتی. هەموو بەشەکانی سەرمایە کرێکاران بە کرێ دەگرن بۆ کاری بەرهەمهێنان، وە کرێکارانیش موچەکەیان بە کڕینی کاڵاکان سەرف دەکەن. سەرمایە وەک هەر مادەێک و بوونێک، یەکەیەتێکی ئورگانی هەیە لە نێو بەشەکانیدا. واتە بەشی بەرهەمهێنانی ئامێرەکان، کاڵاکەی دەفرۆشێ بە بەشی بەرهەمێنانی کاڵا مەدەنیەکان، بانک قەرز ئەدا بە هەموو بەشەکان و سیولەیان بۆ فەراهەم دەکات، بەشی گواستنەوە کاڵاکان بۆ بەشی بازرگانی دەگوێزێتەوە، بەشی بازرگانی کاڵاکان بەسەر بازاڕدا دابەش دەکات،، هیتد. هەموو بەشەکانی سەرمایە کاڵا بەرهەم دێنن بۆ بازاڕ تا بفرۆشرێن و قازانج بکەن، قازانجەکەشی بەش دەکرێت بەسەریاندا، هەر بەشە بە پێی کاروبەرهەمی خۆی. بەڵام بۆ ئەوەی کاڵاکان سەرف ببن، دەبێ کرێکاران و خەڵکی پوڵیان هێندە هەبێ تابتوانن بەردەوام کاڵاکان بکڕن، وە بەم جۆرەش بەشەکانی سەرمایە لە بەرهەمهێناندا بەردەوام بن. ئا بەم جۆرە پرۆسەی بەرهەمهێنان لە سوڕانێکی بەردەوامدا دەبێت تا دووکێشەی بابەتی سەرهەڵدە دات، کە پرۆسەی بەرهەمهێنان بە شێوەێکی کاتی یان جوزئی دەوەستێنێ و پەکی دەخات. کێشەی یەکەم ناکوکی گشتی نێوان بەشەکانی سەرمایەیە کە لە پڕۆسەی بەرهەمهێناندا سەرهەڵدەدات. سەرمایە هەمیشە و بەردەوام بەرەو پێش و نوێ بوونەوە دەڕوات لە شێوازی

بەرهەمهێناندا، هەمیشە ئامێری نوێ جێگای کۆنەکان دەگرێتەوەو داهێنانی نوێ لە کاردا کرێکاران و فەرمانبەرانی کەمتری گەرەک دەبێ، ئەمە یانی بێکاربوونی ژمارەیکی خەڵکی و دابەزینی مووچەی ژمارەیکی دی. بێگومان ئەمە کاردەکاتە سەر توانای هێزی کڕین و کاڵاکان لە بازاردا وەک جاران سەرف نابن و دەمێنەوە، ئەمەش بە دەوری خۆی یانی وەستانی یان خاوبوونەوی سوڕی بەرهەمهێنان و دەستپێکردنی خولی قەیران، بەمە دەڵێن قەیرانی ئیستهلاک و وەبەرهەمهێنان، بەڵام مارکس وەک بەرجەستەبوون و دەرکەوتنی کێشەی مەیلی هاتنەخوارەوەی قازانج تەماشای دەکات. بەشی دووەم لە کێشەی بابەتی بەشەکانی سەرمایە، بۆربۆڕێنە لە نێوانیاندا، کە ئاخۆ کامیان کاڵاکانی خۆی لە بازاڕدا ساغ دەکاتەوە. هەرچی سەرمایەی بەشی کاڵای مەدەنی و خزمەتگوزاری هەیە خوازیاری هەلومەرجی ئاسایی و ئاسودەییە تا کاڵاکانی باشتر بۆ ساغ بکرێتەوەو قازانج کات. ئەما هەرچی سەرمایەی بەشی سەربازی وداو ودەرمان هەیە، بە پێچەوانەوە پشێوی و جەنگ و بڵاوبوونەوەی دەرد و قاتوقڕی لە قازانجیەتی. لە هەلومەرجێکی ئاشتی و خۆشگوزەرانی خەڵکی زیاتر جلوبەرگ، تەلەفزیۆن، مۆبیل، سەیارە و کەلوپەلی ناو ماڵ،، هیتد، دەکڕن، زیاتر دەچنە دەرەوەو نان لە چێشتخانەکان دەخۆن، گەشت دەکەن و هوتێلەکان فول دەبن،، هیتد، بەڵام بازاڕی چەک و داودەرمان، هێندە بازاریان ڕەونەقی نییە. وە بە پچەوانەوە کاتی جنگ و دەردو قاتوقڕی، بازاڕی چەک و دەرمان فرۆشتن لەو پەریدایەتی، بۆیە سەرمایەی کەرتی بەرهەمهێنانی چەک و دەرمان لە بووژانەوەدایەو کارگەکانیان دوو

شفت کاردەکەن، بەڵام هێشتا فریایی داواکاری بازار ناکەون. بە پێچەوانەوە بۆ سەرمایەی کەرتی مەدەنی و گەشت وگوزارو،، هیتد. ئاخر خەڵکی لە ساتەکانی جەنک و تیرۆرو بڵاوبوونەوەی درم و نەخۆشی، دەست بە پارەکانیەوە دەگرن بۆ ڕۆژی ڕەش، و زاتی ئەوە ناکەن گەشت بکەن، مۆبیلە کۆنەکانیان بگۆرن، موبیلاتی مەڵەکەیان تازە کەنەوە، سەیارەی مۆدێل نوێ بکڕن.

بە کورتی ئەو ململانێیانەی نێوان کەرتەکانی سەرمایە (کەرتی سەرمایەی: بانک، ووزە، چەک و کاڵای سەربازی، تەکنەلۆژیای زیرەک و مەدەنی، خزمەتگوزاری و گەشت وگوزار،، هتد) لە ئاستی "ناسیۆناڵ و ئینترناسیۆناڵ"، ململانێی باڵەکانی بۆرژوازی و دەوڵەتەکانی سەرمایەدارییە لەسەردەمی بەجیهانبوونی سەرمایەدا، لەسەر بازاڕ و قازانج، ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لە ڕووداوەکانی جیهاندا، و بەهۆی لاوازی بزووتنەوەی سۆسیالیستی، ململانێی ناوخۆی بۆرژوازەکان، پاشەکشەی کردووە بە ململانێی " کار و سەرمایە"، و بوونەتە لەمپەر لەبەردەم هاڵکشانی بزووتنەوەی سەربەخۆی چینی کرێکاران.

بۆ سەلماندنی ئەو وەسفەی سەرەوە، تەماشای ئەنجامەکانی بەهاری عەرەبی، ڕووداوەکانی سودان، کازاخستان، و مانگرتنەکانی ئەم دواییەی چینی کرێکاران لە ئەوروپا و ئەمەریکادا، بکە.

* ئەمرۆکە لە هەلومەرجی قەیرانی ئابووری و کێشمەکێشی ئەمەریکا دژی ڕوسیا و چین، ئەمریکا جەنگ دەکات بۆ مانەوەی دەسەڵاتی

ئابووری و سیاسی و سەربازی خۆی بەسەر جیهاندا وەک تاکە قوتبێک، و هەوڵدەدات کە دولار تاکە دراوی جیهانی بێ لە مامەڵەی بازرگانیدا، گەرەکیەتی باجی ئەمریکا هەر بمێنێ بەسەر بازرگانیدا، بانکەکانی ئەمەریکا یەکەم بن لە جیهاندا، هیچ کۆمپانیایێک بێ تۆڕی ئینترنێتی ئەمەریکی کار نەکات، هێڵی گواستنەوەی نەوت و گاز و کاڵاکان لە ڕێگای هیندستانەوە بگات بە ئیسرائیل، بەتایبەتی بەندەرەکانی لای " غەززە " گرنگی زۆری هەیە لەم هێڵەدا؛ یانی پەکخستنی پرۆژەی "ڕێگای ئاوریشمی نوێی" چین.

ئەم بەرژەوەندییانەی سەرەوە وای لە ئەمەریکاو شەریکەکانی کردووە کە ئامادەن تەواوی نەک خەڵکی غەززە کە دوو ملیۆن مەدەنین، بەڵکە لایێک لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆکۆژی بکەن، و ناوی بنێن قوربانیانی لابەلای جەنگێکی قەدەر، یان زیانەکانی جەنگی شارستانیەت دژی تیرۆریستان.

* هەڵبەتە ئەوە تەنها غەرب نییە کە بۆ خاتری بەرژەوەندییە ئابووری و جیوپۆلیتیکیەکانی، بە سیاسەت و جەنگ هەوڵی بەدیهێنانیان دەدات، بەڵکە ئێران و ڕوسیا و چین، هەمان شتن.

* ئیدی لە جیهانێکی سەرمایەداری پڕ لە قەیران، و حکومات و دەسەڵاتی گەندەڵ و دز و ئینسان کوژ، چاوەڕێی باش بوون و ئیسلاح خۆ خەڵەتاندنە.

# ئاوڕدانەوەیێک لە ڕووانگەی مارکس بۆ بەربەریسم

* مشتومڕ لەسەر ڕووانگەی مارکس بۆ بەربەریسمی سەرمایەداری، سالانێکە دیبەیتێکی تا ڕادەیێک گەورە بووە لە نێوان ئەکادیمیکەکاندا. چەندەها کتێب و ووتار لەسەر ڕووانگەی مارکس بۆ بەربەریسم نووسراوە، نازانم تا چەند کتێبخانەی کوردی ئەو جۆرە کتێبانەی تێدایە، چونکە بەشێوەیێکی گشتی جەدەل لەسەر بەربەریسمی سەرمایەداری زیاتر مەلەفێک بووە ئەکادیمیستییەکان خەریکی بوون، بۆیە زۆر جەماوەری نەبووە.

جگە لە مارکس و ئەنگلس کە بە چەند دێڕێک لە مانیفێستدا باسیان لە بەربەریسم لە سەردەمی سەرمایەدریدا کردووە:

مارکس لە مانیفێستدا بە کورتی قەیرانی ئابووری سەرمایەداری شرۆڤە کردووە، و لێرەوە وەسفی کۆمەڵگا دەکات کە چۆن دیمەنی بەربەریسم بەسەریدا زاڵ دەبێ.

ئەمرۆکە ( برسییەتی و جەنگ و کوشتار)ی وەحشیانەی ئینسانەکان، ئەوەی لە ئۆکراینا و غەززە و سبەی لە زۆر جێگای دی، بە بەرچاومانەوە دەگوزەرێ، شتێک نییە جگە لەو شرۆڤە و وەسفەی مارکس بۆ کۆمەڵگای سەرمایەداری کردووەیەتی:

( هەرئەوەندە بەسە کە ئاماژە بەو قەیرانە بازرگانییانە بکەین کە بەسەرهەڵدانی ناوبەناو، یان بەردەوام، هەتا دێت پڕ مەترسیتر، هەڕەشە لە مانی سەرتاپای کۆمەڵگای سەرمایەداری دەکەن. ،،، کۆمەڵ، ناکاو، خۆی دەبینێ کە، هەتا بارودۆخێکی کاتی بەربەرییەت، بەرەوپاش ڕاکێشراوە. ،،، چما، قاتوقڕییەک داکەوتووە، چما شەڕێکی گشتی ماڵوێرانەکەر کۆمەڵگای لە گشت سەرچاوەیکی بژێو بێبەش کردووە! دەڵێی پیشەسازی و بازرگانی هەرنەماون. ئاخر بۆچی؟ چونکە یەکجار زۆر شارستانییەت، یەکجار زۆر پێداویستی گوزەران، یەکجار زۆر پیشەسازی، یەکجار زۆر بازرگانی لە ئارادایە. ) – مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست / لاپەڕە ٢٠.

* مارکس باس لە پێشکەوتنی کۆمەڵگای سەرمایەداری دەکات: ( یەکجار زۆر شارستانییەت، یەکجار زۆر پێداویستی گوزەران، یەکجار زۆر پیشەسازی، یەکجار زۆر بازرگانی ). کەواتە کۆمەڵگای سەرمایەداری سامانی زۆری هەیە، وە ئەمە دەبێتە هۆی بوونی زێدەبەرهەم، بەڵام بەهۆی کەڵەکەی سەرمایە و خاوەندارییەتی تایبەتی لە دەستی نوخبەیێکی کەمی کۆمەڵگادا، زێدەبەرهەم دەبێتە هۆکاری قەیرانی ئابووری:( چما، قاتوقڕییەک داکەوتووە، چما

شەڕێکی گشتی ماڵوێرانەکەر کۆمەڵگای لە گشت سەرچاوەیکی بژێو بێبەش کردووە!).

لێرەوە جەنگ و کۆکوژی، کۆمەڵگا ڕادەکێشێ بۆ دواوە، وە کۆمەڵگای سەرمایەداری پڕ دەبێ لە بەربەر و هەمەجییەکانی مێژووی کۆنی بەشەری:( کۆمەڵ، ناکاو، خۆی دەبینێ کە، هەتا بارودۆخێکی کاتی بەربەرییەت، بەرەوپاش ڕاکێشراوە.).

* کەواتە ساتەکانی قەیرانی ئابووری، ئیدی ئەقڵانییەت، ئەخلاق و لێبوردەیی، ئازادی،، هتد، واتە ( شارستانییەتی بۆرژوازی) پەکی دەکەوێت یان لە بەرچاو بزر دەبێ، لێرەوە کۆمەڵگای سەرمایەداری پاشەکشە دەکات بۆ خولی بەربەریسم، واتە بۆ نائەقڵانیەت و توندوتیژی و ئیستبداد، و ئاشکرا دەبێ کە دروشمەکانی وەک:( مافی مرۆڤ، پاراستنی ژیانی مەدەنییەکان، مرۆڤدۆستی، ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی کەمایەتییەکان ) هیچ نین جگە لە وڕێنەی چینی بۆرژوازی زیاتر.

**بەربەرسیم؛ بەشە فەرامۆش کراوەکەی تیۆری مارکس**

* بەربەرسیم؛ مارکس لەم سەردەمدا ناوینابوو (دومەڵەکانی شارستانیەتی سەرمایەداری)، یەکێکە لە کەیسە تیۆرییە کرنگەکانی مارکس، کە بەتایبەتی لە دوایی دارمانی یەکیەتی سۆڤیەت، وەک هەندێ کەیسی دیکەی وەک " ئیمپریالیسم - شۆڕشی سۆسیالیستی" لەلایەن ئەحزابی بەناو کۆمۆنیستی، فەرامۆش کراوە. بەڵام ئەم مەلەفە تیۆرییە لای ئەکادیمیستەکانی زانکۆکان گرنگی خۆی پێدراوە،

هەڵبەتە تەنها وەک دراسەی تیۆری بەبێ ئەنجامگیری بۆ پڕاکتیکی سیاسی سۆسیالیستی.

* شارستانیەت بە سادەیی یانی: کۆمەڵە بەهاو ئەخلاقی مرۆییەکانە، کە کۆمەڵگایێک پەیڕەوی لێدەکات لە نێو خۆیدا، ومامەڵەیان پێ دەکات لە پەیوەندی لەتەک کۆمەڵگاکانی تردا. سەبارەت بە گەشەسەندنی کۆمەڵگا مرۆییەکان لەلایەنە مادییەکانی ژیاندا( ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و چینەکانی کۆمەڵگا) پێی دەوترێت: "مەدەنی". واتە دیمەنی گشتی کۆمەڵگایێکی مرۆی لە دوو لق پێکدێت: لقێکی ڕۆحی و ئەخلاقی بە ناوی: "شارستانیەت"، و لقێکی تەواو مادی پێی دەوترێت "مەدەنیەت". مارکس دوای ئەوەی دراسەی ئابووری سیاسی کرد، لە بری "شارستانیەت" چمکی سەرخان، و لەبری "مەدەنی" چمکی ژێرخانی بەکاردەهێنا.

* دراسەی مرۆڤ لە دۆخی سروشتی و لە هەلومەرجی شارستانیدا جێگای بایەخی مارکس بووە. مارکس لە تافی لاویدا لە "دەفتەرەکانی بۆن (١)"دا، وە لە دوا سالآنی تەمەنیدا دیسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ دراسەی ئێتنۆلۆژی لە ( دەفتەرە ئێتنۆلۆژییەکانی کارل مارکس (٢))دا. دەبێ ئەوە بڵێم مارکس گەلێ دەفتەری تێبینی هەیە، ئەم دوو دەفتەرە سەربارەت بە ئێتنۆلۆژییایە.

لە گرنگترین ئەو مادانەی مارکس بڵاوی نەکردۆتەوە، تێبینییەکانی لەسەر ئێتنۆلۆژییەکان، کە لە ماوەی سالآنی ١٨٨٠- ١٨٨٢ کۆکراونەتەوە، لەوانە تێبینییەکانی لەسەر بەرهەمەکانی( لویس هێنری

مۆرگان، سێر هێنری سامنەر مەین، سێر جۆن بود). مارکس تێبینییەکانی خۆی نەکردووە بە کتێب یان ووتار، بەڵام دواتر کە دۆزراوەتەوە، بۆ یەکەمجار لە گفتوگۆ لەگەڵ کارل کۆرش لە ساڵانی ١٩٤٧-١٩٥٣ پەرەی پێدراوە، و دواتر پەیمانگای نێودەوڵەتی مێژووی کۆمەڵایەتی، و بەڕێوەبەرەکەی، پرۆفیسۆر د. دی جۆنگ ئێدز.، ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە لە بەڕێوەبردنی نووسراوەکان وەک کتێبێک.

* لێرەوە دەردەکەوێت کە مارکس لە تافی لاویدا گرنگی بە دارسەی ئێتنۆلۆژی داوە، و لە دوا ساڵەکانی تەمەنی جارێکی دی گەڕاوەتەوە بۆ دراسەی هەمان زانست. بەڵام مارکس زانایێکی یاخی بووە؛ چونکە گەرچی دراسەی هیگلی کردووە بەڵام مەزهەبی هیگلی وەلاناوە، و دایالیکتیکی هیگلی لنگەوچوو کردووەو خستویەتییە سەر پێکانی خۆی، هەروەها دراسەی "ئابووری سیاسی کلاسیکی ئادەم سمیت و ڕیکاردۆ"ی کردووەو تێیپەڕاندوون، هەر بەو شێوازەش دارسەی ئێتنۆلۆژی کردووەو ئەنجامگیری دووانەیی "شارستانیەت و بەربەرسیم"ی سیستەمی سەرمایەداری کردووە.

ئەم جۆرە ئیشکردنەی مارکس و تیۆرییەکەی دەربارەی سەرمایەداری، جیاوازی بنەڕەتی هەیە لەتەک ڕاکانی ( چەپی پرۆغەربی، چەپی نوێ ).

مارکس لە کتێبی سەرمایەدا / بەرگی سێیەم / لاپەڕە ١٦٢: ( سەردەمی زێڕین بۆ سەرمایە ئەو کاتەیە کە چینی کرێکاران ناچار

دەکرێن لەبەردەم دوو هەڵبژاردەدا: یان مردن لە برسا یان کارکردن بە کرێیێکی کەم).

مارکس لەم ووتەیەیدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە ئەوەی بۆ سەرمایە خولی زێڕینە بۆ چینی کرێکاران خولی دڕندەییە؛ کەواتە کۆمەڵگەی سەرمایەداری دوودیاردەی ناکۆک، دووخولی جیاواز لە یەک ساتەوەختدا بەخۆیەوە دەبینی. گەرچی سەرمایە لە سەردەمی ئێمەدا ئەو پەڕی کەڵەکە و گەشەی کردووە، بەڵام لەهەمان کاتدا ئێستاکە ئێمە لە نێو سەرمایەداری دڕندەدا دەژین.

* مارکس لە (کەڵەکەی سەرەتایی) سەرمایە بە وردی باسی پەیدابوونی ئامرازەکانی گواستنەوەی مۆدێرن، بازاڕی نوێ، دۆزینەوەی جوگرافی، سەرهەڵدانی دەوڵەتە مۆدێرنەکان، گەشەی دامەزراوە بانکییەکان، کۆمپانیا گەورەکانی کۆلۆنیالیزم، وەبەرهێنانی نوێی جۆراوجۆر لە زەوی، بازرگانی دەرەکی، بازرگانی کۆیلە و چەتەی دەریایی،، هتد، دەکات، کە لە ئەنجامدا بووە هۆی کەڵەکەبوونی سەرمایە لە دەستی گروپێکی سنوورداردا، کە خاوەنداریەتی گچکەی لە جەماوەری بەرهەمدار لە لادێ و شاردا داماڵی، و گۆڕینی بۆ پرۆلیتاریا.

ئەو سەردەمەی کەڵەکەی سەرەتایی مارکس بە (ساتەوەختێکی دڕندەیی) وەسفی دەکات: (سەرمایە هەر لە سەرەتایی لە دایک بوونییەوە خوێن و قەزارەتی لێدەچۆڕا).

* دڕندەیی سیفەتی گشتی هەموو کۆمەڵگە چینایەتییەکانە، بەڵام لەهەر قۆناغەدا هۆکار و ئامرازی تایبەتی هەیە بۆ دڕندەیی و کۆکوژی. بە گشتی ئێمە لە مێژووی دڕندەکاندا و جەنگەڵستاندا دەژین، وە مێژووی ڕاستەقینەی ئینسانی ئەو کاتانە دەست پێدەکات کە دابەشبوونی چینایەتی لە کۆمەڵگەدا کۆتایی هاتووە.

بەربەریسم لە بەرگی شارستانیەتدا

( هەموو بەڵگەنامەیەکی شارستانیەت خۆی بەڵگەنامەی بەربەرییەتە ) - والتەر بنیامین

* بایدن لە ووتارێکیدا بۆ ڕۆژنامەی "واشنتۆن پۆست" نووسیویەتی: (ململانێکان لەسەر ئۆکرانیا و ئیسرائیل دەبێتە پێشکەوتن بۆ ئەمریکا.)- ئەمریکا لە تەحەدای پوتین و حەماس پاشەکشە ناکات. لەلایەن جۆ بایدن./ The U.S. won't back down from the challenge of Putin and Hamas. / By Joe Biden

ئەم سەرکردەیەی نوخبەی جەنگی سەرمایەداری ئەمریکا و غەرب، بڕوای وایە کۆکوژی وەحشیانەی منداڵان و خەڵکی مەدەنی لە غەززە، پێشکەوتنە بۆ ئەمریکا.

بایدن گووتی: "ئەمەریکا ڕێنادات پۆتین و حەماس بەسەر دیموکراتییەتدا سەرکەون.".

کام دیموکراتییەت؟! ئەو کۆکوژییەی منداڵ و خەڵکی مەدەنی لە غەززە دیموکراتییەتە؟!. بەڵێ، ئەو دیموکراتیەتە هاوشێوەی دیموکراتیەتی سیستەمی کۆیلایەتی سەردەمی ڕۆمای مەزنە.

لە ڕاستیدا ئەگەر پۆتین و حەماس ئیستبدادی بن، ئەوا ئیسرائیل و ئەمەریکا بەربەرین.

* ووتەکەی "بنیامین" زۆر دروستە:( هەموو بەڵگەنامەیەکی شارستانیەت خۆی بەڵگەنامەی بەربەرییەتە ). وەک چۆن ئەو ووتەیە بۆ وەسفی جیهانی سەرمایەداری ساتی جەنگی جیهانی دووەم دروست بوو، ئەمڕۆکەش جیهانی سەرمایەداری ئێمە لەهەمان فازدایە: بەربەرسیم؛ و هەرچی زیاتر سەرکردەکانی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان بەڵگە دەهێنەوە کە شارستانی و دیموکراتین، ئەوە هێندەی دی زیاتر بەڵگەی بەربەریسمی خۆیان دەسەلمێنن.

* جگە لە مارکس و ئەنگلس کە باسیان لە بەربەریسمی سەرمایەداری کردووە، ( ڕۆزا لۆکسمبۆرگ لە نامیلکەی "جونیۆس"/ بەشی ١) نووسیبووی:

(فریدریش ئەنگڵس جارێک ووتی: کۆمەڵگەی بۆرژوازی لە گۆڕەپانەکەدا وەستاوە، یان گواستنەوە بۆ سۆسیالیزم یان پاشەکشە بۆ بەربەرییەت. "پاشەکشە بۆ بەربەرییەت؟" بۆ شارستانیەتی بەرزی ئەوروپیمان چی دەگەیەنێت؟ تا ئێستا ڕەنگە هەموومان بەبێ بیرکردنەوە ئەم قسانەمان خوێندبێتەوەو دووبارەمان کردبێتەوە، بەبێ ئەوەی گومانمان لە جددییە ترسناکەکەیان هەبێت.

چاوخشاندنێک بە دەوروبەرمان لەم ساتەدا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە پاشەکشەی کۆمەڵگەی بۆرژوازی بۆ ناو بەربەرییەت مانای چییە. ئەم شەڕە جیهانییە پاشەکشەیە بۆ بەربەرییەت. سەرکەوتنی ئیمپریالیزم دەبێتە هۆی لەناوچوونی شارستانیەت. سەرەتا ئەمە بە شێوەیەکی وردە وردە بۆ ماوەی شەڕێکی مۆدێرن ڕوودەدات، بەڵام دواتر کاتێک قۆناغی شەڕە بێسنوورەکان دەست پێدەکات بەرەو دەرئەنجامە حەتمیەکانی پێشدەکەوێت. ئەمڕۆ، ئێمە ڕووبەڕووی ئەو هەڵبژاردنە دەبینەوە کە بەتەواوی وەک فریدریش ئەنگلس؛ نەوەیەک لەمەوبەر پێشبینی کردبوو: یان سەرکەوتنی ئیمپریالیزم و داڕمانی هەموو شارستانیەتێک وەک لە ڕۆمای کۆن، بێ دانیشتووان، وێرانبوون، تێکچوون - گۆڕستانێکی گەورە. یان سەرکەوتنی سۆسیالیزم، واتە خەباتی چالاکانەی هۆشیارانەی پرۆلیتاریای نێودەوڵەتی دژ بە ئیمپریالیزم. ئەمە دووڕیانێکی مێژووی جیهانە.).

* "ئێرنێست مەندەل" ساڵی ١٩٩٣نامیلکەیێکی نووسیووە:« سۆسیالیزم یان بەربەرییەت لە سەروبەندی سەدەی بیست و یەکدا » وەرگێڕانێکی فارسیی: ڕامین جاوان.

ئەمانە نموونەی ئەو نووسراوانە لەسەر بابەتەکە، وە چەند ساڵێک دوای هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر ئێراق، دراسات جەدەلی زیاتر لەلایەن ئەکادیمەکەکانەوە لەسەر ڕوانگەی مارکس بۆ بەربەریسم، کراوە.

* کەواتە ئایا سەرمایەداری لە ئێستادا بەربەریسمە؟!

( بەربەرسیم دومەڵەکانی شارستانی سەرمایەدارییە - مارکس).

جیۆزێف بۆرێل بڕوای وایە کە ئەوروپا باخچەیە و جیهانی دەوروپشتی، کە مەبەستی زیاتر (ئەفەریکا و ئاسیایە)، جەنگەڵستانە. گوایە ئەوروپا لیبڕالیسمە، ئەقلانیە و خۆشگوزەرانییە، و وولاتانی دی یاسای جەنگەڵستانی تێدا پەیڕەو دەکرێ کە (هێز فەرمانڕەوایە، و بەهێز بێ هێز دەخوات).

ئایا ڕاکەی بۆرێل دروستە؟ داخۆ ئەوروپا ئەمڕۆکە باخچەیە یان جەنگەڵستانە؟!.

* لەم هەفتەیەدا لە هۆڵەندا "گیرت ویڵدەرس" کە سیاسێکی بۆرژوازی ڕاستڕەوی دژ پەنابەرانە بە گشتی، وە گووتارێکی ڕاسیستی هەیە، و باس لە پاراستنی هۆڵەندیە قژزەردە ڕەسەنەکان دەکات بە دەرکردنی پەنەبەرەکان لە هۆڵنەدا، لە هەفتەی پێشوو لەهەڵبژاردندا دەنگی زۆری هێنا، و چاوەڕێ دەکرێ "مارین لۆپان" لە فەرنسا هەمان شانسی هەبێ،، هتد.

* ئەما کوڕە ساڵیحەکانی چینی بۆرژوازی لە نموونەی ( ئێلۆن ماسک و خاوەنی کۆمپانیاکانی کەرتی مەدەنی و تەکنەلۆژی زیرەک ) دژی ڕاسیسم و جەنگن، بۆ نموونە دوای گووتارە ڕاسیسمەکانی "گیرت ویڵدەرس" کۆمپانیای (ASML) گووتی: ئێمە پێویستیمان بە کرێکار هەیە، ئیدی گرنگ نییە ئەو کادێرە قژو چاوی چ ڕەنگێکە، یان بڕوای بە چ ئایینکە. بەلام ئەم دەنگە لیبڕالیسمە لە جیهانی ئەمڕۆدا

لاوازە، هەر چەندە کەرتێکی گرنگ و پێشکەوتووی زانستی سەرمایەن.

* بزووتنەوەی ڕاستڕەوی توندڕەوی بۆرژوازی لە ئەوروپا و ئەمەریکادا بەهێزە، و بە بەڵێنەکانی بەشێکی چینی کرێکاران و چینی مامناوەندی فریوداوە. ئەم بزووتنەوەیە لە ناوەڕۆکدا تارمایی بەربەرسیمە بەسەر ئەوروپا و ئەمەریکادا، هەروەک چۆن نازیەکانی ئەڵەمانیا و فاشیەکانی ئیتاڵیا، هێزێکی بەربەرسیم بوون.

ڕۆڵی قەیرانی ئابووری جیهانی سالآنی ١٩٣٠-١٩٢٩ لە بەهێزکردن و بە جەماوەرکردنی بزووتنەوەی ڕاستڕەوی توندڕەو وێزگەیێکی گرنگە. قەیرانی ئابووری جیهانی بە رکودی ئابووری دەستی پێ کرد، تا لە ساڵی ١٩٢٩بە هەرەسی گەورەی وول ستریت کە پێ دەڵێن پێنج شەممەی ڕەش، ئابووری جیهانی چووە خولی کەسادەوە. لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٢٨ لە ئەڵەمانیا نازیەکان بە سەرکردایەتی هیتلەر لە کۆی دەنگەکان تەنها ٢،٦%هێناوە، واتە ٩٧،٤% دەنگەکانی خەڵکی ئەڵەمانیا نایێکی گەورە بوو بۆ هیتلەرو حیزبەکەی، کەچی لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٣٢ نازیەکان ٣٣% دەنگەکانیان هێنا، واتە دوای چوارساڵ بەهۆی قەیرانی ئابووری و پاڵپشتی چینی برجوازی وموحافیزکاران بۆ نازیەکان لە دژی کۆمۆنیستەکان، هیتلەر بوو بە موستەشاری ئەڵمانیا و نازیەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست.

ئەمڕۆکە قەیرانی ئابووری سەرمایەداری جیهانی تازە چۆتە خولی ڕکود، بەڵام نیشانەکانی خولێکی بەربەریسم بە تەواوەتی دەرکەوتوون:

* زیادبوونی مەیلی عەسکەرتاریسم و پەنابردن بۆ هێزی چەک لە جیهاندا.

* زاڵبوونی ئیدۆلۆژیای کۆنەپەرستی ناسیۆنالیستی و ئایینی لە جیهاندا، وە زۆرێک لەو بزووتنەوانەی کە هەڵگری ئەم ئیدۆلۆژیانەن توندڕەون.

* جەنگ لەسەر خاک/ ویستی هەژموون بەسەر جیۆپۆلۆتیک، جەنگ لە ئۆکراینا، فەڵەستینە، وە دەشێ سبەی لەسەر تایوان،، هتد.

* جەنگ لەسەر بەندەرەکان / ویستی هەژموون بەسەر دەریاکان.

* ململانێ لەسەر مۆدێلی سیستەمی جیهانی سەرمایەداری: یەک تاکە قوتبی یان فرە قوتبی.

* چەند مانگێگ لەمەوپێش بزووتنەوەی کرێکاری لە فەرەنسا، بەریتانیا و ئەمەریکا لەسەر شەقامەکان ڕێپوانیان دەکرد بۆ داواکاری ئابووری، بەڵام بەدوای حەوتی ئۆکتوبەرو جەنگی غەززە، دیمەنەکە گۆڕا بۆ بزووتنەوەی دژی جەنگ و داوای مافی فەڵەستینیەکان.

* بزووتنەوەی سۆسیالیستیش لاوازە لەچاو بزووتنەوەی سۆسیالیستی سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم، و ئەمڕۆکە بۆتە

کەس پەرست و دەق پەرست، وەک هاوڕێ ( ئاسۆ کەمال لە کتێبی "کۆمۆنیزمی نوێ"دا نووسیبووی: بوونەتە سێکتێکی ئایینی ).

لە ڕاستیدا لە جیهانێکی سەرمایەداریدا کە ئەو هەموو کێشە گەورانە و ململانێیانەی سەرەوەی هەبێ، ئاستەمە جێگایەک هەبێ باخچە بێ، بەڵکە هەمووی جەنگەڵستانە.

ڕوانگەی مارکس بۆ بەربەرسیمی سەرمایەداری، لەبری ئەوەی وەسفی سیستەمی سەرمایەداری، بەتایبەتی ڕۆژئاوا بکات، کە شارستانییە و سیستەمی دیموکراتی، و کۆمەڵگەی کراوە، و خاوەنی دیمەنێکی مەدەنی و شەفافە، ئەوە ئاشکرا دەکات کە ئەو دیمانانە دەمامک و دیوێکی ڕووناکی سیستەمەکەیە، ئەما سیستەمی سەرمایەداری دیوێکی تریشی هەیە کە بەربەریسمە؛ لەم ڕوانگەیەوە شارستانی و بەربەریسم دوو دیمەنی هاوکاتی سیستەمی سەرمایەدارین.

## چەند ووشەیەکی کۆتایی

### جیهان لە بەردەم دووڕیانێکدا

هەمیشە خولەکانی داڕمانی ئیمپراتۆرییەتە مەزنەکانی مێژووی کۆن، ساتەوەختێکی پڕ لە مەترسی و کارەسات بووە. مێژووی کۆن پڕن لە بەسەرهاتی قاتووقڕی و کوشتار لە خولی داڕمانی ئیمپراتۆریەتی: بابلی، فرعەونی، ڕۆمای مەزن،، هتد.

باو باپیرانی ئێمە لەو ساتەوەختەدا ژیاون کە ئیمپراتۆریەتی بەریتانیای مەزن خۆری ئاوابووە، لە ساڵەکانی ئەو خولەدا جەنگی جیهانی دووەم بەرپاکراوە، قوربانیەکانی ئەو جەنگە ملیۆنەها ئینسان بووە.

ئەما نەوەی ئێمە لە خولی ئاوابوونی خۆری ئیمپراتۆریەتی ئەمەریکای مەزندا دەژین.

ئیمپراتۆریەتی ئەمەریکا لە خولی ئاوابوونیاندا لە بەردەم دووڕیانێکدایە:

یان بە شێوەیێکی ئەقڵانی و پاشەکشەی ستراتیژی، هێدی هێدی دەچێتەوە سنووری کیشوەری خۆی، و لە تاکە قوتبی یەکەمی جیهانی دەبێتە هێزێک و قوتبێکی جیهانی، یان باڵی نائەقڵانیەتی بۆرژوازی و غرور، و متمانە بەهێزی ئابووری و سەربازی خۆی، وا دەکات ئەمەریکا و جیهان دووچاری کارەسات دەکات.

یەکیەتی سۆڤیەت سالانی هەشتاکان قوتبێکی جیهانی بوو. لە خولی ئاوابوونی ئەستێرەی سۆڤیەت، باڵێکی ڕیفۆرمیست بە سەرکردایەتی (گۆرباتشۆف)، توانی بەبێ جەنگ و کارەسات سۆڤیەت لە سەرمایەداری دەوڵەتییەوە بگۆڕێ بۆ سەرمایەداری بازاڕی ئازاد، لە قوتبێکی جیهانییەوە بگۆڕێ بۆ هێزێکی مەزنی ناوچەیی.

هەروەها سالانێک لە ئەمریکا باڵی ترەمپ هەوڵی گرنگیدان بە ناوخۆی ئەمریکای پەیڕەو کرد. ترەمپ نەیدەویست "هەڵەکانی" بوش

و ئۆباما دووباره بکاتەوە، بۆیە ستراتیژی هاوسەنگی هێزی لە سەرانسەری دەریاکاندا گرتەبەر، و تواناکانی"دیپلۆماسی و ئابووری و سەربازی" بەکاردەهێنا بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئەنجامێکی سەرکەوتوو، بۆ دابینکردنی ئەمنیەتی ئەمریکا. ئەمەش بەوەی کە ئەمریکا کەمتر خۆی بخاتە ناو مەترسییەکانی ململانێ نێودەوڵەتییەکان، هەروەها یارمەتی دەدات خۆی تەرخان بکات بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە ناوخۆییەکانی و پتەوکردنی سیاسەتی ناوخۆ. بۆیە ترەمپ هەوڵیدا لە جوگرافیە ووشکانییە مەترسیدارەکانی وەک (ئەفگانستان، ئێراق و سوریا) بکشێتەوە، و زیاتر ئاووڕی لە ئابلۆقەدانی وولاتی چین دایەوە. بەڵام ئەم باڵە پۆپۆلیستە ڕاستڕەوە جێگای متمانە نییە، کە بتوانێ لە سەردەمی گولبالیزەیشنی سەرمایەداریدا( سیاسەتی گۆشەگیریی - solation policy جۆرج واشنتۆن، و عەقیدەی مۆنرۆ )، جێبەجێ بکات.

هەتا ئەمڕۆش هەنگاوەکانی سیاسەتمەدارانی کۆشکی سپی باڵی نائەقلانی بۆرژوازی، و بە ئیرادەی بەهێز، و خولیای هەژموون بەسەر دونیا، و بڕوابوون بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ گەیشتن بە ئامانجە ئابووری و سیاسیەکانی، بەسەریدا زاڵە؛ یانی ڕێگای کارەسات و داڕمان. لەم کورتە شیکارەوە دەگەینە ئەنجامگیرییەک؛ کە پایزی ئەمریکا پڕە لە کارەسات بۆ خۆی و جیهان.

"ئیبن خەلدون" بۆ ساتی داڕمانی دەوڵەتەکان بە شێوازێکی زۆر جوان و دورست وەسفی ئەو خولە دەکات:

( کاتێک دەوڵەتەکان دەڕووخێن، ئەستێرەناس، سواڵکەر، دووڕوو، خۆنمایشکەر ،، چەنەباز ،، شاعیری ئاسایی، مرۆڤی بێ بایەخ ،، فەلەکناس، فاڵچی ،، تەنزئامێز و کۆچبەران و هەلپەرستان، زیاد دەبن. دەمامک ئاشکرا دەبێت، ئەوەی تێکەڵ نەکراوە تێکەڵ دەبێت، قەدرزانی لە دەست دەچێت، بەڕێوەبردن خراپ دەبێت، مانا و قسە تێکەڵ دەبێت، ڕاستگۆیی تێکەڵ بە درۆ و جیهاد تێکەڵ بە کوشتن دەکرێت. ،، تیرۆر زاڵ دەبێت ،، مشتومڕەکان درێژ دەبنەوە، مرۆڤەکان پەنا بۆ مەزهەبەکان دەبەن ،، دۆست دەگۆڕێت بۆ دوژمن و دوژمن بۆ دۆست، دەنگی درۆ بەرزتر دەبێتەوە و دەنگی حەقیقەت شکست دەهێنێت، ڕووخساری گوماناوی لە ڕووکەشدا دەردەکەون، ڕووخساری کۆمەڵایەتی نامێنن، خەونەکان کەم دەبنەوە، هیوا دەمرێت، نامۆبوونی کەسی دانا زیاد دەکات ،،، دەنگی دانایان لە ژاوەژاوی بانگخوازاندا وون دەبێت ،، دەنگۆی هەڵهاتنێکی گەورە بڵاودەبێتەوە، فیتنە و پیلانەکان زیاد دەبن، ئامۆژگاری لە دوورەوە زۆر دەبێ ،، زلهێزەکان ڕۆیشتن دەخەنە بەرچاوی خۆیان، دەوڵەمەندەکان خەمی سەروەت و سامانەکەیان دەبێ، هەمووان وریا دەبن و چاوەڕوان دەبن، دۆخەکە دەگۆڕێت بۆ پرۆژەی کۆچبەران، نیشتمان دەگۆڕێت بۆ وێستگەیەکی سەفەر، ئەو پانتاییەی کە تێیدا دەژین دەگۆڕدرێ بۆ جانتا، و ماڵەکان دەگۆڕدرێن بۆ یادەوەری، و یادەوەرییەکان دەبنە چیرۆک).

بۆ سۆسیالیستێک لەم هەلومەرجەدا، ئەو کات دەزانێ کە چ ئەرکێکی مەزن لە پێشیەتی بۆ هۆشیارکردنەوەو ڕێکخستنی چینی کرێکاران بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی؛ کاتێ سام دەیگرێ لە وەحشیەتی

سەرمایەداری، کە زۆر بێ باکە لە کۆکوژی هەموو مرۆڤایەتی بە قەیران و جەنگ و دەردو پەتا، کاتێ ئۆپۆزیسۆن لە دەسەڵات بەدترە، ساتێ زۆرێک لە بەناو کۆمۆنیست و سۆسیالیستەکان کۆپییکی بۆرژوازی لیبڕاڵی هەرزانن، کاتێ ئەنجامی بزووتنەوە جەماوەرییەکان تەنها ڕژێم چێنچە، و دەبێتە دەسکەوت بۆ دەسەڵاتی زیاتری سەرمایەداران، کاتێ لە ناخی زۆربەی ئازادیخوازاندا ستالینێکی گرگن دەژی، کاتێ هاوڕێی ڕێگات لە ناکاو دەبێتە دوژمنت؛ ئیدی دەزانێ ئەوە سەردەمی دڕندەیی سەرمایەدارییە.

---

* "سۆسیالیزم یان بەربەریزم" دەربارەی جیهانگیری و سۆسیالیزمی ئەمریکی و سیستەمی سەرمایەداری، لە نووسینی فەیلەسوف و ئابووریناسی مارکسیستی هەنگاری "ئیستڤان مێسارۆس". کتێبێکە لە دووبەش پێکهاتووەو ساڵی ٢٠٠١ بڵاوکراوەتەوە.

---

(١) "دەفتەرەکانی بۆن" - Marx's Bonn Notebooks/ ئەمە پوختەکردنی تێبینیە ڕەخنەگرانەکانی مارکسە، لە هاوکاری نێوان باوەر و مارکس لە نێوان ساڵانی ١٨٣٩ و ١٨٤٢.

(٢) ( دەفتەرە ئێتنۆلۆژییەکانی کارل مارکس ) / The Ethnological Notebooks of Karl Marx / - وەک دەزانرێت مارکس کەمێک پێش مردنی لە ساڵی ١٨٨٣ " ئەم تێبینیانەی

نووسیووه. "دەفتەرە ئێتنۆلۆژییەکانی کارل مارکس" لەسەر بنەمای ئەو تێبینییە تەواونەکراوانەی مارکس لەسەر دەقەکانی لویس هێنری مۆرگان (کۆمەڵگەی کۆن)، جۆن بود فیر (گوندی ئاریەکان)، هێنری سامنەر مەین (کۆڕەکان لەسەر مێژووی سەرەتایی)، و جۆن لوبۆک (سەرچاوەی شارستانیەت). دەفتەرەکان تا ڕادەیەکی زۆر بە زمانی ئەڵمانی بوون و بۆ یەکەمجار لەلایەن لۆڕێنس کرادەرەوە لە کتێبی دەفتەرە ئێتنۆلۆژییەکانی کارل مارکس لە ساڵی ١٩٧٤ لەلایەن دامەزراوەی نێودەوڵەتیی مێژووی کۆمەڵایەتی نووسراونەتەوەو لێکدراونەتەوە لە هۆڵەندا (١٩٧٤ ) چاپکراوە.

## ڕەشنوسێک دەربارەی:

## "ڕێبازی شۆڕشی پڕۆلیتاریا "

**سامان کەریم**

*شۆڕشی پڕۆلیتاریا-کۆمۆنیستی- وەک شۆڕشی بورجوازی دژ بە سیستەمی فیودالّی، پایە و زەمینەی دەستپێکردنی بابەتی تایبەت بەخۆی هەیە. واتە بەجیا لەوەی ئێمە یان هەر کەس و لایەن و حزبێک بیری لێدەکاتەوە، شۆڕشی پڕۆلیتاریا بزووتنەوەیەکی پانوپۆڕ و گەورەی کۆمەڵایەتی چەوساوەکانی سیستەمی سەرمایەدارین - پڕۆلیتاریا- لە پێناو هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی سەرمایەداریدا، سیستەمی کاری بەکرێ. پایەی سەرەکی و بابەتی شۆڕشی کۆمۆنیستی، لێکترازان و بەریەککەوتنی دژایەتییە نێوخۆییەکانی سیستەمی سەرمایەداری خۆیەتی؛ دژایەتییەک، تیایدا پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ڕێگرن لە بەردەم گەشە و پێشکەوتنی هێزە بەرهەمهێنەرەکاندا. هەلومەرجی ئەم قۆناغەی ئێستای جیهانی سەرمایەداری، بێگومان ئەو دیمەن و تایبەتمەندیەمان بەشێوەیەکی ڕۆشن نیشان دەدات.

لەگەڵ گەشەی بێ وێنەی مێژوویی هێزە بەرهەمهێنەرەکاندا، هەم پێشکەوتنی زانست و هەم پڕۆلیتاریای پڕۆفیشناڵ و کارامە، شۆڕشی زانستی چوارهەم و سەرهەڵدانی زیرەکی دەستکرد و بەکارهێنانی لە هەندێ بواری پیشەسازی و بازرگانیدا وەک سەرەتایەک بۆ گۆڕینی کۆی فۆرمی بەرهەمهێنان و شێوازی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی کار و لە دواجاردا دابەشکردنەوەی سەرەوەت و سامانی کۆمەڵگە لە نێوان دوو چینەکەدا بە قازانجی بورجوازی.

کۆی ئەم دیمەنە لە بناغەوە دەگەڕێتەوە بۆ خۆ هەڵکۆڵینی یان خۆ لەنـاوبردنی سیسـتەمی سـەرمایەداری خـۆی، لە ڕێـگەی دژایەتیـیە دەروونییەکـانی خـۆیەوە و لەڕاسـتیدا لە ڕێچـکەی پیربـوون و مـاوە بەسەرچوونی خۆیەوە وەک سیستەمێکی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی. پایەی سـەرەکی ئەم ڕێچکەیە لە ئاڵۆگۆڕێکدایە کە بەسـەر "پێکهاتەی ئۆرگـانی سـەرمایەدا" دێـت. لە وڵاتە تەکنۆلـۆجیە پێشـکەوتووەکاندا، ئـاڵوگۆڕی گەورە بەسـەر ئەم پێکهـاتەیەدا هـاتووە. واتە بەشـی سەرمایەی نەگۆڕ کە "ئامێر و لۆجیستیکا و گواستنەوە و گەیاندن و ... " دەگرێتەوە زۆر زیاترە لە بەشی سەرمایەی گۆڕاو کە " کڕینی هێزی کاری کرێکار" دەگرێتەوە. بەتایبەت ئەگەر سـەرنج بدەینە سـەر پێشکەوتن و پێشڕەوی زیرەکی دەستکرد و کاریگەرییەکانی بۆسـەر گـۆڕینی سـەرجەم کایەکـانی بەرهەمهێنـان و ژیـانی کـۆمەڵایەتی و دوورخستنەوەی ڕێژەیەکی هێجگار گەورەی هێزی کاری جیهانی لە بواری کارکردن، ئەو کاتە پێکهاتەی ئۆرگانیکی سەرمایە بە قازانجی سـەرمایەی نەگـۆڕ، هێجگـار قەبەتـر دەبێـت لە بەرانـبەر بەشـی سـەرمایەی گـۆڕاودا -کڕینـی -هێـزی کـار- . ئەم ئاڕاسـتەیە بە ڕێژەیەک گەیشتووە، ترسی لەسـەر خودی سیستەمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری داناوە و بەم پێیە نەخۆشیەکانی زیادە بەرهەمهێنان و کەمـی خواسـت لەسـەر کاڵاکـانی، کـردۆتە دیـاردەیەکی بەردەوامـی سیستەمەکە. هەروەها بێ متمانەیی خودی وەبەرهێنەرانی سەرمایە و بەرزبوونەوەی ڕێژەی قەرزەکان و ڕێژەی سودی بانکی و دابەزینی نرخـی بۆرسـەکان و بەرزبـوونەوەی لە ڕادەبەدەری نرخـی ئـاڵتون و ڕێژەی بەرزی بێکاری و گرانبوونی کاڵاکـان... نیشـانەی ئەو قەیرانە

قـولّەیە کە سیسـتەمی سـەرمایەداری ئەمـڕۆی تێیکەووتـوە، کە لە بنـاغەدا دەگەڕێـتەوە بـۆ کەم بـوونەوەی ڕێـژەی وەبەرهێنـانی سەرمایەی گۆڕاو " کرینی هێزی کار" لە چاو سەرمایەدی نەگۆڕدا "ئامێرەکان و لۆجیستیکا و ژێرخانە ئابورییەکان، خانووبەرە و شەقام و کۆگاو ...". ئەم ئاڕاستەیە ئەمڕۆ گەیشتۆتە ئاستێک کە لە ڕوانگەی بورجـوازی خـۆیەوە پێمـان دەڵێـت کە ئاسـۆی ئاینـدە ئەوەیە: 300 ملیۆن کرێکار "لەسـەر کارەکانیـان نەمێنن بەهـۆی گەشـەی زیرەکی دەسـتکرد و بەکارهێنـانی لە هەمـوو بوارەکـانی وەبەرهێنانـدا بەپێـی ڕاپۆرتێکی بی بی سی-28/ئازار/2023". لەوەش زیاتر ئیلۆن ماسک دەڵێت[1]: "نـازانم ئەوکـاتە کەی دێـت بەڵام کاتێـک دێـت کە زیرەکـی دەسـتکرد، هەمـوو کارەکـان دەکـات". ئەمە واتـای کەم بـوونەوەی زێدەبایی و تێکڕای ڕێژەی قازانجی سەرمایەیە لە ئاستی نیشتمانی وڵاتە بەکاربەرەکـانی زیرەکـی دەسـتکردا، وە دواجـار لە ئاسـتی جیهانیدا...... ئەم پۆینتە پێویست نییە زیاتر لە سەری بڕۆین و باسی هـاوڕێ -ئەکرەم سـەعید- لە دانیشـتنی پێشـوودا لەسـەر ئەم بڕگەیە بوو بە ناونیشـانی "سـەرمایەداری: قەیران و بەربەریسـم ". پێکدادانی چینایەتی لە توندترین ئاستدا لە سەر ئەم بناغەیە ڕوودەدات، واتە لە سەر پایە ماددییەکانی شۆڕش. هەروەها سەرنج بدەرە" تفاوت الدخل فی الولایـات المتحـدة/ پـێگەی مەعریفە". بەڵام بـۆ کۆمۆنیسـتێک وەک مـارکس دەڵێت " پێویسـتی بە شۆڕشـگێرکردنی جیهـانی مەوجـوودە". جیهانی مەوجوودی سەرمایەداری و هێزی شۆڕشگێری پرۆلیتاریا.

*هێـزی شۆڕشـگێر؛ لەم سـەردەمەدا تەنهـا چینـی پڕۆلیتاریـا و بـزووتنەوە چینـایەتیەکەیەتی. بـزووتنەوەی چینـایەتی پڕۆلیتاریـا بـۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی خاوەندارێتی تایبەت، هەمان بزووتنەوەی کۆمـۆنیزمە بـۆ هەمـان ئامـانج. ئەگەر جیـاوازییەک هەبێـت، لەئاسـتی تێڕوانین و جیهانبینی دایە، مارکس بە دوو خاڵی سادە لە مانیفێستدا ئەم جیـاوازییەی ڕۆشـنکردۆتەوە[2]. ئەم بـزووتنەوەیە دژ بە کـۆی سیسـتەمی سـەرمایەدارییە: -پەیوەنـدیەکانی بەرهەمهێنـانی سەرمایەداری کە لەسەر چەوسانەوەی بێ سنووری چینی پڕۆلیتاریا دامەزراوە، کاری بەکرێ و زێدەبایی و دەسەڵات و یاساو ڕێساکانی بورجـوازی و دەوڵەتەکەی و دەزگـای کـارگوزاری و دادگـایی و سیسـتەمی ئایـدۆلۆجیە جیاوازەکـانی-. کەواتە بـزووتنەوەی بەشـی زیندووی هێزە بەرهەمهێنەرەکانە -بەشـی پڕۆلیتاریـا- بە ناونیشـانی چینێکـی کـۆمەڵایەتی دژ بە سیسـتەمی سـەرمایەداری. واتە کـۆی پەیوەنـدییەکانی بەرهەمهێنـان و دەسـەڵاتەکەی و خەبـاتی بێووچـان وەک هێـزی ئـاڵوگۆڕبەخش لە پێنـاو تێپەڕانـدنی قۆنـاغی کۆمەڵگـای چینایەتی بورجوازی بەرە و قۆناغ و سەردەمێکی نوێ و دامەزراندنی کـۆمەڵگەیەکی بـێ چـین لە ڕێـگەی شـۆڕش و هەڵتەکانـدنی پەیوەنـدییەکانی بەرهەمهێنـانی سـەرمایەداری و دامەزرانـدنی کـۆمەڵگەی هەرەوەزی بەرهەمهێـنەران لە ڕێـگەی کۆمۆنەکـانی خۆیانەوە، یان هەر ناوێک کە چینی پڕۆلیتاریا خۆیان دیاریدەکەن.

***شۆڕشی کۆمەڵایەتی پڕۆلیتاریا "کۆمۆنیزم" وەک چینێک دژ بە سیستەمی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییە. بە پێی لێکۆڵینەوە و پشکنینی ئەزموونە مێژووییەکانی پێشوو (سەرنج بدە لە جەنگی ئەهلی لە فەرەنسا و بانگەوازەکانی یەکەم و دووەمی کانسڵی گشتی کۆمەڵەی کارگەرانی ئینتەرناسیونال- ١٨٧٠-١٨٧١/ مارکس/ پێشەکیەکانی مانیفێستی کۆمۆنیست.../شۆڕشی کۆمۆنە و ڕوسیا و ئەڵمانیا سەرەڕای جیاوازیان) لە لایەک، وە بەپێی هەلومەرجی سەرمایەداری جیهانی و پێکهاتی بازاڕێکی گەورەی جیهانی کە کۆمپانیا جیهانییەکان بەڕێوەی دەبەن و هەروەها هەلومەرجێکی تێپەڕی سەرمایە ((ئەمە وەک پۆینتێکی ئەم هەلومەرجە دیاریکراوەی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی کە لە بارێکی مۆلەقی و تێپەڕدایە)) شۆڕشی پڕۆلیتاریا لە وڵاتە گەورە پیشەسازییە گەورەکاندا ڕوودەدات، شۆڕشێکی جیهانیە. لێرەدا بە کۆنکرێتی باسە لەسەر سنووری مومکین بوونی جوگرافیایی شۆڕشی پڕۆلیتاریا... لەسەرەتای ڕاسانیدا. بەجیا لە هەر ڕێگریەکی بابەتی شۆڕشێکی لەم چەشنە لە وڵاتانی "دواکەوتووتری پیشەسازی"دا، و بە گریمانەی ڕوودانی، ڕاستەوخۆ شۆڕش قابیلی سەرکوتی خوێناوییە لە هەلومەرجی ئەمڕۆی جیهاندا، لە لایەن وڵاتانی زلهێزی سەرمایەوە. بەجیا لەوەش پاش ئەزمونێکی مێژوویی زیاتر لە ١٥٠ساڵی بزووتنەوەی پڕۆلیتاریا و داخورانی کارەساتباری شۆڕش لە ڕوسیا

!!، پێم وانییە دووبارە بوونەوەیەکی تراجیدیای چەشنی شۆڕشی ڕوسیا لە جیهاندا ببینینەوە.

بە ئیزافەی ئەوانەش، هەلومەرجی 35 سی وپێنج ساڵی ڕابووردوو بەشێوەیەکی ڕۆشن لغاوبەربوون ودەخاڵەتی ڕاستەوخۆی وڵاتانی سەرمایەداری گەورەی جیهانی و ناوچەیی دژ بە نەیارە بورجوازییەکانی خۆیانی کردۆتە دیاردەیەکی سیاسی جیهانی ئەمڕۆ، لە ڕێگای دەخاڵەتی پێش وەختەی سەربازی و جەنگ و ئابلۆقەی ئابورییەوە ( ئەمریکا لە یۆگۆسلاڤیا و عێراق و ئەفغانستان و لیبیا و سۆماڵ و ئۆکرانیا وسوریا ویەمەن ومیسرو تونس...، سعودیە وئیمارات لە یەمەن، تورکیا لە سوریا و لیبیا و عێراق، ڕوسیا لە جۆرجیا و ئۆکرانیا وسوریا، ئێران لە عیراق و لوبنان و یەمەن و فەلەستین...) چجا بگات بە شۆڕشی پڕۆلیتاریا. ئەمە ئیتر ئەزموونی مێژووە.

کەواتە کۆمۆنیستەکان تا پێیان بکرێت پێویستە وە حەتمەن پێویستە، لەمبارەوە هوشیاری کۆمۆنیستی بڵاوبکەنەوە. سوود وەرگرتن لە ئەزموونەکانی پێشوو، تا ئاستی پایەیەکی سەرەکی تێڕوانینی کۆمۆنیستی بۆ شۆڕشی پڕۆلیتاریا و بەهرەمەند لە هۆشیاری کۆمۆنیستی جێگیر دەبێت. مارکس لە جەنگی ئەهلی لە فەرەنسادا دەنوسێت: "یەکەم پرسیارم کە لە ئێوارەی 4ی ئەیلولدا ئاڕاستەی

هاوڕێکانم کرد ئەوە بوو: ئایا پاریس هیچ ئیمکاناتێکی خۆڕاگری هەیە بە سەرکەوتوویی بۆ ئەوەی بەرگەی گەمارۆی سوپای پرۆسیا بگرێت؟ من دریغیم نەکرد لە وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە بە نەرێنی- نەفی-. قسەی هەندێک لە هاوڕێکانم دەهێنمەوە کە لێرە ئامادەن؛ دەتوانن ڕاستی قسەکانمتان بۆ بسەلمێنن؛ بۆچوونی من هەمیشە هەر ئەوەبوو کە لەو کاتەدا دەرمبڕی مـن ئەوەی ئێستا پێتان دەلێم ئەوکاتە پێم وتن: هەولدان بۆ بەرگریکردن لە پاریس لە بەرامبەر سوپای پروسیادا لە دۆخی ئێستادا شێتییەکی تەواوەتییە- و زیادم کرد-شێتی قارەمانانەیە، بەلام بێگومان- لە شێتی زیاتر نییە... ڕووداوەکان (بە ئاڕاستەی خۆی) پێشبینییەکانی منیان سەلماندووە." ( الحرب الاهلیة فی فرنسا/ مارکس). بەلگەیەکی کۆن بەلام سەر ڕاست و زۆر وردبینانە بەتایبەت بۆ سەردەمی ئەمڕۆ. باسی کۆمۆنیستەکان و بلاوکردنەوەی هوشیاری چینایەتی لە پەیوەند بەم بابەتەی شۆڕشەوە، گرینگی گەورەی هەیە.

**** شۆڕشی کۆمۆنیستی، چینی پڕۆلیتاریا وەک چینێک پراتیکی دەکات. ئەم چینە هەم خۆی ڕێکدەخات بە شێوازێک کە گونجاو بێت بۆی – کۆمەلەی ئینتەرناسیونالی، حزب، کۆمۆنەکان، کۆمەلەکان، کۆمیتەکان...- لە ئاستی جیاوازی ڕێکخراوەییدا، وە هەم ڕابەری شۆڕشی خۆیدەکات، لەڕێگەی فۆنکسیۆنە ڕیکخراوەکانی خۆیەوە، بۆ گەیشتن بە دەسەلاتی سیاسی چینایەتی پڕۆلیتاریا-دیکتاتۆری

پڕۆلیتاریا/ حکومەت و دەوڵەتێکی کاتییە. حزبی چینایەتی پڕۆلیتاریا لە پێناو گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی، و بنیات نانی کۆمەڵگەیەکی بێ چین لە رێگەی هەڵوەشانەوی خاوەنداریێتی تایبەت و خۆبەڕێوەبردنی هەرەوەزی بەرهەمهێنەران خۆیانەوە- حزب بۆی نییە دەسەڵات بگرێت و ئەو ئەرکەی نییە-. باوەشکردنەوەی بزووتنەوەی پڕۆلیتاریا و تەنانەت شۆڕشەکەشی بۆ نەریتی خەباتکارانە و شۆڕشگێرانەی کۆمۆنیزمی پڕۆلیتاری، دیاردە و پڕۆسەیەکی خۆبزوێن و ئۆتۆماتیک نییە، بەڵکو لەبناغەوە پێویستی بە کاری بەردەوامی کۆمۆنیستەکانی چینی پڕۆلیتاریا و بزووتنەوەی پڕۆلیتاریایە، واتە پێویستی بە کاری کۆی چینی پرۆلیتاریا هەیە. مارکس وبزووتنەوەی پرۆلیتاریا و ئینتەرناسیونالی یەکەم، شاکاری ئەم یەکبوونە لەئاستی تیۆر و پراتیکدا.

***** شۆڕشی پڕۆلیتاریا بەپێی بوونی بازاڕیکی هاوبەشی جیهانی قابیلی جیابوونەوە نییە بە پێی- نیشتمانی قەومی و تەنانەت کیشوەری- بازارێکی گلۆباڵ کە نەک تەنها کاڵاکانی لە ڕێگەی ئاڵوویرەوە کردۆتە دابەشکردنی کارێکی جیهانی، بەڵکو بەرهەمهێنانی کاڵاکان و تەنانەت یەک کاڵاشی کردۆتە بەرهەمێکی جیهانی و لەم ڕێگایانەوە پەیوەندی بەهێزی بابەتیانەی خوڵقاندووە لە نێوان بەشە

جیاوازەکانی پڕۆلیتاریای جیهاندا. ئەم حەقیقەتە لەباری فیزیکیشەوە پڕۆلیتاریای گەیاندۆتە ئاستی "تاکێکی جیهانی" 281 ملیۆن کۆچبەر بەپێی IOMلە ساڵی 2020دا کە دەکاتە 6,3ی دانیشتووانی جیهان، واتە پڕۆلیتاریا بۆتە گەریدەیەکی جیهانی و لە پێناو فرۆشتنی هێزی کارەکەیدا، تەواوی سنورە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی تێکشکاندوە، هەروەک بەرهەمهێنانی کاڵاکان. و بەم پێیە و لە سەر ئەم بناغەیە، وێڕای خەباتی ڕۆژانە و چینایەتی پڕۆلیتاریا لە ئاستە "نیشتمانییەکانیدا"، نەوەی ئێمە شاهیدی خەباتی پڕۆلیتاریایە لە ئاستی جیهانیشدا لە ڕیزی پڕۆلیتاریای کۆمپانیا جیهانییەکاندا -ئەمەزۆن، تیۆتا، ماکدۆناڵد،... وەک نموونە-، و لە یادکردنەوەی ١ی ئایارەکاندا کرێکارانی وڵاتە جیاوازەکان دەبینین بە هەمان خواست و هەمان شێوازی خەباتکارانەوە دێنە مەیدان، ئەمە وێڕای ئەوەی کە هەموو خەباتێکی پڕۆلیتێری لە ناوەرۆکدا ئینتەرناسیوناڵە.

ئەم پایە بابەتیەی، بوونی چینی پڕۆلیتاریا وەک چینێکی جیهانی مێژوو کردە، وە بە ناچار ڕیکخراوەکانی پڕۆلیتاریای لە ئاستە جیهانییەکەیدا بەرهەمهێناوە، سەرەڕای ئەوەی کە ئامرازی ڕێکخراو و وەڵامدەرەوەی پێداویستیەکانی پڕۆلیتاریا نین لە ئاستی جیهانیدا( ITUC, ICFTU,..... ). بەڵام پێش ئەوە بازاڕی جیهانی و پێویستی بەڕێوەبردنی ئەم بازاڕە، بورجوازی جیهانی لە قامەتی چینێکی جیهانیدا ڕێکخراو کردووە لە هەموو ئاستە ئابوری و سیاسیەکاندا،

سـەرەڕای هەر جیـاوازی و تەنـانەت دژایەتـی و دوژمنکـاریەکی نەتەوەیی و کێبەرکێەکی ئابوری لە نێوانیاندا: نەتەوە یەکگرتووەکان ودامودەزگا جیاوازەکانی، بانکە جیهانییەکان، یانە و فۆرمە ئابورییە جیهانییەکان، تەکەتولە کیشوەری و ناوچەییەکان، بێگومان بە گشتی دژ بە پرۆلیتاریای جیهان وەستاون و ڕاشکاوانە لە ڕێگای دەستورو یاساکانیانەوە پراتیکی دەکەن –وەک نموونەیەک ڕێکخراوی کاری جیهانی ILOو یاساکانی لە پەیوەند بە قانونی کارەوە–!. لە کەشێکی جیهانی بابەتی لەم چەشنەدا؛

***** پرۆلیتاریا وەک چینێک، بەناچار لە ڕووی بابەتیەوە وەک چینێکی جیهانی خولقاوە. ئەمڕۆ ئەم حەقیقەتە، دیاردەو بابەتێکی کۆنکرێتە و بازاڕی جیهانی و فراوانبوونەوەی هێجگار گەورەی دابەشکردنی کار و گەشەی لە ڕادەبەری هێزی بەرهەمهێنەری کار "نەک تەنها تەکنۆلۆجیا و گەشەی پیشەسازی"، پرۆلیتاریای مەحروم و هەژار و دوور لەهەر ژیانێکی شایستەی، کردۆتە واقعیەت و ڕاستیەکی جیهانی ئەمڕۆ. لە بەرانبەریشدا سەروەت و سامانی جیهانی خستۆتە دەستی ژمارەیەکی هێجگار کەم لە ملیاردێرەکانەوە لە ڕێگای دەرکێشانی ڕێژەیەکی گەورەی زێدەباییەوە لە هێزی کاری پرۆلیتاریا، زێدەباییەکی جیهانی. کەڵەکەی سەرمایەی هێجگار زەبەلاحی ملیاردێرەکان و کۆمپانیا جیهانییەکانیان، بەدەوری خۆیدا پشتیوانە و هاوپشتییەکی چینایەتی گەورەی بەشە جیاوازەکانی

بورجوازی و دەسەڵاتەکەیانی ڕەخساندووە. -نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکێتی ئەوروپا، نافتا، برێکس، ئاسیان،....-

****** پڕۆلیتاریا وەک چینێک بە ناچار لە ڕووی بابەتیەوە ناتوانێت وە لەباری واقعیەوە مومکین نییە نەک تەنها شۆڕشەکەی سنووردار بکاتەوە لە چوارچێوەیەکی لۆکەڵیدا "قەومی ولاتێکدا"، بەڵکو تەنانەت خەباتی خۆی لە پێناو زیادکردنی کرێشدا قەتیس بکاتەوە لە چوارچێوەیەکی لۆکەڵیدا "قەومی" ئەگەر نا سەرکەوتوو نابێت و سنووردار دەبێت، وەک ئێستا دەیبینین. خەباتی پڕۆلیتاریا لە ڕووی بابەتیەوە جیهانییە. پێکەوە گرێدانی بەشەجیاوازەکانی پڕۆلیتاریا لە تۆڕیکی فراوانی جیهانی پیشەسازیەکدا، یان پیشەسازیە جیاوازەکاندا -تەلەفۆنی مۆبایل، کۆمپیوتەر، فڕۆکە و ئۆتۆمۆبێل- وەک نموونەی زۆر سادە، چەندین وڵات و کۆمپانیای جیاواز بەشداری دەکەن لە بەرهەمهێنانی هەمان کاڵادا. لە ڕوویەکی تریشەوە هیچ شارێک نییە لە جیهاندا، کە پڕۆلیتاریای وڵاتە جیاوازەکانی لە خۆ نەگرتبێت و نەبووبێتە مەیدانی کاری هەمووان و چەوسانەوەی هەمووان. ئەم پایە بابەتیە گەورە و فراوان و جیهانییە ئێستاو لە مێژە، بە ناچار شۆڕشی کۆمۆنیستی کردۆتە شۆڕشێکی جیهانی. پێش زیاتر لە ١٥٠ ساڵ مارکس و ئەنگلس ئەم ڕاستیەیان ئاشکرا کردووە. ئەنگلس دەنووسێت :"ئایا دەکرێت ئەم شۆڕشە تەنها لە یەک وڵاتدا ڕووبدات؟ نەخێر..... ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە

شۆڕشی کۆمۆنیستی تەنیا دیاردەیەکی نەتەوەیی نابێت، بەڵکو دەبێت لە یەک کاتدا لە هەموو وڵاتانی شارستانیدا ڕووبدات.  ئەمەش مانای ئەوەیە، لانیکەم لە ئینگلتەرا، ئەمریکا، فەرەنسا و ئەڵمانیا. ( ئەنگلس/ بنەماکانی کۆمۆنیزم/ خالّی 19 لا: 23-عەرەبی/ تەئکید هی منە).

هەروەها لە ئایدۆلۆجی ئەلمانیدا دەنوسن :"لە ڕووی ئەزموونییەوە کۆمۆنیزم مومکین نابێت، مەگەر تەنها لەسەر بنەمای کردەوەیەک کە نەتەوە باڵادەستەکان -زاڵەکان- "بە یەکجار" ولە هەمان کاتدا ئەنجامی دەدەن، ئەمەش پێشوەخت پێویستی بە گەشەسەندنی گشتی هێزی بەرهەمهێنان و مامەڵەی -پەیوەندی بەرهەمهێنانی- جیهانی یەوە هەیە، کە پەیوەندییەکی هێجگار پتەوی بە کۆمۆنیزمەوە هەیە.(مارکس، ئەنگلس/ئایدۆلۆجی ئەڵمانی/عەرەبی لا: 55 ئەلکترۆنی/ ناو داشەکان هی منە/ بەراوردی 3 ڤیرژن کراوە دوو عربی وکوردیەک/ تەئکید هی منە).

******لە هەلومەرجی ئەمڕۆی جیهاندا، لەسایەی یەک بازاڕیی و دابەشکردنی کاری جیهانی و پڕۆلیتاریایەکی جیهانی  و گەشەی گەورە و مەزنی هێزە بەرهەمهێنەرەکاندا (زیرەکی دەستکرد و پیشەسازی و هێزی کار)و لەسایەی قەیرانیکی قووڵی ئابوری سەرمایەداری جیهانیدا، شۆڕش لەو وڵاتانەوە دەست پێدەکات کە لەباری مێژووییەوە تەکنۆلۆجیای گەورەی پیشەسازی و زیرەکی دەستکرد، زیاتر تیایاندا پێشکەوتوون و هێزی ئابوری باڵادەستن لە

ئاستی جیهاندا. وڵاتانی ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و وڵاتانی دیکەی وەک چین و هند و بەرازیل...-سنووری سەرهەڵدانی جوگرافیایی شۆڕشن لە جیهانی ئەمڕۆدا- بەڵام ئەم واقیعیەتە بابەتیە، وەک قەیرانە ئابورییەکان چۆن لە گەورەترین سەرمایە و وڵاتی سەرمایەدارییەوە دەستپێدەکات (2008 لە ئەمریکاوە دەستیپێکرد). هەرئێستاش نیشانەکانی ڕۆچوونی زیاتری قەیرانی ئابوری سەرمایەداری جیهانی یەخەی بە ئەمریکا گرتووە. لە هەموو بارێکدا شۆڕشی پڕۆلیتاریا، شۆڕشێکی جیهانییە و -لە چەند وڵاتێکەوە- فراوان دەبێتەوە بۆ مەودا جیهانییەکەی. بۆ نموونە ئەگەر شۆڕش لە ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاواوە دەست پێبکات وەک قەیرانی ئابوری ساڵی 2008 زۆربەی وڵاتە گەورە ئابورییەکانی جیهان دەگرێتەوە. لە هەمانکاتدا بازاڕی ئەمریکا یان چین یان ئەڵمانیا و هندستان خۆیان بازاڕێکی گەورەی جیهانین هەم بۆ بەرهەمهێنان و هەم بۆ هەناردەکردنی کاڵا و هەم بۆ ئاوردەکردنی و هێزی کاریش، کۆمپانیاکانی ئەمریکا و چین لە دەیان وڵات لق و کارگەی گەورەی پیشەسازی وماڵی و کشتوکاڵییان هەیە، سەدان ناوچە و بواری لۆجیستیکایان بەدەستەوەیە.

********شۆڕشی پڕۆلیتاریا لە وڵاتێکەوە یان چەند وڵاتێکەوە دەست پێدەکات -جوگرافیای ڕاسانی شۆڕش- و بەرەو ناوچە و جیهانی بوون ڕاستەوخۆ و بێ چاوەڕوانی گڕ دەستێنێت بۆ چەندین

وڵاتی دیکە، بەهەمان شێوەی گواستنەوەی خێرای قەیرانی ئابوری بۆ وڵاتەکانی دیکە. وەک قەیرانە ئابورییەکان چۆن ئێستا هەموو جیهانی گرتۆتەوە، شۆرش بەهەمان شێوە و خێراتریش جیهانی دەبێتەوە، لە ڕاستیدا خۆی جیهانیە. بە دڵنیاییەوە شۆڕشی پڕۆلیتاریا گەورەترین لوتکەی قەیرانی سیستەمی سەرمایەدارییە. لە هەمانکاتدا گەشەی لە ڕادەبەدەری هۆکانی گەیاندن و گواستنەوە -میدیا و سۆشیال میدیا و کەناڵە ئاسمانییەکان و فڕۆکە و شەمەندەفەرەکان....- هۆکاری بابەتی گرینگن بۆ فراوانبوونەوەی دامێنی شۆڕش. بەم پێیە شۆڕشی کۆمۆنیستی لە باری کرداری و ڕاسانیشەوە، ناتوانێت شۆڕشێکی ئینتەرناسیونالی نەبێت. سەردەمی گیرسانەوەی یان قەتیس مانەوەی شۆڕشی پڕۆلیتاریا لە تاک وڵاتیکدا هیچ کات واقعی و بابەتی نەبووە، یان دەست و برد تێک دەشکێت!! یان بە خێرا سنووری قەومی دەشکێنیت و فراوان دەبێتەوە. ئەم پۆینتە تەنها بۆ ڕۆشنکردنەوەی جوگرافیای دەستپێکردنی شۆڕشە.

********** پۆینتێکی تر ئەوەیە کە ڕووداوەکانی سەد ساڵی ڕابردوو تا ڕادەیەکی زۆر فکر و نەریت و هوشیاری کۆمۆنیستیان نامۆ کردووە لە چینی پڕۆلیتاریا، تا ئاستی زەوتکردنی لە لایەن بورجوازی جیهانییەوە، لە ڕێگای جیاوازەوە: -هەڵە کوشندەکانی لینین و بەلشەفیکەکان و داخورانی شۆڕشی ڕوسیا، سەرکوتی

شۆڕشـی ئەڵمانیـا و دواتـر دیـاردەی سـتالینی و مـاویزم ، وەپێشـتر ئاڕاسـتەی سیاسـی و-فکـری ئۆپورتـۆنیزمی بێرنەشـتاینی[3] ولینـین-ستالینیزم .[4]هەروەها چەپی نوێ -هەموو ئاڕاستەکانی لە ماوەی 50 سـاڵی ڕابـووردوودا- بە سـیمای جیـاواز و لە وڵاتـانی جیـاوازادا. سـەرەڕای ئەو ئاڕاسـتانەی چەپـی بورجـوازی و لەگەڵیـدا، هێرشـی بەردەوامی سیاسی و فکری بورجوازی جیهانی بە ڕابەری ئەمریکا و هاوپەیمانانی و وڵاتانی ئیسلامی دژ بە کۆمۆنیزم و هەروەها هێرشی بە هێـــزی لیبرالیزمـــی نـــوێ لە ســـەرەتای 80 کـــانی ســـەدەی ڕابـــوردووەوە، هەم لە بـــاری زەوتکـــردنەوەی دەســـتکەوتەکانی پڕۆلیتارياوە و هەم لەباری بەرهەمهێنـان -هرطقة- وچاڵاککردنەوەی فکری پۆست مۆدێرنەوە وە بەتايبەت دژ بەکۆمۆنیزم. وە شانبەشـانی هەمـوو ئەو ئاڕاسـتە و فکـری و سیاسـیە بورجوازیـانە بە چەپ و ڕاسـتەوە، بورجـوازی ودەسـەڵاتەکەی لە ڕێگـای جەنـگ و ئـابلوقەی ئـابوری و هێرشـی بەردەوام بـۆ سـەر دەسـتکەوت و خواسـتەکانی پڕۆلیتاریـــا، پرۆســـەی خەسخەســـە -پریڤـــایتکردن-، و هەروەهـــا ڕەخسـاندنی هەلومەرجی دیاریکراو بۆ پیادەکردنی شۆڕشـە ڕەنگـاو ڕەنگەکـان و نیشـاندانی وەک شۆڕشـی جەمـاوەری!! و جێخسـتنی لە عەقلیەتی گشتیدا بەتايبەت لە وڵاتانی ناونیشانکراو بە جیهانی سێهەم. هەمـوو ئەمـانە پـێکەوە و لە گەڵیانـدا نیشـاندانی داڕووخـانی یەکێتـی

ســـۆڤیەت وەک ڕووخـــانی کۆمـــۆنیزم و ئەڵتەرنـــاتیڤە سیاســـی!! و ئابوریەکەی.

سەرەڕای هەموو ئەو ڕێگرییە زاتی و بابەتیانە هیچ کات وەک ئەم ســـەردەمە ڕوودانـــی شۆرشـــی پڕۆلیتاریـــا زەمیـــنە بابەتیەکـــانی نەخەملّیـــوە، بەتـــایبەت کە زەمیـــنەی ســـەرجەم ئاڕاســـتە فکـــری و سیاسیەکانی چەپی بورجوازی"چەپ"، زەمینەی مانەوەی خۆیان لە دەستداوە. شۆڕشی ئەم سەردەمە شۆڕشی پڕۆلیتاریایە بۆ ئامانجی کۆمۆنیستی و بنیات نانی کۆمەڵگەی بێ چین و هەڵوەشاندنەوەی کاری بەکرێ و خاوەنداریێتی تایبەت. هیچ شۆڕشێکی دیکەی دژی "ئیمپریـــالیزمی!" و لە پێنـــاو "ســـەربەخۆیی" و دژی "دیکتـــاتۆری و لە پێناو دیموکراسی" و "عیلمانییەت"دا مانایەکی بابەتی نییە و ناوەرۆکی خۆی لەباری مێژووییەوە لە دەستداوە... تەنها شۆڕشێک، شۆڕشی چینایەتی پڕۆلیتاریا، دەربڕێنێکی بابەتی واقعیەتی جیهانی ئەمڕۆ نیشاندەدا. "بە غەیری ئەو شۆڕشـــە هیچ ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتـــی لە ڕێڕەوی مێژوودا ڕوونادات" وە هیچ گۆڕانێکی پۆزەتیڤانە لە ژیانی ڕاستەقینەی پڕۆلیتاریادا بەدیناهێنێت.

*********** ئەم حەقـــیقەتە بەقەد ســـــەرهەڵدانی نەریتـــــی کۆمۆنیزمی مارکس لە نێو بزووتنەوەی پڕۆلیتاریادا کۆنە، بورجوازی هەمیشـــە لە هەوڵـــی ئەوەدا بـــووە، کە نەریتـــی کۆمـــۆنیزم، نەریتـــی

ئینتەرناسیونالّی یەکەم و نەریتی خەباتکارانەی شۆڕشی پڕۆلیتاریا و خۆڕێکخراوکردنی، لە ڕێگای جیاوازەوە لە بزووتنەوەی پڕۆلیتاریا زەوت بکات. ڕۆزا لۆکسمبۆرگ زۆر زوو ئەم حەقیقەتەی درک کردووە و لە سالّی 1903دا دەنوسێت: "بۆ چینی بالآدەست ئەوە ڕوونبۆتەوە، زالّبوون بەسەر بزووتنەوەی مۆدێرنی کرێکاران، واتە زالّ بوون بەسەر مارکسدا، لەکاتی مردنی مارکسەوە لە 20 سالّی ڕابووردودا ، زنجیرەیەک هەولّی بەردەوامیان بینی بۆ تێکشکاندنی ئایدیاکانی مارکس لە ناو تیۆری و پراکتیکەکانی بزووتنەوەی کرێکاریدا." (رۆزا لۆکسمبۆرگ، کوردی لا:9/ تیۆری مارکسیستی و پڕۆلیتاریا/ناوەندی کۆمۆن). ئەم هەولآنەی بورجوازی دوای شۆڕشی ڕوسیا و ئەلّمانیا و 100 سالّ زیاترە زۆر زیاتر فراوانبۆتەوە، کە لەدواجاردا نەریتە مێژوویەکانی کۆمۆنیزمی پرۆلیتری تا ئاستی زەوتکردنی لە پڕۆلیتاریا، بەردەوام بووە و بەردەوامە.

************ شۆڕشی ڕەنگاو ڕەنگ، یەکێکە لە مەسەلە گرینگەکانی جیهانی ئەمڕۆی ئێمە. شۆڕشە ڕەنگا و ڕەنگەکان بەگشتی لەباری پێکهاتەی چینایەتیەوە، لە ئەورووپای شەرقیەوە تا جیهانی عەرەب و ولآتانی جیهانی سێهەم، سەر بە چینی -توێژ- ناوەڕاستە. چینێک کە لە بناغەوە دەرهاوێشتەی دژایەتیەکانی نێوان کار و سەرمایەیە کە پێداویستیە ئابورییەکانی لیبرالیزمی نوێ ئەم

تــوێژەی فراوانتــر کــردووە لەو وڵاتــانەدا. ئەم تــوێژە پێویســتی بە "ئــازادی هەڵســوڕان" ی زیــاترە لە بــاری سیاســیەوە، بەتــایبەت لە هەلومەرجی ئەمڕۆی جیهانـدا کە جەمسـەرە گەورەکـانی سـەرمایەی جیهانی لە دژی یەکتری سود لە  هەر هەوڵێکی ناڕازیان لەم وڵاتانەدا دەبیننـەوە لە بەرانـبەر یەکتـردا. ئەم بـزووتنەوە ناڕازیـانە دروسـت "نـاوەرۆکی ڕێڕەوی مێـژوو" یـان نەک نەگـۆڕی وە نـاتوانن بیگـۆڕن، بەڵکـو وەک ڕێگـریەک لەبەردەم بـزووتنەوەی پڕۆلیتاریـادا لە ئاسـتی پراتیکــی و ئەفکــاری گشــتیدا ســەرهەڵدەدەن. بەتــایبەت لە بــاری هوشــیاری کـۆمەڵایەتی بـۆ بـابەتی شـۆڕش و جێخسـتنی چەمکـی شۆڕشـی بورجـوازی لە نێـو ڕەئـی گشـتیدا. ئەم شۆڕشـانە لە لایەن بیرمەنــدانی بورجــوازییەوە بەم شــێوەیە باســدەکرێن: "لە بەشــی دووەمــی ئەم کتێــبەدا-وەک جــۆن فــوران ئامــاژەی پێــدەکات- "گێڕانەوە"یەکی سیستماتیکی تیۆری لە هۆکارەکانی <u>سەرکەوتنی پێنج گەورەتــرین شۆڕشــی کــۆمەڵایەتی</u> لە وڵاتــانی جیهــانی ســێیەم لە سـەدەی بیسـتەمدا دەخـاتە ڕوو، کە بـریتین لە مەکسـیک، چـین، کوبـا، ئێـران و نیکـاراگوا. <u>توخمەکـانی بـریتین لە: گەشەسـەندنی وابەسـتە، پاشەکشەی ئابووری، کراوەیی بەڕووی سیستەمی جیهانی، دەوڵەتی پێشێلکار و کولتوورێکی بەربڵاوی بەرخۆدان</u>. ئەنجامەکان وا گریمـانە دەکەن کە یەکگرتنـی ئەو پێـنج هۆکـارە بە یەکەوە لە چوارچێـوەیەکی کـاتی و فەزاییـدا، گەرەنتـی سـەرکەوتنی ئەو شۆڕشـانە دەکـات کە بە هاوپەیمــانی فراوانــی هێــزە کاریگەرەکــان ئەنجــام دەدرێن".(عــرض فصل/الثورات بين الماضي والمستقبل/تأليف: جون فوران/ من كتـاب : حيازة القوة: عن أصول الثورات في دول العالم الثالث/ سناء البنـا/لا:2/

هێلەکانی تەئکیدو داشەکە هی منە). بەڵام تازەتر لەو بۆچوونە ڕاستەوخۆ لە بەرانبەر شۆڕشە ڕەنگاو ڕەنگەکاندا دەنوسن: "ڕیالیستەکان پێیان وایە هۆکاری سەرەکی لە پشت سەرهەڵدانی ڕژێمە تاکڕەوەکان لە ئێستادا ئەوەیە ئەمریکا کە هەڵگری ئالای پەیامی "ئازادی"یە، ئیتر تاکە زلهێز نییە. بەڵکو ئەمریکا لە کێبەرکێیەکی فرە ڕەهەندایە لە گەڵ چین، ڕوسیا، ئێران، کۆریای باکور و دیکتاتۆرییە دوژمنکارەکانی دیکەدا. کۆمەڵگەی پرۆمۆتەری – مروج- دیموکراسی کە دوای ڕووخانی دیواری بەرلین کارێکی وا جوانی کرد، ئێستا لە پاشەکشەی تەواودایە، بەبێ ئەوەی ئۆتۆریتەی پشتیوانی ئەمریکا بێت." (لا: 126/القائمة المرجعية للقضاء علی الاستبداد- کیف سیفوز المعارضون بحملات المقاومة المدنية في القرن الحادي والعشرين/پیتر ئاکرمان/ عەرەبی/هێلەکانی تەئکید هی منە). "کەواتە ئەمریکا هەڵگری ئەم پەیام و شۆرشانەیە بە پێی پیتەر ئاکرمان". بەڵام وائل غەنیم لەکتێبی" الثورة" دا سەبارەت بە شۆڕشی بەهاری عەرەبی لە میسر لە ساڵی 2010دا زیاتر شۆڕش دەبەستێتەوە بە زیادبوونی فۆلۆوەرەکان لە پەیجەکانی "کلنا خالد سعيد"... چینی پرۆلیتاریا، شۆڕشی پرۆلیتاریا، رۆشنبیرانی کۆمۆنیست پێویستیان بە سنوورێکی هێجگار ڕۆشنە لە بەرانبەر ئەم شۆڕشە بورجوازیانەدا.

************** لە سەردەمی ئەمڕۆی شۆرشی پرۆلیتاریادا، بێگومان بە گشتی هەلومەرجێک هاتۆتەپێش، لە ڕووی بابەتییەوە ئەم

شۆڕشەی کردۆتە پێویستی کۆمەڵگەی بەشەری. لەهەمانکاتدا زەمینە بابەتیەکان بەتەواوی پێگەیشتوون، ئەمڕۆ پڕۆلیتاریای فەرەنسا و بەریتانیا و بەشێکی زۆری وڵاتانی ئەوروپا و هەروەها وڵاتانی دیکە وەک هێزی پێشڕەوی چینایەتی ئەم بزووتنەوە جیهانییە، ئاڵای چینایەتییان بەرزکردۆتە دژ بە چەوسانەوە و گرانی و برسێتی و بۆ ژیانێکی شایستەتر... ڕۆژ بە رۆژ ئەم بزووتنەوەیە ئۆقرەی لە خۆی بڕیوە و ڕادەچڵەکێت و دەوەستێت و دێتە مەیدان و دەکەوێت و جارێکی دیکە نمایش دەکاتەوە، دەیەوێت لە قامەتی هێزێکی یەکگرتوودا "پەلاماری ئاسمان بدات". ئەم هەستان و کەوتنانە و ئەم نمایش و چوونەوە دواوانە، پڕۆڤەی پێش وەختی شۆڕشی ئەم سەردەمەی ئێمەیە، شۆڕشی پڕۆلیتاریا. هەلومەرجی ئەمڕۆی قەیرانی ئابوری سەرمایەداری، ئامادەبوونی پڕۆلیتاریا لە پێناو خواستەکانیدا لە ئاستێکی فراوانی ناوچەیی و جیهانیدا، هەرچی زیاتر وە زووتر، پراتیکی خەباتکارانە و ڕێکخراوبوونی پڕۆلیتاریای لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا کردۆتە پێویستیەکی حاشاهەڵنەگر.... <u>هەم لە ڕێکخراوێکی ئینتەرناسیونالیستیدا، وە هەم خۆ ڕێکخستنی لە ئاستی وڵاتێکدا کردۆتە نەخشەکاری پڕۆلیتاریا</u>......ڕۆشنبیرانی کۆمۆنیست لەم نێوەدا دەتوانن، وە پێویستە، ڕۆلی بەرچاو و گرینگی خۆیان بگێڕن لە ڕێگەی دابینکردنی زەمینەی فکری و هۆشیاری سیاسیەوە، بۆ ئەم ئامانجانە.

سامان کەریم

ئەپریل ٢٠٢٣

<u>پەراوێزەکان</u>

(1ئیلـــۆن ماســـک: گەورە یـــان گەورەتـــرین ملیـــاردێری جیهـــان لە کـــۆنگرەی ئاسایشـــی پیشەســـازی زیـــرەک لە بەریتانیـــا لە 1-2023/11/2. لینکــــــــــــــــــی قســــــــــــــــــەکانی ؛ https://www.bbc.com/arabic/tv-and-radio-67301808.

بیگومـــان ئەم پەراوێـــزە لە ئەســـڵی باســـەکەی منـــدا نەبـــووە، بەڵام بەڵگەیەکی تازەترە و زیاتر ئەو پۆینتە ڕۆشن دەکاتەوە، بێ ئەوەی کاربکاتە سەر ناوەرۆکی باسەکە.

2)لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا هاتووە: "یەکەم؛ لە خەباتی نەتەوەیی پرۆلیتاریـــای وڵاتـــانی جۆراوجـــۆردا، ئەوان، لە هەر نەتەوەیەک بـــن، بەرژەوەنـــدی هاوبەشـــی هەمـــوو چینـــی کرێکـــار دەبیـــنن و دەیـــخەنە پێشـــچاو".(وەرگێرانی بۆ کوردی موسلّح شـێخ الأسـلامی-ڕێبـوار- لا: 55).

ئەم پۆینتە بابەتی و مادییەی مانیفێست بە شێوازی جیاواز دەکرێت لە دەیان نوسین وتێکستی دیکەی مارکسدا ببینین. ئەمڕۆ بە هۆی گەشەی بێ وێنەی سیستەمی سەرمایەداری و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان وەک پەیوەندیەکی سەرتاپا جیهانی و گەشەی لە ڕادەبەری هێزە بەرهەمهێنەرەکان، بەشێوەیەکی کرداری نەک تەنها پێویستە و دەبێت کۆمۆنیستەکان ئاوەها ڕەفتار بکەن کە "بەرژەوەندی هاوبەشی پڕۆلیتاریا" پێش بخەن، بەڵکو لەسایەی خەباتی پڕۆلیتاریا لە ئاستی جیهانیدا دەبینین، پڕۆلیتاریا وەک چینێک "بەرژەوەندی هاوبەشی هەموو چینی کرێکار دەبینن و دەیخەنە پێشچاو". هەر ئێستا لە کاتی زیادکرنی ئەم پەراوێزەدا بۆ دەقی باسەکە، ئێمە شاهیدی مانگرتنی کرێکارانی کۆمپانیای جیهانی ئەمەزۆنین لە هەینی ڕەشدا لە ڕێکەوتی 24.11.2023دا، مانگرتنێکی جیهانی لە سایەی دروشمی "پێویستە پارە بدەن". شایانی باسە بوترێت لە هەمان ڕۆژدا لە 30 وڵاتدا مانگرتنی کرێکارانی ئەمەزۆن بووە لە کۆگا و فرۆشگا و بەندەرەکانی بارکردن و بەتاڵکردنی کاڵاکانی ئەم کۆمپانیا گەورەیەدا، لە پێناو بەرزکردنەوەی مووچەکانیاندا.(پەیجی یورونیوز/24.11 (. مەبەستم ئەوەیە، ئەم باسەی مانیفێست لەم هەلومەرجەدا، زۆر لەوە نزیک بۆتەوە کە ببێتە هوشیاری گشتی پڕۆلیتاریا بە هۆی پایە مادییەکانی گەشەی سیستەمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری خۆیەوە لە لایەک و پێویستی خەباتی پڕۆلیتاریا لە پێناو بەدەستهێنانی مافەکانیاندا لە لایەکی ترەوە.

3) ئیدوار بێرنشتاین: بیرمەندی ناسراوی سۆشیالیستی ئەڵمانی لە کۆتاییەکانی سەدەی 19 و سەرەتاکانی سەدەی 20دا. ئەم بیرمەندە بە تیۆری "سۆشیالیزمی پەرەسەندن Evolutionary Socialism "بە ناوبانگە. تیۆریەکەی ڕاستەوخۆ دژ بە مارکس و تیۆری مارکس و ڕێبازی مارکسە. لە بناغەوە میتۆدۆلۆژی تێگەیشتنی مارکس بۆ مێژوو ڕەتدەکاتەوە، و تێگەیشتن لە مێژوو وەک مێژووی خەباتی نێوان چینەکان ڕەتدەکاتەوە. لە هەمانکاتدا تیۆری بەها و زێدەبایی مارکس ڕەتدەکاتەوە. بە شێوەیەکی ڕۆشن باسی دابەشکردنی سەروەت و سامان دەکات لە سایەی سەرمایەداری مۆدرێن و جەختدەکاتەوە سەر ئەوەی لە ڕێگای ڕیفۆرم و لە چوارچێوەی ئەم سیستەمەدا دەکرێت هێواش هێواش پڕۆلیتاریا بگاتە ژیانێکی باشتر. لە دوائەنجامدا ئاشتی کۆمەڵایەتی لە سایەی سیستەمی سەرمایەداری بە ئامانجێکی واقعی دەبینێت لە سایەی ڕێکەوتن و پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی پڕۆلیتاریا و بورجوازیدا. ڕۆزا لۆکسمبۆرگ لە برگەیەکدا بەشێوەیەکی کورت و ڕۆشن تێڕوانینەکانی بێرنشتاین نیشان دەدات و دەنوسێت: "لەم هەڵوێستە تیۆرییەوە، بێرنشتاین ئەم دەرەنجامە گشتییەی خوارەوەی سەبارەت بە ئەرکە پراکتیکیەکانی سۆسیال دیموکراسی وەردەگرێت: سۆسیال دیموکراسی دەبێت چالاکی ڕۆژانەی خۆی <u>نەک بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەلاتی سیاسیدا، بەڵکو لەپێناو باشترکردنی دۆخی کرێکاران لە چوارچێوەی سیستەمی مەوجوود دا، ئاراستە بکات.</u> نابێت چاوەڕوانی دامەزراندنی سۆسیالیزم بێت وەک ئەنجامی قەیرانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەڵکو دەبێت سۆسیالیزم لە ڕێگەی پەرەسەندنی فراوانی

کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی و جێبەجێکردنی لەسەرخۆی پرەنسیپی هاوکارییەوە -مبدأ التعاون- وەرگرن و بنیات بنێن. (إصلاح إجتماعي أم ثورة/ ڕۆزا لۆکسمبۆرگ/ عەرەبی/تقدیم؛ سلامة کیلة/ لا: 16/ هێڵەکانی تەئکید هی منە).
تیۆرەکانی بێرنشتاین، هەوێنی ئاراستەیەکی هەلپەرستانەی فکری-سیاسی بوو لە نێو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و پرۆلیتاری ئەوروپادا، کە تا ئێستا ئێمە دەتوانین کاریگەرییەکانی ببینین. تیۆرییەکانی ئەم بیرمەندە بورجوازییە، بناغەی فکری و سیاسی دواتری سوشیال دیموکراسی چەسپاند و لە هەمانکاتدا دەتوانین وەک بناغە فکرییەکانی کۆمۆنیزمی پەرلەمانی –ئۆرۆکۆمۆنیزم- سەرنجی بدەینی و کاریگەرییەکانی لەسەر بەشێکی فراوانی چەپی نوێ، دەتوانین ببینین بەتایبەت لە ئەوروپادا.

4) لینین-ستالینیزم-ترۆتسکیزم: لە دەقی باسەکەدا، ئەم وردەکاریانەی تێدانییە کە لە خوارەوە دێن، بەڵکو تەنها ئاماژەی پێکراوە. لە پەیوەند بە لینینەوە لە بەردەم بابەتێکی هێجگار ئاڵۆزداین، کە لە لایەک مێژووی زیاتر لە سەد ساڵی نەک تەنها بزووتنەوەی کۆمۆنیستی داپۆشیوە، بەڵکو بەشێکی گەورەی مێژووی جیهانیش، لە لایەکی دیکەشەوە بەتایبەت ئەوەندەی بگەڕێتەوە بۆ لینین و تروتسکی وا لە بەرانبەر دوو سەرکردەی ناسراوی جەسور وبەتوانا و شۆڕشگێر و کۆمۆنیست داین کە مەودایەکی هێجگار فراوان و

جیهانیـــان هەیە، بەتـــایبەت لینـــین. باســـی تیۆرییەکـــانی لینـــین و هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتن لێیان پێویستی بە لێکۆڵینەوەی فراوان و هەمەلایەن هەیە کە دەتوانێت قەوارەی چەندین پەرتووک بگرێتە خۆ. بەتـایبەت لەمبـارەوە هەر نووسـەرێک لەسـەر ئەم باسـانە دەرگیـر دەبێـــت لەگەڵ تەواوی ئاڕاســـتەکانی ســـتالینیزم، ترۆتســـکیزم و ڕەخنەگرانی ستالینیزم و لایەنگرانی لینینزم، بە جیا لەوەی کە لەگەڵ ئاڕاستە تازەکانی وەک کۆمۆنیزمی کرێکاری و ئەحزابی کۆمۆنیستی ناسـیونال چەپ دەرگیـر دەبێـت. ئەوەنـدی لێـرەدا و لەم پەراوێـزەدا پێویسـت بێـت تەنهـا چەنـد ئامـاژە وە تەنهـا ئامـاژە بە هەنـدێک لە ناونیشان دەکەم کە پەیوەندن بە باسی شۆڕشی پڕۆلیتاریاوە.

یەکەم: جێگاوڕێگـــای بـــابەت -موضـــوعی/ئۆبجەکتیڤ-. واتە پـــایە بابەتییەکـانی شۆڕشـی پڕۆلیتاریـا و جێگاوڕێگـای پڕۆلیتاریـا وەک چینێک لە نێو دژایەتییە دەروونییەکانی نێو سیستەمی سـەرمایەداریدا. لەم نێوەدا، وە بەتایبەت لە "باسەکانی نیساندا" دەرگیر دەبین لە گەڵ هێنانەخوارەوی یان کەم ڕەنگکردنەوەی فراوانی جێگاوڕێگای زەمینە بابەتییەکانی شۆڕش لە بەرانبەر "بەشی پێشڕەوی پڕۆلیتاریا –الحزب الطلیعـی–". لە ڕوانـگەی مـنەوە زۆر پـێش شۆڕشـی ئۆکتـۆبەر و گەیشـتنی بەلشـەفیەکان بە دەسـەلات، حـزب بەتەواوی لە بـری چینـی پڕۆلیتاریـا جێگـۆڕکەی پێکرابـوو. دەتـوانین بە ڕۆشـنی لە پەرتـووکی "ماالعمـل"دا ئەوە ئاڕاسـتەیە ببینـین. لێـرەدا باسـەکە ئەوەیە، پـایەی

بابەتی شۆڕش کاڵکراوەتەوە و بەم مانایە لە بەرچاو نەگیراوە و بەم پێیە حزب وەک ئامرازێک دەبێتە بەشێک لە پایەی شۆڕش و لە هەمانکاتدا وە بەناچار جێگای چینی پڕۆلیتاریا دەگرێتەوە. لینین لە یەکێک لە بەشە سەرەکیەکانی باسەکانی نیساندا دەنوسێت: "باسی سەرەکی لە دۆخی ئێستای ڕوسیادا گواستنەوەیە لە قۆناغی یەکەمی شۆڕشەوە، <u>کە لە ئەنجامی کەمی هۆشیاری و ڕێکخستنی پڕۆلیتاریا دەسەڵاتی بە بۆرژوازی بەخشی، بۆ قۆناغی دووەمی شۆڕش،</u> کە دەبێت دەسەڵات ببەخشێت بە پڕۆلیتاریا وتوێژە هەژارەکانی جووتیاران.".(موضوعات نیسان/مهمات البروليتاريا في الثورة الحالية- الفقرة الثانية- لا:4/ دار التقدم/ هێڵی تەئکید هی منە). لەم بڕگەیەدا زۆر ڕۆشنە، وە بە پێی ڕوانگە و قەولی لینین خۆی دەڵێ شۆڕشی شوبات شۆڕشێکی بورجوازیە و بەم پێیە شۆڕشی بورجوازی سەرکەوتووبووە، بەڵام شۆڕشی بورجوازی چۆن سەرکەوتووبوە؟ دیسان بە قەولی لینین "لە ئەنجامی کەمی هوشیاری و ڕێکخستنی پڕۆلیتاریا!!". ئەم تێڕوانینە هیچ مانایەکی نییە جگە لە گوێنەدان بە هەلومەرجی بابەتی و پایەی بابەتی شۆڕشی پڕۆلیتاریا، چونکە بە پێی لینین ڕۆشنە ئەگەر لە شوباتدا پڕۆلیتاریا هوشیار و ڕێکخراو بوایە کە ئەوەش زۆر سەخت بوو لەو هەلومەرجە بابەتییەی ڕوسیای ئەو کاتەدا- ئەوا دەسەڵاتی بە بورژوازی نەدەبەخشی و خۆی دەسەڵاتی دەگرت!!!. ئەم تێڕوانینە بەتەواوی پەیوەندی

دەپچڕێنێت لەگەڵ تیۆروانینی مارکسدا، کە لەچەندین جێگا ڕۆشنی دەکاتەوە و دەنوسێت: "هێزە بەرهەمهێنەرە مادییەکانی کۆمەڵگا، لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی گەشەسەندنیدا، تووشی دژایەتی دەبێت لەگەڵ پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی مەوجوددا، یان لەگەڵ پەیوەندییە خاوەندارێتیەکانــدا، ئەم پەیوەندیانە کە لە ناوجەرگەیدا هێزە بەرهەمهێنەرەکان پەرەیان سەندووە، دەبنە بەربەستێک لەبەردەم گەشەکردنیدا، لەو ساتەوەختانەدا قۆناغی شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان دەست پێدەکات." (مارکس/هێڵی تەئکید هی منە). ئەم باسە ئیتر باسی سەرەکی، وە پایەی سەرەکی شۆڕشە لەڕوانگەی مارکسەوە. واتە هێزە بەرهەمهێنەرەکان -چینی پڕۆلیتاریا و ئامێرەکان/ لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا زیرەکی دەستکرد- لە سایەی پەیوەندی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی بورجوازیدا، نەک ناتوانن گەشە بکەن بەڵکو ئەو پەیوەندیانە کە لەبناغەترین ئاستدا پەیوەندی نێوان کار و سەرمایەیە، دەبنە ڕێگر لەبەردەم گەشەی بەکردەوەی هەم بەکارهێنانی ئامێرەکان، لە مرۆدا زیرەکی دەستکرد و بەکارهێنانی، وە هەم گەشەی پڕۆلیتاریا، بە جۆرێکە ئەگەر زیرەکی دەستکرد بخرێتە مەیدانی کارەوە بەتەواوی ئەوا ئیتر زۆربەی هەرە زۆری هێزی پڕۆلیتاریا 80% ی پێویست نابێت "بەپێی بریجنسکی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە سەردەمی جیمی کارتەر" دا. (بە پێی ئیلۆن ماسک کە لەسەرەوە ئاماژەم پێکردەوە ڕێژەکە

لەوە زیــاتریش دێــتە بەرچــاو). کەواتە زۆربەی هەرە زۆری هێــزی پڕۆلیتاریا دەچێتە دەرەوەی پڕۆسەی بەرهەمهێنانەوە، وە بەم مانایە قازانجی بورجوازی بەهەمان ڕێژە و زیاتریش کەمدەکات، قازانج لە زێدەبایی دایە، زێدەبایش لە دزینی هێزی کاردایە، تا ئێرە لایەکی بابەتەکەیە، لایەنەکەی دیکە هێزی بێشوماری پڕۆلیتاریای بێکارە، کە ئێستا ئەو ڕێژەیە دەکاتە نزیکەی دوو ملیارو نیو ئینسان، چۆن دەژین؟ کێ بەرپرسە لە ژیانیان؟! یەکێک لە مەترسیە گەورەکانی زیرەکی دەستکرد بۆسەر بوررجوای و دەسەڵاتەکەی ئەم پۆینتەیە کە خۆیانی لێنادەن. ئەم مەسەلەیە بابەتییە و مێژووکردە و مێژووی سیستەمی سەرمایەداری لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕو گەشەی بەردەوامی خۆیدا، گەیاندویەتیە ئەم ئاستە و دیارە بەردەوام ڕوو لەپێشە، مەگەر نابوتکردنی گۆی زەوی لە ڕێگای جەنگی ئەتۆمییەوە. ئەم سەردەمە سەردەمی شۆڕشی پڕۆلیتاریایە، سەردەمی ڕزگار بوونە لە سیستەمی سەرمایەدای وەک سستەمێکی جیهانی. سەرمایەداری وەک سیستەمێکی جیهانی سەرەڕای وێرانی و قووڵی قەیرانی ئابوری لە نابووتی فکری و ئایدۆلۆجی و مۆڕالی دایە. لێرەدا تەنها نیشاندانی ئەوەیە کە چۆن بەلشەفیەکان وە بەتایبەت شەخسی لینین پایەی سەرەکی شۆرشی پڕۆلیتاریا کە پایەیەکی بابەتی هەیە نەک لە بەرچاو نەگرتووە، بەڵکو تەواو جیاواز بە ئاڕاستەیەکی دیکەدا

ڕۆیشتووه، که پەیوەندی بە بەرژوەندی پڕۆلیتاریا وشۆڕشەکەیەوە نەبووە.

لینین لە باسەکانی نیساندا بەردەوام دەبێت و پێشنیازی بەرنامەی کشتوکاڵی دەکات –لە، لا39 دا بەرنامەکە هاتووە– هەر لەم باسەدا دەنوسێت: "ئایا شۆڕشی کشتوکاڵی کە ئەویش بورجوازی دیموکراسیە کۆتایی پێهاتووە؟ لە ڕاستیدا نەخێر، بەڵکو دەستپێنەکردووە؟.(لینین/ هەمان سەرچاوە/لا:11). کەواتە جاری وڵاتی ڕوسیای ئەو سەردەمە بە قەولی لینین خۆی پێویستی بە شۆڕشی کشتوکاڵی هەیە کە کردار و پرۆسەیەکی بورجوازیە. واتە ڕیفۆرمی کشتوکاڵی وەک هەر وڵاتێک کە پێدەنێتە قۆناغی تازەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریەوە، وە بە تایبەت لەو کاتانەدا لە 80% ی دانیشتوانی ڕوسیا کاری کشتوکاڵیان کردووە، لە هەمان ساڵدا ڕێژەی کارکردووان لە مەیدانی کشتوکاڵدا لە بەریتانیا تەنها 4,5% بووە. ئەمە جیاوازییەکی هێجگار گەورەیە "ئەم دوو ئامارە لە وتاری نوسەر دنکان هلاس/نحو حزب اشتراکی ثوری/ پەرتووکی الحزب و الطبقة/ لا:١٦ وەرگیراوە". سەیر لەوەدایە دوای دەسەڵاتی پڕۆلیتاریا لە ڕوانگەی باسەکانی نیسانەوە ئەم شۆڕشی کشتوکاڵە دەستەبەر دەبێت، واتە دەبێتە ئەرکی پڕۆلیتاریای سەرکەوتوو، کە لە دوا ئەنجامیشدا هەر وای لێهات، بەڵام پڕۆلیتاریا وەک چینێک سەرەڕای جەسارەت و خۆ نمایشکردن و چەکداربوونی سەرکەوتوو نەبوو،

بەڵکو ئەوەی سەرکەوتووبوو بەلشەفیکەکان بوون. سنووری مێژوو بە ئەفکار و بە ئەحزاب لانابرێت.

گفتووگۆکـــان هەر لەو ســـەردەمەدا لە پەیوەنـــد بە شۆڕشـــی پرۆلیتاریاوە، هەم لە نێوان مەنشەفی و بەلشەفیەکان، وە هەم لە نێو کۆمیتەی مەرکەزی بەلشەفیەکان و بەتایبەت لە نێوان لینین وئەوانی دیکەدا، بە شێوەیەکی فراوان چۆتە پێشەوە لەم نێوەدا پەرتووکی - شۆڕشی ڕوسیای ترۆتسکی- گرینگی خۆی هەیە.

دووەم: جێگـۆڕکێی حـزب و چین/حزبـی بەلشــەفی لە جیـاتی چینـی پرۆلیتاریا. شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە هەر نوسراو، یان پەرتووکێکی لینین یان تروتسکی یەوە سەرنجی دەدەیتێ، (ئەگەرچی ترۆتسکی پێشتر ڕای جیاوازی هەبووە بۆ نموونە لە پەرتووکی ئەرکە سیاسیەکانمان لە ســـاڵی 1904دا)، بـــۆ وەرگرتنـــی دەســـەڵاتە لە لایەن بەلشەفیەکانەوە...ترۆتســـکی لە زمـــانی لینیـــیەوە دەنوســـێت: " "<u>بەلشەفییەکان</u> مافی ئەوەیان نییە <u>چاوەڕێی کۆنگرەی سۆڤیەت بکەن،</u> <u>ئەرکی ئەوانە دەستبەجێ دەسەڵات بگرنە دەست</u>... دواکەوتن تاوانە. چـاوەڕوانی کـۆنگرەی سـۆڤیەت یـارییەکی بـێ بـایەخی فۆرمـاڵییە، یـارییەکی شـەرمەزارکەرە لە پابەنـدبوون بە دیـاردە فۆرماڵەکـانەوە، <u>خیانەتە لە شۆڕش</u>." (ترۆتسکی شۆڕشی ڕوسیا- بەشی دووەم ، لا: 131/ تەئکیدەکان هی منە). وەک ڕۆژی ڕۆشن دیارە حزبی بەلشەفی

لە جیاتی چینی پڕۆلیتاریا دەبێت دەسەڵات بگرێت ئەگەر نا ئەوە خیانەتە لە شۆڕش!!. لێرەدا دەگەینە لوتکەی جێگۆڕکێی حزب و چینی پڕۆلیتاریا بە قازانجی حزب.

ئەم تیۆر و ئاڕاستەیە بە ئاشکرا لینین لە چەندین شوێندا ئاماژەی پێدەکات. "حزب لە جیاتی پڕۆلیتاریا -الاستبدالیة-" بابەتێکی هێجگار گرینگ، وە بەبڕوای من باسێکی زیندووی ئەم سەردەمەی ئێمەیە. هەڵەیەکی مێژوویی و کوشندە ڕوویداوە، بەڵام مێژووی زیاتر لە سەد ساڵی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نەخشاندووە. بەهەرحاڵ لێرەدا تەنها ئاماژەیە بە ناونیشانێک، بابەت و باسێکە پێویستی بە توێژینەوە هەیە لە لایەن کۆمۆنیستەکانەوە.

سێهەم: شۆڕشی پڕۆلیتاریا لە چوارچێوەی وڵاتێکدا: ئەم شۆڕشە جیهانییە و هیچ مۆرکێکی قەومی و نیشتمانی و تاک وڵاتی پێوە نییە، لە باسەکانی سەرەوەی مارکس و ئەنگلسدا بە ڕۆشنی ئەوە دەبینرێت، کە شۆڕشی پڕۆلیتاریا بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی بێ چین بەتەواوی جیهانییە و نیشتمانی نییە... لە هەر پۆینت و وڵاتێکەوە دەست پێبکات ئەوا شۆڕشێکی تەواو جیهانییە، بەو مانایەی دژی سیستەمێکی جیهانییە کە وەک تۆڕی جالجاڵۆکە جیهانی یەخسیری بەرژەوەندییەکانی خۆی کردووە. بەرژەوەندی کۆمەڵێکی چەند سەد هەزار کەسی و چەند هەزار کۆمپانییەکی جیهانی گەورە. سیستەمی

جیهانی، بەرژەوەندییەکانی چینی بورژوازی یەکگرتووی جیهانمان دەداتێ دژ بە پڕۆلیتاریا، لە هەمانکاتدا پڕۆلیتارمان دەداتێ وەک چینێکی جیهانی هاوبەرژەوەند و هاوچارەنووس، ئەگەرچی یەکگرتوو نییە تا ئێستا. مارکس لە ئایدۆلۆژیای ئەڵمانیدا، ئەم پڕۆسە مێژووییە، ناو دەنێت مێژووی جیهانی و مرۆڤی مێژوویی، چونکە بەکورتی شۆڕش لەیەک وڵاتدا لە ڕوانگەی مارکسەوە بوونی نییە، هەروەک دەڵێت: "لە ڕووی ئەزموونییەوە کۆمۆنیزم مومکین نابێت، مەگەر تەنها لەسەر بنەمای کردەوەیەک کە نەتەوە باڵادەستەکان -زاڵەکان- "بە یەکجار" ولە هەمان کاتدا ئەنجامی دەدەن". شۆڕشی پڕۆلیتاریا شۆڕشێکی جیهانییە، چونکە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری پەیوەندییەکی جیهانییە، وە چونکە پڕۆلیتاریا چینێکی جیهانی و هاو ئامانجە، هەروەک لە دەقی نوسینەکەشدا ئاماژەم بەباسەکەی ئەنگلس کردووە لەمبارەوە.

تەواوی لێکدانەوەکانی دیکەی لینین لە بازدان یان گوێنەدانی بۆ ئەم پایە سەرەکییە دەگەڕێتەوە بۆ گوێنەدان بە پایەی ناسینی یاساکانی بزووتنەوەی مێژوو، کە لە برگەی سەرەوەی مارکسدا زۆر ڕۆشن و سادە باسکراوە. بەڵام لینین بە دوو مانگ (لە نێوان شۆڕشی شوبات و نیسانی 1917دا، واتە کاتی نوسینی باسەکانی نیسان دوو مانگ دەکات، وە تا شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەکاتە هەشت مانگ) پڕۆسەیەکی مێژوویی گەورەی تێپەڕاندووە، لە کاتێکدا کە ئابوری ڕوسیا ئیفلیج

بـووه، جەنـگ بـووه، وه لەوانە گرینگتـر کـۆمەڵگەیەکی کشـتوکاڵی و جوتیـاری بـووه، بەشـێکی زۆری کرێکـاران پێیـان لە لادێ و زەوی بەتەواوی دانەبڕیـوه. بـۆیە لە هەلـومەرجێکی ئاوەهـادا، شۆڕشـی پڕۆلیتاریـا وەک چێنێـک لە پێنـاو خۆیـدا و بـۆ ڕزگـاری کۆمەڵگـا ئەرکێکی هێجگـار سـەختە لەو سـەردەمەدا(بە تـایبەت کە لە 80%ی دانیشتوانەکەی بە کاری کشتوکاڵیەوە دەرگیربوون) چونکە پرۆسـەکە تەنها پەیوەندی بە فکری سیاسی و تەحزوب و هوشیاری ڕزگاری پڕۆلیتاریاوە نییە، بەڵکو باسـە لە گەشـەی هێزە بەرهەمهێنەرەکان و گەشەی زانست و گەشەی ئامێر لە سایەی سیستەمی سەرمایەداریدا، پـێش ئەوەی بـاس بێـت لە فکـرو سیاسـەت و ڕێکخراوبـوون. وە لەم چوارچێوەیەدا پایە بابەتیەکانی خۆی پێدەگەیەنێت.

لە پەیوەند بە شۆڕشی پڕۆلیتاریاوە بە جیا لەو سێ باسـەی سـەرەوە کە تەنهـا ئامـاژەیەکی کورتمـان پێکـردووه. باسـێکی گرینـگ لە چوارچێـوەی باسـەکانی نیسـاندا سـەبارەت بە ڕێـڕەوی گەیشـتن بە کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی دێتە پێش، کە پێویستە جێگەی سـەرنجی زۆر ورد بێـت، لینـین دەنوسـێت: "مرۆڤـایەتی ناتوانێـت ڕاسـتەوخۆ لە سـەرمایەدارییەوە <u>بگـوازێتەوە تەنهـا بـۆ سۆسـیالیزم نەبێـت</u>، واتە خاوەنـداریێتی هاوبەشـی ئامرازەکـانی بەرهەمهێنـان و <u>دابەشـکردنی بەرهەمەکان بەپێی کـاری هەر تاکێک لە تاکەکان</u>. بەڵام سـەبارەت بە حیزبـی ئـێمە، لەوە زیـاتر دەڕوانێـت: سۆسـیالیزم دەبـێ وردە وردە

گەشە بکات و ببێتە ئەو کۆمۆنیزمەی کە لەسەر ئاڵاکەی نوسراووە: «بۆ هەر کەس بەپێی توانای خۆی، وە بۆ هەمووان بەپێی پێویستیەکانیان." (باسەکانی نیسان/لا:53 /هێڵەکانی تەئکید هی منە).

ئەم باسە یان ئەم تێڕوانینەی لینین لە چەندین ڕووەوە هەڵەی کوشندەی تێدایە. یەکەم: دوای ڕووخانی سیستەمی سەرمایەداری کۆمەڵگە ناتوانێت هیچ ئاڵوگۆڕێک بکات جگە لەوەی کە دەتوانێت بگوازێتەوە بۆ سۆشیالیزم، لە سۆشیالیزمەکەشدا هەر کەسێک بە پێی کارەکەی بەرهەمی بەردەکەوێت. ئەوە ڕۆشنە کە سۆشیالیزم دوای دیکتاتۆری پرۆلیتاریا دێت، کەواتە قۆناغێک کەوتە نێوان کۆمۆنیزم یان کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی و دیکتاتۆری پرۆلیتاریاوە کە لای مارکس و تیۆری مارکس شتی وانییە، پاشان دەڵێت هەرکەس بە پێی کاری خۆی بەرهەمی بەردەکەوێت، ئەی کەسێک کارنەکات؟ واتە پەککەوتە بێت، چیبکات؟ یان توانایی کاری کەسەکان وەک یەک نییە، کەسێک دەتوانێت 12 کاتژمێر کاربکات و کەسێکی دیکە 6 کاتژمێر، یان کەسێک چڕی کارەکەی بالاترە لە ئەوانی تر، واتە لە کاتژمێرێک کاردا هێندەی کاتژمێرو چارەکی یەکێکی تر دەتوانێت بەرهەمی هەبێت، یان توانای عەقلی بەهێزتری هەیە، لە هەر سێ بارەکەدا تووشی کەڵەکەی سەرەوەت دەبین لای هەندێ کەس، بەم مانایە کۆمەڵگە دەرگیر دەبێتەوە لە گەڵ جیاوازی سەروەت و سامانی ئەندامەکانیدا کە دواجار وە بەناچار جیاوازی چینایەتی

ســەوز دەبێــتەوە لەســەری. بەڵام ئەم باســەی لینــین هەر بەوەنــدە ناوەستێت، و دەگاتە ئەوەی، دەڵێت حزبی ئێمە لەوە زیاتر دەڕوات ووردە وردە دەگـاتە کۆمـۆنیزم و دروشــمی "بـۆ هەر کەس بەپێــی توانای خۆی، وە بۆ هەمووان بەپێی پێویستیەکانیان." جێبەجێدەکات، بەشــی یەکەمــی دروشــمە هەر ئەوەی پێشــووی سۆشیالیســتیەکەیە، واتە بەپێــی توانــایی کــاری و هێــزو چــڕی کــارەکەی یــان توانــای عەقلیەکەی بەرهەمێکی زیاتری دەبێت، کەواتە چ ئاڵوگۆڕیک ڕوویدا جـگە لەوەی کە لە بەشــی دوومەدا نوســراوە "بــۆ هەمــووان بەپێــی پێویستیەکانیان" ئەم بەشەیان واقعی و دروستە و ئامانجی کۆمۆنیزم لە کـۆمەڵگەیەکی بـێ چینـدا هەر ئەوەیە، بەڵام دانـانی لە پـاڵ بەشــی یەکەمــدا نــاوەرۆکەکەی پــووچ دەکــاتەوە و دەیکــاتە دروشــمێک کە مێژوو دەمێکە بەجێیهێشـتووە و بەم مانـایە کۆنەپەرستانەیە، مـارکس لەمبارەوە دەنوسێت: "بەڵام لە نێو بنەما کۆمۆنیستیەکاندا پرەنسیپێکی گرینـگ هەیە کە جیایـدەکاتەوە لە هەمـوو شـێوەکانی سۆسـیالیزمی کۆنەپەرسـتانە: ئەویـش بیرۆکەیەکـی ئەزمـوونییە، و لەســەر بنەمـای زانینی سروشتی ئینسان دامەزراوە، کە جیاوازی لە مێشـک و توانـای عەقڵیدا بە هیچ شێوەیەک جیاوازی لە سروشـتی گەدە و پێداویسـتییە جەســـتەییەکاندا پێکناهێنێــت ونایکــاتە مەرج؛ بــۆیە ئەو پرەنســـیپە هەڵەیەی کە لەسەر بنەمای سیستەمی ئێستا دانراوە، "بۆ هەریەکێک بەپێی تواناکـانی"، تـا ئەو شـوێنەی کە پەیوەنـدی بە چێژەوە -متعة-

هەیە بە مانا سنووردارەکەی، پێویستە بگۆڕدرێت بۆ ئەم بنەمایەی خوارەوە: "بۆ هەریەکێک بەپێی پێویستییەکانی"؛ بە واتایەکی تر جیاوازی لە چالاکی و لە کاردا، پاساوی هیچ جیاوازی و هیچ ئیمتیازێک نادات لە ڕووی سامان و چێژوەرگرتنەوە."( الآیدولوجیة الألمانیة/لا: 594 لە پەرتووکدا/ 691 هەمان ڤێرژن لە نێتدا/ عەرەبی/و: د. فواد ئەیوب)

ئەوەندەی بگەڕێتەوە بۆ ستالین و ستالینیزم، تا ئەوکاتەی پرۆلیتاریا ستالینیزم وەک بیر و ڕێبازی مارکس و کۆمۆنیزم سەرنج بدات، پێیان وابێت کە ڕووخانی سۆڤیەت، شکست و ڕووخانی کۆمۆنیزم بووە، تا ئەوکات ناتوانن ئەڵتەرناتیڤی کۆمۆنیستی بەدەستەوە بگرن و پیادەی بکەن، یان لایەنی کەم ستالینیزم و تەجروبەی سۆڤیەت ڕێگرییەکی گەورەی بەردەم بزووتنەوە و شۆڕشی پرۆلیتاریای سەردەمی ئێمەیە.

دواخاڵ کە لێرەدا باسی بکەم باسی "ئیمپریالیزمە"

تیۆری ئیمپریالیزم: لینین بە تیۆری ئیمپریالیزم وەک باڵاترین قۆناغی سەرمایەداری بەناوبانگە. لێرەدا تەنها ئاماژەیەک دەکەم بەم تیۆرە و هیچی تر، ئەویش چونکە پەیوەندی هەیە بە باسی شۆڕشەوە و سەدەها لایەن و حزب و چەپی بورجوازی و کەسایەتی جیاواز لە ژێر ناوی "دژی ئیمپریالیزمدا" لەماوەی سەد ساڵی ڕابووردوودا مەدالیای شۆڕشگێری و کۆمۆنیستی یان بە ملدا کراوە. لینین لە

پەرتووکە بەناوبانگەکەیدا پووختەی باسەکەی لەسەر ئیمپریالیزم لە پێنج خاڵدا جیادەکاتەوە، گوایا پلەی باڵاترە لە سەرمایەداری و دەنوسێت: "پێویستە پێناسەیەک بدرێت بە ئیمپریالیزم کە ئەم پێنج خەسڵەتە بنەڕەتییە لەخۆ بگرێت: یەکەم؛ چڕبوونەوەی بەرهەمهێنان و سەرمایە، چڕبوونەوەیەک گەشەسەندنی گەیشتۆوەتە ئاستێک کە بۆوەتە هۆی سەرهەڵدانی قۆرخکارییەکان -احتكارات- کە ڕۆڵی یەکلاکەرەوە لە ژیانی ئابووریدا دەگێڕن. دووەم: تێکەڵکردنی سەرمایەی بانکی بە سەرمایەی پیشەسازی و سەرهەڵدانی ئۆلیگارشی دارایی لەسەر بنەمای ئەم "سەرمایە داراییە". سێیەم: هەناردەکردنی سەرمایە بە پێچەوانەی هەناردەکردنی کاڵاکانەوە، لە ڕادەبەدەر مەترسیدار دەبێت، چوارەم: پێکهێنانی یەکێتییە قۆرخکارییە جیهانییەکانی سەرمایەداران، کە جیهان دابەش دەکەن، پێنجەم: دابەشکردنی ناوچەیی زەوی لە نێوان وڵاتە سەرمایەدارییە گەورەکاندا کۆتایی هاتووە" (لينين، الإمبريالية أعلى مراحل الراسمالية/لا: 524 المختارات-مجلد 5-).

لێرەدا هێندە بەسە ئاماژە بە پۆینتەکانی سێهەم و چوارهەم بکەم کە لینین بەخاڵی جیاکردنەوەی ئیمپریالیزمی دادەنێت وەک پلەیەکی باڵاتری سەرمایەداری کە لەمڕۆدا تەواوی پایە بابەتیەکانی خۆی لەدەستداوە. ئەگەر ئەو دوو پۆینتە دوو پایەی ئیمپریالیزم بێت، وڵاتانی خەلیجی بەتایبەت سعودیە و قەتەر و ئیمارات هەموویان

ئیمپریالیستین و لە فەرەنسا و ئیتالیا و بەریتانیا ئیمپریالیست ترن!! با سەرنجێکی کورت بدەینە ئەم بەراوردەی نێوان فەرەنسا و ئیماراتی عەرەبی.

بڕی وەبەرهێنانی دەرەوە –دەرەوەی وڵات- ی ئیمارات 1,6ترلیۆن دۆلار بووە ، بە وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆوە، واتە ئوسوڵە مالیەکانیش دەگرێتەوە، بەپێی ڕاپۆرتی (الخلیج اونلاین/ 2022-03-19) .

بەڵام بڕی وەبەرهێنانی دەروەی وڵاتی فەرەنسا لە ساڵی 2021 دابەزیوە بۆ 432 ملیار یۆرۆ، لەکاتێکدا لە ساڵی 2020دا 530.6 ملیار یۆرۆ بووە (بەپێی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا). جیاوازییەکی هێجگار زۆر هەیە لە نێوان وەبەرهێنانی دەرەوەی ئیمارات و فەرەنسادا بە قازانجی ئیمارات؟!کەواتە ناردنە دەرەوەی سەرمایە چ پەیوەندییەکی بە ئیمپریالیزمەوە هەیە؟! یان دەبێت بڵێین ئیماراتیش بووە بە ئیمپریالیست!!!.

ئەوەندەی بگەڕێتەوە بۆ پۆینتی چوارەم، ئەوە فاکتەکان زۆر ئاسانتر ئەو پایەیە هەڵدەوەشێنێتەوە. لە هەلومەرجی ئەمڕۆی گەشەی سیستەمی جیهانی سەرمایەدا، وڵاتانی پترۆدۆلار و دەیان وڵاتانی دیکەی وەک ئەندنوسیا و مالیزیاو سەنگافورە و ئەفریکای باشور... کۆمپانیاکانی سەرمایەداران و تەنانەت سندوقی سەروەرەی

دەوڵەتەکانیان -الصناديق السيادية- لە تەواوی کۆمپانیا جیهانییەکاندا کە هەموویان قۆرخکارن و قۆرخکاری دەکەن پشکی گەورەیان هەیە. بۆ نموونە :سندوقی سیادی سعودیەی عەرەبی پشکی یان بەشی خۆی لەم کۆمپانیا جیهانییە قۆرخکاریانەدا، بەم شێوەیەیە: 45 ملیار دۆلار وەبەرهێنان لەکۆمپانیای گەورەی جیهانی بانکی "سۆفت بانک" کە دەکاتە نزیکەی 50 ٪ی سەرمایەی ئەساسی کۆمپانیاکە. 3,5ملیار دۆلار وەبەرهێنان لە کۆمپانیای گەوەری جیهانی تەکسیدا "ئوبەر" لە ساڵی 2016دا. هەرەوەها دەست بەسەراگرتنی لە 5 ٪ ی کۆمپانیای گەورەی جیهانی تێسلای ئۆتۆمۆبێلی کارەبایی، بە پێی ئیلۆن ماسک سەرۆکی جیبەجێکاری کۆمپانیاکە. لیستەکەی سعودیە فروانترە، بەڵام هێندە بەسە بۆ ڕۆشنکردنەوەی پۆینتەکە. بە جیا لە هاوبەشی سعودیە لە کۆمپانیا جیهانییە قۆرخکارەکاندا، کۆمپانیای ئارامکۆی پترۆلی سعودیە گەورەترین کۆمپانیای قۆرخکاری نەوتە لە جیهاندا. بەم پێیە بێت سعودیەش بەشێکە لە قۆرخکارانی جیهانی و ئیمپریالیستە!!!.

لە ڕوانگەی منەوە بابەتەکە لە پۆینتەکان فراوانترە، بەڵکو باسی سەرەکی ئەوەیە سەرمایە خۆی چییە، چۆن گەشە دەکات و بازاڕەکانی جیهان دادەپۆشیت؟! و فراوان و فراوانتر دەبێتەوە و گۆی زەوی نەک دادەپۆشێت بەڵکو تەجاوزی دەکات، وەک ئێستا دەبینین سەرمایە پەلیهاویشتووە بۆ دەرەوەی گۆی زەوی و هەسارەکانی دیکە. مارکس بە شێوەیەکی ڕۆشن لە سەرمایەدا باسی پڕۆسێسی دووبارە فراوانبوونەوەی پڕۆسەی بەرهەمهێنان و کێبەرکی و

قۆرخکاری نێوان سەرمایەداران و وڵاتی سەرمایەداریمان بۆ دەکات، بێ ئەوەی بگاتە تیۆرێکی جیاوازی سەروو یان باڵاترین قۆناغی سەرمایەداری -ئیمپریالیزم-. ئەوەی کە سەرمایە گەشە دەکات، کاڵا و دواتر بازاری تازەی داگیرکردووە و پاشان سەرمایەی ڕەوانەی دەرەوەی وڵات کردووە، جگە لە گەشەو گەورەبوونی سەرمایە لە بناغەوە وەک سیستەمێکی جیهانی، هیچی دیکە نییە. بە هەرحاڵ لێرەدا تەنها ئاماژەیەک پێویست بوو. تەواو بوو

<u>سەرچاوەکان:</u>

1- مارکس: سەرمایە بەرگی سێهەم/عەرەبی/فالح عبدولجبار
2- مارکس: مانیفێستی کۆمۆنیست/کوردی
3- مارکس: مساهمة نقد الاقتصاد السیاسی/عەرەبی
4- مارکس: النداء الأول والثانی من المجلس العام لجمعیة الشغیلة الاممیة 1870-1871
5- مارکس: الحرب الاهلیة فی فرنسا/عەرەبی
6- مارکس-انجلز: الایدولوجیة الالمانیة/عەرەبی
7- انجلز : مبادئ الشیوعیة/عەرەبی
8- انجلز: پێشەکیەکانی مانیفێستی کۆمۆنیست/کوردی
9- ڕۆزا لۆکسمبۆرگ: تیۆری مارکسیستی و پڕۆلیتاریا/کوردی

10- ڕۆزا لۆکسمبۆرگ:ا صلاح اجتماعی ام ثورة/ عەرەبی
11- لينين: موضوعات نيسان/عەرەبی
12- لينين: الامبريالية اعلى مراحل الراسمالية/عەرەبی
13- تروتسكی: الثورة الروسية/عەرەبی
14- ادوار برنشتاين: الاشتراكية التطورية/ ئینگلیزی
15- وائل غنيم: الثورة /عەرەبی
16- پیتـــر ئاكرمـــان: القائمـــة المرجعيـــة للقضـــاء علـــى الاستبداد/عەرەبی
17- جـــۆن فـــوران : الثـــورات بـــين الماضـــی والمستقبل/عەرەبی
18- الحزب والطبقة: تروتسكی، دنكان هلاس، ش.هارمان، تونی كليف/عەرەبی
19- تفاوت الدخل فی الولايات المتحدة/ صفحة المعرفة
20- صـفحات الكترونيـة عديـدة منهـا: بيبـی سـی، الجزيـرة، العربية، سكای نيوز العربی، ئێورۆ نيوز عربی، DW العربية..

# ڕوانینێک لە بارو دۆخی کرێکاران لە بەر ڕۆشنایی کاریگەری دوایین پێنج دەیە لە جیهانگیری !

گۆنا سعید

## سەرەتا : کێ شۆڕشی سۆشیالیستی دەکات ؟

لە ڕوانگەی مارکسەوە ڕزگارکردنی چینی کرێکار کردەوەیەکی خودی چینی کرێکارە. ئەم چینە توانای پەرەپێدانی ئۆرگانەکانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری هەیە و بەڕاستی توانای ڕزگارکردنی نەک تەنها خۆی وەک چینێکی کۆمەڵایەتی ، بەڵکو توانای دامەزراندنی سیستەمێکی گشتی سۆسیالیستی هەیە بۆ داهاتوو کە کۆمەڵگەیەکی ئازادی بەخش و یەکسانی خوازانەیە .لەم بارەوە مارکس لەسەر دووبنەما و تایبەتمەندی چینی کرێکارجەخت دەکاتەوە . یەکەم ، ئەوەی کە کرێکاران خاوەنی هیچ ئامرازێکی بەرهەمهێنان نین، وە وادارکراون بە فرۆشتنی هێزی کاریان بۆ ئەوەی بژین ، وە دووەم ئەوەی کە لە هەمان کاتدا چینی کرێکار پێگەیەکی دیاریکراو لەناو سەرمایەداریدا داگیر دەکات کە

بەرژەوەندی و توانایی تایبەتی پێدەبەخشێت، و مەیلی کرێکاران بۆ خەبات و شۆڕش برەو پێ دەدات ، وە بەم کارە دەتوانێت باقی کۆمەڵگا لە ژێردەستەیی و چەوساندنەوە ڕزگار بکات. تەواوی ئەم کتێبە بیرکردنەوەیە لە ئەگەری شۆڕشی سۆشیالیستی لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئاڵ و گۆڕانەی کە بەسەر سیستەمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و چینی کرێکاردا هاتوە . وەک یەکێ لە پایە ئەسڵیەکانی تیگەشتن لە شۆڕشی سۆسیالیستی ، پێویستە کە تێگەشتنێکی ڕوونمان هەبێت سەبارەت بە بکەری مادی شۆڕشی سۆشیالیستی کە چینی کرێکارە . هەر بۆیە ئەم باسە هەوڵێکە بۆ ڕۆشنایی خستنە سەر بارو دۆخی چینی کرێکار و هێزی چینایەتی کرێکاران لە سەدەی ٢١دا .

بزووتنەوە نارەزایەتیەکانی سەدەی بیستەم لەسەر دەستی چینی کرێکارێکی پیشەسازی دەناسرێتەوە. ئەو چینی کرێکارەی سەدەی ٢٠ زیاتر لە جەماوەری کرێکارانی پیشەسازی ئەوروپی و ڕۆژئاوایی دا دەردەکەوتن . بەڵام لە دوای ئەوەی سەرمایەداری باڵی خۆی لە سەرانسەری جیهاندا بڵاوکردەوە ، چینێکی کرێکاری جیهانی دروستکردووە. کاتێک کارل مارکس و فرێدریک ئەنگڵس بۆ یەکەمجار تایبەتمەندی چینی کرێکاریان بۆ هەڵوەشاندنەوەی سەرمایەداری دەستنیشان کرد، چینی کرێکار کەمینەیەکی بچووکی دانیشتوانی جیهان بوون. ئەو کات کرێکاران کەمتر لە ٢٠ ملیۆن کەسیان پێکدەهێنا، کە زیاتر لە دەوری شارە پیشەسازییە نوێیەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا دا و لە نێو کارگەکاندا کاریان دەکرد. .ئەو کات زۆرینەی دانیشتوانی تری جیهان زیاتر جوتیار و ڕەنجەر بوون نەک

کرێکاری بە کرێ . بەڵام ئەمڕۆ چینی کرێکار زیاتر لە دوو ملیار کەس پێکدەهێنێت لە جیهاندا و زۆرینەی ئەم چینە لە دەرەوەی وولاتانی ڕۆژئاوا و ئەوروپا چەقیان بەستووە وە ، ئەوەندە ڕەنگا و ڕەنگە کە هیچ ناسنامەیەکی تری بەسەردا نابڕدرێت ، تەنها قەتیس مان نەبێت لە پەیوەندی کاری بەکرێ ،وەیان بێ کاری و هەژاریدا . ئەوەی کە دەبینرێت ئەم چینە جیهانی یە نەک وەک چینێکی یەکگرتوو و هاوچارەنوس و هوشیار بە خەباتی ڕۆژانە و ستراتیجی لەبەرامبەر سەرمایەداریدا دەرناکەوێت ، بەڵکو پەرش و بڵاوە بەسەر پانتایی سەر زەمیندا ، لە هەزارەها پیشە و ڕشتەی کار و شێوازی جیاوازی بەرهەمهێناندا کار دەکات. جیاوایەکانی بە چەشنێکە کە تەنانەت بەشێکی زۆری کرێکاران بە زەحمەت دەتوانن خۆیان وەک بەشێک لە چینی کرێکار خۆیان پێناس بکەن و هاوچارەنووسی ببینن لە گەڵ بەشەکانی تری کرێکاران .

ئەم پەرش و بڵاوی یە تا ئەو ڕاددەیەبەرجەستەیە کە خەڵکانێک دەڵێن شتێک نەماوە بە ناوی چینی کرێکارەوە ! . وە یان دەڵێن ئەم چینە بەرەو نەمان دەچێت بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و جێگرتنەوەی کرێکار بە کاری ئامێرەکان . تەنانەت ژمارەیەک ئەکادیمیست و میدیایی بەردەوام ئەوە دەدەن بە گوێی کۆمەڵگەدا کە بار و دۆخی کرێکاران وایلێهاتووە کە لەئەمڕۆدا پەیوەندییان بە پرسی شۆڕشەوە نە ماوە، چونکە چینی کرێکار وەک هێزێکی کاریگەر ئامادەیی نەماوە ! . بەڵام ئەم بۆچوونە دوو کێشەی هەیە . یەکەم ، تێگەشتنێکی تەقلیدی و نەگۆڕ لەسەر چینی کرێکار نیشان دەدات ، چونکە پێی وایە کرێکار تەنها دەبێت لە بەرگ و شێوازی

کرێکاری پیشەسازی سەدەی ١٩ و ٢٠ دا دەرکەوێت و مادام ئەم نمونەیە لە کرێکار کەم بۆتەوە ، کەوایە چینی کرێکار ئەو جێگەیەی نەماوە و هەموو تیۆری و پراکتیکە شۆرشگێڕیەکانی لەگەڵیدا کەم بونەوتەوە یان لە ناو چوون . لە زۆربەی کاتدا ئەم بۆچوونە بە ئامانجێکی سەرلێشێوێنەرانە پڕوپاگەندە دەکرێت لە میدیا و دامەزراوەکانی چینی سەرمایەدارانەوە ، وە بە مەبەست ئەو ڕاستی یە دەشارێتەوە کە کرێکار بوون ناسنامەیەکی تاکە کەسی نییە، تا پەیوەندی بە جلوبەرگ و تەنانەت جۆری کارەوە هەبێت ، بەڵکو ناسنامەیەکی کۆمەڵایەتی و چینایەتی یە کە کرێکاران بە مەجبووری کۆدەکاتەوە و بەرژەوەندی یان یەک دەخات لە بەرامبەر بە پەیوەندیە یەکانی کار و بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دا .

دووەم ، تێگەیشتنێکی وا زۆر ڕووکەشە و لەوە تێناگات کە چینی کرێکار تاقە چینە کە هەڵگری شێوازێکی بەدیل و نوێ یە لە سیاسەت و ئابووری کە دەتوانێت جێگرەوەی سەرمایەداری بێت ، وە تەنها ئەو ئەتوانیت کۆتایی بە سەرمایەداری بێنێت ، ئەگەر رێکخرا و و هوشیار بێت. کەوایە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم بۆچوونانە دەبێت پشت ببەستین بە بۆچونیکی تر کە داینەمیکە و هیچ کات چینی کرێکار بە شێوازی دەرکەوتن و جێگای کارکردن ، وە یان وەک دیاردەیەکی کاتی نێو جیهانی سەرمایەداری پێناس ناکات ، بەڵکو وەک چینێکی بەرانبەرە،کە لەگەڵ بوونی چینی سەرمایەداران و بورژوازیدا ، هەمیشە ئەم چینی کرێکارە ئەسڵە و زیندووە ، چونکە سەرمایەداری بە بێ بەکارهێنان و چەوسانەوەی هێزی کاری کرێکاران بوونی خۆی لە دەست دەدات.

سەرباری ئەو ڕاستی یەش کە چینی کرێکار چینێکی سەرەکی جیهانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری یە، دیاردەی دابەزینی ڕێژەی کرێکاری کارگەکان لە بەرهەمهێناندا لە ناوەندە پیشەسازی یە ئەوروپی یەکان دیاردەیەکی ڕوون و بەرچاوی سەردەمی ئێستای جیهانگیری یە. هەرچەندە بە مانای کەم بوونەوە یان نەمانی چینی کرێکار نییە. بەڵام گرنگە کە تێگەیشتنێکی فراوانمان هەبێت لەسەر ئەو ئاڵ و گۆڕانەی بەسەر ئەم چینەدا هاتوە لە م سەردەمەی سەدەی ٢١دا . هەروەک چۆن سەرمایەداری خۆی گۆڕیوە ، هەرواش لەگەڵ گۆرانکاری یە فراوانەکان بەسەر شێواز و مۆد و جوگرافیای بەرهەمهێناندا ، چینی کریکاریش ئاڵ و گۆڕی کردوە . دەستنیشانکردنی ئەو ئاڵ و گۆڕانە پێشمەرجێکی پێویستە بۆ پەرەپێدانی تێگەشتنێکی چینایەتی تەواوتر، کە توانای هەیە ئەو پەیوەندی یە حەتمی یە ببینێتەوە لە نێوان چینی کرێکار و ئەگەری شۆڕشی سۆشیالیتی دا هەیە.

بەم پێ یە تێڕوانین بۆ چینی کرێکار لە دوای ٥٠ ساڵ لە دوا شەپۆلی بە جیهانی بوون و سەپاندنی نیولیبرالیزمدا دەبێتە ئۆبجێکتی سەرەکی ئەم باسە ، کە هەوڵدەدات بە پشت بەستن بە ئامارو فاکتەکان بار و دۆخی نوێی چینی کرێکار و ئەو ئاڵ و گۆڕانەی کە بە هۆی ٥٠ ساڵ لە بە جیهانی بوونی بەرهەمهێنان و نیولیبرالیمەوە بەسەریدا هاتوون دەستنیشان بکات . لە بەشێکی دواتردا ئەم باسە هەوڵ ئەدات کە کاریگەریەکانی ئەم ئاڵ و گۆڕانە لە پێکهات و بارو دۆخی گشتی چینی کرێکاردا لە سەر شێوازی خەبات و بەرەنگاریەکانی لە دژی سەرمایەداری تاوتوێ بکات، بەتایبەت

کاریگەرییان لەسەر ئاست و شێوازی ڕیکخراوبوونی ئەم چینە. لە بەشی کۆتایی دا، ڕێگریەکانی بەردەم یەکگرتووبوونی چینایەتی کرێکاران لە یەک بزوتنەوەی چینایەتیدا دژی سەرمایەداری دەخرێنە ڕوو . واتە ئەم بەشە هەوڵدەدات سەرەداوەکانی وەلامی پرسیارێکی گرنگ دەرخات کە ئایا چینی کرێکار وەک چینێکی جیهانی ، بەم هەموو ژمارە و ڕێکخراو و ناڕەزایەتی یە وە ، تا ئیستا بۆ نەبۆتە چینێک بە ئاسۆیەکی شۆرشگێڕانەوە کە لە زۆر جێگا دەربکەوێت و ئەو دەورە مێژوویی یە کە لێی چاوەڕوان دەکرێت بگێڕێت.

بەر لە کۆتایی ئەم بەشە ، پێویست دەکات کە ئاماژە بدەین بە بۆچونێکی نێو چەپ کە بابەتی لێکۆڵینەوە لە چینی کرێکار و ئاڵ و گۆڕەکانی بەلاوە گرنگ نیە ، چونکە وەک بکەرێکی حەتمی و نەگۆڕ و وەستاوی شۆڕشی سۆشیالیستی لێی دەڕوانێت بە بێ ئەوەی هەوڵ بدات کە لێی تێ بگات لە پرۆسەیەکی داینەمیکی مێژوویدا کە بەردەوام خەریکی بەریەککەوتنە لەگەل جیهانی پڕ لە ئاڵ و گۆڕی سەرمایەداری . ئەم بۆچوونەی نێو چەپ دوورە لە پراکتیسی مارکسەوە، چونکە بەڵگە زۆرن لەسەر ئەوەی کە مارکس و ئەنگلز بۆ تیگەشتن لە خەباتی چینایەتی کرێکاران دەیان ساڵ لە نزیکی کرێکارانەوە کاریان کرد و هەوڵی تیگەشنیان دا لە شێواز و پراتیکی خەباتی ئەم چینە . بێگومان لێکدانەوەی مارکسیستی خۆ بە خۆ و و بە تەنها لە مێشک و بیرکردنەوەی مارکس و ئەنگلزەوە هەڵنەقولاون ، بەڵکو بەشداری کردنی ئەوان لە بزوتنەوەی کرێکاریدا کە چەند دەیەی خایاندوە ، وە گەشەی بەردەوامی سەرمایەداری و خەباتی چینایەتی کرێکاران بەردەوام ئەوانی ڕوو بە ڕوو کردۆتەوە لەگەڵ

کێشە و پرسیار و ڕێگا چارەی تازەدا. ئەوان بەردەوام فێر دەبوون و هوشیار تر دەبوونەوە بە شێوازی خەبات و تاکتیکەکانی چینی کرێکار بۆ ئەوەی چینی کرێکار بگاتە ئاستێک کە بتوانێ هەڵسێت بە شۆڕشی سۆشیالیستی بەرامبەر بە سەرمایەداری . [1]

## بە جیهانی کردنی بەرهەمهێنان و
## دروست بوونی چینی کرێکاری جیهانی

جیهانگیری لە بنەڕەتدا بە واتای فراوانکردنەوەی مەوداکانی فرسەتی سەرمایەگوزاری و کەڵەکەی سەرمایە دێت . بە درێژایی مێژووی سەرمایەداری یەکێ لە ڕێگاکانی کەڵەکەی سەرمایە بووە لە فۆرم و ڕێگای جیاوازدا ، لەوانە داگیرکاری و کۆلۆنیالیوم ، ئیمپریالیزم . تەوژمێکی نوێی گلۆبالیزەیشن لە سالآنی حەفتاکانی سەدەی ٢٠ دا ئەمجارە بە فۆرمێکی جیاواز و هەڵگری ئایدیۆلۆجیا یە کی جیاواز سەرەتاکانی دەستی پێکرد و بە فراوانترین شێوە خۆی گەیاندە هەموو کونجی و کەلەبەرێکی جیهان .

کردنەوەی بازاڕی ئازاد ، کەمکردنەوەی باج و کردنەوەی سنوورە کان بە ڕووی کۆمپانیای جیهانی ، بازرگانی ئازاد و سنوردارکردنی دەسەڵاتی دام و دەزگای دەوڵەت لە کەرتی ئابووریدا ، لە سیما

سەرەکیەکانی ئەم جیهانگیر یە بوون . ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ پێشکەوتنێکی تەکنەلۆجیا بە خێراییەکی سەر سوڕهێنەر . ئێستا پەنجا ساڵ تیدەپەڕێت بەسەر ئەم پرۆسەیە دا و هێشتا بەردەوامە . دەکرێت بە سەدان لیکۆڵینەوە و لیکدانەوە لە گۆشەی جیا جیاوە بکرێت بۆ ئەم جیهانگیر یە ی ئەمجارەی سەرمایەداری ، ئەم باسە تەنها لە یەک گۆشەوە گوزەرێک دەکات بەسەر کاریگەریەکانی بەسەر چینی کرێکار وە . چونکە ئەمە زۆر پێویستە بۆ تێگەیشتنمان لە بار و دۆخی چینی کرێکاری ئەمڕۆ وەک بکەری شۆڕش.

بەڵام ئەو گۆڕانکاریانەی لە جیهانی کاردا کە لە ماوەی پێنج دەیەی ڕابردوودا لەسەر ئاستی جیهانی ڕوویانداوە، ناتوانرێت تەنها لە گۆڕانکاری لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و لە ڕووی پێشکەوتنە تەکنەلۆژییە بەرفراوانەکانەوە ببینرێت . جیهانگیری ئەمجارە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە سەپاندن و بە کۆمەڵایەتی کردنی ئایدۆلۆجیای نیولیبرالیزمەوە، لەلایەن نوخبەی سیاسی و ئابووری ەوە ، وەک مۆدێلی ئابووری- سیاسی نوێ بۆ نەزمی جیهانی. بە بڕوای دەیڤد هارڤی جیهانگیری ئەمجارە دەرئەنجامی پڕۆژەیەک بووە، کە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی پێکردووە، کە لە سێبەری گوتارێکی ئایدیۆلۆجیدا کە گۆڕانکاریەکانی بازاڕی کاری وەک هەست و بیرکردنەوەی گشتی خەڵک نیشان دا ، بە ئامانجی دووبارە دامەزراندنەوەی هەلومەرجی کەڵەکەبوونی سەرمایە و چەسپکردنەوەی دەسەڵاتی چینایەتی سەرمایەداران ( Harvey 2005).

بۆ نمونه ، له ژێر ناوی ئازادی تاکدا بۆ هەڵبژاردنی شێواز و کاتی کار ، دەیان شێوازی کاری نائەمن و کاتی و کورت ماوەی دروست کرد . له ژێر ناوی ئازادی بازرگانی و کرانەوەی بازاڕەکاندا ، سنوورەکانی لەبەردەم سەرمایەگوزاری کۆمپانیا جیهانیەکاندا ئاوەڵاکرد و پابەدنیبوونی ئەوانی به یاسا و مافەگشتی یەکانی کریکارانەوه بۆ سەعاتی کار و ئاستی کەمی کریێ لەسەر لابردن . پرۆسەی هاوشێوه که بەهۆی ئایدۆلۆجیای نیولیبرالیزمەوه له ژێر ناوی « کاری فلێکسەبڵ » و جوڵەی ئازادی کرێکاران کرانه مۆرکی تازەی کار . له نمونەی نەمانی کاری دائمی و کاری دەوڵەتی ، به قۆنتەرات دان و بەڵێندەری لاوەکی، به تایبەتکردنی خزمەتگوزارییه گشتیەکان و ئەوەی ناوی لینرا "چاکسازیی یه پێکهاتەییەکان" له سەرانسەری جیهاندا له زۆر جێگا دەستیان پییکرد و بەیەکەوه بەسترانەوه.

سەپاندنی نیولیبرالیزم له وولاته جیاوازەکاندا به شێوازی جیاواز به ڕێوه چوو ، وه ئامانجی دیاریکراوی هەبوو . لەم بارەوه دەیڤید هارڤی سێ شیوازی سەپاندنی نیولیبرالیزم دیاری دەکات ، یەکەم له ڕێگەی دەنگدان و هەڵبرژاردنەوه ، وەک وولاتانی ئەوروپا . دووەم لەڕێگەی دەزگاکانی وەک بانکی جیهانی و قەرزه کانەوه که له ماوەی ۲۰-۳۰ ساڵدا زۆرینەی وولاتانی جیهانیان وادار کرد به "چاکسازی یه بنەڕەتیەکان" که له ڕاستیدا سەپاندنی هەموو شیوازەکانی کردنەوەی بازاڕ و ئازاد کردنی بەرهەمهێنان لەبەردەم کۆمپانیا جیهانیەکان و بچوکردنەوه کەرته گشتیه کانی و بڕینی بودجەی خزمەتگوزاری و خوێندن و تەندروستی له نمونه بەرجەستەکانی ئەم

سەپاندنەن . شێوازی سێهەم بریتی بوو لە سەپاندنی نیولیبرالیزم بە شەڕ ، وەک لە حاڵەتی عێراق و لیبیا دا ڕوویدا .

ڕووکردنە نیولیبرالیزم و خێراکردنی پرۆسەکانی داهێنانی تەکنەلۆژی، بە تایبەتی پەیوەست بە گواستنەوە و پەیوەندییەوە، گۆڕانکاری ڕیشەیی لە دیمەنی کۆمەڵایەتی جیهان و پێکهاتەی هێزەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگاکان و دابەشکردنی جوگرافیای کار و ڕێکخستنی کار ، وە 'دروستکردن و تێکشکاندنی' بەشەکانی چینی کرێکار لە سەرانسەری پیشەسازی و فەزای جوگرافیدا ، پێکەوە بوونەتە هۆی ڕێکخستنەوەی نوێی کار و کرێکاران .

یەکێ لە هەنگاوە گرنگەکانی جیهانگیری ئەمجارە ، بە درێژایی ٥٠ سالی ڕابردوو، لە وولاتانی سەنعەتی و پێشکەوتووی سەرمایەداری سەدەی ٢٠ دا لە ڕۆژئاوا و ئەوروپادا پرۆسەی داخستنی کارگەکان و پیشەسازی ناوخۆ بوو ، وە گواستنەوەی بەرهەمهێنان بۆ ئەو جێگایانەی کە هێزی کاری هەرزان دەست دەکەوێت تیایاندا . بەم جۆرە، بچوک کردنەوەو لەبەریەک ترازانی ناوچە پیشەسازیی و کارگەکان لە ناوچە سەرەکیەکانی جیهانی پیشەسازیدا، بەشەکانی چینی کرێکاری پیشەسازی کە بە ژمارەی زۆر لە کارگەکان دا کاریان دەکرد و لە یەکە کانی نیشتەجێبوون دا ژیانیان دەکرد ، کە هەستی هاوچارەنوسی لە ناویاندا زۆر بەهێز بوو ، بەرەو لە ناوچوون برد. ئەمەش بووە هۆی ئاڵ و گۆڕی گەورە لە پێکهاتەی چینی کرێکار و تێک شکاندن و لاواز کردنی یەکێتی و ڕێکخراوە دامەزراوەکانی چینی کرێکاری ڕۆژئاوا و ئەوروپا ، وە سەندنەوەی

بڕێکی زۆر لەو مافانەی کە بە درێژایی سەدەی ٢٠ ئەم چینە خەباتی کرد بۆیان . ئامانجێکی سەرەکی جیهانگیری ئەمجارە تێکشکاندن و کەم کردنەوەی هێزی چینی کرێکاری پیشەسازی خۆرئاوا بوو کە لە سالانی پەنجا و شەستەکانی سەدەی بیستدا زۆر بەهێز بوو لە باری هێزی ڕێکخراوەیی و ئاستی کرێ و سەپاندنی مافەکانی . نیولیبرالیزم ڕاستەوخۆ هێرشی دەستپێکرد بە بڕینی مافەکان و سنووردارکردنی دەسەڵاتی یەکێتیەکانیان ، گواستنەوەی کارگەکان بۆ وولاتانی تر کە هێزی کار هەرزانتر و دەستەمۆ تر بوو لە چاو ئەم هێزە کارە هوشیارەی ئەوروپادا.

هاوکاتی ئەم پرۆسەیە لە ڕۆژئاوا ، لە بەشی تری دنیادا ، بە جیهانی بوون و گڵۆبالیسەیشن بەردەوام لە ڕێگەی پرۆلیتاریزەکردن و کەڵەکەی سەرەتایی سەرمایەوە ، بەشی تری نوێی چینی کرێکار ی بەردەوام پێکهێناوە و بوارەکانی کار و پیشەکانی فراوان کردوە . بڵاوبوونەوەی تەکنەلۆجیای زانیاری، دابەزینی تێچووی گواستنەوەی دەریایی و وشکانی، و خێرایی جووڵەی سەرمایە، ئاسانکارییان بۆ پێشبڕکێ ی کۆمپانیا جیهانیەکان کردووە بۆ گەڕان بەدوای هەرزانترین تێچووی بەرهەمهێنان ، بەتایبەت هێزی کاری هەرزان . لە هەمان کاتدا ئەم جیانگیر یە وولاتانی کەم دەرامەتی خستۆتە پێشبڕکێ ی دابین کردنی هەرزانترین هێزی کار تا کۆمپانیا جیهانیەکان سەرمایە هەناردە بکەن و لەو وولاتانەدا جێگیر بن . ئەمەش بە بێ مسۆگەر کردنی لایەنی کەمی کرێ و مافەکانی تری کرێکاران لەڕووی مووچە و بارودۆخی کارکردنەوە، ئەمەش

بنەمایەکی بۆ دابەشکردنێکی تری نێو دەوڵەتی بۆ هێزی کاری جیهانی داناوە.

هەربۆیە کۆتایی سەدەی ٢٠ و سەرەتای ٢١ بۆ چینی کرێکار بە ئاڵ و گۆڕی گەورە دەستی پێکرد ، کە دیارترینیان گواستنەوەی بەشێکی زۆری بەرهەمهێنانی پیشەسازیی بوو بۆ دەرەوەی وولاتانی رۆژئاوا . ئێستا زۆرینەی ڕەهای کرێکارانی پیشەسازی لەو وڵاتانەدا دەژین کە زۆرجار پێیان دەوترێت باشووری جیهانی. یەکێ لە دەرکەوتەکانی ئەم پرۆسەیە ئەوەیە کە کۆمپانیا فرەنەتەوەییە جیهانیەکان کاری پلان دانان و بەڕیوەبردن و فرۆشتنی بەرهەمی کۆتایی یان وەک هێزی کاری سەرەکی و جێگیر دابین کردوە ، لە کاتێکدا کرێکارانی پیشەسازی نێو کارگە و بەرهەمهێنیان سپاردوە بە زنجیرەیەکی بەش بەش کراو کە زیاتر بەڵێندەران بە ڕێوەی دەبەن و بە گشتی کرێکارانیان لە ژێر بار و دۆخی کاری ناجێگیر و کرێی کەم و بێ مافیدا ڕاگرتوە . یەکێک لە تایبەتمەندی یە سەرەکییەکانی ئەم جۆرە لە پەیوەندی کارکردن دابڕینی تاکی کرێکارە لە هاوچینەکانی ، وە بەردەوام بردنی پەیوەندی کار بەرەو تاکگەرایی . ئەمڕۆ زۆرینەی ڕەهای کرێکاران دەکەونە دەرەوەی ڕێکخراو و یەکێتی یە کرێکاریەکانی سەدەی ٢٠ وە .

## ئاستی بەرهەمهێنانی وولاتان لە جیهاندا

دوایین داتاکانی بەشی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠١٩ دا ، لیستی یەکەم دە وولاتی بەرهەمهێن لە جیهاندا دیاری دەکات بە پێی بەرزترین ئاستی بەرهەمهێنانی جیهانییان.

ئاشکرایە کە یەکەم وولاتی بەرهەمهێن لەم سەردەمەدا وولاتی چینە ، کە بە "کارگەی جیهان" ناسراوە . چین هێزێکی کاری زۆری هەیە کە لە پیشەسازی و بەرهەمهێنانی ئەلیکترۆنیات و قوماش و ئامێرەکاندا کار دەکەن ، وە لە بواری خزمەتگوزارییەکاندا زۆر بە خێرایی گەشە دەکات ، لەوانە دارایی، خانووبەرە و تەکنەلۆژیا. بەرهەمی کشتوکاڵیشی هەروا زۆر فراوانە ، بەتایبەتی لە ناوچە گوندنشینەکان، بەڵام لە چاو کەرتەکانی تر بەرەو کەم بوونەوە دەچێت . چین کە لە پێشەنگی لیستی بەرهەمهێنانی کاڵای جیهانیدا بە تەنیا ٢٨.٤ % ی کۆی بەرهەمهێنانی جیهانی پێکدەهێنێت کە لە هەناردەکردنی کاڵای بەکاربەری وەکو قوماش و ئەلیکترۆنیات و جلوبەرگ گەیشتۆتە هەموو کونجی دنیا.

دە ساڵ پێش ئێستا چین پێشی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەوت لەم پێشبڕکێ ی بەرهەمهێنانەدا . هەرچەندە بواری پیشەسازی لە ئەمریکا هێشتا زۆر گرنگە ، بەڵام لە دوای کەرتی خزمەتگوزاریی و دارا ییەوە دێت . ئەمریکا لە ئێستادا بە تەنها ١٦.٦% ی بەرهەمی

جیهان دروست دەکات ، بوارەکانی بەرهەمهێنانی لە دروست کردنی ئۆتۆمبێل، بەرهەمی کیمیایی، بەرهەمی خۆراک، ئامێری سەربازی و فڕۆکە دا گرنگی زۆری هەیە. هێزی کاری کشتوکاڵ بە بەراورد بە دەیەکانی پێشوو بچووکترە بەڵام هێشتا لە هەندێک ناوچەی فراوانی ئەمریکا دا بەرچاوە. بوارەکانی بەرهەمی تەکنەلۆژیا گەشەسەندنی گرنگی بە خۆیەوە دیوە ، بەتایبەتی لە ناوچەکانی وەک دۆڵی سلیکۆن.

وولاتی ژاپۆن لە پلەی سێیەمدایە و نزیکەی 7.2%ی کۆی بەرهەمهێنانی جیهان دابین دەکات. ژاپۆن بەناوبانگە بە بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی ئۆتۆمبێل و پارچەی کۆمپیوتەر و ئەلیکترۆنیات و ماددە کیمیاییەکان.

وولاتی ئەڵمانیا بنکەیەکی گرنگی پیشەسازی ئۆتۆمبێل و ئامێر و ماددە کیمیاییەکان لە جیهان و ناوەندی ئەوروپادا پێک دێنێت . ئەم وولاتە لە پێشەنگی وڵاتانی بەرهەمهێنەری ئەوروپیدایە و بە هەناردەکردنی ئۆتۆمبێلی ماتۆڕ و ئامێری کارەبایی و کانزا دروستکراوەکان ناسراوە، و نزیکەی ٥.٨ %ی بەرهەمهێنانی جیهانی بەرهەم دێنێت .بەشێکی زۆریش لە هێزی کارەکەی لە بواری خزمەتگوزارییەکان وەک دارایی، ئەندازیاری و چاودێری تەندروستی کار دەکەن .

کۆریای باشوور نزیکەی٣.٣%ی بەرهەمهێنانی جیهانی پێکدەهێنێت . ئەوەی جێگای سەرنجە کە پیشەسازی و بەرهەمهێنان نزیکەی

٢٩%ی بەرهەمی نیشتمانی تەواوی وڵاتەکە پێکدەهێنێت. بەرهەمی هەناردەکردنی بەرچاوی بریتی یە لە بەرهەمە تەکنەلۆژییەکان، ئۆتۆمبێل، نەوت و ئامێرەکان.

لە هیندستان کەرتی کاری خزمەتگوزاریی کەرتی باڵادەستە ، لەوانەش خزمەتگوزارییەکانی تەلەفۆنات و کۆمیونیکەیشن لە بوارەکانی پرۆسەی بازرگانی و پەیوەندییەکان. وە هەروەها کەرتی کشتوکاڵیش کاری بەشێکی بەرچاو لە دانیشتوانی ناوچە گوندنشینەکانی دابین کردوە . ئەم وولاتەش لە ڕیزی پێشەوەی وولاتانی بەرهەمهێنە و % ٣.٣ ی بەرووبوومی جیهان بەرهەم دێنێت ، لەوانە بەرهەمەکانی وەک بەرهەمی کشتوکاڵی و قوماش و کەلوپەلی ئەندازیاری و بەرهەمی چەرم و مادده کیمیاییەکان.

بەڕازیل لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی جیهانی دا کەرتی کشتوکاڵی وەک گەورەترین بەرهەمهێنەری سۆیا و قاوە و نیسک گرنگیەکی مێژوویی هەیە . لە بواری خزمەتگوزاری دارایی و گەشتیاری و پەیوەندییەکاندا زۆر چۆتە پێش و لە پیشەسازیدا جگە لە و بەروبومە خۆراکیانە بەرهەمی ئۆتۆمبێل و قوماش و ئەلیکترۆنیاتیش دەکات .

لە ئەوروپا، گەورەترین وڵاتانی ئەورووپی وەک ئەڵمانیا، بەریتانیا، فەرەنسا و ئیتاڵیا بە شێوەیەک زاڵن بەسەر کەرتی بەرهەمهێناندا. لەوانە پێکهاتەی ئابووری ئیتاڵیا زۆر پشت بە بەرهەمهێنان و پیشەسازی دەبەستێت. هەناردەکردنی سەرەکی وڵاتەکە بریتییە لە بەرهەمە کانزاییەکان، جلوبەرگ و پێڵاو، ئۆتۆمبێل و مادده

کیمیاییەکان. فەرەنسا ١.٩% لە کۆی بەرهەمی بەرهەمهێنانی جیهانی پێکدەهێنێت. هەناردەکردنی سەرەکی بریتییە لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، ئامێرەکان، فڕۆکە، و بەرهەمە هایدرۆکاربۆنییەکان. بە دوای فەرەنسا بەریتانیا دێت کە ئەویش نزیکە١.٨ %ی بەرهەمهێنانی جیهانی پێکدێنێ و هەناردەکردنی سەرەکی بریتی یە لە مادده کیمیاییەکان، کاڵای بەرهەم هێنراو و بەرهەمە خۆراکییەکان.

لە ڕیزی دەهەمین وولاتی بەرهەمهێن ، مەکسیک دێت کە نزیکەی ١.٥%ی بەرهەمی بەرهەمهێنانی جیهانی پێک دێنێت و هەناردەی سەرەکی بریتیە لە سووتەمەنی کانزایی، چەورکەر، خۆراک، ئامێری گواستنەوە و ئامێرەکان.[1]

## ئامارەکانی هێزی کار و کرێکاران لە جیهاندا

لە ساڵی ٢٠٢٢ دا ژمارەی هێزی کار لە جیهاندا خۆی دەدات لە نزیکەی ٣.٦ ملیار کەس ، کە پێشبینی دەکرێت ساڵانە نزیکەی ٣٥ ملیۆن کەس زیاد بکات بەهۆی گەشەی دانیشتوانی تەمەنی کارکردنەوە ( سەروو ١٥ ساڵ) . لەم ژمارەیە ٣.٤ ملیار کەس لەسەر کارن و ئەوانی تر بێکارن .

لەو ٣.٤ ملیارە کە لەسەر کارن ، نزیکەی ٨٦٦.٣ ملیۆن کەس لە سەرانسەری جیهاندا لە ڕشتەی کشتوکاڵدا کار دەکەن کە دەکاتە تەنها % ٢٥ ی هێزی کار ، وە ئەوی تری لە هەردوو ڕشتەی پیشەسازی و خزمەتگوزاری دا کار دەکەن . لەوانەش ١.٦٤ ملیار

کەس لە بواری خزمەتگوزاریدا ، وە ٧٥٣ ملیۆن کەس لە کەرتی بەرهەمهێنانی پیشەسازیدا کار دەکەن .
بە پێی ئامارێکی تایبەت بە کەرتی پیشەسازی و بەرهەمهێنان ، ئەگەر کرێکارانی بواری بیناسازی، گواستنەوە و پەیوەندییەکان لەخۆ بگرێت، ئەوا هێزی کاری "پیشەسازی" گەشەی کردووە بۆ زیاتر لە یەک ملیار کرێکار. ئەمە بەو مانایەیە کە سەرباریی ئەو هەموو گۆڕانکاریانەی کە لە ٥٠ ساڵی ڕابردوودا ڕووی داوە کە دواتر لەم وتارەدا ووردتر باس دەکرێت ، وە ئەوەی کە بەشی خزمەتگوزاریی زۆر زیاتر و خێراتر بە هۆی گەشەی تەکنەلۆجیا و بەکاڵا بوونی زۆربەی زۆری بوارەکانی ژیان ، گەشە دەکات ، کەچی تا ئێستا کرێکارانی پیشەسازی، وەک هێزێکی بەرفراوانی جەماوەری چینی کرێکاری جیهان دەمێننەوە.
ئەم هێزی کارە جیهانی یە بە سەر چەند ڕشتە و پەیوەندی کاری جیاوازدا دابەشبووە . بۆنمونە ، لەوانەی کە لەسەر کارن ١.٨ ملیار بە کرێ کار دەکەن ، وە ١.٥ ملیار بە ناوی کاری سەربەخۆ کار دەکەن . لە نێو ئەوانەی کە کرێکاری بە کرێن ، نزیکەی ٥٥٠ ملیۆن کەس لە پیشەسازیدا کاردەکەن، ٨٥٠ ملیۆن کەسیش لە خزمەتگوزارییەکان . هەروەها ئەم هێزی کارە دابەش بووە بەسەر ئەوانەی کە کاری فەرمی دەکەن و ئەوانەی کە کاری نافەرمی دەکەن . لە ئاستی جیهانیدا نزیکەی ٢ ملیار کرێکار لە ساڵی ٢٠٢٢دا لە کاری نافەرمیدا بوون.

بەرزترین ڕێژەی هێزی کاری جیهانی لە خۆرهەڵاتی ئاسیا دەژین . ئەم ناوچەیە وولاتانی وەک چین، ژاپۆن، مەنگۆلیا، کۆریای باکوور،

کۆریای باشوور و تایوان دەگرێتەوە. لەم ناوچەیە نزیکەی ( ٨٧٨) ملیۆن ئینسانی کارگەرن . لەم هێزە ٦٩٧ ملیۆنی ( نزیکەی %٨٠ ) لە بواری پیشەسازی و خزمەتگوزاریدا کار دەکەن . هەڵبەت بواری خزمەتگوزاری لەم ناوچەیە کە ٤٢٦ ملیۆنە کەسی لە خۆ گرتووە ، یەک ئەوەندە و نیوی هێزی کاری پیشەسازی یە کە ( ٢٧١ ملیۆن) کەسە .

لە دوای خۆرهەڵاتی ئاسیا ، ئاسیای باشوور دێت کە نزیکەی ( ٧٢٣ ) ملیۆن ئینسان کاری تێدا دەکەن ، لەوانەش ٢٩٤ ملیۆن لە کشتوکاڵ ، ١٨٦ ملیۆن لە پیشەسازی_، وە نزیکەی ٢٤٣ ملیۆن لە خزمەتگوازاریدان . لەم ناوچەیەش وا دیارە هێزی کاری کشت و کاڵی بەرزترینە لەچاو دوو بوارەکەی تردا کە زیاتر لە %٤٠ ی هەموو هێزی کاری ئەو ناوچەیە پێک دێنێت . وە بەشی خزمەتگوزاری دیسان گەورەترە لە بەشی پیشەساز یی . خوارووی ئاسیا ئەم وولاتانە دەگرێتەوە : ئەفغانستان، بەنگلادیش، هیندستان، مالدیڤ، نیپاڵ، پاکستان و سریلانکا .

لە ئەمریکا ، لەدوای داخستنی بە شێکی زۆر لە کارگەکانی بەرهەمهێنان ، تەنها لەسەدا ٨ ی چینی کرێکار لە کەرتی بەرهەمهێناندا کاریان هەیە، لە کاتێکدا لە ساڵی ١٩٨٠دا ئەم ڕێژەیە نزیکەی لەسەدا ٢٠ بووە. سەرباری ئەوەش هێشتا دووەم وولاتی بەرهەم هێنەرە لە ئاستی جیهاندا . لە هەناردەکردنی بەرهەمەکانی وەک نەوت و مەوادی کیمیاوی ، پارچەی سەیارە و کۆکردنەوەی ، خواردن چاککردن ، فرۆکە و داو و دەرمان ، لە ڕیزی یەکەم دایە .

لە بەرهەمهێنانی ناو کارگەکان ، گواستەنەوەی بەرهەم و هۆیەکانی گواستنەوەی خەڵکی ، دروستکردنی جادە و خانووبەرە و جسر ، پیشەسازی دەرهێنانی خەڵووز و نەوت و گاز هێشتا ٪٢٥ ی هێزی کاری ئەمریکا کاریان تێدا دەکەن . گەورەترین جۆرەکانی تری کار بۆ چینی کرێکاری ئەمریکا کە زۆر زیادیان کردوە و هەڵتۆقیون چوار گروپی سەرەکین ، ئەوانەش کاری فرۆشیاری لە سۆپەرمارکێت و کۆگاکان و بەشی خۆراک،، وە کاری پاککردنەوە و خزمەتکاری جادە و بان، کارەکانی چاودێری کردنن . زۆرینەی لەم کارانە کاری کاتی و لە ڕێگەی گرێبەستی لاوەکیەوە دەدرێنە کرێکاران ، یان لەلایەن دەزگا نێوەندیەکانەوە کرێکارانیان بۆ دەنێردرێت ، یان بەشێکن لە سیستەمی فرەنچایز. زۆرینەی ئەم جۆرە کارانە چیتر لەگەڵ یاساکانی کاردا ناگونجێن کە بڕێک لە ماف و سەلامەتی و کۆنتراکتی بەردەوامی کاریان بۆ کرێکار دابین کردبوو . ئەم بەشانەی چینی کرێکار زیاتر بەرەوڕووی نەدانی مووچە، کاتی کاری زیرۆ و مەترسییەکانی نەبوونی ئەمن و سەلامەتی دەبنەوە. لە ساڵی ٢٠١٠ دا کرێی مامناوەندی کاتژمێری چینی کرێکار لە ئەمریکا ١٥.٧٥ دۆلارە، ئەم بڕە ١.٤٤ دۆلاری کەمترە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ١٩٨٠ دا ، واتە دوای ٢٢ ساڵ . نزیکەی ٥ ملیۆن کرێکاری خزمەتکار و یاریدەدەری تەندروستی ماڵەوە، یاریدەدەری کەسی، یاریدەدەری پەرستاری و کارمەندی چاودێری منداڵان لە ئەمریکا هەن . ئەمانە نزیکەی 9 یان 10 دۆلار لە کاتژمێرێکدا داهاتیان هەیە. ژمارەی هەلی کارەکانی چاودێری لە ماڵەوە لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە زیاتر لە سێ هێندە

زیادی کردووه . زیاتر له ٧،٥ ملیۆن کرێکار له کارمەندانی پله خوارەوەی ئۆفیسه گشتیەکان، سکرتێر و یاریدەدەری کارگێڕی، و نوێنەرانی خزمەتگوزاری و کڕیارین . ئەمانه به مووچەیەکی مامناوەندی ١١.٩٩ دۆلار له سەعاتێکدا کار دەکەن .

## ئاڵ و گۆڕەکانی دوا جیهانگیری و نیولیبرالیزم لەسەر چینی کرێکار

له ماوەی نزیک به پێنج دەیه لەم جیهانگیری یه دا ، چینی کرێکاری جیهانی به شێوەیەکی ئاڵۆز دابەش بووه ، شێوازەکانی کار و بەرهەمهێنانی گۆڕیوه ، یاساکانی کار و مافی ڕێکخراوبوونی کرێکارانی ، تەنانەت له ئەوروپا و ڕۆژئاوادا زۆر سەختتر کردوه , هێزێکی بێشوماری له گەنجانی خوێندەوار بێکار کردووه ، یان له کاری کاتی و نائەمندا ڕایگرتوون ، وه به شێوەیەکی زۆر خێرا پرۆلیتاریای نافەرمی جیهانی زیاد کردووه . پرۆسەی کەمکردنەوەی هێزی کاری پیشەسازی له وولاتانی گەشەکردوودا ، وه گۆڕینی ئاستی پیشەسازی ناوچه یی یان لۆکاڵی یەکان به شێوازی بەرهەمهێنانی جیهانی و زنجیرەیی قازانجی خەیاڵی بۆ کۆمپانیا جیهانیەکان مسۆگەر کردوه به فرسەت هێنان له بێ مافی و هەژاری کرێکاران له وڵاتانی تردا ، وه نزمی له ڕادده بەدەری ئاستی کرێ ، وه بەکارهێنانی ئەمه له پێشبڕکێ لەگەڵ کرێکارانی رۆژئاوا و ئەوروپادا. بۆیه یەکێ له دەرئەنجامەکانی جیهانگیری ئەمجاره ،

خراپتر کردنی بارودۆخی کارکردن و کوالیتی ژیانی کرێکارانی ڕۆژئاوا و ئەوروپا بوو ، بەتایبەت ئەوانەی بواری پیشەسازی .

پەیوەندیەکانی نێوان کرێکاران لەگەڵ خاوەنکاردا هەروەها شێوازە تراديشناڵەکەی سەدەی بیستی تەواو تێپەڕاندوە و لەم ڕوەوە ئەم پرۆسەی جیهانگیر ی یە بووەتە هۆی داهێنانی شێوازی زۆر و جۆراو جۆری پەیوەندی بەرهەمهێنان . لەوانە گرێبەستکردن لە ڕێگەی دەڵاڵی کار و گواستنەوەی بەرپرسیارێتی ڕێکخستنی بەرهەمهێنان بۆ بەڵێندەرانی کار. تەنانەت لە دامەزراوە گەورەکانی بەرهەمهێناندا، سەرمایەداران بەرپرسیارێتی دامەزراندنی زۆربەی کرێکارانیان گواستۆتەوە بۆ لایەنێکی نێوانی و سێ هەم ، ئەمەش لە لایەک ، بووەتە هۆی نافەرمی بوونی کاری کرێکارانێکی زۆر ، لە لایەکی تریش توانای کرێکارانی بۆ ڕێکخراوبوون و بەرگریکردن لە مافەکانیان لە ڕێگەی ڕێکخراو و یەکێتی یەکانیانەوە زۆر هێناوەتە خوارەوە. لەگەڵ فراوانبوونی بەرهەمهێنانی کاڵا بۆ پلاتفۆرمە جیهانی یەکان هەروەها پشتبەستن بە کاری گرێبەست بۆتە نۆرمی کارکردن . ئەم گۆڕانکارییە لە کەرتە سەرەکییەکانی بەرهەمهێناندا ئەوە نیشان دەدات کە کۆمپانیاکانی سەرمایەداران دەستیان ئاوەڵا بووە کە زیاتر پشت بە کرێکارانێک ببەستن کە بە کرێی کەم و لە ئابووری نافەرمیدا بە ئاسانی بە دەستیان دێنن . بە پێی ئامارێکی ڕێکخراوی کاری جیهانی بەشیکی یەکجار زۆر لە کرێکاران لە ڕێگەی لایەنی سێهەمەوە دەخرێنە سەرکار ، بۆ نمونە ، لە وولاتی چین، ژمارەی کرێکارانێک کە لە ڕیگەی دەڵاڵ ( ئەیجنسی ) کاردەکەن لە ساڵی ٢٠١٢ دا ٦٠ ملیۆن کرێکار بوون . لە هیندستان، هێزی کاری

گرێبەست لە بواری بەرهەمهێناندا ٪ ٢٠ ی کرێکاران پێک دێنن . لە مەکسیک، نزیکەی ٪ ٦٠ی هێزی کار لە بواری ئەلیکترۆنیدا لە ساڵی ٢٠٠٩دا کرێکاری کاتی بوون و لە هەندێک کۆمپانیادا نزیکەی ٪٩٠ بووە. لە تایلەند، کرێکارانی کاتی زیاتر لە نیوەی نزیکەی ٥٠٠ هەزار کرێکاری پیشەسازی ئەلیکترۆنی پێکدەهێنن.

جیهانگیری ئەمجارە هەروەها ڕێژەی کاری نافەرمی و دانپێدانەنراوی زۆر بردۆتە سەرەوە . لە نێو هێزی کاری جیهاندا نزیکەی ٢ ملیار کەس کاری نافەرمی دەکەن . ئەم جۆرە کارە ، جگە لەوەی کە لای دەوڵەت و دەزگاکان ڕەسمیەتیان نیە ، مەیدانێکی فراوانی چەوسانەوە و بێ مافی و بێدەرەتانی ملیۆنان خەڵکی زەحمەتکێش و کارگەرن . بەهۆی "نافەرمی" بونی کاریانەوە دەوڵەتەکان هیچ جۆرە بەرپرسیارێتیەکیان هەڵنەگرتوە لە دابین کردنی مافی ژیان و تەندروستی و خویندن و خانەنشینی و ..هتد. لێکۆڵەرانی ئەم بوارە پێیان وایە کە هۆکارە سەرەکیەکانی زیادبوونی کاری نافەرمی بەم شیوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئازادکردنی ئابووری، پرۆسەکانی بە تایبەتکردن، کەم کردنەوەی دامەزراندن و کاری دەوڵەتی و چەندین ڕێوشوێنی دیکەش کە دەوڵەتانی تازە گەشەکردوو گرتو یانەتە بەر وەک بەشێک لە بەرنامەکانی "چاکسازیی پێکهاتەیی" کە لەلایەن دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەکانەوە سەرپەرشتی کراون . زیادبوونی گشتی کاری ناجێگیر و نافەرمی لە ئاستی جیهانیدا ، وەک کاریگەری سیاسەتی بازاڕی ئازاد و و دەستگرتنەوە لە داهاتدا ، بەتەنها نەبووەتە هۆی زیادکردنی بێکاری و خراپکردنی کار، بەڵکو هەروەها بوەتە هۆی بەردەست کردنی هێزێکی کاری گەورە و

هەرزان بۆ سەرمایە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و جیهانی ، بەو پێیەش دووبارە کەمکردنەوەی هێزی نارەزایەتی و مانگرتنی کرێکاران .

شێوازی کاری ناجێگیر ( پرۆکاریەت) ،کە بە فراوانی بووەتە نۆرمی کاری ئەم سەردەمە ، بەتایبەت بۆ ملیۆنان گەنج و دەرچووی زانکۆکان ، پەنابەران ، وە بەشی زۆری تری چینی کرێکار لە لایەن هەندێک لە لێکۆڵەرەوانی پێکهاتی چینی کرێکار وەک دیاردەیەکی نوێ ڕەت کراوەتەوە . ئەوان دەڵێن ئەم فۆرمە لە کار لەو وولاتانەی پێشتر بە " جیهانی سێیەم" ناوبراون هەمیشە هەبووە . واتە هێزی کاری نافەرمی و کەم مووچە و نائەمنی و بەم پێیەش هەمیشە هێزی کاری ناجێگیریان هەبووە. بە هەمان شێوە لە مێژووی سەرەتای سەرهەڵدانی سەرمایەداری وە گەشەسەندنی سەرەتایی پیشەسازی ولاتانی ڕۆژئاوا لەسەر بنەمای چەوساندنەوەی جەماوەری کرێکاری هەرزان بوونی هەبوە ، کە زۆرجار لە بارودۆخێکی ترسناکدا ژیاون . زۆربەی خەڵکی کرێکار لە جیهاندا، هێشتا بە کەمتر لە دوو دۆلار لە ڕۆژێکدا دەژین، داهاتێک کە هەر ئەوەندەیە بۆ ئەوەی بەزەحمەت بەردەوامی بە ژیان بدەن . جگە لەوەش، دوو سەدە دوای هەڵوەشاندنەوەی فۆرمی کۆیلایەتی، هێشتا ملیۆنان کرێکار بە بەردەوامی دەبنە قوربانیی جۆرە جیاوازەکانی کاری زۆرەملێ و بەندکراو، بەتایبەتی لە پیشەسازییەکانی جلوبەرگ و خۆراکدا کە خزمەت بە بازاڕی بەکاربەرانی جیهان دەکەن. بەم شێوەیە کاتێک ئەم ڕوانگە مێژوویی و جوگرافییە فراوانترە دیقەت دەدرێت، کاری ناجێگیر وەک نۆرمێکی بەردەوام لەناو سەرمایەداریدا دەردەکەوێت.

بەشێکی تر لە چینی کرێکاری ئەم سەردەمە بەشی پڕۆلیتاریای شاراوەی بواری زانستی و تەکنۆلۆژیی یەکە بەشێکی شارەزای کرێکارانن لە لایەن کۆمپانیا گەورە نەتەوە-بڕەکانەوە هەموو بەرهەم و داهێنانیان مۆنۆپۆل کراوە . بەرهەمی داهێنان و بیرکردنەوەی ئەمانە ، کە دەکاتە هەموو داهێنانە زانستی وتەکنەلۆجیەکان ، قۆرخ کراون و تەنها سوود و قازانج بۆ کۆمپانیاکان بەدەست دێنن . هەروەها بە بەردەوامی پرۆلیتاریزە کردنی بەشەکانی خزمەتگوزاری ، داتا و تەکنەلۆجیا ، هونەر و مۆسیقا و زۆربەی بوارەکانی تری ژیان و داهێنانی مرۆڤ لە کۆمەڵگا سەرمایەدارییە تازە گەشەکردوەکاندا ، لە هەموو کات زیاتر مرۆڤی داهێنەری نامۆ کردوە بە بەرهەمەکانی هزر و بیرکردنەوە و داهێنانی خۆی ، چونکە بەردەوام دەبێت لە بازاڕدا نرخیان بۆ پەیداکات .

بەشێکی تر کرێکارانی کەرتی گشتین ، بە تایبەت لە بواری تەندروستی و خوێندندا، کە ڕەنگە لە ڕیزبەندی چینایەتیدا ڕۆژگارێک خۆیان وەک چینی ناوەند سەیر کردبێت، لەوانە مامۆستایانی خوێندگا و دایەنگاکان و کارمەندانی تەندروستی . ئەمانە بەردەوام بە پرۆسەی "پرۆلیتاریزەکردندا "دا تێدەپەڕن. لە پێنج دەیەی ڕابردوودا وەک بەشی خوارەوەی چینی ناوەند ، هەمیشە لە ژێر هەڕەشەی درێژکردنەوەی ڕۆژانی کارکردن و کەمکردنەوەی مووچە و لەدەست دانی مافە تایبەتی و پیشەیی یەکانیاندا بوون ، وە رۆژ بە رۆژ روو بەرووی لەدەستدانی هەرجۆرە دەسەڵاتێکەوەن بەسەر کارەکانیاندا . لەم سەردەمەدا لەگەڵ هەر مامۆستایەک یان کارمەندێکی تەندروستی قسە بکەیت دەربارەی بارودۆخەکانیان و بە

خێرایی دەبینیت بۆچی زۆربەیان توڕڕە و نیگەرانن و لە زۆربەی وولاتان ئەوانن لەسەرجادە بۆ کرێی باشتر و ژیانێکی شایستە هەوڵدەدەن.

فاکتەرێکی تری کاریگەری ٥٠ ساڵ لە جهانگیری نیولیبرالیزم ، پرۆسەی کەڵەکەی سەرمایەی سەرەتایی یە کە زۆر بە خێرایی لە زۆرێک لە وولاتانی دنیادا لە ڕیگەی وێرانکردن و بەکارهێنانی ژینگە بۆ دابینکردنی ژێرخان و دەرفەتی نوێ بۆ فراوانکردنی سەرمایە ئەنجام درا . دەست بردن بۆ زەوی یە نوێیەکان یان بە تایبەتکردنی زەوی یە گشتی یەکان ، وێرانکردنی دەیان هەزار کیلۆمەتر لە زەوی کشتو کاڵی و دارستانەکان و گۆڕینی ڕێچکەی ڕووبارەکان . هەندێک لێکۆڵینەوە لە پرۆژەکانی نویلیبرالیزم و "گەشەپێدان" دەریان خستوە کە بە ملیۆنان خەڵک لە شوێنی ژیانی سەرەتایی خۆیان هەڵکەندراون و ڕاگویزراون بۆ شارەکان . نمونەی ئەم ڕاگواستنە کۆمەڵایەتی یە لە زۆرێک لە وولاتانی ئاسیا لە چەند دەیەی ڕابردوودا بەردەستن ، لەوانە ئەندەنوسیا و لە هندستان و لە بەنگلادیش ( سەرچاوە گلۆبالیسەیشن و چینی کرێکار لەسەدەی ٢١دا ) . ئەم پرۆسانە لە لایەک بوونەتە هۆی لەناوبرد نی ئامرازەکانی بژێوی ژیانی ملیۆنەها خەڵک ، لە لایەکی دی بوونەتە هۆی زیاترکردنی 'سوپای یەدەگ'ی کار بۆ دابین کردنی هێزی کاری تازە ، وە ڕاپێچکردنی ئەم ملیۆنان خەڵکە بۆ نێو پەیوەندییەکانی بازاڕی سەرمایە. لەگەڵ ئەوەشدا زیادبوونی شێوە نوێیەکانی هەژاری و دروستبوونی توێژێکی لە ڕادەبەدەر هەژار و بێ دەرەتانی نێو کرێکاران ، کە بەبێ هیچ هیوا و

ئەگەرێک بۆ کارێکی شیاو، لە خراپترین بارودۆخی ژیان و کاردا دەناڵێنن و بەشێکی گەورەی کرێکارانی ئەم سەردەمە پێک دێنن .

یەکێ لە دیارترین ئەنجامی ئەم پرۆسەی وێرانکردنی ژینگەی ژیان و دەرکردنی خەڵکی لەسەر زەوی و ئامرازی بژێویان ، دیاردەی کۆچکردنە ، کە نانسی فرەیزەر بە ڕوویەکی تری هێزی کاری ئەم سەردەمەی ناو دەبات. دروستکردنی سوپایەک لە خەڵکی بێ دەرەتان ، ڕاگوازراو، کە هیچ ئامرازێکیان نییە بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیان. ئەم جەماوەرە لە خەڵکی ناچار کراون کە کۆچ بکەن ، یان لە ناوخۆی وولاتێک یان کیشوەرێک یان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بۆ ئەوەی دەستیان بگات بە هەر سەرچاوەیەکی داهات کە ببێتە هۆی بژێوی ژیان و خێزانیان . کۆچکردن لەم چوارچێوەیەدا هیچ پەیوەندیەکی نیە بە بزووتنەوەیەکی ئازاد و خۆبەخش؛ بە پێچەوانەوە، ئەمە پێویستییەکی پێکهاتەیی ئەم سەردەمەی سەرمایەداری یە. تەنانەت لە ڕێگای ئەم کۆچەدا دووبارە جیهانگیری و نیولیبرالیزم ئامرازەکانی قازانج کردن و بەکاڵا کردنی هێزی کاری ئەم بەشەی کرێکارانی دۆزیوەتەوە . دوور لە هەموو بەپرسیارێتیەکی دەوڵەت و یاسا ، لە پرۆسەی فراوانی مەترسی داردا ، ملیۆنان کرێکار و بێ کار دەبنە خۆراکی قازانجی کۆمپانیا نەتەوە-برەکان بۆ گواستنەوە و کۆچ پێکردنی ئەم ملیۆنان ئینسانەو دابین کردنی کاری زۆر هەرزان و بەکارهێنانیان لە زنجیرەکانی بەرهەمهێنانی جیهانیدا ، بەتایبەت ئەو جۆرە کارانە کە کرێکاری کاتی و وەرزی یان پێویستە . چارەنوسی ئەم بەشەی هێزی کرێکاران دوو ڕێگای نەخوازراوە کە بە فراوانی بەدی دەکرێت ، یان مانەوە

لەناو ڕیزبەندی پرۆلیتاریای پەراوێز خراو ، وە کارکردن بازاڕی ڕەش یان تاوانکاری ، وەیان کۆچکردن بۆ دەرەوەی وڵات بۆ کارکردن لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی زۆر خراپ و لە دۆخێکی خراپی کاردا کە بە کۆیلایەتی سەردەم ناوی دەرکردوە . نمونەی ئەمانە لە خوارووی وولاتانی ئیتالیا و ئیسپانیا زۆرن کە شوێنەکانی کارکردن و ژیانی پەنابەرانی بێ دەرەتان قازانجێکی زۆر بۆ کۆمپانیا نێودەڵەتیەکانی بەرهەمهێنان بەدەست دێنن . هەروەها چەندین کەیسی بەناوبانگی کاری کۆیلایەتی و بازرگانی کردن بە پەنابەران کە لە ڕاستیەوە یان پێشتر ئەورووپای شەرقی یەوە دەهاتن لە وولاتانی ئەوروووپیدا پەردەیان لەسەر هەڵماڵدراوە .

ئاڵ و گۆڕێکی گەورەی تر گۆڕینی شێوازەکانی بەرهەمهێنان بوو بۆ شێوازی زنجیرە بەرهەمهێنانە جیهانییەکان . بەرهەمهێنان و بازرگانی و وەبەرهێنانی نێودەوڵەتی زیاتر لە چوارچێوەی زنجیرە بەها جیهانییەکان (**گلۆباڵ ڤالیۆ چەینس**)دا ڕێکدەخرێن کە قۆناغە جیاوازەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنان لە چەندین وولاتدا ڕێکخراون. وڵاتان تایبەتمەندی لە یەک یان چەند بەرهەمێکدا وەرئەگرن ، بۆ کاڵاکانی تر چیتر پێویستیان بە دروستکردنی بەرهەمی تەواو نەماوە. بەڵکو دەتوانن بەشداری لە قۆناغێکی تایبەتی بەرهەمهێناندا بە درێژایی زنجیرە بەهاکە بکەن ، کە لەگەڵ ئاستی توانای ئابووری و هێزی کاریاندا بگونجێت. پرۆسەی بەرهەمهێنان لە زنجیرەکانی دابینکردنی جیهانیدا دابەشکراوە بۆ کۆمەڵێک ئەرکی بەر تەسک و دیاری کراو کە بەسەر جوگرافیا و دەمەزراوەی جیا جیادا بڵاوبوونەتەوە بۆ چەندین کۆمپانیا و کارگە لە وولاتی جیا جیادا .

وڵاتان و کۆمپانیاکان زیاتر لە بەشێک لە تەواوی قۆناغەکانی زیادکردنی بەهادا بەشدارن و بازرگانی بە کاڵای نێوانیانەوە دەکەن لە سەرانسەری وڵاتان بۆ پرۆسێسکردنی زیاتر. بۆ نموونە مۆبایلێکی زیرەک کە لەوانەیە لە وولاتی چین کۆبکرێتەوە وەک کاڵای کۆتایی ، ڕەنگە توخمەکانی دیزاینی گرافیکەکەی لە ئەمریکا، کۆدی کۆمپیوتەرەکەی لە فەرەنسا، چیپی سلیکۆنی لە سەنگافورە و کانزا بەنرخەکانی لە بۆلیڤیا بەرهەم بهێنرێت . هەروەها شێوازی جیاوازی پەیوەندی کار و بەرهەمهێنان و پەیوەندی یە کۆمەڵایەتیەکان لە ووڵاتە جۆراوجۆرەکان ، جوگرافیای کار و ئاستی هاونیشتمانی بوون ، وە فاکتەری تری نێودەوڵەتی ، هەمووی بەشییێکن لەو پرۆسەیەی کە نەک تەنها لەم زنجیرانەی بەرهەمهێنانی جیهانیدا هاودەنگی نێوان کرێکاران تێک دەدات ، بەڵکو دابەشبوون و کێبڕکێی نێوان بەشە جیاکانی چینەکە چڕتر دەکاتەوە. یەکێ لە نمونە بەرجەستەکان دابڕانی بەشی بەڕێوەبردن و پلاندانانە لە هۆڵی کارگەکان و جێگای بەرهەمهێنانەوە بۆ "ئۆفیسەکان"، سەپاندنی نەک ئەرکی جیاواز ، بەڵکو دروست کردنی پەیوەندی کاری پلەبەندیی و کارامەیی جیاواز و کرێی جیاواز و بیرۆکراسیەت .

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای نوێ، لەگەڵ خۆیدا جۆرەها گۆڕانکاری داینەمیکی هێناوە بۆ هەموو بوارەکانی کاری دیجیتاڵی. ئەو ئەلیکترۆنیات و کۆمپیوتەرانەی کە کارە دیجیتاڵییەکان (چ لە باکووری جیهانی یان زیاتر دەدرێنە دەرەوە بۆ باشووری جیهانی) پشتی پێدەبەستن، زیاتر لە باشووری جیهانی بەرهەمدەهێنرێن و وولاتی چین هەناردەکارێکی سەرەکییانە. کرێکارانی چینی ٪۲۹ ی

کۆی گشتی بەرهەمهێنانی جیهان پێکدەهێنن و تێچوونەکانیشی بە ئەندازەی یەک لەسەر شەشی مەکسیک و یەک لەسەر چلی ئەمریکا ن. لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا چین بەردەوام بووە لە گۆڕانکارییەکان چونکە زیادە بەرهەمهێنان، فراوانبوونی جۆرەکانی بەرهەمهێنان، دابەزینی ڕێژەی قازانج و داهێنانی تەکنەلۆژی تازە گۆڕانکاریی ڕۆیشتنی سەرمایەیان لە کەرتی پیشەسازییەکانەوە بۆ کەرتی دارایی دروستکردووە، هەروەها لە هەمان کاتدا بووەتە هۆی گۆڕانکاریی بەرفراوان لە زیاتر چڕبوونەوەی سەرمایە لە دەوری کەرتەکانی بەرهەمهێنانی وەک ئەلیکترۆنیات و پیشەسازی ئۆتۆمبێل و زۆر بەرهەمی تر .

هێزی کاری دیجیتاڵ فۆرمی نوێی کاری زۆر دروست کردوە ، لەوانەوە کە بەشدارن لە نووسین و پاراستنی نەرمەکاڵا ( سۆفتوێر) ، تا جۆرە نوێیەکانی کار وەک چاودێری و بەڕێوەبردنی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا یان باشکردنی بزوێنەری گەڕان، هەروەها گۆڕینی فۆرمەکانی پێشووی کار، بۆ نموونە شێوازی کارکردنی ئۆفیس بۆ ماڵەوە یان بۆ سەنتەرە گەورەکانی پەیوەندی و هایبرد کە تەنها لە سەر ئینتەرنێتەوە و لەهەر جێگەیەکی دنیاوە دەکرێت ، بە فراوانی بوونەتە نۆرمی نوێ کاری بەشیکی زۆر لە کرێکاران.

لە دوای دوایین پیشکەوتنە تەکنەلۆجیەکانی ئەلگەریسم و ئەی ئای ، کە ئەو جۆرە لە تەکنەلۆجیان کە پەرە بە تواناکانیان دەدەن و لەگەڵ بەکارهێنانیاندا زیرەک تر دەبن تا ڕاددەی جێگرتنەوەی زۆرینەی

کاری مرۆڤ . سەرمایەداری لە هەوڵیدا بۆ کەمکردنەوەی تێچوونی بەرهەم هێنان ، ئێستا لە هەوڵی ئەوەدایە کە کۆمپیەتەر و ماکینەکان خۆیان ئەلگوریسم ( پرۆسەی فێربوونی ماکینە بۆ پێشخستنی تواناکانی ) فێری هەموو کارەکان ببن و بەرهەم بهێنن . لەساڵی ٢٠٢٣ دا هۆشداری دراوە لەوەی کە بە تەنها تەکنەلۆجیای ئەی ئای ٣٠٠ ملیۆن کار دەخاتە ژێر مەترسی یەوە کە مرۆڤ ئەنجامیان دەدات .

شێوازێکی تری بەرهەم هێنان لەم سەردەمەدا ، بە تایبەت لە بواری کاری تەکنەلۆجیا ، ئەوەیە کە پێی دەوترێ "کراودسۆرسین". ئەمیش بە جۆرێکە کە بەشیک لە کاری بەرهەم هێنان لە کۆمپانیایەک یان دامەزراوەیەک کە پێشتر لەلایەن کرێکارانی خۆیەوە داهێنراوە دەسپێردرێت بە تۆڕێکی تری کرێکاران لە دەرەوەی کۆمپانیاکە تا بەرهەمی بێنن. لە بواری کاری تەکنەلۆژیدا ئەم شێوازە بوەتە هۆی دەستگەیشتن بە کرێکارێکی زۆری نادیار ( ڤێرچوال) و هەرزان لە سەرتاسەری دنیادا . نمونەیەکی بەرجەستەی ئەم شێوازە لە کۆمپانیای *ئەمازۆن میکانیکی تورک و ئاپ وۆرک*، کە پڕۆژە گەورەکان دەبەن و ووردیان دەکەنەوە بۆ بەشی زۆر بچووکتر کە هەر بەشە و لە لایەن کۆمەڵێک کرێکار لە جێگایەکی نادیار و دابڕاو لە هاوچینەکانیان ئەنجام دەدرێت. لەم شێوازەی کارەدا ،کرێکاران ناتوانن هیچ هاوکاریەکی یەکتر بکەن، وە تەنانەت دەخرێنە نێو کێبڕکێ یەکی زۆر لە پێناو کەمکردنەوەی تێچوونی بەرهەمهێنان . بەشێک لە لێکۆڵینەوەکان باس لەوە دەکەن کە چۆن ئەم شێوازە لە کارکردن ببوەتە یەکێ لە سەرچاوەکانی توندترین بارو دۆخی

کارکردن بۆ جەماوەرێکی زۆری کرێکاران لە بواری تەکنەلۆجیادا . بۆ نموونە کاری وەک 'باشکردنی بزوێنەری گەڕان search engines' ، وەک گووگڵ و ئەوانی تر ، یان کاری نووسینی پێداچوونەوەی کورت، کە نمونەی سەختترین شێوازەکانی نامۆبوون و دابڕانی کرێکارانن . نمونەی تری لێکۆڵینەوە لە بواری کاری دروستکردن و گەشەپێدانی یاری کۆمپیتەریدا باس لە هۆڵەگەورەکانی کاری هەزاران گەنجی کرێکار دەکات کە لە بار و دۆخی زۆر سەختی کارکردن و کاتژمێری دوورو درێژی کاردا ئارەق دەڕێژن .

شێوازی تری کار لە ئابووری دیجیتاڵ دا لە دوای سەرهەڵدانی پلاتفۆرمی وێب ٢.٠ وەک فەیسبووک و یوتیوب کە سەرنجی بەکاربەری بەفراوانی ڕاکێشاوە کە تێیدا هەم ئەم پلاتفۆرمانە بەکاردەبەن و هەم بەرهەمی دەهێنن. لە کاتێکدا کە سەرنجێکی زۆر خراوەتە سەر ڕۆڵی خەڵکی ئاسایی وەک بەکارهێنەری ئەم پلاتفۆرمانە ، بە هەزاران کرێکار بە کرێ گیراون لەم بوارانەدا ، کە بە کرێی زۆر کەم کاریان پێ دەکرێت لە پێناو گەرمکردنی بازاڕی ئەم پلاتفۆرمانە لای خەڵکی بەکار بەر . ئەم بەشە پەراویز خراوە لە کرێکاران هەروەها لە بواری 'زبڵدانی تەکنۆلۆجیدا 'یشدا دەبینرێن کە لە ئەنجامی ئابووری دیجیتاڵیدا دروست دەبێت. وەک ئەو کرێکارانەی کە پلاتفۆرمی ئینتەرنێت پاک دەکەنەوە، ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران بەشدارن لە ڕیسایکلکردنی پاشماوەی ئەلیکترۆنی، بە تایبەت لە وولاتی فیلیپین . ئەم جۆرە کارانە کاری دووبارە و تاقەتپرۆکێنن کە بە کرێکارانی هەژاری وولاتانی خواروی سەرزەوی دەکرێت.

## کاریگەری ئەم ئاڵ و گۆڕانە لەسەر چینی کرێکار و خەباتی لە دژی سەرمایەداری

بەشێک لە نوسەران و لێکۆڵەرانی هێزی کار باس لەوە دەکەن کە چینی کرێکاری ئەمڕۆ ئەوەندە پارچە پارچە بووە کە ئومیدی یەکگرتووبوون و بوونە هێزێکی کۆمەڵایەتی و چینایەتی هاوچارەنوسی کردۆتە یۆتۆپیایەک . ئەوانەی ئەم لێکدانەوەیان هەیە زیاتر جەخت دەکەنە سەر بەشێک لە تایبەتمەندیەکانی ئێستای چینی کرێکار ، وەک بەرفراوانی کاری نافەرمی، بێکاریی 'خوێندەواران'، کاری کاتی و ناجێگیر لە شوێنی کارە بچووکەکان و زۆرجار ناپیشەسازییەکان ، جووڵەی بەردەوامی حەشاماتێکی هەژار لە نێوان ناوچە گوندنشینەکان و شارەکاندا یان لە نێوان وڵاتاندا . بەڵام ئەم ئەم لێکدانەوەیە سەرنج ناخاتە سەر دیاردەکانی تری ئەم ئاڵ و گۆڕانە کە بەسەر چینی کرێکاردا هاتوە . بۆ نمونە ئەوەی کە لەڕێگەی ئەم پرۆسە ئاڵۆزانەی کارو سەرمایەوە ، لە پێنج دەیەی رابردوودا ، لە لایەک جیهانگیری نیولیبرالیزم بەشێک لە پێکهاتەی چینی کرێکاری بێ هێز کردوە و ڕیکخراوەکانی تێک شکاندون ، بەڵام

لە زۆر جێگەی تری دنیادا ، چینی کرێکاری بە فراوانی دروست کردوە و بونیات ناوە . هەروەها ئاڵ و گۆڕ و فراوان بوونی شێواز و ڕشتەی بەرهەمهێنان و جۆری کار کە بوونەتە هۆی گەشەسەندن و دروست بوونی گروپی نوێی کرێکاران ، ئەزموونی تازەو ڕێکخراوبوون و خەباتی ئابووری فێری ئەم گروپانە کردووە . هەرچەندە لەوانەیە ئەم بەشە تازانەی کرێکار ئەزموونی خەباتیان کەم بێت و ڕێکخراوی بەهێزی کرێکاری یان نەبێت ، بەڵام وەک هەمیشە ئەزموونی چەوساندنەوەی سەرمایەداری پاڵیان پێوەدەنێت بۆ فێر بوونی خەبات و بەرپەرچدانەوەی سەرمایەداری. وە دووەم گەشەسەندنی بەرفراوانی پیشەسازیی یە جیهانییەکان و زنجیرەکانی دابینکردنی بەرهەمهێنانی کاڵاکان شان بە شانی دیاردەی لە ناو بردنی هێزی کرێکاری پیشەسازی لە هەندێک ناوچە ، هەروەها دیاردەی 'چڕبوونەوەی' پیشەسازی بە فراوانی لە جێگای تر پێک هێناوە ،کە دووبارە پێکهێنانەوەی شوێنی کاری گەورەتر و بە 'پیشەسازیکردن' لە زۆرێک لە وولاتان دروست کردوە.

ئەم چڕبوونەوەی پیشەسازی یە هەروەها کەرتە جیاوازەکانی کاری گرتۆتەوە ، بۆ نمونە کاتێک کە لقەکانی بانکەکان لە زۆر شوێن دادەخرێن بە هۆی بە ئۆتۆماتیک کردنەوە ، بە سەنتەرەکانی هێڵی تەلەفۆنات و پەیوەندی گەورە و زەبەلاح جێگەیان گیراوەتەوە. بە هەزارەها دوکانی کتێب فرۆشی لەلایەن کۆگا زەبەلاحەکانی ئەمازۆنەوە جێگایان گیراوەتەوە . یان ژمارەیەکی بێشوماری بەرهەمهێنەری بچووک لەلایەن کۆمەڵگە پیشەسازیی یە گەورەکانەوە قۆرخ کراون یان دابین کراون. ئەوانەی کە بە تاک و وەک کاری

سەربەخۆ کاری تەکسیان دەکرد ، ئێستا بە ملیۆنان کرێکاری بەردەست کۆمپانیاکانی وەک ئوبەرن . ئەم مۆنۆپۆلیانە لە بوارەکانی کشت و کاڵیشدا بە هەمان شێوەیە ، بە هەزاران جوتیاری بچوک لە ناو چوون و جێگایان بە سەنتەری زەبەلاحی بەرهەمهێنانی کشت و کاڵی و خواردەمەنی ، خانووی شووشە گیراوەتەوە کە ئەم جێگایانەی بوونەتە هۆی کۆکردنەوەی هەزاران کرێکاری بە کرێ .

ئەوە ڕەتناکرێتەوە کە نەمانی ناوچە پیشەسازییەکان و کارگەکان لە زۆر ناوچەی جیهانی پێشکەوتووی پیشەسازیدا، بەشیکی زۆر لە یەکە نیشەتەجێبون و کۆمەڵایەتیەکانی کرێکارانی وێران کرد و لەناوبرد . ئەتۆمی کردن و بڵاوە پێکردنی ئەم چینە ، زۆر ڕوونە کە بووەتە هۆی کەمبوونەوەی ڕێکخراو بوون و هێزی چینایەتی کرێکاران بە شێوە باوەکەی سەدەی ٢٠. بەڵام ڕیزبەندی کرێکاران لەسەر بنەمای بەشی باکور و باشوری جیهان ، و جیاکردنەوەیان بە شێوەی جیا جیا لە یەکتر ، وەک دووبەشی جیاواز لە چینی کرێکار یارمەتی تێگەشتنێکی هەمەلایەنە و چینایەتی لە بەرژەوەندی کرێکاران نادات. ژمارەیەکی بەرچاو لە لێکۆڵینەوە مەیدانیەکان دەریانخستوە کە ناوەندی پیشەسازی گەورە ، وە ناوچەی پەراوێزخراو و کاری هەرزان لە هەموو جیهاندا بە فراوانی بوونیان هەیە .

لێکۆڵینەوەیەکی تر سەبارەت بە هێزی کرێکاران لە ئەمریکا دەریخستوە کە بەشیکی زۆر لە کارگەکان تەنها لە ناوخۆی ئەمریکادا گواستراونەتەوە بەرەو ویلایەتەکانی خواروو . هەمان لێکۆڵینەوە

دەریخستوە کە ژمارەی کرێکارانی پیشەسازی لە ئەمریکا لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠ تا ٢٠٠٠ وەک خۆی ماوەتەوە و ژمارەیان ١٧.٢ ملیۆن کرێکارن . بەڵام ژمارەی کرێکاران بە گشتی لە هەموو کەرتەکاندا بووەتە دووئەوەندە لە هەمان ماوەدا . ئەمەش وا دەگەیەنێت کە ڕێژەی کرێکاران لە بواری پیشەسازی دا چاو بەشەکانی تری ئابووریدا کە زۆر زیادیان کردووە کەم بۆتەوە . لەمەش زیاتر ، هەر لە نمونەی ئە مریکادا وا دەردەکەوێت هەرچەندە ژمارەی کریکارانی پیشەسازی وەک خۆی ماوەتەوە کە چی ئاستی بەرهەمهێنان زۆر زیاتری کردوە ، واتە بەرهەمی کرێکارێک زۆر زیاتری کردوە لە چاو پێشوودا ، ئامارەکە وا نیشانی دەدات کە تا ساڵی ٢٠١٠ هێشتا ٣٥٪ ی بەهای ئابووری لە ئەمریکا لە کەرتی پیشەسازیدا بووە .

لێکۆڵینەوەیەکی تر لە کاریگەری کەمکردنەوەی کەرتی پیشەسازی لەسەر کرێکاران لە وولاتی بەریتانیا دەریخستوە کە سروشتی جیهانیی بەرهەمهێنان دەسەڵاتی زیاتری داوەتە هەندێک لە ڕشتەی کرێکاران لەوەی کە پێشتر هەیانبووە. لێکۆڵینەوەکە باس دەکات کە ئەو بەشانە کە ماون لە کرێکارانی کەرتی پیشەسازی هێشتا هێزێکی چینایەتی گەورەن و بەشێکی زۆر گرنگن لە زنجیرەکانی بەرهەمهێنانی جیهانی و جێگای هەستیاری بەرهەم هێنانیان گرتووە . بۆ نمونە کۆمپانیای فۆرد داگنهام لە ڕۆژهەڵاتی لەندەن کە چیتر ئۆتۆمبێل بەرهەم ناهێنێت، هەرچەندە ژمارەی کرێکارانی لە ٤٠ هەزارە لە ساڵی ١٩٥٣ دا کەم کراوەتەوە بۆ تەنها ٢٠٠٠ ، کەچی هەندێک لە پێشکەوتووترین بزوێنەری گازۆیل بەرهەم دەهێنێت بۆ

هەناردەکردن، لەنێویاندا بۆ لقی کۆمپانیای فۆرد لە تورکیا کە ئۆتۆمبێل دروست دەکات . نمونەیەکی تر هێزی ئەو کرێکارانەیە کە لە هەندێک لە "ناوەندە لۆجستک" ە گەورەکانی دەوروبەری شارەکان کاردەکەن. ئەم شوێنی کارە ستراتیجیانە ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیاکانی بەشدار لە دابەشکردنی کاڵاکان کۆدەکەنەوە . نمونەیەکی بەرجەستەی ئەمە کرێکارانی بارهەڵگری سەر مینای شاری لیڤەرپوول و فێلیکسستۆن لە بەریتانیا کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٢ لە بەریتانیا سەرکەوتانە مانیان گرت. هۆکاری هێزی گەورەی ئەم کرێکارانە ئەوەیە کە لەسەدا ٦٠ی هاتوچۆی کۆنتێنەرەکان بۆ ناو بەریتانیا کۆنترۆڵ دەکەن.

شێوازە داهێنراوەکانی بەرهەمهێنان هەروەها کاریگەری تری دروست کردوە لە سەر شێوازی خەباتی کرێکاران و ئەزموونی تازەی خەباتی پێ ناساندوون . بۆ نمونە لە شێوازی بەرهەمهێنان و دابەشکردنێک کە بە "لە کاتی خۆیدا" ناسراوە ، وەیان بە شێوازی بەرهەمهێنانی "ستوونی" ڕێکخراوە لە سەرانسەری زنجیرەکانی بەرهەمهێنانی جیهانیدا، بەرهەمی کۆتایی لەسەر داوای کڕیارە و لە کاتێکی دیاریکراودا دەبێت بدرێتە دەستیان . وە لەم جۆرە شێوازەی بەرهەمهێنان چەندین کۆمپانیای جیاواز سەرمایە و هێزی کاریان بەکاردێنن لە وولاتی جۆراو جۆرەوە تا پارچەکانی یەک کاڵا بەرهەم دێنن و بەرهەمی کۆتایی لەو کاتەدا بدرێتە دەستی کڕیار . بۆیە کاتێک گروپێک لە کرێکاران لە خاڵێکی ئەم زنجیرەیەدا و لە کاتێکی هەستیاردا مان دەگرن، چەند ژمارەشیان کەم بێت ، هێشتا دەتوانن بەرهەمهێنان لە تەواوی زنجیرەکەدا ڕاگرن و کاریگەری لەسەر

چەندین کۆمپانیای خاوەنکار دانێن. نمونەیەکی بەرجەستەی ئەم هێزەی کرێکاران کرێکارانی پیشەسازی چینن کە کاتێک کارکردنیان لە خاڵە ناوەندییەکانی بەرهەمهێنانی جیهانی دا ڕادەگرن ، بەم هێزە بەکۆمەڵە چینایە تی یە دەتوانن نەک تەنها بۆ کۆمپانیاکان ، بەڵکو بۆ کرپیارە نێودەوڵەتییەکانیش کە زۆر پشتی پێدەبەستن، زیانێکی گەورە دروست بکەن .

زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخستوە کە لەم ساڵانەی دواییدا، خەباتی بە کۆمەڵ و خۆڕێکخراوی کرێکاران لە چین کە بە کارگەی بەرهەمی هەناردەکراو بۆ جیهان دادەنرێت هێزێکی گەورەی چینایەتی داوەتە کرێکاران کە توانیویانە سەرکەوتنی گەورە بەدەست بێنن بۆ بەدەستهێنانی کرێی باشتر و باشترکردنی بارودۆخی کارکردن، سەرەڕای سەختی ڕێکخراوبوون لە دەرەوەی سەندیکا کرێکارییەکانی سەر بە حزبی دەوڵەت. نمونەی تری شیوازی خەباتی تازە لە نیو کرێکاراندا کرێکارانی ئۆتۆمبێلی مەکسیکن کە لە بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ و نهێنی دا خۆیان ڕێکخستووە ، و بە بەکارهێنانی مانگرتنی " پشیلە کێوییەکان" و بەدەستهێنانی هاودەنگی نێودەوڵەتی خەباتی سەربەخۆ لە سەندیکا کانی سەر بە دەوڵەت و کۆمپانیاکان دەکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی خاوەنکارەکان.

ئاڵ و گۆڕەکانی کە بە هۆی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ وە دروست بوون لە مێژوودا بێ وێنەن ، وە بەردەوام فراوانتر دەبنەوە . لەم سەردەمەدا تەکنەلۆجیا لە هەموو کەرتەکانی پیشەسازی و خزمەتگوزاری و کشت وکاڵیشدا ئامرازێکی

بنەڕەتی بەرهەمهێنانە و جێگایەکی فراوان دەگرێت. بەڵام تەکنەلۆژیای نوێ، دابڕاو نیە لە پەیوەندیی یە کۆمەڵایەتییەکان و خەباتی چینایەتی، وە بەم پێ یەش داینامیکی جۆراو جۆری لە نێو هێزی کاری کرێکاراندا دروست کردوە . لەم بوارەشدا وەک یەکێ لە بیرمەندان دەڵێت، "بەرهەمهێنانی نەرمەکاڵا وکۆدەکانی بەکارهێنانی" خۆی هێزێکی سەربەخۆ نییە لە کاری مرۆڤ ، چونکە هەر لەسەرەتاوە مرۆڤێک کۆدەکە دەنووسێت، و ئەوانەش کە بەکاری دەبەن ، هەر مرۆڤن و دەکەونە ژێر کاریگەری کەسی یەکەمەوە . واتە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای تازە پەیوەستە بەوەی کە کێ کۆنترۆڵی دەکات و خاوەنیەتی ، وە بە ڕەچاوکردنی ئەم ڕاستی یە کە نەرمەکاڵای دیجیتاڵی بێلایەن نی یە و لە ئێستادا بە شێوەیەکی سەرەکی لە ژێر کۆنترۆڵی سەرمایەداران دایە ، پێویستییەکانی سەرمایەی بە قووڵی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە. بەڵام بەشێکی فراوانی چینی کرێکار دروستکەری ئەم تەکنەلۆجیایە یە، ئەمەش بەو مانایە یە کە بەدەستەوە گرتن و کۆنترۆڵکردنی تەکنەلۆژیا لە لایەن بەشێکی چینی کرێکارەوە ئیمکانی هەیە . ئەمیش هەروەک ئەگەری کۆنترۆڵکردنی کارگەکان لە لایەن کرێکارانەوە ، پێویستی بە تەحەداکردن و زاڵبوون بەسەر سەرمایە دا هەیە.

## کاریگەری ئاڵ و گۆڕەکان لەسەر ڕێکخراوبوونی کرێکاران

لە چەند دەیەی ڕابردوودا ئەندامەتی کرێکاران لە نێو یەکێتی و سەندیکاکاندا بە گشتی لە وولاتانی ئەندامی " ڕێکخراوی هاوکاری و گەشەپێدانی ئابووری OECD " دا بە بەردەوامی کەم بۆتەوە . لێکۆڵەرەوان سێ هۆکاریان دیاری کردوە بۆ ئەمە کە بریتین لە دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان و زیادبوونی جیهانگیری و سیاسەتی حکومەتەکان . بە پێی ئاماری فەرمی ڕێکخراوی کاری جیهانی لە ساڵی ٢٠١٨ دا لە ئەمریکا تەنها ١٠.٣٪ ی کرێکاران ئەندامی یەکێتی یە فەرمیەکانی کرێکارانن ، ئەم ڕێژەیە هەمان ئاستی ریکخراوبوونی کرێکارانە لە وولاتێکی هەژاری وەک یوگاندا کە ئەویش ١٠.٣٪ یە. لە وولاتێکی وەک بەریتانیا کە مێژوویەکی دوورو درێژی لە یەکێتی کرێکاری بەهێز و سیاسیدا هەیە ، هێشتا ئەم ڕێژەیە ٢٣٪ یە و لە فەرەنسا کە چەند ساڵە نارەزایەتی و خۆپیشاندان تیایدا نابڕێت ، کەچی ئەم ریژەیە تەنها ٨.٨٪ ی هێزی کارە. بەرزترین ئاستی رێکخراوبوونی کرێکاران لە ئایسلەندە کە بە ڕێژەی ٩١٪ دێت و لە وولاتانی ئەسکەندەنافیا هەروەها تا ڕێژەی ٤٠٪-٨٠ دەڕوات . لە تورکیا ئەم ڕێژەیە تەنها ٩.٢٪ ، ئەمە لە کاتێکدا کە میسر کە ئەندامی ئەو رێکخراوە نی یە کرێکارانی بە ڕێژەی ٥٤٪ ئەندامی یەکێتی یە کرێکاریەکانن ، ئەم ڕێژەیە هەروەها لە وولاتی چین ٤٤٪ هێزی کارەکەی دەگرێتەوە.

لەسەر ئاستی ڕێکخراوی جیهانی دا ، گەورەترین سەندیکای جیهانی کرێکاری ، کۆنفیدراسیۆنی نێودەولەتی یەکێتی یە کرێکاریەکانە

(ITUC) کە بنکەکەی لە برۆکسلە ، لە ساڵی ٢٠٠٦ دروستکراوە، و نزیکەی ٣٠٩ ڕێکخراوی کرێکارانی لە ١٥٦ وڵات و خاکدا هەیە، وە نزیکەی ١٦٦ ملیۆن ئەندامی هەیە . هەروەها بەشێک لە یەکێتی یە نیشتمانی یان ناوچەیی یەکانی کرێکاران ، بە پێی کەرتی پیشەسازیی تایبەت یان پیشەگەریی ، فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی ڕێکخراوە ناوخۆیی یەکانیان پێک هێناوە ، وەک UNI Global، IndustriALL، فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی کرێکارانی گواستنەوە، فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان، هاوپەیمانی نێودەوڵەتی هونەر و کات بەسەربردن و خزمەتگوزارییە گشتیەکانی نێودەوڵەتی. ئەمانە و زۆری تر ڕێکخرا وو یەکێتی یە ناسراو و فەرمیەکانی کرێکارانن لە سەر ئاستی وولاتان و جیهاندا .

ئامارە فەرمی یەکانی ریکخراوی کاری جیهانی سەبارەت بە ڕێکخراوبوونی کرێکاران ناتەواو و تا ڕاددەیەک سەر لێ شێوێنەرن ، هۆکاری ئەم کەم و کورتی یانەش زۆرن ، سەرەکی ترینیان دەگەڕیتەوە بۆ گۆرانکاری لە پێکهاتە و ئامانجی ئەم ڕێکخراوە ، بە تایبەت کە بەڕای بەشێک لە نوسەرانی لایەنگر بە چینی کرێکار ئەم ریکخراوە دامەزراوەیەکی کۆنترۆڵکراوە بۆ بەرژەوەندی سەرمایە ، بۆیە لە لایەک زیاتر گرنگی بە یەکێتی و ڕیکخراوە کرێکاری یەکانی سەر بە دەوڵەت دەدات ، وە لە لایەکی تر شێوازی کۆکردنەوە و ڕاگەیاندنی ئامارەکانی ڕۆشن نین . ىۆنموونە ، لە ئەمریکا کە ڕێژەی مامناوەندی ئەندامێتی کرێکاران بە ١٠.٣٪ ڕاگەیاندوە ، کاتێک دیقەت لە ووردکردنەوەی ئەم ڕیژەیە دەدەیت جیاوازیەکی زۆر لە نێو وولایەتەکاندا هەیە ، وە هەروەها لە کەرتی تایبەت و کەرتە

گشتیەکاندا . ئاماری ووردکراوەی ئەمریکا وانیشان دەدەن کە لە ساڵی ٢٠١٥دا ژمارەی ئەندامێتی لە یەکێتی یە کرێکاری یەکاندا ١٤.٨ ملیۆن کەس بووە ، لەم ژمارەیە ڕێژەی ئەندامێتی کرێکارانی کەرتی تایبەت تەنها ٧.٤% بووە، بەڵام لە کەرتی گشتیدا ٣٩ % ی کرێکاران ئەندامی یەکێتیەکانن . لە پێنج گەورەترین ویلایەتەکاندا، کالیفۆرنیا ١٥.٥% ، تەکساس ٤.٥%، فلۆریدا ٦.٨%، نیویۆرک ٢٤،٧ % ی ئەندامێتیان هەببوە .

بەشێکی دیار لە ئەم یەکێتی یە کرێکاری یانە دەورێکی گرنگ دەگێڕن لە نوێنەرایەتی کردنی کرێکاران بە گشتی و بەرگریکردن لە مافەکانیان ، تەنانەت ئەوانەش کە ئەندامیان نین و لە کاری فەرمیدان . ئەمەش لە بە نوێنەرایەتی کردنی کرێکارانی کەرتەکانی کار لە ڕیگەی ئەوەی پێی دەڵێن " موزایەدەی بەکۆمەڵ " ، کە پرۆسەیەکی دانوستانە لە نێوان خاوەنکاران و کرێکاران کە ئامانج لێی ڕێککەوتنە لەسەر کرێ ی کار و بارودۆخی کارکردن و بیمەکان و لایەنەکانی تری قەرەبووکردنەوەی کرێکاران و مافی کرێکاران. لەم پرۆسەیەدا هێزی یەکێتیەکان و هێزی سەرجادەی کرێکاران ، واتە ئاستی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان و فشار هێنانیانی کرێکاران بۆ سەر یەکێتی یەکان دەتوانێت بەلانسی سەپاندنی داواکاریەکانیان بگۆڕێت و بە گشتی ئاستی کرێ و هەندێک لە مافە چاکسازیەکانی ژیانی کرێکاران دابین بکات . نمونەیەکی ئەم بالانسی هێزە لە جیاوازی نێوان ڕێژەی ئەندامێتی لە یەکێتی یە کرێکارایەکاندا و ڕێژەی هێزی " موزایەدەی بە کۆمەڵ" دا دەردەکەوێت . بۆ نمونە ، لە فەرەنسا لە ساڵی ٢٠١٨ لە کاتێکدا کە ڕێژەی ئەندامێتی کرێکاران لە یەکێتی

یەکاندا تەنها ٪٨.٨ بووە ، کەچی بەهۆی نارەزایەتی و خۆپیشاندانی بەردەوامەوە ، ڕێژەی هێزی موزایەدەی بەکۆمەڵی یەکێتی یەکان بە ٪٩٨ مەزەندە کراوە . گرنگە کە ڕۆڵی بەشیکی زۆر لە یەکێتی یە کرێکاری یە فەرمی و دامەزراوەکانی سەدەی ٢٠ وەک ئامرازی گرنگی دەستی کرێکاران بۆ موزایەدە و چاکسازی لە بارو دۆخی کرێ و کارکردندا ببینرێت . لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوەش فەرامۆش نەکەین کە زۆرێک لەم یەکێتی یە کرێکاریانە بە دەست کێشەی بیرۆکراسیەت وە یان لایەنگیری لە دەوڵەت و سەرمایەدارانەوە گیرۆدەن و بەردەوام خەریکی سات و سەودا کردنن لەگەڵ سەرانی دەوڵەت و کۆمپانیاکاندا ، هەربۆیە زۆریان وەک نوێنەرانی ڕاستەقینەی کرێکاران جێگا و متمانەیان لەدەست داوە .

چان (٢٠١٣) لێکۆڵینەوەی لەسەر بارو دۆخی ڕێکخراوبوونی کرێکاران لە وولاتی چین ئەنجام داوە کە ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە دیاریکردنی مەرجەکانی کارکردنی کرێکاران لەگەڵ دەوڵەت و کۆمپانیاکاندا . لێکۆڵینەوەکەی چان دەریخستوە کە ڕێکخراوە و سەندیکاکانی کرێکاران تەواو لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدان . لەوانە ، " فیدراسیۆنی سەندیکاکانی سەرتاسەری چین (ACFTU)" کە گەورەترین فیدراسیۆنی جیهانە و نزیکەی ٢٨٨ ملیۆن ئەندامی هەیە، بەڵام ئەم ژمارەیە وەک چان دەڵێ "زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی سەندیکاکە یان نازانن کە ئەندامی سەندیکان یان باوەڕێکی کەمیان بە توانای سەندیکاکە هەیە بۆ نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانیان ". هەروەها زۆربەی سەندیکاکانی کرێکاری لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێن و نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی

بەڕێوەبەرایەتی یەکان دەکەن. نمونەی زۆری تر لەم جۆرە یەکێتی و سەندیکا کرێکاریانە هەن لە جیهاندا کە هەر ناوەکەیان کرێکاری تێدایە ، ئەگینا کردەوە و سیاسەت و پراکتیسی ڕۆژانەیان بۆ خزمەتی سەرمەیاداران و خاوەن کۆمپانیاکان دروست بوون.

هەروەها لە سیناریۆی ئێستای ناجێگیری کاردا ، توانا و هێزی یەکێتی و ڕێکخراوە کرێکارییەکان وەک ڕێکخراوەکانی بەرگری لە دەسەڵاتی کرێکاران زۆر کەم بووەتەوە و زۆرێک لە هەوڵەکانیان بۆ بەدەست هێنانی بەرژەوەندی زیاتری کرێکاران بەهۆی دەسەڵاتی کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان و گۆڕانکاری لە پەیوەندیەکانی کار و بەرهەمهێناندا کاریگەری نەماوە . یەکێ لە لێکۆڵینە سەربەخۆکان کاتێک داتای سەبارەت بە ٥٢٧ ناڕەزایەتی کرێکاری لە ٣٦ وڵاتی جیاوازدا ، لە نێوان مانگی ١/ ٢٠١٧ تا ٥/ ٢٠٢٠ دا خستۆتە ڕوو ، یەکێ لە ئەنجامەکانی دەرخستنی دەور و نەخشی یەکێتی و رێکخراوە کرێکاریەکان بووە لە بەڕێخستن و پشتیوانی کردنی نارەزایەتیەکانی کرێکاران لەو وولاتانەدا . جێگای سەرنجە کە بە پێی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە کیشوەری ئاسیادا ٪٩٧.٧ ی بەشداربوانی ناڕەزایەتیەکان کرێکارانی بێ ڕێکخراو بوون ، وە ئەم نارەزایەتیانە پشتیوانی یەکی زۆرکەمی ڕێکخراوە فەرمیەکانی کرێکارانی بە خۆیەوە دیوە کە بە ڕێژەی ( ٪١) وە پشتیوانی رێکخراوە نافەرمی یەکان بە ڕێژەی (٪١٠) . لە ئەمریکای باشوور هەردوو جۆری یەکێتی یە فەرمی یەکان ( ٪٢٧) و ڕێکخراوە کۆمەڵایە تیە نافەرمیەکانی کرێکاران ( ٪٤٢) بەشداربوون لە ڕێکخستن و پشتیوانی کرێکاراندا. لە کاتێکدا زۆرترین بەشداری یەکێتی کرێکاری یەکان لە

ئوستراليا ببوه به ڕێژەی ٪٦٨.٨ ، وه ئهم بهشداری یه له ئهوروپادا هێشتا به ڕيژەی ٪٣٧ ببوه .

دیاردەی "کاری ناجێگیر" که بووەته مۆدێلی باوی زۆرینەی هەلی کار لهم سهردهمهدا , وه یهکێ له هۆکارەکانی دابهشبوونی کرێکاران له نێوان کاری فهرمی و نافهرمیدا، ههروهها کاریگەری راستەوخۆی لهسهر توانای به ئهندام بوونی کرێکاران له یهکێتی یه کرێکاریەکاندا وه له ئهزموونی رێکخراوبونی ئهم سهردهمهی کرێکاران داناوه . یهکێتی و ڕێکخراوه فهرمی یهکان زیاتر جێگای ڕێکخراوبونی کرێکارانی فهرمین ، که به شێکی بهرچاویان ههڵگری کار و پۆستی پیشهیی و فول تایم و جێگیرەکانن . وه ههروهها کرێکارانی فهرمی به زۆری ئهوانهن که ههڵگری پیشهی تایبهت یان پلهبهندیهکانی کارامهیی و لێهاتوویی جۆرا جۆرن ، به تایبهت له کهرتی گشتی و زانستیدا .ههرچهنده هێشتا ژمارەیهکی بهرچاو له ڕێکخراوه کریکاری یهکان له کهرتی پیشهسازی دا چڕبوونهتهوه ، کهچی ئهمانه که نوێنهرایهتی کرێکارانی پیشهسازی دهکهن، خۆیان له ئۆقیانوسێک له کرێکارانی ناڕێکخراو و تادێت ناجێگیردا دهسوڕێنهوه .

نمونهیهکی بهرجهسته لهم دیاردەیه له هیندستانه ، که کرێکارانی نافهرمی ٩٣%ی کۆی هێزی کار پێکدههێنن ، بهڵام ههمیشه لهلایهن ڕێکخراوه دامهزراو و فهرمیهکانی کرێکارانهوه تهواو فهرامۆش کراون، لهبهرئهوەی به تهنها کرێکارانی فهرمی دهتوانن ئهندامیان بن و کاریان سنووردارە به ههوڵی چارەسهرکردنی کێشهکانی کرێکارانی فهرمی. ئهمهش وای کردوه که له چهند دهیهی ڕابردوودا

بە سەدان گروپی تری پشتیوانی کرێکاری پێک بێن کە تۆمار نەکراون یان ڕێگە پێدراو نین . لە حاڵەتی هیندستاندا ڕێکخراوە هەرەوەزی و ناحکومییەکان بوونەتە بەدیل و بە شێوەیەکی زیاتر نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی کرێکارانی نافەرمی یان گرتۆتە ئەستۆ . ئەم ڕێکخراوانە لەنێو کرێکارانی نافەرمی دا ناسراون بە هۆی ئەو پەیوەندی یانەی بۆیان دروست بووە لەگەڵ شوێنی ژیان و کاری کرێکاران .یەکێ لە نمونە بەرجەستەکانی ئەم ڕێکخراوانە سەندیکاکانی 'هەموو ژنان' ە کە ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوە لە یەکخستنی ژنانی کرێکاری نافەرمی لە هیندستان .

لە ئەوروپا کرێکارانی ناجێگیر ڕێژەیەکی کەمتر پێک دێنن ، وە چەند جۆری شێوازی تازەی رێکخراوبوون و نارەزایەتیان نیشان داوە لەدەرەوەی بیرۆکراسیەتی یەکێتی یە کرێکاریەکاندا . بۆ نمونە لە بەریتانیا هێزی کاری ناجێگیر لە ١٥٪ی هێزی کار پێک دێنێت و لە بوارەکانی وەک کرێکارانی کۆمپانیای ئامازۆن، سایەقی گەیاندنی کۆمپانیای ئوبەر و ئەدیسۆن لیی ، بەشەکانی ماکدۆناڵد و کرێکارانی پەنابەر کە کاری پاککردنەوەی ئۆفیس و هۆتێلەکان دەکەن و چەندینی تر پێک دێن . زۆرێک لەم کرێکارانە ئێستا لە سەندیکای بچوک و دەرەوەی یەکێتی یە کرێکاری یە گەورەکانی بەریتانیا خۆیان ریک خستوە . بۆ نمونە لە ساڵی ٢٠١٢ دا " سەندیکای سەربەخۆی کرێکارانی بەریتانیا" لە لایەن کۆمەڵێک کرێکاری پاککردنەوە دامەزرا . لە نامەی دامەزراندیاندا دەڵێن کە بە هۆی بێ هیوا بوون و نیگەران بوون لە نەبوونی دیموکراسی و هەمەجۆری لە یەکێتی یە کرێکاری یە دامەزراوەکانی بەریتانیا ئەم ڕێکخراوە

دروست دەکەن و مەبەستیانە کە "سەندیکایەک بە سەرکردایەتی کرێکاران و ڕێکخستنی نارێکخراوەکان" پێک بێنن. شێوازێکی تری رێکخراوبوونی باو لە نێو ئەم کرێکارانەدا شێوازی ڤێرچواله ، بە بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا،گروپەکانی واتسئەپ و زووم بۆ پەیوەندی و ڕێکخستنی خۆیان و هاوپشتی کردنی نارەزایەتیەکان . ئەمانە توانیویانە نمونەی تازە لە شێوازی ریکخراوبوون و هاوپشتی کرێکاری نیشان بدەن . نمونەی زۆر زیاتری کۆبونەوە و ڕێکخستنی نارەزایەتی و گفت گۆ کرێکاریەکان لەم شێوازە هەیە لە سەرتاسەری دنیادا .

هەروەها لە چین کە سەندیکا فەرمییەکان بە ڕوونی ئامرازی خۆرێکخستن و پشتگیری ڕاستەقینەی کرێکاران نین، لە بەرامبەردا زیاتر لە هەشتا ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ پشتگیریکردن لە خەباتی کرێکاران دامەزراون. بە پێی لێکۆڵینەوەکەی چان لە ساڵی ٢٠١٣ دا ئەم "ڕێکخراوانە پێشڕەوی بەرچاویان کردوە لە یارمەتیدانی کرێکاران بۆ دارشتنی داواکارییەکانیان، هەڵبژاردنی نوێنەرانیان بۆ دانیشتن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی دا ، هەروەها تا ڕاددەیەک هاودەنگییان لە نێوان هێزی کار دا دروست کردوە" . لە م وولاتەش هەروەها نموونەی زۆر بەهێزتری رێکخستنی کرێکاران لە ڕێگەی بەکارهێنانی سەرکەوتووانەی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیاوە بۆ فشارخستنە سەر بەرپرسانی سەندیکاکان لە وڵاتەکەدا بۆ پشتگیریکردن لە داواکارییە ڕەواکانی کرێکاران سەرنج دراوە. بە بڕوای هەندێک لە چاودێران سەرهەڵدانی ئەم بەشە نوێ یە لە چینی

کرێکار و شێوازی خەباتکردنەکەی هێزی ئەوەی هەیە کە خەباتی چینایەتی لەسەر ئاستی جیهانی ئاراستە بکات .

شتێکی سەیر نییە کە سەندیکاکانی مۆدێلی سەدەی ٢٠ هەروەها ئامرازێکی گونجا نین بۆ کرێکارانی بەشی تەکنەلۆجیا و گەشەپێدەرانی نەرمەکالا و زۆرێکی تر لە گروپەکانی تری کرێکارانی دیجیتاڵ لە سەرانسەری پیشەسازییەکاندا. خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە کە گەشەی تەکنەلۆجیا و فراوانبوونی هەلەکانی کارکردن لەم بوارەدا کاریگەریەکی زۆری داناوە لە پێشخستن و دروستبوونی شێوازی نوێی ریکخراوبوونی کرێکاریدا . لە چەند دەیەی ڕابردوودا کۆمەڵێک فۆڕمی ڕێکخستنی کرێکاران دروست بوون ، لەوانە "هاوپەیمانی کرێکارانی ئایتی" کە ئێستا لەکارکەوتووە ، "یەکێتی نێودەوڵەتی کرێکارانی ئایتی" کە ئەویش لە ڕۆژی جیهانی کرێکاران لە ساڵی ٢٠٠٧ دا دەستیپێکردووە. یەکێک لەم رێکخراوانە کە زیاتر سەرکەوتووە، و هێشتا کاردەکات، ڕێکخراوی "واشتێک" کە لە ساڵی ١٩٩٨ لەلایەن کرێکارانی گرێبەست لە مایکرۆسۆفت پێکهاتووە. واشتێک سەر بە کرێکارانی پەیوەندییەکانی ئەمریکایە و ‘کرێکارانی تەکنەلۆژیای بەرز لە دۆڵی سلیکۆن تا بۆستن’ ڕێکدەخات (واشتێک ٢٠٠٩). یەکێک لەو ڕێگایانەی کە واشتێک گرتویەتیەبەر ئەوەیە کە دەستی بگاتە کرێکاران لە ڕێگەی پلاتفۆرم و بۆردەکانی ئۆنلاینەوە بۆ هوشیارکردنەوەی کرێکاران لەسەر سودەکانی ڕێکخراوبوونی کرێکارانە .

هەروەها دامەزراندنی "یەکێتی پیشەسازی کرێکارانی پەیوەندییەکان ، کۆمپیوتەر و نەرمەکاڵا " ، کە لقێکی "کرێکارانی پیشەسازی جیهانە (IWW 2016). ڕێکخراوی کرێکارانی پیشەسازی جیهانی خۆی هەرچەندە گەورە و ڕێکخراوێکی سەرەکی کرێکاران نی یە ، بەڵام گەشەسەندنی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە لە ئەنجامی چەند سەرکەوتنێکی لە ڕێکخستنی کرێکارانی قاوەخانەکانی ستاربەکس لە نیویۆرک و کرێکارانی پاککەرەوە لە لەندەن لە ساڵانی ٢٠٠٠ ەکاندا .

## ئاست و شێوازی ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان

بەدواداچوون بۆ ئاست و ژمارەی نارەزایەتی ومانگرتنە کرێکاریەکان لە سەرتاسەری جیهاندا لە چەند دەیەیەکدا یان تەنانەت چەند ساڵێکیشدا کارێکی ئەستەمە و لێکۆڵینەوەی فراوان و داتای زۆری

دەوێت کە لەدەرەوەی توانای ئەم نوسینەدایە. بەڵام ڕاگوزەرێک بە هەواڵەکاندا یەکسەر ئاستی زۆر بەرزی ناڕەزایەتی یە کرێکاریەکان و بەرەنگاربوونەوەی کرێکاران لەگەڵ خاوەنکار و کۆمپانیاکان و دەولەتەکاندا لە دەیان وولاتدا بە فراوانی دەردەخات .هەر کەسێک لە هەر کاتێکدا گەڕانێکی خێراش بکات بە ئینتەرنێت ، دەبینێت کە ڕۆژ نی یە لە جێگایەک و چەندین جێگای جیهان کرێکاران خەریکی مانگرتن یان خۆپیشاندان یا جۆرێکی تری ناڕەزایەتی و شەڕ نەبن لەگەڵ سەرمایەداری و کۆمپانیاکانیاندا.

ئەو لێکۆڵینەوە فراوانانەی کە تائێستا کراون ، زیاتر لەسەر ئاستی وولاتان ، ناوچە یان بە پێی کەرتی کار بووە . بە گشتی زانیاریەکان وا دەردەخەن کە مانگرتن و ناڕەزایەتی یە بەرچاوەکان تەنها و تاک بوون و لە ڕشتەیەک یان جوگرافیایەکی دیاری کراودا بە بێ پاڵپشتی جیهانی یان کیشوەری بەڕێکەوتوون . لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر و لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی تر جیاوازیان زۆرە . فاکتەرەکانی وەک بارودۆخی ئابووری، یاساکانی کار و ئاستی ڕێکخراوبوون ، پرسی دیموکراسی و مافەکانی کرێکاران هەمووی کاریگەرییان لەسەر یان هەیە. لە بەشێک لە وولاتان بەهۆی نەبوونی مافی ڕێکخراوبوون ، یان هەبوونی یاسای کاری دژە کرێکاران، ناسەقامگیری ئابووری، یان نائارامی سیاسی، ڕێژە و شیوازی ناڕەزایەتیەکان جیاوازن . هۆکاری زۆرینەی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتیەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر کەمی کرێ یە ، دوای ئەوە بارودۆخی خراپی کارکردن، کاری جێگیر و بیمەکانی کرێکاران و سەلامەتی کار دێن . لە هەندێک جێگا ناڕەزایەتیەکان ڕاستەوخۆ دژی دەوڵەت و

سیاسەتەکانی حکومەت بوون. ژمارەی کرێکارانی بەشدار بوو هەروەها جیاوازە ، بە پێی قەبارەی هێزی کار و سروشتی پیشەسازی و ئاستی ڕێکخستنی کرێکاران جیاواز بووە .

لیکۆڵینەوەکەی کەسەبارەت بە ٥٢٧ ناڕەزایەتی کرێکاری لە ٣٦ وڵاتی جیاوازدا ، لە نێوان مانگی ١/ ٢٠١٧ تا ٥/ ٢٠٢٠ دا کراوە ، چەند لایەنی تری ناڕەزایەتیەکان بەم شێوەیە پۆلێن دەکات : زۆرترین ژمارەی ناڕەزایەتی یەکان لە سەرانسەری ئەوروپا ڕوویداوە بە ڕێژەی ٪٥٠.٨ ، لە دوای ئەویش ئاسیا دێت بە ڕێژەی ٪٢٥.٣ لەسەر ئاستی کیشوەرەکاندا . بەڵام لەسەر ئاستی وولاّتدا زۆرترین ناڕەزایەتی کرێکاری لە وولاتی چین ڕوویداوە بە ڕێژەی ٪٢٢ ، دواتر بەریتانیا ٪١٣.١ ، ئیسپانیا٪١٢.٧ و ئەرجەنتین ٪١١.٤. زۆرترین شێوازی ناڕەزایەتی کرێکاری مانگرتن و ڕاگرتنی کار بووە بە ڕێژەی ، %٤٠.٤ ، دواتر خۆپیشاندان دێت بە ڕێژەی ٣٤.٢% ، وە گرتنی ڕێکاری یاسایی ١٦.٣% بە پلەی سێهەم . ئەوەی جێگای سەرنجە کە لەسەر ئاستی ناوچەیی، مانگرتن و کارڕاگرتن لە ئاسیا زۆرترین شێوازی ناڕەزایەتی پێک هێناوە بە ڕێژەی ٪ ٦٤.٧. خۆپیشاندان لە ئەمریکای باشوور شێوازی باوی ناڕەزایەتی ببوە و ٪٥٣.٩ ناڕەزایەتیەکانی پێکهێناوە. لە ئەوروپا و ئوسترالیا و ئەمریکای باکوور زیاتر گرتنی ڕێکاری یاسایی لە لای کرێکاران شێوازی زۆرترین ناڕەزایەتی بووە . خۆپیشاندان لە ئەمریکای باکوور تەنها ٪٥ ی نارەزایەتیەکانی پیک هێناوە ، بەڵام ریکاری یاسایی ٪٦٣ ی ناڕەزایەتیەکان بووە .

به پێی ئەم داتایە ڕاپۆرتەکە دەگات به هەندێک ئەنجامگیری سەرنجڕاکێش ، بۆ نمونە ئەوەی کە پێ دەچێت کرێکاران لە وڵاتانی وەک چین زیاتر پشتیان بە کار ڕاگترن و مانگرتن بەستبێت وەک لە خۆپیشاندان ، ئەویش بە هۆی نەبوونی ڕێکخراوی ڕاستەقینە و بەهێزی کرێکاران لەدەرەوەی چاودێری دەوڵەت و میدیایەکی کراوە کە کاریگەری خۆپیشاندان بڵاو بکاتەوە . ئەمە لە کاتێکدا لە ئوسترالیا بەهۆی کاریگەری یاسایی ، وە لە ئەمریکادا بە لەبەرچاوگرتنی لاوازی دەسەڵاتی ڕیکخراوە کرێکاری یەکان ، شێوازی گرتنە بەری ڕێکاری یاسایی دژ بە کۆمپانیا و خاوەنکارەکان هەڵبژاردەیەکی کاریگەر تر بووە بۆ ناڕەزایەتی یەکانیان . لە سەرتاسەری ئەوروپادا شێوازەجیاکانی ناڕەزایەتیەکان هاوسەنگیەکی زیاتریان هەبووە . سەبارەت بە داواکاری و هۆکاری ناڕەزایەتیەکان ، لە ٦٣.٤% ی داواکاریەکان پەیوەست بوون بە زیادکردنی کرێ وە ، پرسەکانی تری وەک دۆخی کاری ناجێگیر و بێ کاری ٪٢٢.٣، بارودۆخی خراپی کارکردن ٪٢٠ و تەندروستی و سەلامەتی کار بە ڕێژەی ٪ ١٧ بوون .

لەم لێکۆڵینەوەیە و زۆری تردا ئەو ڕاستی یە دەرئەکەوێت کە کرێکاران لەدەرەوەی یەکێتی و سەندیکاکان خەباتی بەرفراوانیان هەیە و ئەمە بەشێکی گرنگە لە بنیاتنانی هێز و خۆڕێکخستنیان ، کە پێشەنگی دەکەن لە داهینانی فۆرمی تر لە ڕێکخستن و نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان وە یان لە تازەکردنەوەی شێوازی خەباتی چینایەتی و ڕێکخراوەیی دا. بەڵام ئەم خەباتە خۆ بە خۆیەی کرێکاران بەندە بە چەندین هۆکاری پێکهاتەی یەوە و

پێیان مەرجدارە . جۆری پرۆسەی کار دەتوانێت مەودای دامەزراندنی هاودەنگی لە نێوان کرێکاراندا گەورە بکات یان بە پێچەوانەوە دەتوانێت بەرتەسکی بکاتەوە . شوێنی ستراتیژی کار دەتوانێت هێزی زیاتر بە کرێکاران بدات بۆ ئەوەی ناڕەزایەتی خۆیان دەرببڕن ، جا ڕێکخراوی فەرمی یان لە پشت بێت یان نا . پەیوەندی کار و ئاستی کرێ و ئەو خاوەنکارەی کە بۆی کاردەکەن (تایبەت، دەوڵەت ) یەکێکی دیکەیە لەو هۆکارانەی کە ئەگەرەکان و جۆری ناڕەزایەتی لە قاڵب دەدەن. ئەگەری دروستبوونی ڕێکخراوەی سەربەخۆی کراوەتر دەتوانێت فرسەتی دروست کردنی هاوپەیمانی ستراتیژی لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لە بەرژەوەندی کرێکاراندا بێنێتە ئاراوە ، و ە کرێکاران هاوپشتی و هێزی فراوانتر بونیات بنێن بۆ سەرخستنی ناڕەزایەتییەکانیان ، بەتایبەت لە کات و ساتی بار و دۆخی سیاسی تایبەت و ئەگەری گۆرانکاری گشتگیرتردا .

خاڵێکی گرنگی تر کە پێویستی بە ووردبینی یە ، کاریگەری پێشکەوتنە تەکنەلۆجیا کان لەسەر داهێنان و برەو دان بە شێوازی تازەی ناڕەزایەتی کرێکاری . بە دیجیتاڵکردنی کار لە خۆیدا پاڵنەرێکە بەرەو ئۆتۆماتیک کردن و کەم کردنەوەی کاری کرێکاران . ئەم پرۆسەیە دوولایەنەیە و دەتوانێت لە ڕوانگەی بەرژەوەندی جیاوازی کرێکاران و سەرمایەوە لێ بڕواندرێت. لە لایەک تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی- کە بێگومان لەلایەن کەسانێکەوە پەرەی پێدراوە، جێبەجێ دەکرێت و بەکاردەهێنرێت وە توانای ئەوەی هەیە کە ڕێگە بە سەربەخۆیی زیاتری کرێکاران بدات، ئەمەش دەتوانێت

کاتژمێری کاری کرێکاران کەمتر کاتەوە ، وە کرێکار ئازاد دەکات بۆ بەسەربردنی کاتی خۆی لە داهێنان وکاری تر کە هەڵبژاردەی خۆی بێت. بە پێچەوانەوە، بۆ سەرمایەدار ، بە ئۆتۆماتیکیکردن توانای دەرهێنانی زێدە بەهای زیاتر و ئەگەری دەرکردنی کرێکاری و کەمکردنەوەی تێچووی بەرهەمهێنانی پێ دەبەخشێت.

نمونەی ئەو ناڕەزایەتیانە ی کە بەشی کرێکارانی شارەزا لە بواری تەکنەلۆجیا دەستیان بۆ بردوە زۆرن ، لەوانە 'هاککردن ، دروستکردنی نەرمەکاڵای ئازاد و خۆڕایی یەکان ، نمونەکانی سایتی ویکی لیکس و گروپی ئەنۆنەمس ، بڵاوکردنەوەی زانیاری نهێنی کۆمپانیا و سەرمایەداران ، بە تایبەت لەسەر پیلانگێڕی دژ بە کرێکاران و وێرانکردنی ژینگە و بارو دۆخی دۆزەخ ئامێزی هەندێک لە ڕشتەکانی کاری کرێکارانی بواری دیجیتاڵ و تەکنەلۆجیا . نمونەیەکی بەرجەستەی ئەم ناڕەزایەتیە دیجیتاڵانە لە کارگە فراوانەکانی "فۆکسکۆن" دەرکەوت کە پارچەکانی ئەلیکترۆنیاتی بەکاربەری وەک "ئایفۆنی ئەپڵ" دروست دەکەن ، لە دوای چەند جارێک خۆکوژی کرێکاران لە کارگەکەدا، کە خاوەن کارگەکان تۆڕی سەلامەتی دژە خۆکوژییان دانا ، واتە چارەسەریان بۆ بارو دۆخی ترسناکی کار کە پاڵی بە کرێکاران وە دەنا بۆ خۆکوژی ئەوە بووە کە ڕێگە لە خۆکوژیش بگرن ، نەک هەل و مەرجی کاریان بۆ باشتر کەن . بەڵام هەواڵەکانی ئەو خۆکوژیانە لە بواری دیجیتاڵدا بۆ یەکەم جار ئەو بارودۆخە سەختانەی ئەو ٤٠٠ هەزار کرێکارە کە پارچەکان بەرهەم دەهێنن ، بە باشی بە هەموو جیهان ناساند ،کە یەکێ لە

دەرکەوتەکان ئەوە بوو کە ئەم کرێکارانە بە درێژایی ڕۆژ وشەو کاریان دەکرد .

نمونەی تری ئەم ناڕەزایەتیانە زۆرن وەک دروست کردنی 'بۆمبی لۆژیکی' لە لایەن ئەندازیارانی تەکنەلۆجی یەوە بۆ بڵاوبوونەوەی بە نێو تۆڕی کۆمپیوتەرەکانی کۆمپانیاکانداو لەناوبردنی داتا گرنگەکانی وەک زانیاری دارایی و زەمانەت و گرێبەستەکان ، وەیان دروستکردنی "ڤایرۆسی کۆمپیوتەری" لە لایەن پرۆگرامەرە ناڕازایەکانەوە. ئەوەی ئەم نموونانە ئاماژەی پێدەدەن ئەوەیە کە ئێستا کرێکارانی شارەزای بواری تەکنەلۆجیا توانا و هێزێکی گەورەیان هەیە لە پیشەسازی دیجیتاڵدا کە هەمیشە دەتوانێت مەترسی گەورە لەسەر سەرمایەداران و کۆمپانیاکان دەرست بکات ، بەتایبەتی کە بەڕێوەبەران ئەگەری زۆرە تێگەیشتنێکی ئەوتۆیان نەبێت لەو نەرمەکاڵایانە کە بە فراوانی پشتی پێدەبەستن. ئەمە بە تایبەتی لە بواری داراییدا ڕوودەدات، لەگەڵ باڵادەستی بازرگانی ئەلگۆریتم و سێرڤەرەکان کە داتایەکی زۆریان تێدا هەڵگیراوە .

## پەیوەندی خەباتی چینایەتی کرێکاران بە بزوتنەوە ناڕەزایەتیەکانی ترەوە

بە درێژایی ٥٠ ساڵی رابردوو سەرمایەداری دەستی داوەتە قوولکردنەوەی جیاکاری و پلەبەندی کرێکاران لەسەر بنەمای ڕەگەزی ( ڕەنگی پێست ) و جێندەر و مافی هاولاتیبوون ، وە لە چەندین جێگای جیهاندا تەنانەت ناسنامەکانی وەک خێڵ و ڕەچەڵەک ( لە نمونەی هیندستان) ، لادییێ و شاری بوون ( لە نمونەی چین) وەک شێوازێکی جیاکاری بۆ بە دژ یەکداکردنی کرێکاران بەکارهێنراون . ئەم جیاکاریانە بوونەتە هۆی مەحرووم کردنی بەشیکی زۆری کرێکاران لە ماف و کرێی یەکسان و بیمەکان لەسەر بنەمای ئەم ناسنامە جیاوازانە . بەلام بنەمای ئەمە پەیوەندی بە بەردەوامبوونی خراپبوونی کوالیتی هەلی کار و زیادبوونی بیَ کاری و بارو دۆخی گشتی چینی کرێکارەوە هەیە لە جیهاندا . بەلام ئەم جیاکاریانە لە کریَ و بارو دۆخی کاری کرێکاراندا لەسەر بنەمای ناسنامەی جیاواز قلّشت و کێشەی دابەشبوونی زیاتریان لە نێو چینی کرێکاری جیهانیدا دروست کردوە ، وە بوونەتە ڕێگر لەبەردەم یەکگرتووبوونی چینەکە و خەباتی چینایەتی دا بە گشتی .

لە هەمان کاتدا ئەم بارو دۆخانە لە چەند دەیەی ڕابردوودا بوونەتە هۆی گۆڕینی فەزای شارەکان بە تەختەی شانۆگەری بۆ بزووتنەوە کۆمەلایەتی یە جۆراو جۆرەکان کە جیاواز و لەدەرەوەی خەباتی چینایەتی کرێکاران دەردەکەون . چ نارەزایەتی و کەمپەینە فراوانەکانی دژە ڕاسیسزم بێت ، یان خەباتی فیمینستەکان بێت بۆ یەکسانی جێندەری ، وە یان خەباتی گروپە کانی پەلکە زێڕینە بێت ، وە یان بە گشتی خەباتی جەماوەری لەدژی سیاسەتەکانی دەوڵەت و بۆ دیموکراسی ، دژی وێرانکردنی ژینگە، بە تایبەتی کردنی کەرتە

گشتییەکانی خزمەتگوزاری و ..هتد. بە ڕای هەندێک لە بیرمەندان ، بەشێکی بەرچاو لەم نارەزایەتیانە هەرچەندە لە دەرەوەی شوێنی کاری کرێکارانن ، بەڵام زۆریان سیمایەکی چینی کرێکارییان هەیە.

سەبارەت بەم جۆرە نارەزایەتیانە بیر و ڕا و لێکدانەوەی جیاواز هەیە لە پەیوەندیان بە خەباتی چینایەتی کرێکارانەوە ، بەتایبەت لە نێو بیرمەندانی سۆشیالیست و چەپدا . یەکێ لەم بۆچونانە جەخت دەکاتەوە لەوەی کە لەم سەردەمی سەرمایەداری تالآنچی یەدا ، سەرمایەداری نیوتراله ، واتە بێ لایەنە لە جیاوازیەکانی جێندەر و ڕەگەز و سنوور و کێشەی پەنابەری و نەبوونی مافی هاوڵاتیبوون ، چونکە سەرمایەداری ئەم سەردەمە تەنها ئامانجی بەدەستهێنانی باشترین و زۆرترین قازانج و کەڵەکەی سەرمایە یە . ئەم بۆچوونە پێیْ وایە کە ئەم جیاکاریانە لە لایەن چینی سەرمایەدارانەوە دروست کراوە و ئامانجی بەلاڕێدا بردنی خەباتی چینایەتی کرێکارانە کە تەنها هەڕەشەیە لەسەر بەردەوام بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەی . لەبەرامبەردا بۆچونێکی تر هەیە کە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە سەرمایەداری هەر لە پێناو ئەو ئامانجەدا ، هەموو ئەم جیاوازیانە بە توندترین شێوە قووڵ دەکاتەوە و بەکاریان دێنێت بۆ کەمکردنەوەی تێچوونی بەرهەمهێنان . ڕاستە کە جیاکردنەوەی خەباتی جەماوەری بۆ مافە دیموکراتی یەکان ، یان خەبات دژی ڕاسیسم و ئازادی یە تاکە کەسیەکان بۆ گروپەکانی پەلکەزێڕینە و، وەیان خەباتی سەربەخۆی ژنان بۆ یەکسانی جێندەری ، وەک ڕێگر و بەش بەشکردنی خەباتێکی یەکگرتوو و فراوانی دژە سەرمایەداری چینی کرێکار کاریگەریان هەیە ، چونکە ئەم بزوتنەوە جەماوەریانە

لەدەرەوەی خەباتی ڕاستەوخۆی چینی کرێکاردا دەردەکەون ، بەڵام لە هەمان کاتدا گرفت و کێشەی کۆمەڵایەتی و بێ مافی زیاتری ملیۆنەها کرێکاری ژن و ڕەشپێست و گروپەکانی ترن. بۆیە ئەمانە کێشەی بەردەم چینی کرێکارن و پەیوەندی قووڵیان هەیە لەگەڵ خەباتی چینایەتی کرێکاراندا ، بۆیە دەبێت شانبەشانی خەباتی چینایەتی ئەم پرسانە سەرنجیان بدرێتێ لە لە بەرژەوەندی چینی کرێکارەوە مامەلە بکرێن ، نەک تەنانەت بوونیشیان وەک خەباتێکی بەرهەق ڕەت بکرێتەوە.

ئەم دیدگایەی دووەهەم پێی وایە کە سەرمایەداری لە گەرانی بە دوای زۆرتترین قازانجدا ، بەردەوام ئەم جیاوازیانەی کردۆتە ئامرازێک بۆ ئەو مەبەستە . ڕەنگی پێست و بە تایبەت ڕەشپێستی ، ژنبوون و جیاوازیەکانی تری گروپە کۆمەڵایەتیەکانی کرۆتە بنەما بۆ پێ دانی کرێی کەمتر ، سەپاندنی بارو دۆخی توندتری کار ، مافی کەمتر بۆ کرێکاران ، هەموو ئەمانەش بە ئامانجی کەمکردنەوەی تێچوونی بەرهەمهێنان و زیادکردنی زێدەبەهای کار. پێویستە ئاماژە بدەین بەوەی کە هەر لەسەرەتای دروست بوونی سیستەمی سەرمایەداری یەوە ئەمانە هەمووی هەبوون . بۆ نمونە بەکۆیلە کردنی خەڵکی ئەفریقا و هاوردەکردنیان بۆ کارکردنی زۆرەملێ و خۆڕایی لە ئەمریکا ، یان دانی هەقدەستی کەمتر بە ژنان بۆ هەمان کار ، وە بێ مافیەکانی ژنانی کرێکار لە سەدەی ١٨ و ١٩ و ٢٠ یشدا . لەسەردەمی ئێستای نیولیبرالیزمدا بە هەمان شێوە ئەم سیستەمە بە ترسناکترین شێوە ژنبوون ، ڕەنگی پێست ، نەبوونی مافی هاوڵاتیبوون و پەنابەری ، هەموو ئەمانەی بەکار هێناوە بۆ بە

دەست هێنانی زۆرتیرن قازانج . لەم بارەوە بە سەدان لێکۆڵینەوەی مەیدانی ئەکادیمی هەیە لەسەر وولاتە جۆراو جۆرەکان کە سەرمایەدای جیهانگیری کارگەکانی بەرهەمهێنانی بۆ گواستۆنەتەوە. بەشێک لەم لێکۆڵینەوانە سەبارەت بە چۆنێتی بەکارهێنانی " هێزی کاری مێی ینە" یە بۆ پرۆپاگەندەی هێزی کاری هەرزان بۆ سەرنجڕاکێشانی کۆمپانیاکان . بۆ نمونە لە ئەندەنوسیا ، بەنگلادیش و وولاتانی تری هەژاری خواروی ڕۆژهەلاتی ئاسیا ، کاتێ دەوڵەت یان کۆمپانیا ناوخۆی یەکان پرۆپاگەندەی هێزی کاری ئامادە بەکار دەکەن ، پشت دەبەستن بەو جۆرە پڕوپاگەندانە کە پڕن لە هەڵاواردنی رەگەزی دژی ژنان ، لەنمونەی " هێزێکی کاری مێینە ، کە پەنجەیان نەرمە و بۆ کاری ووردەکاری زۆر بەتوانان ، وە خۆیان ملکەچ وگوێڕایەڵن " . ئەمجۆرە بەکاربرنەی هێزی کاری ژنان هەروەها بووەتە هۆی توند کردنەوەی فشارە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر ژنانی کرێکار و توند کردنەوەی گوتاری پیاوسالارانە لە دژیان کە دیسانەوە دەستی کۆنترۆڵ کردن بەسەر هێزی کاری ژنان و دەستبەسەرکردنیانی لە لایەن دەلاڵ و ئەو کۆمپانیایانەی کە دەیانخەنە سەر کار ئەوەندەی تر درێژ کردوە. فیمینستە سۆشیالیست و چەپەکانی دەیەی هەشتاکان بە سەدان لێکۆڵینەوەیان لەسەر ژنانی کرێکار لە ئاسیا و ئەمریکای باشووردا ئەنجام داوە بە مەبەستی دروستکردنی تێگەشتنێکی فراوان لەبەرامبەر ئەم جۆرە لە ئیستغلال و چەوسانەوەی ژنانی کرێکار لە لایەن سەرمایەداری نیولیبرالیزمەوە .

بەشێکی تر لە لیکۆڵینەوەکان سەبارەت بە تایبەتمەندی کاری ژنان و چەوسانەوەی ئەوە لە سەرمایەداریدا لە پەیوەند بە کاری بێ کرێ ی نێو ماڵ و ئەرکی ژنان لە تازەکردنەوەی هێزی کار و وەچەخستنەوە و بەخێوکردنی نەوەی داهاتووی هێزی کار . ئەم ئەرکانەی کە سەرمایەداری نەک کردویەتی بە واقعی ژیانی ملیۆنەها ژن ، بەڵکو ئەم سیستەمە بە برەودان بە دەیان ئایدیۆلۆجی وەک دینەکان ، پیاوسالاری ، هەڵلاوردنی سێکسی و بڵاوکردنەوەی زانیاری چەواشەکارانە سەبارەت بە سروشتی ژن لە ڕێگای دام دەزگای دینی و ئەدەبی و میدیای فراوانەوە ملیۆنەها دۆلار بە خەرج دەدات لە پرۆپاگەندە کردن بۆ چەسپاندنی ئەم ئەرکانە وەک کاری سروشتی ژنان وەک دایک و ژنی ماڵ ، تا هەمووی بە خۆڕایی و بە بێ کرێ ئەنجام بدرێن . لە کاتێکدا کە ئەم کارانەی ژنان دەیانکەن لە ڕاستیدا کۆڵەکەیەکی ڕاگرتنی پەیوەندی یە کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێنانەکانی سیستەمی سەرمایەدرای یە .

لە ساڵانی هەفتاکانەوە تا ئێستا ، ڕێژەی سەدی ئەمریکییەکان کە خۆیان وەک چینی کرێکار دەناسێنن لە نێوان ٪٤٤ بۆ ٪٥٠ بووە .ڕاپرسیەکی گشتی فراوان سەبارەت بە پلەبەندی هێزی کار لە ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١٦دا دەری خستووە کە ڕێژەیەکی زیاتر لە خەڵکی ڕەشپێست و لاتینی لە سپی پێستەکان خۆیان وەک چینی کرێکار ناساندوە . هەربۆیە لە ڕاپرسیەکەدا ٪٦٩ ی خەڵکی لاتینۆ ، وە ٪٥٤ ی خەڵکی ڕەشپێست وەک چینی کرێکار خۆیان ناساندوە لە کاتێکدا تەنها ٪٤١ ی خەڵکی سپی ئەم بژاردەیەیان کردوە. هەروەها بە تێڕوانینێک لە ئاستی کرێ بەپێی ڕەگەز و جێندەر واقیعی

جیاکاری له کرێی سپی پێست و پیاودا له بەرامبەر ئەوانی تردا بەتەواوی دەردەکەوێت . بۆ نمونە لە ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١٥دا پیاوانی چینی کرێکاری سپی پێست لە کاتژمێرێکدا ٤.١١ دۆلار زیاتریان بەدەستهێناوە لە چاو پیاوانی چینی کرێکاری ڕەشپێست ، وە هەروەها ٤.١٧ دۆلار زیاتر لە پیاوانی چینی کرێکاری لاتین. ژنانی چینی کرێکاری سپی پێست ١.٩٤ دۆلار زیاتریان لە ژنانی چینی کرێکاری ڕەشپێست و ٢.٥٢ دۆلار زیاتر لە ژنانی لاتینی چینی کرێکار پێ دراوە . لە سەرانسەری هەموو ڕەگەزەکاندا، پیاوانی چینی کرێکار کرێ یان زیاتر بووە لە ژنانی چینی کرێکار . هەرچەندە لەم سەردەمەدا هەموو چینی کرێکار لە ژێر هەڕەشەی کەمی کرێ و کاری ناجێگیر و هەل و مەرجی کاری خراپدایە ، بەڵام دەرکەوتوە کە ئەم گروپانە خراپترین هەل ومەرجی کار و کرێ یان هەیە.

لە ڕوانگەی چینی کرێکارێکی هوشیارەوە بەرگری و پشتگیری کردن لە ماف و ئازادی یە تاکە کەسیەکان ، دژە ڕاسیزم بوون ، بەرگری لە مافەکانی ژنان و یەکسانی و مافی هەموو گروپەکانی دی دەبێت بە ئامانجی یەکگرتووکردنی چینی کرێکار و زاڵبوون بێت بەسەر دابەشکاری و ڕێگریەکانی ئەم یەکگرتووبوونە .دەبێت چینی کرێکاری هوشیار ئەم ڕێگریانە بەڕەسمی بناسێت و لە هەوڵی لابردنیاندا بێت لەبەردەم خەباتی یەکگرتووی هەموو بەشەکانی ئەم چینەدا . هەوڵدان بۆ چاکسازی ئابووری ، مافی زیاتر ، مافی گروپەکان ، ڕەشپێست ئەمانە جێگای گرنگین بۆ چینی کرێکار بۆ ڕەخساندنی زەمینەی هوشیاری یەکی فراوانی چینایەتی وکەلتوورێکی سۆشیالیستی . واتە کاتێک چینی کرێکار پشتیوانی لە مافی پەناهەندەیەک ،

ڕەشپێستێک یان یەزیدەیەک ، دەکات ، لە پێناو چەسپاندن و سەلماندنی ئەم جیاوازی یانە نابێت ، بەڵکو لە پێناو هوشیاریەکی قووڵتری چینایەتیدا دەبێت کە کرێکارانی قوربانی ئەم جیاکاریانە بێنێتە نێو خەباتی فراوانتری چینایەتی یەوە لە دژی پەیوەندیەکانی سەرمایە .

ئەم تێگەشتنانە گرنگن بۆ چینی کرێکار بۆ ڕێکخستنی ژنان و گروپە نارازیەکانی تر لە دەرەوەی شوێنەکانی کار و دابین کردنی ستراتیژی جیاوازی نارەزایەتی دەربڕین و خاوەنداریێتی کردن لە خەباتی ڕاستەقینەی گشتی کۆمەڵگە. بە هەمان شێوە دەتوانین سەیری ئەزموونەکانی خەباتی هەژاران ، کۆچبەران ، بێ کاران و ..هتد بکرێت . ئەم تێگەشتنانە تەنها دەتوانێت نمونەی جۆرا و جۆری نارەزایەتی و خەبات بێنێتە کایەوە ، وە شێوازەکانی کاری هەرەوەزی و خۆبەڕێوەبردن و ئابووری هاودەنگی لە گەڕەکەکاندا لەم گروپانە بێنێتە کایەوە کە بۆ خۆی ئەم ئەزمونانە دەبنە بنەمای دامەزراندنی کەلتووری کاری بە کۆمەڵ و سۆشیالیستی لە دوورماوەدا ، کە تەنها بە قازانجی خەباتی چینایەتی کرێکاران تەواو دەبن . چەند دەیەی ڕابردوو دەوڵەمەندن بەم جۆرە ئەزمونانەی خەڵک لە داهێنانی فۆرمەکانی بەرەنگاربوونەوەی لە بەرامبەر ناجێگیرکردنی کار و ژیان کە لە هەمان کاتدا بەدیلەکانی ڕێکخستنی پەیوەندی یە کۆمالآیەتیەکان و کار و ئابووری دەخەنە ڕوو.

# کۆتایی

هێزی چینی کرێکار هێزێکی گەورە و فراوانە و زیاتر لە دوومليار پێک دێنن . تەنها چینێکە کە ئەزموونی چەوساندنەوەی و شەڕی بەردەوامی لەگەڵ سیستەمی سەرمایەداری دا بەرەو هوشیاری زیاتر و شۆرشی سۆشیالیستی دەبات . ئەم چینە بەڕاستی توانای ڕزگارکردنی خۆی هەیە، توانای پەرەپێدانی ئۆرگانەکانی دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی هەیە. بە هۆی جێگا و ڕێگای ئەو لە سیستەمی سەرمایەداریدا ، لەگەڵ خۆڕێکخستنەکەی و بە بوونی هوشیاریەکی چینایەتی بەهێز توانای نەک تەنها خۆڕزگارکردنی هەیە ، بەڵکو لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵگە بەرەو ژیان و سیستەمێکی گشتی سۆسیالیستی و ئازاد دەبات. بەڵام چینی کرێکار هەرچەندە لەبەر دەم ئەرکێکی مێژوویدایە ، وە خاوەنی هێزێکی چەند ملیاری یە ، بە دەیان جۆر خۆی ڕێک خستوەو و هەموو ڕۆژ لە خەباتدایە بۆ باشتر کردنی هەل و مەرجی کار کردن و گوزەرانی لە زۆربەی وولاتانی جیهان ، بەڵام هێشتا چینێکی یەکگرتوو و خاوەن ئاسۆیەکی سیاسی نیە بۆ بەدیهێنانی شۆرسی سۆشیالیستی .ئەم باسە هەوڵی دا گرێی وەڵامی ئەو پرسیارە بکاتەوە کە بۆچی پێدەچێت کرێکاران یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و سیاسی یان نەبێت ؟ .

له ئیستادا سەرباری ئامادەیی هەموو ڕۆژەی ئەم چینە لە شەڕ لەگەڵ سەرمایەداریدا ، بەلاّم ئاسۆیەکی شۆڕشی سۆشیالیستی بە خەباتی ڕۆژانەیەوە لەسەر ئاستی جیهاندا دیار نی یە . لە سەردەمێکدا کە سەرمایەداری پێنج دەیەیە چینێکی جیهانی و فراوانی سەرمایەدارانی پێک هێناوە ، هێشتا کرێکاران چینێکی دابڕا و و دوور لە یەک و بەشکراون . خاوەنی رابەرایەتی ئینتەرناسیۆلی نین و ئاسۆیەک دیار نیە کە چۆن ئەم چینە هەنگاوەکانی بەرەو شۆڕش دەباتە پێشەوە . لەم بارەوە مارکس جەختی لەوە کردۆتەوە کە چینی کرێکار کاتێک شۆرشگێڕێتی خۆی بۆ دەردەکەوێت کە لە ئەنجامی زنجیرەی بەردەوامی خەباتی چینایەتی یەوە گەشە دەکات بەرەو خەباتی سیاسی .کاتێک چینی کرێکار بەرپەرچی سەرمایەداری دەداتەوە، درک بە دەسەلاّت و بەرژەوەندی یە بەکۆمەڵەکانیان دەکەن . واتە ئەم چینە لەسەر ڕێگای خۆیەتی ، بەلاّم هێشتا پێویستی بە ئەزموون کردنی زیاتری خەباتی یەکگرتوو و ڕێکخراو هەیە تا هوشیاری سیاسیشی بچێتە سەرەوە.

چوونە سەری هۆشیاری سیاسی پرۆسەیەکی بەردەوامە ، لەگەڵ پراکتیک و ڕەنگدانەوەی بەکۆمەڵدا گەشە دەکات. هاو بەرژەوەندی چینایەتی کرێکاران ناچار دەکات پێکەوە بیربکەنەوە و مامەڵە بکەن. پرۆسەی سیاسی چینایەتی لە کۆبونەوەی دەستەی کرێکارانەوە دەست پێ دەکات کاتێک پێکەوە بیر دەکەنەوە لەوەی وەک کرێکاران چی بکەن لەژێر هەلومەرجی تایبەتی خۆیاندا . کرێکاران بە بیرکردنەوە لە شێوازی ڕێکخستنیان لە چوارچێوەی یاسایی یان لە دەرەوەیدا ، لەوانەش هەڵوێستیان لەسەر سەندیکاکان و حیزبە

سیاسی یەکانی ، هۆشیاری سیاسی پەرەپێدەدەن. هەروەها بە بیرکردنەوە لەوەی کە چۆن ڕێکخراوە چینایەتی یە نوێیەکان لە بواری گشتی لە شوێنی کار، لە کۆمەڵگا و لە ماڵدا زیاتر بنیات دەنرێن، کە کایەکانی کار و ژیان بەیەکەوە دەبەستنەوە.

ماوەتەوە بڵێین کە لە نێو بەشی هوشیاری ئەم چینەدا بیر کردنەوە و ئاراستەی جیاواز هەیە لە دژی سەرمایەداری و چۆنێتی گەیشتن بە کۆمەڵگەی سۆشیالیستی ، لەوانە کۆمۆنیزم، ئەنارکیسم ، سەربەخۆیی بوون و دوورکەوتنەوە لە حیزب ، و ئۆتۆنۆمیزم ، هەریەک لەم بیرکردرنەوانە یەک ئامانجی هەیە بەڵام ڕێگای جیاواز بۆ گەیشتن پێی . هەروەها مارکسیزم کە نەخشەی شۆڕشی سۆشیالیستی کێشاوە بۆ چینی کرێکار یەک جۆر تێگەشتن نیە لەسەری، بەدەیان جۆر نوێنەرایەتی ئەکرێت لە نێو ئەم چینەوە . بەڵام هێشتا لە ئاستی پێویست بە ڕێکخراو بوون و یەکگرتوویی چینەکەدا نیە . ئەم چینە لە زۆر شوین تازەیە و خەریکی خەباتە بۆ ژیان و مانەوەی، دەرگیری دەیان جۆری جیاکاری و جیابوو نەوەی ئایدیۆلۆجی جۆراو جۆرە . دەبێت هوشیار بێت ، کار بکات بۆ تێپەڕاندنی هەموو جیاکاریەکان و دابەشبوونەکان تا بگات بە شۆڕش ، ئەمەش کارێکی قورس ودوور ماوە و فراوانە .

# سەرچاوەکان

## بیبلۆگرافی – ڕیفرێنسەکان

Antunes, R., 2018. The new service proletariat. *Monthly Review*, *69*(11), pp.23-29.

Atzeni, M., 2013. *Workers and labour in a globalised capitalism: Contemporary themes and theoretical issues*. Bloomsbury Publishing.

Brass, T., 2011. Labour regime change in the twenty-first century: unfreedom, capitalism and primitive accumulation. In *Labour Regime Change in the Twenty-First Century*. Brill.

byrne, david. “Understanding Class in the Post‑Industrial Era ‑ Thoughts on Modes of Investigation.” Frontiers in Sociology, 2020.

Cleaver, Harry. “The Inversion of Class Perspective in Marxian Theory: From Valorisation to Self-Valorisation.” Open Marxism, 1992.

Critchley, P. 1996., The Proletarian Public : The Practice of Proletarian Self-Emancipation [e-book]

David Nilson.pdf

Desjardins, L.M., 2019. The Present State of Things: Class Struggle in the 21st Century.

Estanque, E. and Costa, H.A., 2012. Labour relations and social movements in the 21st century. Sociological landscape-theories, realities and trends, pp.257-282.

Fagiani, C.C. and Previtali, F., 2014. The twenty-first century and a new working class arrangement: qualification and precarization. Revista Ciências do Trabalho, 3, pp.53-67.

Fraser, N., 2008. Social justice in the age of identity politics: Redistribution, recognition, and participation. Geographic Thought, pp.72-89.

Fraser, N., 2020. From redistribution to recognition?: Dilemmas of justice in a'postsocialist'age. The new social theory reader, pp.188-196.

Harman, C., 2007. Revolution in the 21st Century.

Harvey, D. (1997). Globalization in Question. Institut for Historie, Internationale Studier og Samfundsforhold, Aalborg Universitet.

Industrial Workers of the World - International Guiding Principles and Rules ( 2016)

Larson, M.S., 1980. Proletarianization and educated labor. *Theory and society*, *9*(1), pp.131-175.

Karatasli, S.S., 2019. The twenty-first century revolutions and internationalism: a world historical perspective. Globalizations, 16(7), pp.985-997.

Neilson, D., 2007. Formal and real subordination and the contemporary proletariat: Re-coupling Marxist class theory and labour-process analysis. *Capital & Class*, *31*(1), pp.89-123.

Ross, C., 2011. The leaderless revolution: how ordinary people will take power and change politics in the 21st century.

Silver, B., 2013. Theorising the working class in twenty-first-century global capitalism. *Workers and labour in a globalised capitalism*, pp.46-69.

Solinger, D.J., 2004. The new crowd of the dispossessed: the shift of the urban proletariat from master to mendicant. In *State and Society in 21st Century China* (pp. 50-66). Routledge.

Teeple, G., 2000. Globalization and the decline of social reform: Into the twenty-first century.

Traxler, F. and Brandl, B., 2011. The economic impact of collective bargaining coverage. In *The role of collective bargaining in the global economy*. Edward Elgar Publishing.

Wetzel, T., 2022. Overcoming capitalism: Strategy for the working class in the 21st century.

Wise, R.D. and Martin, D.T., 2015. The political economy of global labour arbitrage. In *Handbook of the international political economy of production* (pp. 59-75). Edward Elgar Publishing.

https://worldpopulationreview.com/country-rankings/manufacturing-by-country

https://socialistworker.co.uk/long-reads/marxism-101-what-determines-your-class-in-the-21st-century/

https://worldpopulationreview.com/country-rankings/manufacturing-by-country


https://www.researchgate.net/publication/321318964_The_political_economy_of_global_labour_arbitrage

https://www.ilo.org/global/research/global-reports/weso/WCMS_865332/lang--en/index.htm

https://socialistworker.co.uk/long-reads/marxism-101-what-determines-your-class-in-the-21st-century/

https://www.angryworkers.org/2020/04/07/revolutionary-working-class-strategy-for-the-21st-century-part-1/

https://www.angryworkers.org/2020/04/07/revolutionary-working-class-strategy-for-the-21st-century-part-1


تێگەیشتنێک لە شۆڕشی سۆشیالیستی
کۆمەڵێک نووسەر
٢٠٢٤
AN UNDERSTANDING OF
SOCIALIST REVOLUTION
ئەم باسانە سەرەبات بە شۆڕشی کرێکارییە لەدنیای ئەمڕۆدا. ئاوڕدانەوەیەکی ڕەخنەگرانەیە لە شۆڕشی کرێکاری و سۆشیالیزم لە ڕەوەندی مێژوویی خۆیدا و ئەزمونی شۆڕشە کرێکارییەکانی سەدەی ١٩ و ٢٠. باسی تایبەتمەندییەکانی قەیران و بەربەریزمی سەرمایەداری ئەمڕۆیە، وەک زەمینەی مادی شۆڕشی پرۆلیتاری. هەروەها باسکردنە لە ڕێبازی شۆڕشی پرۆلیتاریا بەپێی خەسڵەتە جیهانی و گلۆباڵیەکانی خەبات و شۆڕشی ئەم چینە لە دنیای ئەمڕۆدا. لە کۆتاییشدا خستنەرووی پێگە و پێکهاتە و دۆخی ئێستای ئەم چینەیە کە هێزی گۆڕانی شۆڕشگێڕانەی سیستمی سەرمایەدارییە لە ئەمڕۆدا.